# سیمیۆلۆژیای ناونیشان

**لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت) دا**

# سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت) دا

## نووسینی: سەرباز مەجید خۆشناو


مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نوسینگەی تەفسیر



چاپی یەکەم ٢٠١٩ز - ١٤٤٠ ك

**نوسینگەی تەفسیر**

بۆچاپ و بڵاوکردنەوە

هەولێر- شەقامی 30 مەتری تەنیشت منارەی چۆلی

+964 750 818 08 66

www.al-tafseer.com

tafseeroffice@yahoo.com

/TafseerOffice

ئامادەکردنی پێڕست - نوسینگەی تەفسیر

خۆشناو ، سەرباز مەجید

سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت) دا سەرباز مەجید خۆشناو

٢٥٦ لاپەڕە،

١٧* ٢٤ سم

بابەت،ئەدەب

ISBN: 978-9922-620-29-9

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
هەرێمی کوردستان ژمارە سپاردنی ( ) ی ساڵی ٢٠١٩ پێدراوە.


"بیروبۆچونی ئەم کتێبە، مەرج نیە هەمان بیرو بۆچونی نوسینگەی تەفسیر بێ"


دیزاینی :عمر عثمان عمر

# سیمیۆلۆژیای ناونیشان

## لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت) دا

سەرباز مەجید خۆشناو

بسم الله الرحمن الرحيم

**پێشکەشە بە:**

- بزاوتی بەرزەفڕی گیانی (هەمین ڕەشید کامەلا)ی دایك.
- سیمیۆلۆژیای باوکایەتیی مەجید عومەر خۆشناو.
- شەبەنگی بیناییم

هەتوان و ماکوان و هەتان و هەژان و محەمەد و دایکیان

**سوپاس بۆ:**

- د. هەڵمەت بابیز ڕەسوڵ، سەرپەرشتیی نامەکەی کردم[1].
- لیژنەی تاوتوێکردنی نامەکە:
  - پ.ی.د. فوئاد ڕەشید.
  - پ.ی.د. یادگار باڵەکی.
  - د. سەنگەر قادر.

بە سەرنج و تێبینییەکانتان نامەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

(١) لە بنەڕەتدا، بابەتی ئەم کتێبە بریتییە لە ماستەرنامەکەم، کە لە ساڵی ٢٠١٦ پێشکەش بە فاکەڵتیی ئادابی زانکۆی سۆران کرابوو و بە پلەی زۆرباشەی باڵا وەرگیرا.

# ناوەرۆک

**پێشەکی................................................. ١١**

**بەشی یەکەم**

**میتۆدی سیمیۆلۆژیا........................................ ١٦**

١-١ ڕەهەندەکانی میتۆدی سیمیۆلۆژیا......................١٧

١-٢ فرەزاراوەیی سیمیۆلۆژیا ..................................٢٤

١-٣ ئاستەکانی میتۆدی سیمیۆلۆژیا ..........................٢٦

١-٣-١ شیکردنەوەی داخراو .....................................٢٧

١-٣-٢ شیکردنەوەی بونیادگەری ...............................٢٨

١-٣-٣ شیکردنەوەی گوتار .......................................٢٩

١-٤ ئاڕاستە هاوچەرخەکانی سیمیۆلۆژیا.......................٣٠

١-٤-١ سیمیۆلۆژیای پەیوەندیکردن ............................٣٢

١-٤-٢: سیمیۆلۆژیای دەلالەت.....................................٣٧

١-٤-٣: سیمیۆلۆژیای کەلتوور ...................................٤٠

١-٥ سیمیۆلۆژیای ناونیشان.......................................٤٣

**بەشی دووەم**

**پێکهاتە و ڕوانگە جیاوازەکانی نیشانە ........................ ٤٩**

**٢-١ سەرەتایەك بۆ ناسینی نیشانە............................. ٤٩**

٢-٢ نیشانە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە............................٥٢

٢-٣ نیشانە لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە..........................٥٥
٢-٣-١ : دوانەیی نیشانە ..............................٥٧
٢-٣-٢: سیانەیی نیشانە: .............................٥٨
٢-٤ شیکردنەوەی نیشانەکان: ..............................٦١
٢-٤-١ شیکردنەوەی نیشانە لای دی سۆسێر.....................٦٢
٢-٤-٢ شیکردنەوەی نیشانە لای پێرس:.........................٦٤
٢-٥ پەیوەندیی سیانەیی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نیشانە ............٨٣
٢-٥-١ پەیوەندیی نیشانە، لەگەڵ خودی خۆیدا....................٨٣
٢-٥-٢ پەیوەندیی نیشانە، لەگەڵ بابەتەکەیدا ....................٨٤
٢-٥-٣ پەیوەندیی نیشانە، لەگەڵ ڕاڤەکردندا.....................٨٤
٢-٦ سیانەییە بەرامبەرییەکان لە نیشانەدا ........................٨٦
٢-٦-١ سیانەیی بەرامبەری لە نوێنەردا .........................٨٦
٢-٦-٢ سیانەیی بەرامبەری لە بابەتدا...........................٨٨
٢-٦-٣ سیانەیی بەرامبەری لە ڕاڤەکردندا .......................٩٨

## بەشی سێیەم

**ناونیشان.........................................................١٠٢**
٣-١ بەرچاوڕوونی..............................................١٠٣
٣-٢ زاراوەی ناونیشان.........................................١٠٥
٣-٣ چەمکی ناونیشان..........................................١٠٦
٣- ٤ ناونیشان لە ڕەخنەی سیمیۆلۆژیای هاوچەرخدا ..............١٠٨
٣-٥ بیرایییەکانی دەق و دەقی هاوسەنگ ..........................١١١
٣-٦ پەیوەندییەکانی ناونیشان، وەك پەیام.........................١١٤

٣-٦-١ پەیوەندیی ناونیشان بە نووسەر........................ ١١٤
٣- ٦- ٢ پەیوەندیی ناونیشان بە خوێنەرەوە........................ ١١٥
٣-٦-٣ پەیوەندیی ناونیشان بە دەق............................ ١١٧
٣-٧ : دەقاوێزانیی ناونیشان ................................ ١٢١
٣-٨ پۆلێنکردنی ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا ........ ١٢٥
٣-٨-١ ناونیشانی سادە، هەواڵی.............................. ١٢٥
٣-٨-٢ ناونیشانی ناسادە ................................... ١٣٣
٣- ٩ جۆرەکانی ناونیشان، لە دیوانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا........ ١٣٩
٣-٩-١ ناونیشانەکانی دەرەوە................................ ١٤٠
٣-٩-٢ ناونیشانەکانی ناوەوە ................................ ١٤٥
٣-٩-٣ ناونیشانی دەرەکی ................................... ١٥٤
٣-١٠ ئەرکەکانی ناونیشان.................................. ١٥٦
٣-١٠-١ ئەرکی ناساندنی بەرهەم.............................. ١٥٨
٣-١١ سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە دیوانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا .... ١٦٧
٣-١١-١ سیمیۆلۆژیای ناونیشانی دارستانی ئەو بنارە............ ١٦٨
٣-١١-٢ سیمیۆلۆژیای ناونیشانی (نیگەرانی ی)................ ١٨٥
٣-١١-٣ سیمیۆلۆژیای ناونیشانی بەفری گەرم بەپێی چوارگۆشەی سیمیۆلۆژیا.............................................. ٢٠٠
٣-١١-٤ سیمیۆلۆژیای دەلالەت لە ناونیشانی (هەژانی بەرد)دا .... ٢١١
٣-١١-٥ ناونیشانی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە) و سیمیۆلۆژیای بەرگ ........................................................ ٢١٥
٣-١١-٦ سیمیۆلۆژیای ناونیشانی (شینی شالوور) لەڕێی (مەتن)ەوە.

................................................................ ٢٢٦

٣-١١-٧ بزاوتی سیمیۆز لە ناونیشانی (ڕێی تاوسان)دا ............ ٢٣٤

**ئەنجام................................................... ٢٤٥**

**شیکردنەوەی زاراوەکان..................................... ٢٤٨**

**لیستی سەرچاوەکان......................................... ٢٥٠**

# پێشەکی

ئەدەبییات بەگشتی کردەیەکی نیشانەییە و کەم تا زۆر هەموو دەقێکی ئەدەبی بە دەوری ئەو کردە نیشانەییەدا دەسووڕێتەوە و پەیامی نێردراو لەڕێی کۆدی نیشانەکان، ئاڕاستەی وەرگر دەکات. گومانی تێدانییە دەقی ئەمڕۆی ئەدەبی، بەتایبەتی شیعر و لە شیعریشدا، ناونیشان، چنینێکی پڕ وردەکاری و پێکهاتەیەکی چڕ و بونیادێکی ئاڵۆزی هەیە، زۆر لە شاعیرانی هاوچەرخ، بەئاگاییەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن و وەك کارێکی داهێنەرانە، ئەفراندنی تێدا دەکەن.

سیمیۆلۆژیا، لە خوێندنەوەی ناونیشانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)[1]دا، سنورێکی کراوە و بەرفراوانی لەبەردەمدایە، بۆیە مەودایەکی فراوان بۆ توێژەری ڕەخنەیی دەڕەخسێنێ و ڕێگای شۆڕبوونەوەی نێو کەلەبەرەکانی دەقی بۆ ئاسان دەکات.

## ناونیشانی لێکۆڵینەوەکە:

(سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا) ناونیشانی توێژینەوەکەمانە، وەك هەوڵێك بۆ خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژییانەی ناونیشانی

(١) نەوزاد ڕەفعەت لەدایکبووی ساڵی ١٩٥١ی شاری هەولێرە، لە ساڵی ١٩٧٥، بەشی کوردیی لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا تەواوکردووە، لەسەرەتای ساڵانی هەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە شیعر دەنووسیت، تا ئێستا (٧) دیوانی بەچاپ گەیاندووە و زۆربەی دیوانەکانی نۆرەی دووەم و سێیەمی چاپکردنەوەیان هەیە. تا ئێستا لە شیعر نووسین بەردەوامە. یەکێکە لەشاعیرانی نوێخوازی کوردی دەڤەری هەولێر، کە بەرهەمەکانی جێی سەرنج و بابەتی لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان بن.

شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت) ی شاعیر، بەتایبەتی ناونیشانە سەرەکییەکانی سەربەرگ و پەیوەندییان بە ناونیشانەکانی ناوەوە و بە دەق و بە بیرۆکەکانی دیکەی نێو دەقەهاوسەنگەکان و هەوڵێکە بۆ کردنەوەی کۆدی نیشانە پێکهێنەرەکانی ناونیشان، لەڕێی جۆر و ئەرك و بونیادەوە.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوەکە:

چەند هۆکارێك پاڵنەربوون بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە:

- پیادەکردنی یەکێك لە میتۆدە پڕبایەخەکانی بواری ڕەخنەی هاوچەرخی ئەدەبی، کە بۆ شیکردنەوە و خوێندنەوەی ناونیشان وەك بیرۆکەی دەق و بۆ ڕاڤەکردن و کردنەوەی کۆدەکانی دەق، بەتایبەتی لە دەقە ئاڵۆز و ڕەمزاوییەکاندا، گونجاوترە.
- نەوزاد ڕەفعەت وەك شاعیرێکی هاوچەرخ و بەئاگا، خاوەن ناونیشانگەلێکی وردچنراوە و لە ڕەمزاندن و بەرهەمهێنانەوەی نیشانەدا، بە پەیوەندییە ئاڵۆزەکانی وەك (پارادۆکس، دژ، نیمچەدژ،... هتد) پەیوەست بووە، کە ئەمەش وەك کەرستەیەکی دەوڵەمەندی میتۆدی ڕەخنەی سیمیۆلۆژیا، شیاوی توێژینەوە بووە.

## سنووری لێکۆڵینەوە:

ناونیشانی دیوانە چاپکراوەکانی شاعیر دەگرێتەوە، کە خۆیان لە (٧) دیواندا دەبیننەوە، بەتایبەتی ناونیشانە سەرەکییەکانی سەر بەرگ، کە ئەرکی ناونانی دیوانەکان لەئەستۆدەگرن. لەکاتی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنیاندا، ئاوڕ لە ناونیشانەکانی ناوەوە و لە دەق و لە بیرۆکەکانی دیکەی نێو دیوانەکان دراوەتەوە. هەر دیوانێك شێوازێك لە شێوازەکانی شیکردنەوەی سیمیۆلۆژییانەی تێدا پەیڕەو کراوە، وەك: شێوازی چوارگۆشەی سیمیۆلۆژیا،

لە ناونیشانی (بەفری گەرم)دا و ناونیشانی (نیگەرانی ی) لەڕێی پەیوەندیی بە ناونیشانەکانی ناوەوە و بەراوردکردنی هەردوو نۆرە چاپەکە و ناونیشانی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە) بەپێی سیمیۆلۆژیای بەرگ و ناونیشانی (ڕێی تاوسان) بە پێی بزاوتی سیمیۆز بەدواداچوونی بۆکراوە و ناونیشانەکانی (دارستانی ئەو بنارە) و (هەژانی بەرد) و (شینی شالوور) لەڕوانگەی پەیوەندییان بە دەق و بڕاییەکانی دیکەی دەق، خوێندنەوەیان بۆ کراوە.

## میتۆدی لێکۆڵینەوە:

لەم توێژینەوەیەدا، پشتمان بە تیۆری سیمیۆلۆژیا بەستووە، وەك میتۆدێکی ڕەخنەیی، شیکاری، کە بریتییە لە گەمەی هەڵوەشاندنەوە و تێکخستنەوەی دەق. پشتی بە بنەماکانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی و بونیادگەرایی بەستووە. ئەگەر لە توێژینەوەکەماندا، پەنامان بۆ بنەماکانی هەریەك لەو میتۆدانە بردبێ، لەبەر ئەوەیە، کە سیمیۆلۆژیا پشتی پێ بەستوون.

## گیروگرفتەکانی بەردەم لێکۆڵینەوەکە:

- بەرفراوانی و فرە ئاڕاستەیی لەبواری سیمیۆلۆژیادا. هەبوونی ڕای جیاواز و جۆراوجۆر بەتایبەتی لە تێگەیشتنی چەمکەکان و پۆلێنکارییەکاندا.
- گرفتی فرە زاراوەیی و گرفتی وەرگێڕانی زاراوەکان، لەلایەن توێژەر و ڕەخنەگرانی کورد، کە بە تێگەیشتنی جۆراوجۆر چەمکەکانیان خستۆتە ڕوو، بەتایبەتی لە جۆری نیشانەکاندا.
- گرفتی چۆنیەتیی خوێندنەوە و بەکارهێنانی ناونیشان وەك کلیلێکی ڕێکاریی کردنەوەی دەرگاکانی چوونە نێو دەق.

## ئامانجی توێژینه‌وه:

خوێندنه‌وه‌ی ناونیشانی دیوان و شیعره‌كانی (نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت)ی شاعیره، به‌هۆی ئه‌و په‌یوه‌ندییانه‌ی ناونیشان به ده‌ق و به بڕاییه‌كانی دیكه‌ی ده‌قه‌وه هه‌یه‌تی و ئامانجمان لێكدانه‌وه‌ی شێوازی به‌رهه‌مهێنانه‌وه‌ی ده‌لالیی ناونیشانه‌كانه، كه شاعیر ئه‌فراندنی تێداكردوون، واته تایبه‌تمه‌ندیی (نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت) ده‌ستنیشان ده‌كات.

## بایه‌خی لێكۆڵینه‌وه‌كه:

توێژینه‌وه‌كه، بایه‌خی بۆ پڕكردنه‌وه‌ی كه‌لێنێكی گرنگی ڕه‌خنه‌ی هاوچه‌رخی ئه‌ده‌بی هه‌یه، بۆ ده‌رخستنی پێگه‌ی ناونیشان، له خوێندنه‌وه‌ی ده‌ق و بایه‌خی بڕاییه‌كانی دیكه‌ی ده‌ق له فراوانكردنی ئاسۆی ده‌ق و ناونیشانه‌كاندا. هه‌روه‌ك هه‌ڵبژاردنی شاعیرێكی نوێخواز، بۆ پیشاندانی تایبه‌تمه‌ندیی توانای زمانی شیعریی له‌ڕێی سیمیۆلۆژیای ناونیشانه‌كانییه‌وه، جێی بایه‌خه.

## پرۆگرامی لێكۆڵینه‌وه:

لیكۆڵینه‌وه‌كه له سێ به‌ش پێكهاتووه:

به‌شی یه‌كه‌م: تایبه‌ته به باسی سیمیۆلۆژیا. هه‌وڵی ناساندن و سه‌رهه‌ڵدانی سیمیۆلۆژیا وه‌ك زانست دراوه. دواتر باس له ئاسته‌كانی میتۆده‌كه و ئاڕاسته هاوچه‌رخه‌كانی و باس له سیمیۆلۆژیای ناونیشان كراوه.

به‌شی دووه‌م: تایبه‌ته به باسكردنی نیشانه، سه‌ره‌تا هه‌وڵی ناساندنی نیشانه‌مان داوه، دواتر له‌ڕوانگه‌ی فه‌لسه‌فی و له‌ڕوانگه‌ی زمانییه‌وه باسمان له نیشانه كردووه، هه‌روه‌ك له‌ڕوانگه‌ی هه‌ریه‌ك له سۆسێر و پێرس، باسمان له

شیکردنەوەی نیشانەکان کردووە و ڕۆشنایی زیاترمان خستۆتە سەر شیکردنەوەکەی پێرس، چونکە لە پراکتیکدا، زیاتر پشتی پێ بەستراوە.

بەشی سێیەم: جگە لەناساندنی ناونیشان وەك گرنگترین بێرایی نێو دەقە هاوسەنگەکان، بەشێوەیەکی پراکتیکی کارمان لەسەر ناونیشانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت) کردووە، لەڕووی ئەرك و جۆردا، کارمان لەسەر پۆلێنکردنی ناونیشانەکان کردووە و هەوڵماندواوە بۆلێکدانەوە و خوێندنەوەی ناونیشانەکان، سوود لە زۆرترین شێوازەکانی سیمیۆلۆژیا وەربگرین.

لە کۆتاییشدا، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان لەچەند خاڵێکدا خستۆتەڕوو و سەرچاوەکانیشمان، بەشێوازی هیجایی، بۆ ناونیشانی سەرچاوەکان، بە لیست ڕیزکردوون.

# بەشی یەکەم

# میتۆدی سیمیۆلۆژیا

## ١-١ ڕەهەندەکانی میتۆدی سیمیۆلۆژیا

یەکێك لە میتۆدە ڕەخنەییەکانی بواری ئەدەبی، کە پانتاییەکی فراوانی لە ڕەوتی ڕەخنەی هاوچەرخدا گرتووە، میتۆدی سیمیۆلۆژیایە. سیمیۆلۆژیا، بەواتای زانستی گشتیی نیشانەکان، ((ئەو نیشانانەی کە نێردراوی بنەڕەتی بۆ پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان دروستدەکەن، پێکهاتەی ئەو نێردراوانە هەر چۆنێك بن، بیستراو، بینراو، بۆنکراو، جوڵاو ...هتد))[١] .

هەریەك لە دی سۆسێر[٢] و پێرس[٣]، بە پێشەنگی بواری سیمیۆلۆژیا

(١) برنار توسان، ماهي السيميولوجيا، ت: محمد نظيف، دار أفريفيا الشرق، ط٢، بيروت، ٢٠٠٠، ص٩.

(٢) فردینان دی سۆسێر (Ferdinand de Saussur 1857-1913) لەدایك بووی سویسرایە، لە بەرلین خوێندوویەتی، دامەزرێنەری زمانەوانیی نوێیە، خاوەنی کتێبی (کۆرسی زمانەوانیی گشتی) یە. کتێبەکەی، ئەو بابەتانە لەخۆدەگرێت، کە لە ساڵانی نێوان (١٩٠٦-١٩١١) وەك وانە لە زانکۆی جنێڤ پێشکەشی کردوون. بڕوانە: محمد رضا احمد خاني، نشانه شناسی زبان و هنر، ت: مظفر قهرمان، نشر پرسش، نوبت چاپ: چهارم، ابادان ١٣٨٩ص٢٠٠.

(٣) چارڵس ساندرس پێرس (Charls Sandres Peirce) لەدایکبووی ساڵی ١٨٣٩ (کامبریج)ە، لە ساڵی ١٨٥٩ لە زانکۆی هارڤارد دەرچووە، لەبواری فەلەکناسی و بیرکاری و لۆژیك و پراگماتیك و فیزیای فەلەکیات، دەیان لێکۆڵینەوەی بڵاوکردۆتەوە، کە دواتر لە ساڵی ١٨٧٨. لەکتێبی (Photometric Researches) کۆی کردوونەتەوە، ئەو بەرهەمەی تاکە کتێبە کە لەماوەی ژیانیدا، چاپ کرابێت، لەساڵانی نێوان (١٨٧٨ تا ١٨٨٤) لە زانکۆی جۆن هۆبکنز مامۆستای یاریدەدەر بووە و وانەی لۆژیکی داوەتەوە، دواتر لە زانکۆی هارفارد وانەی فەلسەفەی زانستی پێشکەش کردووە، بەڵام بە فەرمی ناونیشانی مامۆستای زانکۆی پێ نەبەخشرا، بۆیە لەساڵی ١٨٩١ دەستی لەکارەکەی هەڵگرت و ڕووی لە شاری (میلفۆرد)ی ویلایەتی بانسیلفانیا کرد، لەوێ ژیانێکی کولەمەرگیی بەسەربرد، بژێوی ژیانی لەو نووسینە زانستی و فەلسەفیانە و لە بەشداری کردنی لە

دادەنرێن، هەردووکیان لەسەر ئەوە کۆکن، کە سیمیۆلۆژیا ((زانستێکە، لێکۆڵینەوە لە ژیانی نیشانەکان دەکات))[١]، بەڵام تێڕوانینیان سەبارەت بە نیشانەکان لە یەکدی جیاوازە، سۆسێر لەڕووی زمانەوانی و پێرس لە ڕوانگەی لۆژیکییەوە، شیکردنەوە بۆ نیشانەکان دەکەن.

سۆسێر، سیمیۆلۆژیای وەك زانست، بە لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان و بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە بەستۆتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە، کە سیمیۆلۆژیا لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتییەوە لە ژیانی نیشانەکان دەگەڕێت، بەو مانایەی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی دەبینێت. هەروەها پەیوەندییەکی بەهێزیشی لەگەڵ دەروونناسیی کۆمەڵایەتییەوە هەیە[٢]، لەم بارەیەوە دەڵێ: ((زمان سیستەمێکی نیشانەییە، بیرەکان دەردەبڕێت، بۆیە دەتوانین لەگەڵ نووسیندا، لەگەڵ ئەلفوبێی کەڕولاڵەکان و بە شێوەکانی لەشجوانی و بە نیشانە سەربازییەکان و بە ڕێوڕەسم و بە ڕەمزەکان ... هتد، بەراوردیان بکەین))[٣]، بەڵام ئەم چەمکە، لای شارڵ پێرس، پەیوەستە بە فەلسەفە و بە لۆژیك، بە ڕادەیەك پێرس پێیوایە ((لۆژیك لە چەمکی گشتیدا ناوێکی تری سیمیۆتیکایە))[٤].

---

دانانی فەرهەنگی فەلسەفی و دەروونی دەستدەکەوت، لەساڵی ١٩١٤ کۆچی دوایی کرد، دوای مردنی، خێزانەکەی دەستنووسەکانیی بە زانکۆی هارڤارد فرۆشتن. بڕوانە: سیزا قاسم و نصر حامد أبو زيد: مدخل الى السيميوطيقا، دار التنوير للطباعة و النشر، ط١، بيروت، القاهرة، تونس، ٢٠١٤، ص١٧١.

(١) علي زغنية، المنهج السيميائي: اتجاهاته و خصائصه، مخاضرات الملتقى الوطني الثاني، السيمياء والنص الادبي، منشورات، جامعة محمد خيضر بسكرة،١٥-١٦ أفريل ٢٠٠٢، ص ٢٦٣.

(٢) سعيد بنگراد، السيميائيات، مفاهيمها و تطبيقاتها، دار الحوار للنشر والتوزيع، ط٣، سورية، ٢٠١٢، ص٦١.

(٣) د. جميل حمداوی، السيميوطيقا والعنونة، مجلة عالم الفكر الكويتية، مجلد(٢٥)، عدد(٣)، مارس ١٩٩٧، تصدر عن مجلس الوطني للثقافة والفنون و الاداب – دولة الكويت، ص٨١ .

(٤) د.کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، بەڕێوەبەرایەتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی

سەبارەت بە لایەنی مێژوویی بواری نیشانەناسی، ((وەکو میتۆدێکی زانستی و لۆژیکی مێژینەیەکی دوورو درێژی هەیە و هەرچەند گۆتەزا بناژۆییەکانی کەمتر بە وردبوونەوە و وردبینی بوونەتە ڕێسابەندی لۆژیك و ئاخاوتەیی، بەڵام پێشینەکەی بۆیەکەمین چرۆکانی پەیدا بوونی ئاوەزیانی فەلسەفی و زانستی دەگەڕێتەوە))[١]، هەندێك لە تویژەران، ڕیشەکەی بۆ یۆنانییە کۆنەکان دەگەڕێننەوە، واتە بۆ ((ئەفلاتون ، ئەرستۆ، سۆفستاییەکان (Sophists)، ڕەواقییەکان (Stoics)، گرامەرییەکان (Grammarians) ...))[٢]، سەبارەت بە کرۆکی میتۆدی سیمیۆلۆژیا، بابەك ئەحمەدی دەڵێ: ((ناوکێك لە بنەما تیۆریکییەکانی نیشانەناسی دەتوانێ لە "لۆژیکی ڕەواقیان"[٣] دا بەدی بکەی))[٤]، بەڵام سەبارەت بە سەرهەڵدان و دەرکەوتنی سیمیۆلۆژیا وەك زانست، لێکۆڵەرەوان ڕای جیاوازیان هەیە، لە ڕەخنەی ئەوروپیدا، بابەتی بەزانستی بوونی سیمیۆلۆژیا، بۆ دی سۆسێر دەگەڕێننەوە، کە لە کتێبی (وانەکانی زمانەوانیی گشتی) دا ئاماژەی پێکردووە، پێیانوایە، گەورەیی جیاکردنەوەی سیمیۆلۆژیا وەك زانستێکی سەربەخۆ بۆ فەردینان دی سۆسێر دەگەڕێتەوە، کاتێك پێشبینیی زانستێکی کرد، کە لەنێو ژیانی

---

سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل١٢٠.

(١) بابەك ئەحمەدی، پێکهاتە وڕاڤەی دەق، و: مەسعود بابایی، کتێبی چوارەم، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، چ١، هەولێر ٢٠٠٧، ل٢٣٧.

(٢) انه ماری دینەسن، نشانه شناسی، ترجمان: مظفر قهرمان، نشر پرسش ، نوبت چاپ چهارم، ابادان، ١٣٨٩، ص١٦.

(٣) ڕەواقییەت: قوتابخانەیەکی فەلسەفییەو لە ساڵی (٣٠١ پ.ز) لەسەر دەستی (زینون) دامەزراوە، وەك ئاڕاستەیەکی فەلسەفی، لە سەدەیەکەوە بۆ سەدەی دواتر گواستراوەتەوە و گۆڕانی زۆر بەسەر بیروبۆچوونەکانیاندا هاتوون، کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لە دەسپێکی قۆناغی کلاسیکیی ئەورووپی. ئەو فەلسەفەیە کار بۆ گونجاندنی ژیان لەگەڵ سروشت و لۆژیکدا دەکات. بڕوانە: د. قاسم المقداد، تفکرات السیمیائیة، الیات انتاج الدلالة و المعنی، دار نور الصباح، ط١، سوریة، ٢٠١٤، ص٣٣.

(٤) بابەك ئەحمەدی، پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، و: مەسعود بابایی، کتێبی چوارەم، ل٢٣٧.

کۆمەڵایەتی، لە ژیانی نیشانەکان دەکۆڵێتەوە و لە ڕیزی زانستی دەروونیی کۆمەڵایەتی و دواتر لە زانستی دەروونیی گشتی هەژمار دەکرێت و ناوی نا سیمیۆلۆژیا، ئەمە دەمانگەیێنێتە بنەبان و ماهییەتی نیشانەکان و ئەو یاسایانەی ڕێکیان دەخەن(١).

هەندێکی دیکە، پێرس بە دەسپێشخەر دەزانن، چونکە پێیان وایە، پێرس بە درێژایی ساڵانێکی زۆری تەمەنی، لە ڕیکخستنی تیۆرەکەی سەبارەت بە نیشانەکان دانەبڕاوە، یەکەم ڕێکخستنەوەی، لە ساڵانی (١٨٦٧) و (١٨٦٨) بووە، دواتر لە ساڵانی (١٨٧٧) و (١٨٧٨) شێوەکەی پێش خستووە، دواتر لە نێوان ساڵانی (١٨٨٠) و (١٨٨٥)دا، بناغەیەکی لۆژیکیی بە شێوەکە داوە، لە ساڵی (١٨٩٤) بەداڕشتنەوەی بونیادی تیۆرەکەیدا هاتۆتەوە. پێیان وایە سۆسێر تەنها لە وانەی دووەمی وانەکانی زانستی زمان، ساڵانی ١٩٠٨ و ١٩٠٩ ئاماژەی بەم بابەتە کردووە، بەومانایەی، پێرس زۆر پێش سۆسیر خەریکی ئەم باسە بووە.(٢) سیمیۆلۆژیا بە بەرنامە ((لە بەرنامەکانی پاش بونیادگەرایی(٣) دادەنرێت))(٤)، هەرچەندە لە دوو شوێن و لە دوو بیروبۆچوونی جیاوازەوە سەری هەڵداوە و هەردوو زاراوەی (سیمیۆلۆژیا) و (سیمیۆتیکا)ی بۆ بەکاردێت، بەڵام تەوەری بابەتی لێکۆڵینەوە، لە هەردووکیاندا و لە پێشتریشدا، (نیشانە)یە.

---

(١) سليم جلال، أسماء السور في القران الكريم، رسالة ماجستير، جامعة الحاج الخضر، كلية الاداب والعلوم الانسانية، ٢٠٠٨- ٢٠٠٩، ص١٠.

(٢) جيرار دولودال، السيميائيات أو نظرية العلامات، ت: عبدالرحمن بو علي، دار الحوار للنشر و التوزيع، ط٢، سوريا، ٢٠١١، ص٤٢.

(٣) دوای بونیادگەری، قوتابخانەیەکی هزرییە و لەسەر بنەماکانی بونیادگەری دامەزراوە، پێشەنگەکانی بە دریدا و فۆکۆ لاکان و لە قۆکاغەکانی دواتریش هەر یەك لە کریستیڤا و بارت دادەنرێن. بڕوانە، دانيال تشاردز، اسس السيميائية، ت: د.طلال وهبة، المنظمة العربية للترجمة، ط١ بيروت، ٢٠٠٨، ص٣٨٤.

(٤) د.کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ل١١٤.

زاراوەی سیمیۆلۆژیا، بەر لەم بەکارهێنانەی ئەمڕۆ، لەزانستی پزیشکیدا. ((بەمانای نیشانەی نەخۆشییەکان، بەکاردەهات))[١].

دوای بەزانستی بوونی بابەتی سیمیۆلۆژیا، بەچەند قۆناغ و بە بۆچوونی چەندین زانا، گەشەو گۆڕان و بەرفراوانبوونی بەخۆیەوە دیوە، لە چوارچێوەی زمانەوانی و لۆژیکدا دەرچووە و تێکەڵ بە زۆربەی بوارەکانی دیکەی ژیان بووە، ((دیواری زمانی تێپەڕاندوە و بەرەو دامەزراندنی تیۆرێك لەبارەی (زانستی ئەدەب)ەوە هەنگاوی ناوە))[٢]. سیمیۆلۆژیا بە بەرهەمی سەدەی بیستەم دادەنرێت، بە شێوەیەکی گشتی، سیمیۆلۆژیا زانستێکە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی نیشانەکان دەکات.

لە کێڵگەی سیمیۆلۆژیادا ((سۆسێر گۆڕینەوەی نیشانەکان لە نێوان بەکارهێنەرانیدا بە کرۆکی سیمیۆلۆژیا دادەنێت، کە بە تایبەتمەندیی دەروونناسیی دەزانێت نەك زمانەوانی، چونکە زمانەوانی بایەخ بە بابەتی زمانی مرۆڤ دەدات و هەوڵدەدات لە پێکهاتەی سیستەمی زمانەوانی تێبگات))[٣]، بۆیە سۆسێر سنووری سیمیۆلۆژیا، لە سنووری زمانەوانی بەرفراوانتر دەزانێت، بە شێوەیەك، کە زمانەوانی بەشێك بێت لە سیمیۆلۆژیا، بەڵام ((بارت[٤] پێوانەی دی سۆسێری وەرگەڕاند و وتی: زمانییەکان لقێك

---

(١) محمد رضا أحمد خاني، نشانه شناسي زبان و هنر، انتشارات گمان، چ١، ١٣٩٣. ص١١.

(٢) د. بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د. محەمەد تاتانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چ/١، سلێمانی ٢٠١١، ل٢٤٥.

(٣) سليم جلال، أسماء السور في القران الكريم، ص١٠.

(٤) ڕۆلاند بارت (Roland Bart) لە ساڵی ١٩١٥ لە شاری شربورگ لە فەرەنسا لەدایك بووە، سیمیۆلۆژست و تیۆردانەرێکی ناودار و ڕەخنەگرێکی زۆر چالاك بووە. بارت، بۆچوونەکانی، لە بونیادگەرایییەوە بۆ دوای بونیاگەری گواستنەوە و ڕۆڵێکی بەرچاویشی لەفراوانکردنی بواری سیمیۆلۆژیادا گێڕاوە. لە ساڵی ١٩٧١ەوە تا مردنی لە ساڵی ١٩٨٠، پرۆفیسۆری بەشی سیمیۆلۆژیا بووە لە زانکۆی (دوفرانس) لە پاریس، بڕوانە، دانيال تشاردز، اسس السيميائية، ترجمة: د.طلال، ص٣٧٨.

نین لە زانستی نیشانەکان، بەڵکو سیمیۆلۆژیا لقێك لە زمانییەکان پێك دەهێنێت))[١]، بەو مانایەی سیمیۆلۆژیا پەنا بۆ چەمك و بنەما زمانەوانییەکان دەبات، وەك: پیت، وشە، ڕستە و ... هتد.

جۆلیا کریستیڤا[٢]، دەستکەوتی زیاتری خستە سەر ئەم بوارە ((ڕەتی کردەوە کە کاری سیمیۆلۆژیا گەیاندن بێت، ئەمەش وایکرد سیمیۆلۆژیا بە زانستەکانی تر ببەستێتەوە))[٣]، کریستیڤا بە سوود وەرگرتن لە زانستەکانی، لۆژیك و فیزیا و ماتماتیك و تیۆری مارکسی و زانستی دەرونشیکاریی فرۆید، دەستکەوتێکی زیاتری خستە سەر دەستمایەی پێرس و بارت، وایکرد سیمیۆلۆژیا ببێتە ژوانگەی بەیەك گەیشتنی زانستەکان[٤].

لە ڕووسیاشدا، سیمیۆلۆژیا ئاڕاستەیەکی تایبەتیی گرتەبەر، قوتابخانەی تارتۆ (Tartu)[٥] لە ڕووسیا، بە گرنگترین قوتابخانەی سیمیۆلۆژی

(١) -د.کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ل١٢١.

(٢) جۆلیا کریستیڤا (Julia Kristiva) لەدایکبووی ساڵی ١٩٤١ی بولگاریایە، لە فەرەنسا ژیاوە، زمانەوانەوان و ڕەخنەگرێکی ئافرەتە، لە دەیەی ١٩٧٠ دا، بوو بە یەکێك لە بەناوبانگترین نووسەرانی فێمێنیستی فەرەنسا، بۆچوونە سیمیۆلۆژییەکانی، لە تێڕوانینەکانی سۆسێر و پێرس، وەرگرتووە. داهێنەری چەمکی دەقاوێزانە. بڕوانە، بابەك ئەحمەدی، پێکهاتەو ڕاڤەی دەق، وەرگێڕان مەسعوود بابایی، کتێبی دووەم، ل٢٣٢.

(٣) د.کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ل١٢١.

(٤) د.حسن مسکین، مناهج الدراسات الادبية الحديثة، من التاريخ الى الحجاج، مؤسسة الرحاب الحديثة، للطباعة والنشر، ط١، بيروت٢٠١٠، ص١١٦.

(٥) لە شەستەکانی سەدەی بیستەم سەری هەڵدا، بە قوتابخانەی (مۆسکۆ- تارتۆ)ش ناوی دێت، لە پێشەنگەکانی، (یوری لۆتمان، خودان "بونیادی دەقی هونەری") و (ئوسپێنسکی و تۆدۆرۆف)ن، ئەم گروپە جیاکارییان لە نێوان سێ زاراوەدا کرد: سیمیۆتیکای تایبەت: بە مەبەستی پەیوەندیکردن لێکۆڵینەوە لە سیستەمی نیشانەکان دەکات، سیمیۆتیکای مەعریفی: بایەخ بە سیستەمە سیمیۆلۆژی و هاوشێوەکانی دەدات، سیمیۆتیکای گشتی: گونجاندن لە نێوان تەواوی زانستەکان لەئەستۆ دەگرێت، بڕوانە، هەریەك لە: د. جميل حمداوي، السيميوطيقا والعنونة، مجلة عالم الفكر، مجلد(٢٥)، عدد(٣)، ١٩٩٧، ص٩٣. و دانيال تشاردز، اسس السيميائية، ت: د.طلال، ص٣٨٥.

دادەنرێت، ئەم گرووپە بە ڕەهەندێکی مەعریفی، سیمیۆلۆژیای کەلتوورییان هێنا نێو بابەتەکانی سیمیۆلۆژیا[١].

گریماس،[٢] کە بە باوکی ڕۆحیی قوتابخانەی پاریس دادەنرێت، لە بواری سیمیۆلۆژیای گێڕانەوەدا، جەختی لەسەر واتای نیشانەکان کردۆتەوە، گریماس پێیوایە ((لێکدانەوەی دەق واتا نابەخشێت، ئەگەر لە سنووری پێشنیازکردنیدا نەبێت بۆ بەخشینی واتا))[٣]، بەو مانایەی ئەرکی شیکردنەوەی هەر دەقێك، گەڕانە بەدوای واتاکانیدا.

سیمیۆلۆژیا وەك میتۆدێکی ڕەخنەیی هاوچەرخ، لە بواری نیشانەناسیدا، بووەتە جێی بایەخی لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگران ((ڕەخنەی ئەدەبی توانیویەتی سوود لە سیمیۆلۆژیا وەربگرێ وەك پێوەرێك بۆ واتای ئاسایی و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ئاسایی، ئینجا لەم ڕوانگەیەوە لادانەکان بەراورد لەگەڵ ئەو ئاستە ئاساییە دەستنیشان بکات))[٤]، بەڵام بەرفراوانیی سنووری سیمیۆلۆژیا وایکردووە، قسەکردن لەسەر بابەتی سیمیۆلۆژیا زۆر هەڵبگرێت، چونکە تێکەڵ بە مەعریفەگەلێکی دیکە بووە، لە کێڵگە هزری و زانستی و بابەتییەکاندا و لە بواری پراکتیزەکردنیشدا، لق و پۆپی زۆری دەرکردووە، بەتایبەتی لەبواری ئەدەبیاتدا، پاڵپشتێکی بەهێزی هەڵوەشاندنەوە و تێکخستنەوەی دەق و ناونیشان و نیشانەکانە.

---

(١) د. جميل حمداوی، السیمیوطیقا والعنونة، ص٩٤.

(٢) الجیرداس گریماس (Algirdas Gremasse، 1917 -1992) لەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەم، قوتابخانەی سیمیۆلیژیی پاریسی دامەزراند، گریماس زیاتر جەختی لەسەر شیکردنەوەی دەق کردۆتەوە و داهێنانی لە چوارگۆشەی سیمیۆلۆژیدا کردوە، بڕوانە، دانیال تشاردز، اسس السیمیائیة، ت: د.طلال، ص٣٨٠.

(٣) د.حسن مسكين، مناهج الدراسات الادبية الحديثة، ص١١٧.

(٤) محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم. زمانی شیعری و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠٠٩، ل٤٥.

**١-٢ فرەزاراوەیی سیمیۆلۆژیا**

زۆربــەی لێکۆڵــەرانی بــواری ســیمیۆلۆژیا، پێیانوایــە هەردوو زاراوەی (ســیمیۆلۆژیا) و (ســیمیۆتیکا)، وەك یەك چەمــك و بــۆ یەك مەبەســت بەکاردێن، هەرچەندە (کۆمەڵەی سیمیۆتیکای نێودەوڵەتی)[١]، بڕیاری لەسەر پەســەند کردنــی زاراوەی ســیمیۆتیکا دا، بــەڵام، هێشــتا هەردوو زاراوەکە، بــە شێوەیەکی بەرفرەوان بەکار دەهێنرێن.

نزیکیـــی هەردوو زاراوەکە، ڕێـــگەی لە لێکـــۆڵەران نەگرتـــووە، کە لە جیاوازییەکانی نێوانیاندا بکۆڵنەوە، بۆ نموونە، تایبەتمەندکردنی سیمیۆلۆژیا، بە لێکۆڵینەوەی سیستەمە دیاریکراوەکانی پەیوەندیکردن، لەڕێگەی نیشانە و ئاماژە و لێکۆڵینەوە دەلالی و واتاییەکان، بەتایبەتی لە سیستەمی زمانیدا و تایبەتکردنی سیمیۆتیکاش، بە پراکتیزەکردن و مومارەسەکردنە خەیاڵییەکان و پەیوەنـدییە ئـامێری و گیانەوەرییەکـان، تادەگـاتە سیســتەمی پەیوەنــدییە ئاڵۆزەکان، زمانی ئەفسانەکان، شیعرییەت، ئەنترۆپۆلۆژیا، لۆژیك، فەلسەفە، زمانەوانی.. ، ئەمەش وایکرد، سیمیۆلۆژیا بەرفرەوانییەکی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت[٢].

جیاوازیی زاراوە لە لێکۆڵینەوە سیمیۆلۆژییەکاندا، بۆ تـوێژەرە ئەوروپی و

---

(١) لە فێبرایەری ساڵی ١٩٦٩ لە پاریس، 'کۆمەڵەی سیمیۆتیکای نێودەوڵـەتی' دامەزرا و (أ.ج. گریماس، کرایە ئەمینداری گشتیی کۆمەڵەکە)، چەندین کۆنگرە و دیداریان لەبارەیەوە بەستن، گۆڤارێکی وەرزییان بەناوی (semiotica)دەردەکرد و تیمێکی لێکۆڵینەوەی تایبەتییان بۆپێکهێنا. بڕوانە، د. یوسف وغلیسي، اشكالیة المصطمح في الخطاب النقدي العربي الجدید، الدار العربیة للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، ط١، الجزائر، ص٢٢٦.

(٢) سلیم جلال، أسماء السور في القران الكریم، ص١٥.

ئه‌نگلۆساكسۆنییه‌كان كێشه‌یه‌كی به‌رده‌وامه، ته‌نانه‌ت لێكۆڵه‌ره‌وه عه‌ره‌به‌كانیش له‌نێو خۆیاندا، بوونه‌ته سێ ده‌سته، ده‌سته‌یه‌كیان سیمیۆلۆجیا و ده‌سته‌یه‌كیان سیمیۆتیكا و ده‌سته‌ی سێیه‌مییان هه‌وڵیانداوه زاراوه‌یه‌كی عه‌ره‌بیی بۆ بدۆزنه‌وه، ئه‌مانیش له نێوخۆیاندا هه‌ڵبژاردنی جیاوازیان هه‌یه، بۆ نموونه (سیمیاء، علم السیمیاء، السیمیائیة، السیمائیة، السماتیة، السیمیائیات، العلامیة، علم العلامات، علم الدلالات، علم الاشارات، علم الادلة، علم الرموز، الدلائلیة ... الخ)[1]. له كوردیشدا زاراوه‌گه‌لێكی وه‌ك (سیمیۆلۆژیا، سیمیۆلۆجیا، نیشانه‌ناسی، زانستی نیشانه‌كان، ئاماژه‌ناسی، هێمالۆجی ...) له‌ژێر كاریگه‌ریی زاراوه ئه‌ورووپی و فارسی و عه‌ره‌بییه‌كانه‌وه به‌كارهاتوون، ئێمه له‌م لێكۆڵینه‌وه‌یه‌دا نه‌مانویست كێشه‌ی فره‌زاراوه‌یی بۆ ئه‌م چه‌مك و زانسته بێنینه ناوه‌وه، دوای تێبینی كردن، بینیمان زۆربه‌ی توێژه‌ره ئه‌كادیمییه‌كانی كورد، زاراوه‌ی (سیمیۆلۆژیا[2]) یان به‌كارهێناوه، بۆیه ئێمه‌ش په‌یڕه‌وی هه‌مان زاراوه‌مان كردووه، ئه‌گه‌رچی تێبینی و ڕای جیاوازیشمان هه‌بووبێ.

(١) بروانه: د.یوسف وغلیسي، أشكالیة المصطلح فی الخطاب النقدی العربی الجدید، ص ٢٢٩ – ٢٣٢.

(٢) چه‌ند نموونه‌یه‌ك بۆ به‌كارهێنانی زاراوه‌ی سیمیۆلۆژیا دێنینه‌وه:

* كامه‌ران ئیبراهیم مشه‌ختی، سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگه‌ری له شیعره‌كانی مه‌لای جزیری دا.

* لوقمان ره‌ئوف عه‌لی، ده‌قی شیعری كوردی له‌ڕوانگه‌ی سیمیۆلۆژییه‌وه، دكتۆرانامه.

* هێمن عومه‌ر خۆشناو، له‌هه‌ردوو كتێبی:

- شیعرییه‌تی ده‌قی چیرۆكی كوردی، وه‌زاره‌تی ڕۆشنبیری و لاوان، چ١، هه‌ولێر، ٢٠١٠، ل٤٠

- هێرمۆنتیكای شیعری سۆفییانه‌ی مه‌حوی، ناوه‌ندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنه‌وه‌ی موكریانی، چ١، هه‌ولێر ٢٠١٦، ل٢٦٦.

* د. كه‌مال مه‌عروف، تیۆره نوێیه‌كانی ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بی، ل١١٤.

* نه‌وزاد ئه‌حمه‌د ئه‌سوه‌د، فه‌رهه‌نگی زاراوه‌ی ئه‌ده‌بی و ڕه‌خنه‌یی، به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تیی چاپ و بڵاوكردنه‌وه‌ی سلێمانی، سلێمانی،٢٠١١، ل٨٥.

- له توێژینه‌وه و لێكۆڵینه‌وه‌ی نێو گۆڤاره‌كانیشدا، له‌زاراوه‌كانی دیكه زیاتر به‌كارهاتووه.

### ١-٣ ئاستەکانی میتۆدی سیمیۆلۆژیا

ئەمڕۆ سیمیۆلۆژیا بووەتە یەکێك لە دیارترین میتۆد، کە بایەخ بە بونیادە پێکهێنەرەکانی تەواوی گوتارەکان دەدات، زانستێکە، لە نیشانە زمانی و نازمانییەکان[1] دەکۆڵێتەوە، لە ڕووکەشی فۆرمەوە، تا قوڵایی ناوەڕۆك دەگرێتەوە، کە نیشانەکان ئاراستە دەکەن و سنووری ئاماژەکان و شێوەی ماناکانیان دیاریدەکەن. بەواتایەکی دیکە: ((بریتییە لە دەستنیشانکردنی بونیادە قووڵەکانی پشت بونیادە ڕووکەش و دیارەکان، لەسەر ئاستی فۆنۆلۆجی و دەلالیدا))[2]، ئەمەش لە شیکردنەوەی ناونیشانی ئەدەبیدا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، چونکە نیشانە پێکهێنەرەکانی ناونیشانی ئەدەبی و بەتایبەتی لەناونیشانی شیعردا، نیشانەکان ڕەمز ئامێز و فرە ڕەهەندن و ڕاڤەی زۆر هەڵدەگرن. توێژەری سیمیۆلۆژی، لەکردەی هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی ناونیشاندا، دەرفەتی ئاراستەکردنەوەی نیشانەکانی بەرەو بونیادێکی تازە لەبەردەمدا کراوەیە، چونکە سیمیۆلۆژیا بریتییە لە ((گەمەی هەڵوەشاندنەوە و تێکخستنەوە))[3]، لەو گەمەیەشدا، دەبێ ڕەچاوی سێ بنەمای پێویست بکرێت:[4]

---

(١) مەبەست لە نیشانەی زمانی، ئەو نیشانانەن، کە لە ئەنجامی ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتییەوە بەرهەمهاتوون، پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول لەسروشتەوە وەرنەگیراون، بەڵکو هەڵبژێردراوی خەڵکن، جێگیر نین، لە ژینگەی جیاواز، واتای جیاوازیان دەبێت، بۆ نموونە، وشەی (تیژ) لە (بیبەری تیژ)، (چەقۆی تیژ)، (تیژ ڕۆیشتن).

نیشانەی نازمانی، ئەو نیشانانەن، کە دەکەونە دەرەوەی ئەو پێناسانەی بۆ نیشانەی زمانی دەکرێن، واتە بەتەنها لەسەر بنەمای ڕێککەوتن بنیاد نەنراون بەڵکو بەشێوەیەك بەرهەستن، وێکچوون، یان دەکەونە بەر هۆکاری سروشتی، وەك وێنە و نەخشە و دەنگ و بۆن و ...هتد .

(٢) د.جمیل حمداوی، السیمیوطیقا و العنونة، ص٧٩.

(٣) د.جمیل حمداوي، بناء المعنى السیمیائي في النصوص والخطابات، ص٤٥.

(٤) نفس المصدر، ص٤٥.

### ١-٣-١ شیکردنەوەی داخراو (تحليل المحايث Immanence)[١]

مەبەست لەم شیکردنەوەیە، گەڕانە بەدوای ئەو مەرجە ناوەکییانەی، کە دەلالەت پێکدێنن، لەنێو خودی دەقدا، شیکردنەوە بۆ ئەگەرەکانی بەرهەمهێنانی دەلالەت دەکات[٢].

ئەرکی شیکردنەوە لەم هەنگاوەدا بریتییە لە: ((بایەخدان بە شتێك وەك خۆی، وەك ئەوەی کە لە خودی خۆیدا هەیە، لێکدانەوە بۆ شتەکە دەکات لەناو شتەکە خۆیدا، نەك لەدەرەوەیدا))[٣]، واتە سیمیۆلۆژیا لەم ئاستەی شیکردنەوەدا، پشت بە پەیوەندییە دەرەکییەکان نابەستێت، تەنها لەڕێی پەیوەندییە تێکچڕژاو و دژەکانی نێو خودی دەقەوە، لێکۆڵینەوە لە فۆڕمی ناوەرۆك دەکات[٤]، بۆ نموونە لە شیکردنەوەی ناونیشانێکی وەك (چۆلەکە)[٥]دا، تەنها بەدوای ئەو دەلالەتانەدا دەگەڕێین، کە لەخودی (چۆلەکە)دا، بوونیان هەیە:

[+ گیاندار، + باڵندە، - گۆشتخۆر، ... هتد]

لە شیکردنەوەی دەقیشدا، بەهەمان شێوە، وەك نیشانەی چۆلەکە، مامەڵە لەگەڵ دەلالەتدا دەکەین و لە واتای چۆلەکەوە ڕاڤەی دەق دەکەین، واتە لەو ڕوانگەیەوە ئاوڕ لە دەق نادەینەوە، کە شاعیر چۆلەکەی وەك ڕەمز

---

(١) یەکێك لەو زاراوانەی گرفتی زۆری لە وەرگێڕاندا، بۆ عەرەبەکان دروست کردوە، (Immanence)یە، کانت ئەم زاراوەیەی بۆ پێچەوانە یان دژەواتای (جیابوونەوە)، هێنایە نێو فەلسەفەی میسالیەتی نوێ، بۆئەوەی ئاماژە بە مەبەستی (شت لە خودی خۆیدا) بکات، لە ڕەخنەی نوێی ئینگلیزیشدا، زاراوەی (Close Reading)ی بۆبەکاردێت، لەبەر ئەوەی لێرەدا مەبەست شیکردنەوەیە، بۆیە زاراوەی (شیکردنەوەی داخراو)مان بەکارهێنا.

(٢) د.جميل حمداوي، بناء المعنى السيميائي في النصوص والخطابات، ص٤٥.

(٣) د.يوسف وغليسي، أشكالية المصطلح فى الخطاب النقدى العربى الجديد، ص١٣٤.

(٤) د.جميل حمداوي، المصدر السابق، ص ٨٠.

(٥) بڕوانە: نەوزاد ڕەفعەت، دیوانی نیگەرانی، ل٦٦.

خواستبێت، هەروەك لەم کۆپلەیەدا، دەیخوێنینەوە:

ڕۆڵە باوکت
چۆلەکەی دەدایە بەر بەرد
ڕاوی دەنان
بێچووەکانی دەگرتن و
هێلانە و ماڵی تێکدەدان (نیگەرانی، ل٦٦)

**١-٣-٢ شیکردنەوەی بونیادگەری (التحلیل البنیوی):**

سیمیۆلۆژیا وەك میتۆد، کۆمەڵێك بنەمای بونیادگەریی لەخۆیدا جێکردۆتەوە، کە لە شیکردنەوە و دووبارە تێکهەڵکێشکردنەوەدا پشتیان پێدەبەستێت، بۆ نموونە، لە شیکردنەوەی دەقدا، ((بونیادگەرەکان[1] جەخت لەسەر شیکردنەوەی گشتگیری دەکەن))[2]، واتە تەنها کار لەسەر بەشێکی دەق ناکەن، بەڵکو بۆ تێگەیشتن لە واتای دەق، تەواوی ئەو پەیوەندییانە لەبەرچاودەگرن، کە دەقەکەیان لەسەر بونیادنراوە، کەواتە ((ڕەگەزەکانی دەق، دەلالەت بەخش نابن، تەنها لە میانەی تۆڕی ئەو پەیوەندییانەدا نەبێ، کە لەنێوانیاندا هەیە))[3]، بۆیە ((بۆ دەرخستنی بونیادی دەق، پەنا بۆ لێکچوون (التشابە) هاوتەریبی (التوازی) هاودژی (التضاد) هاونشینی (التجاور)

(١) بونیادگەرەکان بە پلەی یەکەم، بایەخ بە بونیاد دەدەن، نەك بە واتا. بونیادگەراییەکان پێیانوایە، دەق گفتوگۆ لەگەڵ خودی خۆیدا دەکات، خوێنەر، نووسەری کردارییی دەقەکەیە، بڕوانە: د. کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ئەدەبی، ل٨٤.
(٢) د.عەلی تاهیر حسەین، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆپراکتیزەکردن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم، سلێمانی، چ١، ٢٠٠٨، ل١٠٩.
(٣) د. جمیل حمداوی، بناء المعنى السیمیائي في النصوص والخطابات ص٤٥.

بەرامبەری (التقابل) پێچەوانەیی (التعارض) دەبەن))[١]، گومانی تێدانییە، کە بونیادگەری پاشخانێکی گەورەی خستۆتە خزمەت بواری سیمیۆلۆژیا و بەهۆیەوە دەتوانێ کار بۆ لێکدانەوەی فۆرمی ناوەرۆك و تەلارسازیی دەق بکات.

### ١-٣-٣ شیکردنەوەی گوتار (التحليل الخطاب)

میتۆدی سیمیۆلۆژیا، بایەخێکی زۆر بە توانستی گوتاری دەدات، کە توانستێکە بۆ بونیادنانی سیستەمی بەرهەمهێنانی قسە، بەوپێیەی (("گفت و گۆ" مەرجی یەکەمینی دیسکۆرسە))[٢]، دەتوانین لە کردەی شیکردنەوەدا، گفتوگۆ لەگەڵ دەقدا بکەین، شێوازەکانی شیکردنەوەی گوتار فرە ڕەهەند و بەرفراوانن، بەتایبەتی لە گوتاری ئەدەبیدا.

ئەگەر لەزمانەوانیدا، سینتاکس وەك گەورەترین پێکهاتە مامەڵە لەگەڵ ڕستەدا بکات، ئەوا گوتار، لێکۆڵینەوە و شیکردنەوە بۆ کۆمەڵێك ڕستە دەکات، ئەمەش پەیوەستە بە چۆنیەتیی گێڕانەوە و خستنەڕوویان لەلایەن نووسەرەکانیانەوە.[٣]

شیکردنەوەی سیمیۆلۆژیانەی گوتار لە لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکاندا، لەڕووی پێکهاتەی سینتاکسی و دەلالییەوە پەی بە نیشانە بەرهەمهاتووە ئاڵۆز و تەماوییەکان دەبات، بەتایبەتی لە ناونیشانە ڕەمزییە تازە داهێنراوەکاندا، کە ئەمەش هاوکارییەکی زۆری تویژەری سیمیۆلۆژی دەکات لە دەستنیشانکردنی ئاڕاستەکانی سیمیۆلۆژیادا.

---

(١) د.عەلی تاهیر حسەین، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆپراکتیزەکردن، ل١٠٩.

(٢) هەژار ئەحمەد عەبدولغەفوور، ڕوانینێکی ڕەخنەیی لەسەر نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان- سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣. ل٣٢.

(٣) محمد عزام، تحليل الخطاب الادبي على ضوء المناهج النقدية الحداثية، منشورات اتحاد الكتاب العرب، دمشق ٢٠٠٣، ص١٧٤-١٧٥.

## ٤-١ ئاراستە هاوچەرخەکانی سیمیۆلۆژیا

سیمیۆلۆژیا وەك بابەتێکی زانستیی ئاڵۆز و فرەڕەهەند، بەو پێیەی سیستەمێکی شیکاریی پەیوەست بە زمانەوانی و بونیادگەری و فەلسەفە و لۆژیکە، تێکەڵ بە زانستەکانی دیکەی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و زماننناسی و ماتماتیك و کیمیا و .... هتد، بووە، هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە، دوو سەرچاوەیی بووە، (سۆسێر – پێرس)، بەڵام وەك زانستێکی زیندووی بەربڵاو، بواری گەشە و پێشکەوتن و بەرفراوانیی بۆ ڕەخساوە، دواتر نزیکیی زمانەوانی و ئەدەبییات، وایکرد تیۆرە زمانییەکان بەرفراوانتربن و لەڕووی سیستەماتیکیدا، پێشکەوتن و کرانەوەیەکی زیاتر بەخۆیانەوە ببینن، بۆیە چەندین توێژەر، بەمەبەستی جیاکردنەوەی سنووری لێکدانەوە و بۆچوونەکانیان، چەند قوتابخانە و ئاراستە و ڕەوتێکییان داهێناوە، لەدەستنیشانکردن و پۆلێنکردنی ئەو ڕەوت و قوتابخانانەشدا، لێکۆڵەران شێوازی جۆراوجۆیان پەیڕەو کردووە، هەیانە وەك قوتابخانە، یان وەك ئاراستە، دەیدەنە پاڵ ئەو وڵاتانەی، کە ڕەوتە سیمیۆلۆژییەکەی تێدا دەرکەوتووە، بۆ نموونە (قوتابخانەی ئەمریکی، قوتابخانەی فەرەنسی، قوتابخانەی ڕووسی، قوتابخانەی ئیتاڵی)[1]، هەیانە ئاراستە سیمیۆلۆژییەکان دەدەنە پاڵ داهێنەرەکانیان، وەك (سیمیۆلۆژیای دی سۆسێر - سیمیۆتیکای پێرس – ئاراستەی بارت – هێماگەریی کاسیر)[2]، هەیانە لەڕووی مەعریفییەوە،

(١) بڕوانە هەریەك لە:
- د. محمد سرغيني: محاضرات في السيميولوجيا، ٣٥-٤٣.
- مارسيلۆ داسكال، الاتجاهات السيميولوجية المعاصرة، ترجمة: حميد لحميداني و اخرين، أفريقا الشرق، دار البيضاء، ط١ ١٩٨٧، ص ٩٢-٩٨.
- د.جميل حمداوى: السيميوطيقا و العنونة، و بناء المعنى السيميائي في الخطابات و النصوص، ص ٩-٢٤
- لوقمان ڕەئوف عەلی: دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە، ل٥١-٦٤.
(٢) بڕوانە: حنون مبارك، دروس فی سیمیائیات، ص ٣٦-٥٢.

جیایـــان دەکەنـــەوە، (ســـیمیۆلۆژیای زمـــان - ســـیمیۆلۆژیای ئـــەدەب، ســـیمیۆلۆژیای ســـینەما - ســـیمیۆلۆژیای هونـــەر — ســـیمیۆلۆژیای ڕۆشنبیری )[١].

لەکـۆی ئەو پـۆلێن و دابەشـکردنانەی، کـە بـۆ ئاڕاسـتەو قوتابخـانە سیمیۆلۆژییەکان خولانەوەی ئاڕاستە سیمیۆلۆژییەکان، نیشانەیە))[٢]، بەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی، باسـیان لە(سـیمیۆلۆژیای پەیوەنـدی و سـیمیۆلۆژیای دەلالی و سیمیۆلۆژیای ڕۆشنبیری ) کردووە.

لەبـەر پڕبایـەخیی هەریەکـەیان لـەبواری تیۆری و پراکتییدا، بـەکورتی لێیانەوە دەدوێین.

بۆبەرچاوروونی، ئەم هێڵکارییە دەخەینە ڕوو:

کراون، وێکچوون و دووبارەو تێکەڵییەك هەیە، چونکە (( تەوەری




دابەشکاریی ئاڕاستە هاوچەرخەکانی سیمیۆلۆژیا

(١) بروانە: سیزا قاسم — نصرحامد أبوزید و اخرون، مدخل الی السیمموطیقا، ص ٢٠٥- ٣٣١.
(٢) سلیم جلال، أسماء السور في القران الكريم، ص٢٨.

### ١-٤-١ سیمیۆلۆژیای پەیوەندیکردن[1] (Semiology of Communication)

ئەم ئاڕاستەیە، لەساڵی ١٩٤٣ لەگەڵ لێکۆڵینەوەکانی بویسنس(Buyssens) سەبارەت بە سیستمی پەیوەندیی نوێنەرایەتی کردن، بۆ کارکردنە سەر کەسانی دیکە دەرکەوت[2].

پێشەنگەکانی ئەم ئاڕاستەیە، جەخت لەسەر ئەرکی پەیوەندیکردن، یان گەیاندنی مەبەستێك دەکەنەوە، ((ئەو پەیوەندی گرتنە مەرجدارییێتیی مەبەست و خواستی نێرەرە، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ئەوانی دیکەدا، دروست بکات))[3].

ئەوەی کردەی پەیوەندیکردن بە سیمیۆلۆژییەوە دەبەستێتەوە، چۆنیەتیی نواندنی نیشانەکانن، کە لە گوتارەکانیاندا، خۆیان لە پەیامدا دەردەخەن.

نیشانەکان، لە نێو خودی خۆشیاندا، لەسەر بنەمای پەیوەندی بونیادنراون، پەیوەندیی دال بە مەدلوول، بەڵام لە سیمیۆلۆژیای پەیوەندیکردندا ((پەیوەندی لە یەکەیەکی سێ بنەمایی پێکدێت: دال، مەدلوول، مەبەست، پەیوەندیکردنیش بەستراوە بە مەبەست و ئیرادەی قسەکەر، لە کارکردنە سەر ئەویتر))[4]، واتە ئەگەر نیشانەیەك توانای گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراوی نەبێت، ناتوانێت ئەرکی پەیوەندیکرن جێبەجێ بکات، بەڵام مەرج

---

(١) لە وەرگێرانی زاراوەی (سیمیولوجیا التواصل)دا هاتووە:
- نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، لە فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، ل٨٨ (سیمیۆلۆژیای پەیوەستکاری)ی بەکارهێناوە.
- لوقمان رەئوف عەلی، لە دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە. ل٥٤. (ئاراستەی پەیوەندیکردن)ی بەکارهێناوە.

(٢) سليم جلال: أسماء السور في القران الكريم، ص/٢٨.

(٣) عواد علي، معرفة الاخر"مدخل الى المناهج النقدية الحديثة" المركز الثقافي العربي، ط ١، ١٩٩٠، ص٨٤.

(٤) د. بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆمیتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د. محەمەد تاتانی، ل٢٥٨.

نییە نیشانەکان هەرکات ئەو توانا مەبەستییەی هەبێت، کە ئەم ئاراستەیە لێی چاوەڕوان دەکات، چونکە مرۆڤ لە چالاکیی پەیوەندیکردندا، هۆکاری جیاجیا بەکاردێنێت، بەتایبەتی لە کاری ئەدەبیدا، کە هەوڵدەدات بەشێوەی پۆشین و بە ڕەمز، نیشانەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەخۆ و بەشێوەیەکی هونەری و جوانکاری، لە بەرهەمهێنانی دەقدا بەکاربێنێت، ئەمەش وایکردووە، کە، سیمیۆلۆژیای پەیوەندیکردن، دوو تەوەر لەخۆبگرێت:[١]

**١-٤-١-١ تەوەری پەیوەندیکردن:**

ئەمەش دەبێتە دوو بەش:

**١-٤-١-١-١ پەیوەندیی زمانی:**

ئەم پەیوەندییە، لەڕێی کردەی قسەکردن و بە گفتوگۆ جێبەجێ دەبێت[٢]، سەبارەت بەم کردەی ئاخاوتنە، هەریەك لە سۆسێر و بلۆمفیلد و شنۆن و ویفر، بۆچوونی تایبەت بەخۆیان هەیە:

- سۆسێر، ئەم پەیوەندییە زمانییە، بەلایەنی کۆمەڵایەتییەوە دەبەستێتەوە، پێیوایە، ((ئەم کردارە، بەلایەنی کەمەوە پێویستیی بە دوو کەس دەبێت، ئەمەش کەمترین ژمارەی پێویستە، تا بازنەی قسەکردن تەواوببێت))[٣]، واتا بازنەی نێوان نێرەر و وەرگر، کە وێنەی دەنگی لەڕێی بیستنەوە بە هزر دەگەیێنێت و لە نێوانیاندا ئاڵوگۆڕی ڕۆڵ لە کردەی پەیوەندیکردندا، بە دەوری بازنەی قسەکردندا، بەردەوام دەبێت.

---

(١) كمال جدي، المصطلحات السيميائية السردية في الخطاب النقدي عند رشيد بن مالك، رسالة ماجستير، جامعة قاصدي مرباح، كلية الاداب و اللغات، الجزائر، ٢٠١٢، ص٢٦.

(٢) نفس المصدر، ص٢٦.

(٣) فردیناند دي سوسیر، فصول من دروس في علم اللغة العام، ت: عبدالرحمن أيوب، مدخل الى السيميوطيقا، ص١٨٠.

- بلۆمفیلد[١]، پەیوەندی کردن، ((لەگۆشەنیگای ڕەفتارەوە دەخاتە ڕوو، ئەوانەی لە دەرەوەدا تێبینی دەکرێن، جیاکاری لە نێوان ئەو جووڵەو ڕووداوانەدا دەکات، کە ڕاستەوخۆ لە پێش دۆخی کردار دان))[٢]، بەلای (بلۆمفیلد)ەوە، ((ڕەفتار یەکسان دەبێ بەو هەموو بەرسڤانەی ورووژاندن کە جیهانی دەرەوەی پێشکەش دەکات))[٣]، دواتر هەوڵی شیکردنەوەی هەریەك لەم سێ دۆخانە دەدات:[٤]

ا- ئەو دۆخەی پێش کردەی قسەکردن دەکەوێت.

ب- قسەکردن.

ج- ئەو دۆخەی بەدوای کردەی قسەکردندا دێت.

ئەم هاوکێشەیە، پەیوەندیی نێوان ورووژاندن و بەرسڤ لای بلۆمفیلد، ڕوونتر دەکاتەوە:




پەیوەندیی زمانی لەدیدی بلۆمفێڵد[٥]

---

(١) زمانەوانێکی ئەمریکییە، بە دامەزرێنەری ڕێبازی بنیاتگەریی ئەمریکی دادەنرێت، لە ساڵی(١٨٨٧) لەدایك بووە و لە ساڵی (١٩٤٩ز) کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە، کامەران ئیبراهیم مشەختی، سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلایێ جزیریدا، ل٢٩٢.

(٢) عواد علي، معرفة الاخر، ص ٨٥.

(٣) سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی"بەرگەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چ ٢، ٢٠١٠، ل١٨٩.

(٤) عواد علي، المصدر السابق، ص٨٥.

(٥) لە کتێبی (زمانەوانی، سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، ل١٩٠) وەرگیراوە.

- پەیوەندیکردن بەلای (شینۆن و ویفر)ەوە، ((لە ڕێی پەیامەوە دەبێت، لە قسەکەرەوە، بۆ وەرگر[١]، ئەو پەیامەش دەکرێتە کۆد و لەڕێی کەناڵێکەوە، ڕەوانە دەکرێت))[٢]. واتە ئەوەی بە وەرگر دەگات، کۆدە، ڕوونی و ناڕوونیی پەیام، بەپێی ئاستی توانای وەرگر، لە کردنەوەی کۆدەکاندا دەگۆڕێت، هەروەك جەخت لەسەر ئەو ڕێگایە دەکەنەوە، کە پەیامەکەی پێدا دەگوازرێتەوە. لە بەرهەمی ئەدەبیدا، لەبەر ئەوەی نیشانەکان هەڵگری کۆدی ئاڵۆز و ناڕوونن، پەیام لە نێوان نێرەر و وەرگردا، ئەو پەیامە ڕوون و ئاشکرایە نییە و کەناڵی گواستنەوەش ئەو کەناڵە ڕاستەوخۆیە نییە، کە لە نێوان دوو ئاخێوەری ئاسایی بەئەنجام دەگات، ئەمەش وایکردووە کە وەرگر بەشێك بێت لە بەرهەمهێنانی پەیامی ئەدەبی.

### ١-٤-١-١-٢ پەیوەندیی نازمانی:

**پێچەوانەی پەیوەندیی زمانی، کردەی ئاڵوگۆڕی قسەی تێدا نییە، سەبارەت بە پەیوەندییە نازمانییەکان، بویسنس، سێ پێوەری دەستنیشان کردووە:[٣]**

أ- پێوەری ئاماژەیی ڕێکخراو: نیشانەکانیان جێگیر و بەردەوامن، وەك نیشانەکانی هاتووچۆ و وەك شێوە ئەندازەییەکان (سێ گۆشە، چوارلا، بازنە، ...).

ب- پێوەری ئاماژەیی ڕێکنەخراو: نیشانەکانیان پێچەوانەی نیشانەکانی

---

(١) لوقمان رەئوف عەلی، لە نامەی دکتۆراکەیدا، لەلاپەرە/٥٦، لە وەرگێڕانی وشەی (المستقبل) لە (یتم عبر الرسالة من قبل المتکلم الی المستقبل)دا، کەوتۆتە هەڵە، لەجیاتی وەرگر، (ئایندە)ی نووسیوە.

(٢) د. جمیل حمداوي، بناء المعنی السیمیائي في النصوص و الخطابات، ص١٧.

(٣) د. جمیل حمداوي، نفس المصدر، ص١٧.

پێوەری یەكەمن، واتە ناجێگیر و كاتین، وەك ئەو نیشانانەی لە ڕیكلامەكاندا بەكاردێن.

ج- پێوەری ئاماژەیی: پەیوەندییەكی جەوهەرییە لە نێوان ئاماژە و شێوەكەی، وەك ئەو نیشانانەی شێوەی كەرستەكانیان لەسەرە بۆنموونە (شانە، مقەس) لەسەر دوكانێكی سەرتاشین.

**١-٤-١-٢ تەوەری نیشانە:**

لەم تەوەرەدا، باس لە چوار جۆر نیشانە دەكرێت:[١]

**- ئاماژە:** ئەمانەش چەند جۆرێكن، لە نەخۆشی و نیشانەكانی و لە پێشبینی و فاڵدا ، لەو ئاماژانەی پەنجەمۆر و وێنە و ئەوانەی جیاكارییان پێدەكرێت، مرۆڤ دركیان پێدەكات.

**- ئاماژەدەر:** كردەیەكی دیاریكراو ڕووندەكاتەوە، ((لای بریتۆ یەكسانە بە نیشانە، كە وەك ئاماژەیەكی دەستكردە، بەبێ وەرگر ئەركەكەی جێبەجێ ناكات))[٢].

**- ئایكۆن:** هاوشێوەی ئەو شتەیە كە ئاماژەی پێدەكات و لە سیفەتێكدا لەگەڵی هاوبەشە، یان لە نێوان ئایكۆن و ئاماژە بۆكراودا ڕەگەزێكی هاوبەش هەیە بەیەكەوەیان دەبەستێتەوە، وەك ئەو پەیوەندییەی لە نێوان مرۆڤ و سێبەرەكەی دا هەیە.

**- ڕەمز:** لەبەر فراوانیی چەمكەكەی، پێناسەی جۆراوجۆری بۆ كراوە، بە شێوەیەكی گشتی ((بریتییە لە نیشانەیەك ئاماژە بۆ شتێك دەكات بوونێكی

(١) د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەكانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د. محەمەد تاتانی، ل٢٥٩.
(٢) د. بەسام قطوس، هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

سەربەخۆی هەیە، ئەو شتە دەنوێنێ و شوێنی دەگرێتەوە))[١]، لە بواری ئەدەب و بە تایبەتی لە شیعردا، بۆ چڕکردنەوەی دەربڕین و گەیاندنی بیرۆکەیەکی فراوان پەنای بۆ دەبردرێت، بۆ نموونە، (کۆتری سپی) وەك ڕەمز بۆ ئاشتی.

پەیوەندیکردن، بە هەردوو تەوەرەکەیەوە (پەیوەندیکردن و نیشانە)، پشت بە دوو بنەمای سەرەکی دەبەستێت:[٢]

- بوونی مەبەست لە پەیامی قسەکەر.
- وەرگرتنی پەیام لای وەرگر، بە هەمان مەبەست.

بەشێوەیەکی گشتی، سیمیۆلۆژیای پەیوەندیکردن، تەنها بایەخ بەو نیشانانە دەدات، کە بەڵگەی بوونی مەبەستێکیان هەیە و کەناڵێکیان هەیە مەبەستەکە لە نێرەرەوە بۆ وەرگر دەگوازێتەوە.

### ١-٤-٢: سیمیۆلۆژیای دەلالەت ( Semiology of Connotation)

ئەم ئاڕاستەیە، لێکۆڵینەوە لە سیستەم و ڕێساکانی دەلالەت دەکات، (ڕۆلان بارت)، بە دیارترین پێشەنگی ئەم ئاڕاستەیە دادەنرێت، لە کتێبەکەی خۆیدا بەناوی (ڕەگەزەکانی سیمیۆلۆژیا)، پێچەوانەی سۆسێر، پێیوایە لەگەڵ ئەو هەموو بەرفراوانییەی دەلالەتی نیشانەدا، زمانەوانی بەشێك نییە لە سیمیۆلۆژیا، بارت بەدەر لەو پەیوەندییە دووئەرکییەی کە نیشانەکان بە مەبەستەکانیان گرێدەدەن، جەختی لەسەر بوونی سیستەمگەلێکی نادەنگیش

(١) د.پەخشان سابیر: ڕەمزلە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان، ١٩٧٠-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢، ل١٠.

(٢) سليم جلال، أسماء السور في القران الكريم، ص٢٨.

کردەوە، وەك پەیوەندییە خۆنەویستەکان، کە ڕەهەندێکی دەلالیی قوڵییان هەیە، بارت پێیوایە، زمان تاکە ڕێگەیە، کە ئەو هەموو سیستەمە نادەنگییانە، لە ئاماژەدا دەربخات[1].

ئاڕاستەی دەلالەت، بایەخی بەو شتانەدا، کە سیمیۆلۆژیای پەیوەندیکردن پەراوێزی خستبوون، مەرج نییە پەیوەندیکردن تەنها لەڕێگەی ئەو نیشانانەوە بەئەنجام بگات، کە مەبەستێکیان لەپشتە، بۆیە ناکرێ ئەو نیشانانە، بەبیانووی ئەوەی هیچ مەبەستێکییان هەڵنەگرتووە، پەراوێز بخرێن، زۆرجار ئەو نیشانانەی کە مەبەستێکی ڕوونیان نییە، ڕۆڵی کاریگەرتریان دەبێت لە پرۆسەی پەیوەندی گرتندا، بۆیە لێکۆڵەرەوانی بواری سیمیۆلۆژیای دەلالەت، پشتیان بە لایەنی دەلالیی نیشانەکان بەست، ڕۆلان بارت پێیوایە دەشێ پەیوەندیکردن ڕوودات، بە مەبەست بێ، یان بەبێ مەبەست، بە هەموو شتێکی سروشتی و کەلتووری، بڕیاری لەسەر درابێ یان نەدرابێ.[2]

بارت لە ڕوانگەی دەلالەتەوە لە سیمیۆلۆژیا دەڕوانێت ((بەهۆی بایەخدانی بە گرێدانی دەلالەت بە زمانەوە، زیاتر لە کێڵگەی ڕەخنەی ئەدەبی نزیك دەبێتەوە))[3]، لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە، هێندەی تێگەیشتنیان لە دەلالەتی نیشانەکان لا مەبەستە، هێندە بایەخ بە مەبەست نادەن، چونکە گرنگ ئەوەیە کە ((وەرگر چۆن بتوانێ لە ڕێی کردنەوەی کۆدەکان، دەق بەرهەم بهێنێتەوە))[4]، ئەمە پەیوەندیی بە تێگەیشتن و هزری مرۆڤەوە هەیە.

لای سۆسێر ((زمان سیستمێکە لە نیشانە، گوزارشت لە هزر دەکات))[5]،

(١) د.جميل الحمداوي، بناء المعنى السيميائي في النصوص و الخطابات، ص١٨-١٩.
(٢) سليم جلال، أسماء السور في القران الكريم، ص٣٠.
(٣) د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د. محەمەد تاتانی، ل٢٥٩.
(٤) سليم جلال، أسماء السور في القران الكريم، ص ٣١.
(٥) د.عەلی تاهیر حسەین، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، ل٥١.

واتا هەردوو لایەنی دال و مەدلوول بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەم وەرچەرخانە لە گواستنەوەی پەیوەندیی دال بە شتەکە بۆ مەدلوولە هزرییەکە، ئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەم ئەدەبیاتیشدا کردەوە، ((بارت دەق بە بەرهەمی زمان دادەنێت، مەبەستیشی لەمە چنینی دەلالەتەکان و ئەو نیشانانەیە، کە کاری ئەدەبی پێکدەهێنن))[١]، لەم ڕووەوە ((بارت سنووری پێشبینیی دوو ئەرکیی بەزاند، کە نیشانە و مەبەست بەیەکەوە لە پەیوەندییەکی خۆنەویستانە، پەیوەست دەکات، جەختی لەسەر بوونی سیستەمێکی نا زمانی کردەوە، بەڵام ڕەهەندی دەلالی بەرێژەیەکی گەورە بوونی هەیە، زمان بە تاکە هۆکار دادەنێت، کە دەلالەت بە دیاردە نازمانییەکان دەبەخشێت)) [٢]، کەواتە لە دەرەوەی زمان ناتوانین پەی بە بوونی نیشانەکان ببەین، بەو واتایەی شتێك لە ئارادا نییە، ئەگەر ناوێکی نەبێت و لە زەیندا وێنەیەکی نەبێت و لەنێو شتەکانی دیکەدا جیای نەکاتەوە، بارت ((گەیشتە ئەوەی ئەگەر چەمکی دەلالەتگەری (الدلائلیە) ، کە سۆسێر وا باسی دەکات لە دال و مەدلوول پێکهاتووە، بخرێتە سەر چەمکی دەلیل، ئەوا لە ڕووی ماهیەتەوە جیای دەکاتەوە))[٣]، جا دەلالەتەکان مەبەستدار بن یان نا، بۆ نموونە، بە بۆچوونی بارت و لایەنگرانی، سیمیۆلۆژیای دەلالەت، پۆشینی کراسێکی قۆڵکورت بۆ داپۆشینی لەش و بۆ دەرختنی جوانییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکی دەلالیی کەش و هەواش دەگەیەنێت.

---

(١) د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د. محەمەد تاتانی، ل٢٥٣.
(٢) د.جمیل الحمداوي، بناء المعنى السیمیائي في النصوص و الخطابات، ص١٩.
(٣) د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و: د. محەمەد تاتانی، ل ٢٥٥.

## ١-٤-٣: سیمیۆلۆژیای کەلتوور (Semiology of Culture)

دیاردە کەلتوورییەکان، لە زمان و جووڵە و ئاماژە و نیشانە و هێما و ئایکۆن و ... هتد، بەدەر نین، ئەم ئاڕاستەیە، لەنێو سیستەمی نیشانەکاندا، هەوڵی گونجاندن و جێکردنەوەی واتا کەلتوورییەکان دەدات. سیمیۆلۆژیای کەلتوور، سوودی لە فەلسەفەی مارکسی و لە فەلسەفەی شێوە ڕەمزییەکانی کاسیرەر[1] وەرگرتووە.

لایەنگرانی ئەم ئاڕاستەیە پێیان وایە لە سیمیۆلۆژیادا، گونجانێکی سیستەماتیکی لە نێوان دەلالەت و پەیوەندیکردندا هەیە، ((وەک بونیادێکی سێ ڕەهەندی لە نیشانە دەڕوانێت، کە پێکهاتووە لە دال و مەدلوول و سەرچاوە، ئەمەی دوایی (سەرچاوە) لە نێو چوارچێوەی سەرچاوەی کەلتووریدا نەبێ لێکنادرێتەوە))[2]، بەو واتایەی: نیشانەکان ئەو کاتە دەلالەت دەبەخشن، کە لەنێو کایەیەکی کەلتووریدا دەردەکەون.




چەمکی کەلتوور، چەمکێکی ئاڵۆزە، بەتایبەتی کاتێك کە دەمانەوێ، لەسنووری بابەتێکی بەربڵاوی وەك سیمیۆلۆژیادا، قسە و باسی لەبارەوە

(١) ارنست کاسیرەر Ernst Cassirer (١٨٧٤-١٩٤٥)، فەیلەسوفێکی ئەڵمانییە، لەساڵی ١٩٤١ەوە ڕووی لە ئەمریکا کردووە، زیاتر لەڕێی کتێبەکەی بەناونیشانی فەلسەفەی شێوەڕەمزییەکان(The Philosophy of Symbolic forms) ناوبانگی دەرکردووە، کە تیایدا جەخت لەسەر لایەنی زمان و کەلتووری مرۆڤایەتی دەکاتەوە، پێیوایە ڕەمزییەت دیاردەیەکی مرۆڤایەتییە. بڕوانە: دانیال تشاندلر، اسس السیمیائیە، ص٣٨٢.

(٢) سليم جلال، أسماء السور في القران الكريم، ص٣٢.

بكه‌ین، ئه‌گه‌ر وه‌ك ((هه‌ر چالاكییه‌كی مرۆیی په‌یوه‌ست به‌ یه‌كیه‌تیی سه‌ودا و ئاڵوگۆڕ و داكردنی زانیاری))[١]، مامه‌ڵه‌ له‌گه‌ڵ كه‌لتووردا بكه‌ین، ده‌بێ ئه‌وه‌مان له‌به‌رچاوبێت، كه‌ ((ده‌كرێ كه‌لتوور ڕووبه‌ڕووی هه‌ریه‌ك له‌ ناكه‌لتوور non-culture و كه‌لتووری دژ anti-culture ببێته‌وه‌))[٢]، ئه‌و ڕووبه‌ڕووبوونه‌وانه‌، له‌ كۆمه‌ڵێك په‌یوه‌ندیی ئاڵۆزدا، ڕوانگه‌ی جیاواز له‌ سیمیۆلۆژیادا، به‌رامبه‌ر به‌ كه‌لتوور دروست ده‌كه‌ن، بۆ نموونه‌ په‌یوه‌ندیی نێوان شتێكی ناسراو و شتێكی نه‌ناسراو، یان په‌یوه‌ندیی نێوان (خێر و شه‌ڕ) یان (ڕه‌ش و سپی) و ... هتد.

مامه‌ڵه‌كردن و جیاكردنه‌وه‌ی په‌یوه‌ندییه‌كانی كه‌لتوور، له‌نێو كه‌لتوورێكدا، یان له‌نێو كه‌لتووره‌ جیاوازه‌كاندا، به‌ دوو ئاڕاسته‌ ده‌بێت: ئاڕاسته‌یه‌ك ڕوو له‌ ده‌ربڕین و ئاڕاسته‌كه‌ی دیكه‌، ڕوو له‌ ناوه‌رۆكه‌. له‌ ئاڕاسته‌ی یه‌كه‌مدا كۆده‌نگییه‌ك هه‌یه‌، به‌ڵام له‌ ئاڕاسته‌ی دووه‌مدا، ئازادی له‌ هه‌ڵبژاردنی ناوه‌رۆكدا، یان له‌ چۆنیه‌تیی به‌ستنه‌وه‌ی به‌ ده‌ربڕینه‌وه‌، هه‌یه‌[٣]، بۆنموونه‌ هه‌موومان له‌ زانیاری و مامه‌ڵه‌كردن له‌گه‌ڵ ڕه‌نگی نیشانه‌كانی هاتووچۆدا، كۆده‌نگین، به‌ڵام له‌به‌كارهێنانی (ڕه‌نگی ڕه‌ش)دا، ده‌كرێ بۆچوونی جیاواز، ته‌نانه‌ت دژه‌بۆچوونیشمان هه‌بێت.

پێشه‌نگه‌كانی ئه‌م ئاڕاسته‌یه‌، قسه‌ له‌سه‌ر سیسته‌می نیشانه‌ ده‌كه‌ن، واتا كۆمه‌ڵه‌ نیشانه‌ییه‌كان، باوه‌ڕیان به‌ سه‌ربه‌خۆیی سیسته‌مێك نییه‌ له‌گه‌ڵ سیسته‌مه‌كانی دیكه‌، به‌ڵكو له‌و په‌یوه‌ندییانه‌ ده‌گه‌ڕێن، كه‌ به‌یه‌كه‌وه‌یان

---

(١) سیزا قاسم و نصر حامد ابو زید، مدخل الی السیمیوطیقا، ص٣٥٣.

(٢) یوری لوتمان و بوریس أوسبنسكي، حول الالیة السیمیوطیقیة للثقافة، ت: عبدالمنعم تلیمة، مدخل الی السیمیوطیقا، ص٣٤٠.

(٣) یوری لوتمان و بوریس أوسبنسكی، حول الالیه السیموطیقیة للثقافة ت: عبدالمنعم تلیمة، ص٣٣٨.

دەبەستنەوە، جا لەنێو هەمان کەلتوور دابێت، یان لە نێوان کەلتووره جیاوەزەکاندابن. کەواتە سیستەمی کەلتووری، سیستەمێکی پەیوەندیکردنە و پێویستیی بەگۆڕینەوەی نیشانەکانە. ئەم ئاڕاستەیە، وەك پرۆسەیەکی گەیاندن، گرنگی بە دیاردە ڕۆشنبیرییەکان دەدات، ((ئیمبێرتۆ ئیکۆ[(١)] نموونەی سیمیۆلۆژیای گەیاندنی پەرەپێدا و نیمچە کۆدی خستەسەر، کە بەشداری لە کردنەوەی کۆدی نامە لەلایەن خوێنەرەوە، دەکات))[(٢)]، واتە لە پرۆسەی خوێندنەوەدا، لە دووبارە بەکاربردنەوەی کۆدەکانی نێرەردا، دەرفەتی ئەفراندن بە خوێنەر دەدات. کاتێك باس لە سیمیۆلۆژیای کەلتوور دەکەین، نابێ ڕۆڵی نوێنەرانی قوتابخانەی تارتۆی مۆسکۆ فەرامۆش بکەین، کە هەریەك لە (لۆتمان)[(٣)] و (ئۆسپانسکی)[(٤)] ، ... نوێنەرایەتیی دەکەن[(٥)]، ئەم قوتابخانەیە لە ئاڕاستەی سیمیۆلۆژیای ڕۆشنبیریدا، بە ئاڕاستەی ڕووسی ناودەبرێن، وەك چۆن ئاڕاستەی ئیتاڵیی هەیە، کە (ئەمبێرتۆ ئیکۆ) و (ڕوسی لاندی) نوێنەرایەتیی دەکەن.

---

(١) ئەمبێرتۆ ئیکۆ (Umberto Eco) لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٢ی ئیتاڵیایە، فەلسەفەی سەدەکانی ناوەڕاستی لە زانکۆی تۆرین خوێندووە. کتێبێکی دەربارەی تیۆری سیمیۆلۆژی (Theory of Semiotics) بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە و ناوبانگێکی گەورەی دەستکەوت. پێشەنگی ئاراستەی ئیتاڵیای سیمیۆلۆژیای ڕۆشنبیرییە. لەساڵی ٢٠١٦ کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: نشانەشناسی: زبان و هنر/ گرداوری و ترجمە، محمدرضا احمد خاني، ص١٦٤.

(٢) د. کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، ل١٢٢.

(٣) Youri Lotman لەساڵی ١٩٢٢ لەشاری لینینگراد لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٦٣، لە زانکۆی تارتۆ، بوەتە مامۆستا، یەکێك لەکتێبە بەناوبانگەکانی، (سیمیۆتیکای سینەما The Semiotics of Cinema)یە، لە ساڵی ١٩٩٣ کۆچی دوایی کردوە. بڕوانە: نصر ابو زید، سیميوطيقا السينما، مدخل الى السيميوطيقا، ص٣٠١.

(٤) B. A. Ouspenski لەساڵی ١٩٣٧لەدایك بووە، توێژینەوەکانی، زیاتر لەبارەی زمانەوانیی گشتی و مێژووی ئەدەبی ڕوسی و بیۆتیکان، یەکێك لە بەرهەمە بەناوبانگەکانی، (سیمیۆتیکا لە ئایکۆنی ڕووسیدا Semiotics of Russian Icon)، بڕوانە: عبدالمنعم تليمة، حول اليەالسيميوطيقية للثقافة ، مدخل الى السيميوطيقا، ص٣٣١.

(٥) د. بسام قطوس، دەروازەیەك بۆمیتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: محەمەد تاتانی، ل٢٥٧.

ئاڕاستەی ڕووسی باس لە سێ جۆر زاراوە دەکەن: سیمیۆلۆژیای تایبەت، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە سیستەمی ئەونیشانەی ئامانجی پەیوەندیکردنیان هەیە، سیمیۆلۆژیای مەعریفی، کە بایەخ بە سیستەمە سیمیۆلۆژییەکە دەدات، سیمیۆلۆژیای گشتی، کە بە ڕێکخستنی سیمیۆلۆژیا لەگەڵ زانستەکانی دیکە هەڵدەستێت، بە ڕادەیەك سیمیۆلۆژیای ڕۆشنبیری بە دەفرێك دەچوێنن، کە تەواوی ڕەوشتە مرۆڤایەتییەکان لەخۆدەگرێت(١).

ئەو بەرفراوانییەی، کە لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژیای ڕۆشنبیریدا هەیە، وایکردووە، مامەڵەکردنمان لەگەڵ نیشانەکان، لەنێو تۆڕێکی چنراوی پەیوەندییە ڕۆشنبیرییەکان بێت، ئەمەش وایکرد سیمیۆلۆژیای ڕۆشنبیری، بوار بۆلێکۆڵینەوە ئەدەبی و ڕەخنەییەکان بەرفراوانتر بکات و تەواوی دیاردە کەلتوورییەکان بگرێتەخۆ، کە خۆیان لە ئەدەبیات و هونەر و فەلسەفەو پەیوەندییکردندا دەبیننەوە.

## ١-٥ ناونیشان

ڕەخنەی ئەدەبی، لەژێر کاریگەریی لێکدانەوە زمانییەکان، پێشکەوتن و دەرکەوتنی ڕەوتی نوێی بەخۆوە بینیوە، کەواتە سەرهەڵدانی سیمیۆلۆژیا وەك زانستی نیشانەکان، لە کێڵگەی زمانەوانییەوە سەری هەڵداوە، دواتر چۆتە نێو بواری ئەدەب، بۆیە پێویستە ڕەخنەگری ئەدەبی خۆی بە ڕۆشنبیریی زمانەوانی دەوڵەمەند بکات، لەسەر هەریەك لە زمانەوان و ڕەخنەگران

(١) د. جميل حمداوی، بناء المعنى السيميائي في النصوص و الخطابات، ص٢٣.

پێویستە، بۆ کردنەوەی دەقە داخراوەکان، پەیوەندییەکی تۆکمەیان لەنێواندا هەبێ[١]، واتە ڕەخنەی سیمیۆلۆژی لە بەرهەمهێنانی مەعریفەی ئیستاتیکی لە بابەتە ئەدەبییەکاندا، پێویستیی بە زەمینەسازییەکی زمانی هەیە.

لێرەدا، کە باس لە ئەدەب دەکەین، مەبەستمان دەقی ئەدەبییە، بە دەقە هاوسەنگەکانیشەوە، کە خۆیان لە بێراییەکانی[٢] دەقدا دەبیننەوە، ئەو بایەخەی سیمیۆلۆژیا بە (دەقە هاوسەنگەکان)ی دەدا، هیچی کەمتر نییە لەو بایەخەی، کە بە (دەق)ی سەرەکیی دەدات.

دەقە هاوسەنگەکان خاوەن پێکهاتەی سەربەخۆن، لە ناوەوە و دەرەوەدا دەقی سەرەکی هاوسەنگ دەکەن و لە ڕوونکردنەوەی دەقدا ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەیە، ئەوەی ئێمە زیاتر جەختی لەسەر دەکەینەوە، سیمیۆلۆژیای ناونیشانە، چونکە ناونیشان لە هەموو ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا، وێکچوون و خەسڵەتی هاوبەشییان هەیە، بۆ نموونە ئەرکی دەلالی و ئیستاتیکی و وروژاندن و ... هتد، لەئەستۆ دەگرن.

ناونیشان، لە لێکۆڵینەوە سیمیۆلۆژییەکاندا، بایەخێکی زۆری پێدراوە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناونیشان وەك دەقێکی چڕکراوە، پێکهاتەیەکی نیشانەیی هەیە، لە چڕترین دەربڕیندا ((ناونیشان: بریتییە لە بانگەواز+

(١) بشير تاوريرت، أبجديات في فهم السيميائي، منشورات الملتقى الوطني الثاني السيمياء والنص الادبي ١٥-١٦ أفريل ٢٠٠٢، جامعة محمد خيضر بسكرة، ص١٩٣.

(٢) بێراییەکان: بەرامبەر بە (عتبات)ی عەرەبی دێت، لە کوردیدا (دەرازینگ)یشی بۆ بەکارهاتووە، بەڵام ئێمە زاراوەی (بێرایی)مان پێ گونجاوتر بوو، چونکە مەودایەکی بەرفراوانتری هەیە. وەك چەمك، هەموو ئەو دەقە هاوسەنگانە دەگرنەوە، کە جیرار جنێت ئاماژەیان پێدەکات و لەدەرەوەی مەتن دان و دەق هاوسەنگ دەکەن، وەك: ناونیشانەکان، پێشەکی، پەراوێز، بەرگ، دەروازە، سەرەتا، تێبینی، ڕوونکردنەوەکان و تەواوی دەقەکانی دەوروبەر دەگرێتەوە، کە بەدەقی (هاوسەنگ)، یان (هاوتەریب)یش ناو دەبردرێن.

نیشـــانه‌))[١]، بەلایەنــی کەمەوە نیشــانەیەکە دەلالەت لەو دەقە دەکــات کە بانگــەوازی بــۆ دەکــات، تەنــانەت ((نــاتوانین خوێنــدنەوەیەکی زانســتیانە و بابەتییــانەی ناونیشــان بکەیــن، ئەگەر پشــت بە ســیمیۆلۆژیا نەبەســتین))[٢]، بــۆیە تائێســتا ((چ میتــۆدان وەك ســیمیۆلۆژی ب باشــی ســەرەدەریێ دگەل ناڤنیشانان مینا"درۆڤ، ئیشارەت، چەڤەنگ، ئیکۆن، نەخشە و فۆتۆگراف" نەکریە))[٣].

ناونیشــان لــە ڕەهەنــدی ســیمیۆلۆژیانەیدا، لە لێکــدانەوە و ڕاڤەکردنــی دەلالەتەکاندا، بۆ تێگەیشتن لـە دەق، یارمەتیـدەرێکی گەورەیە، بەتایبەتی لە دەقە ئالۆزەکانــدا، ((ناونیشــان یەکەم هەنگــاوە تــوێژەری ســیمیۆلۆژی، بــۆ لێکدانەوە و پەی بردن بە بونیاد و پێکهاتەی دەق بیگرێتەبەر))[٤]، کاتێکیش بمانەوێت خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژیانە بۆ ناونیشان بکەیـن، چوار هەنگاوی ســـەرەکی لەبـــەرچاو دەگـــرین، کە بـــریتین لە(( بونیـــاد، دەلالەت، ئەرك، خوێنـدنەوەی دەوروبەر: نـاوەکی و دەرەکـی))[٥] لە شـیکردنەوەی هەریەك لەم هەنگاوانەشدا هاتووە:

- **بونیاد:** پێویستی بە خوێنـدنەوەیەکی دەنگی و ڕەزمـی و ئـاوازەیی و

---

(١) فريد حليمي: سيميائية العنوان في الرواية الجزائرية المعاصرة، رسالة ماجستير، جامعة منتوری قسنطينة، ٢٠٠٩-٢٠١٠، ص/١١.

(٢) د.ضياء راضي الثامري: العنوان في الشعر العراقي المعاصر انماطه و وظائفه، مجلة القادسية في الاداب والعلوم التربوية، المجلد(٩) الغدد(٢) ٢٠١٠، ص١٤.

(٣) محسن ئۆسمان، ئیستراتیژیا ناڤنیشانی وەك كۆدەكێ سیمیۆلۆژی، گۆڤاری كۆنسێپت، ژمـارە ٦، نۆڤێمبەر ٢٠١٢ ، ل٣٨٠.

(٤) د.جميل حمداوی، سيميوطيقا والعنونة، ص٩٨.

(٥) رحمـانی علـي: سـيميائية العنـوان فـي روايـات محمـد جبريـل، محاضـرات الملتقـى الـدولي الخامس"السيمياء و النص الادبي" جامعة محمد خيضر بسكرة، ص٢٩٧.

مۆرفۆلۆژییانە و ڕەوانبێژی و پێکهاتەییەوە هەیە[(١)]، بۆ نموونە لە خوێندنەوەی ناونیشانی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە)دا، یارمەتیمان دەدات، درك بەوە بکەین، کە بە هۆی هەبوونی دوو (ی) لە وشەی (پەرییەکان)دا، هەست بە گرانیی خوێندنەوەی وشەکە بکەین و لە تەواوی ناونیشانەکەشدا، هەست بکەین، کە ڕەزمی ئاوازەکە و شیعرییەتی دەربڕینەکەی، لە خوێنەر ئاڵۆز کردووە.

- **دەلالەت:** شیکردنەوەی ناونیشان، تەنها لە سنووری تێگەیشتنی دەلالەتی زاراوەیی ناوەستێ، بەڵکو پرسیار لەبارەی سروشتی دەلالیی لابەلا دەکات، بۆ نموونە ئەگەر لەڕوانگەی دەلالەتی زاراوەییەوە لێکدانەوە بۆ وشەی (سوور) بکەین، دەتوانین بەپێی پێوەری شەپۆلەکانی ڕووناکی، وەك ڕەنگێکی تایبەت بیخەینە بەر باس، بەڵام بەدەر لە دەلالەتی زاراوەیی، دەتوانین بەدوای کۆمەڵێك دەلالەتی لابەلادا بگەڕێین، کە نیشانەکە بوار بە ڕاڤەکردنیان دەدات، بۆ نموونە دەلالەتی ڕەنگی (سپی)، لای کەسانێك دەلالەت لە تازیەباری و لای کەسانێکی دیکە دەلالەت لە بێگەردی دەکات.[(٢)]

- **ئەرك:** پێویستە سەرجەم ئەرکەکانی ناونیشان لە دەوروبەر و لە ناوەوەی دەق دیاربکرێن، (ئەرکی هەڵچوون، ئەرکی کاریگەری، ئەرکی شیعری، ئەرکی دەقاوێزانی، ئەرکی دیارکردن، ئەرکی بینین، ....)[(٣)].

- **خوێندنەوە:** لەبەر ڕۆشنایی خوێندنەوەیەکی ورد، لە سەرەوە بۆخوارەوە، لە خوارەوە بۆ سەرەوە، لە ناوەوە بۆ دەرەوە و لە دەرەوە بەرەو ناوەوە، پێویستە لە

(١) د.جمیل حمداوی، بناء المعنى السيميائي في النصوص و الخطابات، ص٢٠٤.
(٢) سیزا قاسم،نصر حامد ابو زید، مدخل الى السيميوطيقا، ص٤٣٧-٤٣٨.
(٣) د.جمیل حمداوی، بناء المعنى السيميائي في النصوص و الخطابات، ص٢٠٤.

واتای فەرهەنگیی وشەکان و بونیادی ڕستەکان و واتا لێکدراوەکان تێبگەین، پێشبینیی ئەوە بکەین، کە ڕستەکان چۆن لێکدەدەدرێنەوە[١], ئەم هەنگاوە، ڕۆڵێکی کاریگەری لەخوێندنەوەی ناونیشاندا هەیە، چونکە ناونیشان، لەلایەك سەرەوەی دەقی گرتووە و لەلایەکی دیکە چڕکراوەی دەقی خوارەوەی خۆیەتی، سەبارەت بە ئاڕاستەکانی خویندنەوە، لە ناوەوە و دەرەوەدا، پێویستە ناونیشان لە چوارچێوەی دەقە هاوسەنگەکاندا لێکبدرێتەوە. ناونیشان، لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییاوە، چەق و ناوکی دەقی ئەدەبییە، ((وەزیفەی بەرفراوانکردنی مەداری دەقی لە ئەستۆدایە))[٢]، بۆ لێکۆڵەری سیمیۆلۆژیش، نیشانەیەکی واتایی خورپەدارە، هەروەك بانگەواز بۆ مەبەست و ئامانج و ئایدیۆلۆژییەتی نووسەر دەکات، کەواتە ناونیشان بریتییە لە ((ناوکی جوڵاوە، کە نووسەر دەقی لەسەر دەچنێت))[٣] ، بەو پێیەی ناونیشان بریتییە لە، سیستەمێکی نیشانەیی سیمیۆلۆژی و پەیامێکە بە نیشانە داڕێژراوە، ڕەهەندێکی دەلالی و ئیحایی بەرفراوانی هەیە، بۆیە سیمیۆلۆژیا، لە خوێندنەوەی ناونیشاندا، بەدوای ئەو ئایدیۆلۆژیەتانەدا دەگەڕێت، کە مەبەستدار و ئیحا بەخشن و لە بزاوتی ڕاڤەکاریدا، بەرەو بونیادنانەوە و بەرهەم هێنانەوەی نیشانەمان دەبەن.

جا ئەو مەبەستە، مەبەستی خودی نووسەر بێت، کە لە پەیامەکەیدا ئاڕاستەی دەکات، یان هەر مەبەستێکی دیکەی دەرەوەی نووسەر، کە لە نیشانەکانەوە لەلای دیزاینەر، یان توێژەر، یان هەرخوێنەرێکی دیکەوە

---

(١) د. جميل حمداوی، نفس المصدر، ص ٢٠٤.

(٢) د. عەبدولستار پیرداود حەسەن و د. سەردار ئەحمەد گەردی، پراکتیزەکردنی ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە لە شیعری (پایز)ی گۆراندا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژ٢٣، ٢٠١٢، ل٢٠١.

(٣) د. بلقاسم دفة، التحليل السيميائي للبنى السردية، محاضرات الملتقى الوطني الثاني للسيمياء و النص الادبي، ١٥-١٦ أفريل٢٠٠٢، جامعة محمد خيضر بسكرة، ص/٣٥.

بەرهەمدێن، بۆیە دەبینین سیمیۆلۆژیا، لە خوێندنەوەی ناونیشانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، سنوورێکی کراوە و بەرفراوانی لەبەردەمدایە.

# بەشی دووەم

# پێکهاتە و ڕوانگە جیاوازەکانی نیشانە

## ١-٢ سەرەتایەك بۆ ناسینی نیشانە

نیشانە و پەیڕەوی نیشانەکان، بابەتی سەرەکیی سیمیۆلۆژین، نیشانە، بونیادێکی ئالۆز و بوونێکی فراوانی هەیە، بەپێی ڕوانین و تێگەیشتنی لێکۆڵەرەوان، سنوورگەلێکی جیاوازی هەیە و پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە.

وەك هەر چەمکێکی دیکەی بواری هزری، تا ئێستا نەتوانراوە پێناسەیەکی پڕ بەپێست، لەبارەی نیشانەوە دابڕێژرێ، کە مەودای لەخۆگرتنی بۆچوونە جیاوازەکانی هەبێت، بەڵکو لە چوارچێوەی چەمکداریدا، دەتوانرێت تێگەیشتنێکی گشتگیری بۆ بکرێت.

لەسادەترین پێناسەیدا، نیشانە ((هەموو ئەوشتانە دەگرێتەوە کە لە بریتی شتی تر دادەنرێن و سەرنج بۆ شتێك ڕادەکێشن، کە خۆیان نین))[(١)]، واتە نیشانە وەك (دال)، شتێك نییە دەربڕی خودی خۆی بێت و بتوانێ بە تەنها لە قالبی (دال) دا، وەك نیشانەیەکی سەربەخۆ تەواوی ئەرکەکانی جێبەجێ بکات، کەواتە، ((نیشانە شتێکە لە بری شتێکی دیکە، لە

(١) د. محەمەد مەعروف فەتاح، لێکۆڵینەوە زمانییەکان، کۆکردنەوە و ئامادەکردنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو و شێروان میرزا قادر، دەزگای توێژینەوە وبلاوکردنەوەی موکریانی، چ/١، هەولێر، ٢٠١٠، ل١٢٢.

چوارچێوەی پەیوەندییەکدا، یان لەژێر ناونیشانێکدا دادەنرێت، ئامادەکراوە، بۆئەوەی قسە لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا بکات، یان نیشانەیەکی فراوانتر لە هزری کەسەکە دا دروست بکات ))[١]، لێرەدا پەیوەندیی نێوان نیشانە و واتا، لە چوارچێوەی پەیوەندیی ماددی دێتە دەرەوە و پەیوەست دەبێت بە هزر و ڕۆشنبیری، بۆیە سنووری نیشانە، لەسایەی هزر و بیرکردنەوە و ڕووناکبیریدا، پانتاییەکی فراوانتر دەگرێتەوە.

پێرس سەبارەت بە نیشانە دەڵێ: (( بریتییە لە نوێنەرایەتی کردنی شتێك، کە توانای گەیاندنی هەندێك لایەن و توانستەکانی بۆ کەسێك هەبێت))[٢]، بەو مانایەی، (پێرس) لە جەوهەری نیشانەوە، لە سروشتی پەیوەندییەکانی نیشانە بە شتە وێکچووەکانی دیکەی دەوروبەرەکەی دەڕوانێت.

لە ڕوانگەی (سۆسێر)یشەوە، نیشانە زمانییەکان ((بونیادێکی دەروونییان هەیە، چەمك (Concept) بە وێنەی دەنگی (Imageacoustique) دەبەستنەوە))[٣]، کەواتە، هەندێك لە نیشانەکان، لە بەرهەمهێنانی دەلالەتدا، بە خودی خۆیانەوە پەیوەست نین، سروشتێکی ڕەمەکییان هەیە، بۆ پەیوەستکردنی وێناکردن بە وێنە دەنگییەکەی، هیچ پاساوێك نییە، بۆنموونە، لە خودی وشەی (بەرد) دا، (بەرد) وەك ماددە، هیچ پەیوەندییەکی بە دەنگەکانی (ب، ە، ر، د)ەوە نییە، ئەوەی کۆیان دەکاتەوە، تەنها ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە، کە ئەمەش لەدیدی سیمیۆلۆژیادا، خاڵێکی بەهێزی بەنیشانەبوونە، ((زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە تایبەتن بە

---

(١) أمبيرتو ايكو، القارىء في الحكاية، ت: أنطوان أبو زيد، المركز الثقافي، بيروت، ١٩٩٦، ص ٣٢.

(٢) د. محمد عناني، المصطلحات الادبية الحديثة، الشركة المصرية العالمية للنشر، القاهرة، ١٩٩٦، ص١٥٣.

(٣) كمال جدي، المصطلحات السيميائية السردية في الخطاب النقدي عند رشيد بن مالك، ص١٩.

سیمیۆلۆژیا داکۆکی دەکەنە سەر ئەوەی کە یەکێك لە مەرجەکانی نیشانە هەبوونی ڕێککەوتنێکی کۆمەڵایەتییە، واتە پێویستە کۆمەڵە کەسێك وا ڕاهاتبن، کە شتێك بە نیشانەی شتێکی تر بزانن))[1]، کەواتە نیشانە ئەو کاتە دەتوانێ ڕۆڵی نیشانە ببینێ، کە لەلایەن کەسانێکەوە توانای ڕاڤەکردکرن و لێکدانەوەی هەبێت.

نیشانە، لە خوێندنەوەی سیمیۆلۆژییانەی ناونیشاندا، بە کەرەستە و بە بنەمایەکی گرنگ دادەنرێت، لە بواری پراکتیکیشدا پێویستمان بە ناسینەوە و جیاکردنەوەی جۆر و ئەرك و وەردەکارییەکانی پێکهاتەی نیشانەکان دەبێت.

لە میتۆدی ڕەخنەیی سیمیۆلۆژیدا، مەرج نییە نیشانەکان، تەنها زمانی بن، نیشانانەکانی دەرەوەی زمانیش دەگرێتەوە، کە بە بنەماکانی نیشانەوە پەیوەستن، وەك: (وێنە و بۆن و بەرکەوتن و ... هتد)، بۆیە سیمیۆلۆژیا، لە میانەی بونیادی شێوە و بونیادی ناوەرۆکدا، مامەڵە لەگەڵ نیشانەکاندا، دەکات.

ئەرکی سیمیۆلۆژیا لە کاری ئەدەبی دا، ((گەڕانە بەدوای ئەو مەرجە ناوەکیانەی، کە لە دەقدا، یارمەتیی بەرهەمهێنانی نیشانە دەدەن))[2]، بۆیە نیشانەکان بزاوتێکی ئاڵۆزیان هەیە، بەتایبەتی لە ناونیشاندا، دەتوانن لە سنووری باودا داهێنان بکەن، وەك ئەوەی، کە نەوزاد ڕەفعەت لە ناونیشانەکانی (گوناهەکانی منداڵی) و (ڕامانی سیزیف) و .. هتد، کردوویەتی، هەندێك جاریش سنوورە باوەکان تێك دەشکێنن و لە نیشانەکاندا نیشانەگەلێکی دیکە بەرهەم دێنن، تەنانەت دەتوانن وەك دژەباو دەربکەون،

---

(١) کامەران ئیبراهیم مشەختی، سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلایێ جزیری دا، ل ٤٥.

(٢) د. قاسم المقداد، تفکرات سیمیائیة، ص٢٧٤.

یـــان دەلالەتگەلێکـــی نـــوێ دابهێـــنن، بـــۆ نمـــوونە، نەوزاد ڕەفـــعەت لە ناونیشـــانەکانی (بەفـــری ڕەش)، (بـــەفری گـــەرم)، (گوڵـــدانی ئـــاگر)دا، مامەڵەیەکی دژەباوی لەگەڵ نیشانەکاندا کردووە.

ئاڕاستە هاوچەرخەکانی سیمیۆلۆژیا، لەچەندین ڕووەوە مامەڵە لەگەڵ نیشـانەکاندا دەکـەن، وەك: (پەیوەنـدیکردن، دەلالـەت، ڕۆشـنبیری)، ئەوەشـیان سەلماندوە، کە نیشانە لە بواری ئەدەبیدا، بزێوترە.

## ٢-٢ نیشانە لە ڕوانگەی فەلسەفییەوە

تێڕوانین لە پەیوەندیی (ناو) بە سروشتی ناولێنراوەکە و پرسی چۆنییەتی بەیەکەوە لکانیـــان، ڕەگێکـــی مێژوویـــی قـــووڵی هەیە، لە گفتوگـــۆ بەناوبانگەکەی ئەفلاتوونەوە، بەناونیشانی (کراتیل)ەوە، هاتووە، لەبارەی پرسی ڕەچەڵەکـــی وشـــەکان و پەیوەنـــدییان بە شـــتەکانەوە، ئایـــا واتـــای وشـــە ڕێککەوتنێکـــی کـــۆمەڵایەتییە، یـــان بەســـتەرێکی سروشـــتیی نێـــوان شـــێوەو واتاکەیەتی؟ . ئەفلاتوون هاوڕایە لەگەڵ ڕێژەیی پەیوەندیی وشە بە شت، لە بەرامبەردا، هاوڕا نییە لەگەڵ ئەو گوتەیەی، کە دەڵێ: "وشە ڕەنگدانەوەی شتەکەیە"[(١)].

(ئەرســـتۆ)ش، لە کـــارە لۆژییەکانیـــدا، ســـەبارەت بە زمـــان، ((لە بەکارهێنانی وشەی سیمیۆن وەك ئاماژەکردن بۆ وشـە، خۆی پاراستووە))[(٢)]، ســـەبارەت بە پەیوەنـــدیی نێـــوان وشـــە و شـــتەکان، پێیـــوایە: ((پەیوەنـــدییەکی

(١) د. قاسم المقداد، تفکرات السیمیائیة، ص٣١.

(٢) امبیرتو ایکو، السیمیائیة و فلسفة اللغة، ت: د. احمد الصمعي، المنظمة العربیة للترجمة، ط/١، بیروت ٢٠٠٥، ص٧١.

لــەخۆوەییە، وەك ئەوەی دواتــر سۆســێر باســی لێــوەکرد))[١]، لە کتێبــی (گوتارناسی)دا، نیشانە بۆ دوو جۆری جیاواز پۆلین دەکات: (جۆری یەکەم، بریتییە لەو نیشانانەی ناوی تایبەتییان هەیە، کە "تکمیریۆن"ە، واتا (دەلیل)، دەتوانین ناویان بێنێین "نیشانەی پێویست"، وەك ئایکۆن و ئیندێکس. جۆری دووەم، بە بۆچوونی ئەرستۆ ئەو نیشانانەن، کە ناوێکی تایبەتییان نییە، ناویان دەنێــین (نیشــانەی لاواز)، وەك ڕەمــز. هەردوو جــۆرەکەش، لێکــدانەوەی لۆژیکییان بۆ دەکرێت[٢].

پــوختەی بۆچــوونی ئەرســتۆ لەبــارەی نیشــانەوە، بریتییــە لــە، ((شــیکردنەوەی نیشــانە بەســەر بنەمــای جیــاکردنەوەی دال و مەدلــوول و نەبەســتنەوەی لۆژیــك بە فەلســەفەوە بــوو، کە دواتــر ڕەواقییەکــان لەگەڵیــدا هاوڕانەبوون))[٣].

ڕەواقییەکـان پێیـان وابـوو لۆژیـك گرنگترین بەشە لە فەلسەفەدا و بەسەر (دیالێکتیــك و ڕەوانبێــژی)دا، دابەشــییان کردبــوو، لەبەشــی ڕەوانبێژیــدا، لــە نیشــانەکان دەدوان، ســەبارەت بە پەیوەنــدیی نێــوان نیشــانەو زمانــەوانی، ڕەواقییەکــان، ((بەشــێوەیەکی یەکــلاکەرەوە تیــۆری زمانەوانییــان بە تیــۆری نیشــانەکان نەبەســتبووەوە، لە زمــانی ئاخاوتنــدا، ســیانەیی (ئەفلاتون)یــان گواستۆتەوە، بەڵام ئەوان وردتر لێیـان کۆڵیـوەتەوە، ئەوان بە ئاشکرا جیاوازییـان لە نێوان (دەربڕین) و (ناوەڕۆك) و (سەرچاوە) دا کردووە))[٤].

(١) د. قاسم المقداد، تفكرات السيميائية ص٣٢.
(٢) امبيرتو ايكو، السيميائية و فلسفة اللغة، ترجمة : د.أحمد الصمعي، ص٧٥.
(٣) د. قاسم المقداد، تفكرات السيميائية، ص٣٣.
(٤) أمبيرتو ايكو، السيميائية و فلسفة اللغة، ترجمة : د.أحمد الصمعي، ص٧٦.

(سۆفستاییەکان)[(١)]یش (دال) بە دەنگ و مەدلوول بە کرۆکی هزر دەزانن کە بەهۆی دەنگەوە دەردەکەوێت، بەڵام سەبارەت بە تێگەیشتن، پێیانوایە، کاتێك بیرۆکەکە دەگات، ئەگەر بگاتە بیسەری پەیوەست، یان ئەوەی لەگەڵ بیستنی دەنگەکە وێناکانی لەزەیندا دەرکەون، بۆیە کەسانی نا بەڵەد بە زمان، لە قسەکان تێناگەن، با دەنگەکەشیان پێ بگات ... سەبارەت بە سەرچاوەش پێیان وایە، شتێکی دەرەکییە و پەیوەستە بە بیرۆکەی ئەو کەسەی بەدەنگ، دەری دەبڕێت[(٢)]. سۆفستاییەکان، بە پێی یاسا سروشتییەکان، دەلالەتی نیشانەگەلێك، بە سەرچاوە دەبەستنەوە، بۆ نموونە، ((دوکەڵ، دەلالەت لە بوونی ئاگر دەکات و سووربوونەوە دەلالەت لە شەرم دەکات، کە ناتواندرێت بەهۆی هەستەکانەوە، درکی پێبکرێت))[(٣)]، کەواتە سۆفستاییەکان لە نیشانە سروشتییەکانیشدا، پەیوەستبوونی دال و مەدلوول، بە پەیوەندیی لۆژیکی دەبەستنەوە. قسەکردنی (جۆن لۆك)[(٤)]، دەربارەی پەیوەندیی نێوان وشە و شتەکان ((لەسەر واقعیەتی شتەکان دەوەستێ، لە میانەی قسەکردن لەسەر سیانەیی ١) وشە، وەك فۆڕم، بەرامبەر (دال)ەکەی سۆسێرە،٢) بیرۆکە، بەرامبەر مەدلوولی سۆسێرە، ٣) بابەت (شت) بەرامبەر بە (سەرچاوە) دێت، کە لەدەرەوەی زمانە، بەڵام ڕشت بوو لەسەر ئەوەی کە وشەکان نوێنەرایەتیی

(١) سۆفستاییەکان ، کۆمەڵە بیرمەندێکی یۆنانی بوون، لە سەدەی پێنجەمی پێش زایندا، ماوەیەکی زۆر لەلایەن یۆنانییەکانەوە پشتگوێ خرابوون، چونکە بە دوژمنی فەلسەفە و ئەخلاق و لەبەرامبەر بیرۆکەکانی ئەفلاتون و سوقراتدا، وەك کەسانی بەزیو ناسێندرابوون.

(٢) د. قاسم المقداد، تفکرات سیمیائیة، ص/٣٥.

(٣) د. قاسم المقداد، نفس المصدر، ص/٣٦.

(٤) جۆن لۆك J.Loke ، فەیلەسوفێکی ئینگلیز بوو لەسالانی نێوان( 1634-1704 ) دا، ژیاوە.

بیرۆكه ده‌كه‌ن نه‌ك شته‌كان))[١]، به‌ومانایه‌ی، بایه‌خدان به نیشانه‌كان، بابه‌تێكه له یه‌كتربڕینی زانستی واتاناسی و لۆژیكی فه‌لسه‌فییه‌وه ده‌رده‌كه‌وێت، له كاتی خۆیدا، ئه‌م هه‌وڵه‌ی وه‌ك زانستێكی سه‌ربه‌خۆ ده‌رنه‌كه‌وت، تا (شارلز ساندرز پێرس) كردییه كێڵگه‌یه‌ك له كێڵگه‌كانی فه‌لسه‌فه‌ی هاوچه‌رخ[٢].

به‌شێوه‌یه‌كی گشتی، تێڕوانینی فه‌یله‌سووفه‌كان بۆ لێكدانه‌وه‌ی نیشانه‌كان بنه‌مایه‌كی لۆژیكیی هه‌یه، به‌ڵام تیۆره‌كه‌ی پێرس له‌نێو هه‌موویاندا، به بایه‌خترین و ده‌وڵه‌مه‌ندترینیانه، كه دواتر له فراوانكردنی بواری سیمیۆلۆژیادا، پشتی پێبه‌سترا.

## ٢-٣ نیشانه له ڕوانگه‌ی زمانه‌وانییه‌وه

سیمیۆلۆژیا، له‌ڕوانگه‌ی زمانییه‌وه، وه‌ك چالاكییه‌كی هزری، له تێزه زمانییه‌كانی دی سۆسێره‌وه ده‌ستپێده‌كات، به‌تایبه‌تی له‌و پێناسه‌یه‌ی، كه بۆ زمانی كردووه و به سیسته‌می نیشانه‌كان ناوی بردووه، له میانه‌ی ئه‌و پێناسه‌یه‌دا سۆسێر باس له نیشانه و له ڕه‌گه‌زه‌كانی ده‌كات، پێیوایه نیشانه، ((بریتییه له یه‌كیه‌تیی نێوان وێنه‌ی ده‌نگی و ناوی ناوه (دال Signifiant) و وێنه‌ی هزری یان (چه‌مك) و ناوی ناوه: مه‌دلوول Signifie))[٣]، په‌یوه‌ندیی

(١) د. قاسم المقداد، تفكرات سيميائية، ص٣٨.
(٢) د. ابراهيم خليل، مدخل الى علم اللغة، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة،ط/١، الاردن، ٢٠١٠، ص٢٢٤.
(٣) د. يوسف الاطرش، العلاقة بين اللسانيات و السيمياء، محاضرات الملتقى الدولي الخامس"السيمياء والنص الادبي" منشورات جامعة محمد خيضر بسكرة ١٥-١٧ نوفمبر ٢٠٠٨، ص٢٧.

نێوان دال و مەدلوول، پەیوەندییەکی دوانەیی تەواوکەرییە، واتە، بازنەی نیشانەی زمانی، دوو پێکهاتە لەخۆدەگرێت، ئاراستەی ئاڵوگۆڕیی پەیوەندیی نێوانیشیان، بەئاراستەی هەردوو پێکهاتەی دال و مەدلوول دەبزوێت، لەم هێڵکارییەدا، مەبەستەکەمان ڕوونتر دەکەینەوە:




نموونەی نیشانە لای سۆسێر[١]

(١) نموونەی ئەم هێڵکارییە، لە کتێبی (أسس السیمیائیة، دانیال تشاندلر، ص٤٧) وەرگیراوە.

### ٢-٣-١ : دوانەیی نیشانە

کاتێك باس لە دوانەیی نیشانە دەکەین، دەبێ باس لە تێڕوانینی دی سۆسێر بکەین، کە لە بەشی یەکەمی کتێبەکەیدا، (کۆرسی زمانەوانیی گشتی)، باس لە سروشتی نیشانە زمانییەکان دەکات. ((نیشانەی زمانی بریتییە لە یەکەی سیستەمی دەلالی کە ناوی دەنێین (زمان)، ئەو یەکەیە لە دوو ڕووی بەیەکەوە بەستراو پێکهاتووە، کە دال و مەدلوولن))[1]، یەکەمییان پێکهاتەیەکی فیزیکی هەیە و دووەمیان پەیوەستە بە بیر، دواتر لە شیکردنەوەی نیشانەکاندا، بەدرێژی لە تێڕوانینی دی سۆسێر دەدوێین .

(هیلمسلیف)[2]، دوانەییەکەی سۆسێری گۆڕی بۆ (دەربڕین Expression و ناوەڕۆك Content) بە واتای فۆڕم و ناوەڕۆك، بانگەشەی ئەوە دەکات، کە ((نێرەری دەربڕین و نێرەری ناوەڕۆك هەیە))[3].

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بیرۆکەی هیلمسلیف بەم شێوەیە بخەینە ڕوو: [4]

- جەوهەری ناوەڕۆك: بەواتای ئەو واقیعەی کە هێشتا لەدەرەوەی زماندایە، بەو مانایەی فۆرم و ناوەڕۆکێکی زانراوی نییە، بۆ نموونە جوولەی شتێك لە

---

(١) د. قاسم المقداد، تفكرات سيميائية، ص٤٦

(٢) هیلمسلیف،(Louis Hjelmslev) لەماوەی سالانی (١٨٩٩ - ١٩٦٦)دا ژیاوە. زمانەوانەوانێکی بونیادگەرییە، دامەزرێنەری (قوتابخانەی کۆپنهاگن)ە، خاوەنی کتێبی (Prolegomenes a une theorie du langage) یە. لە دوانەییەکەیدا، زیاتر جەخت لەسەر فۆڕم دەکاتەوە و وەك بوونێکی سەربەخۆ مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. بڕوانە: دانیال تشاندلر، أسس السيميائيه" ت: د.طلال وهبه، ص ٣٨٥.

(٣) امبيرتو ايكو، السيميائيه وفلسفة اللغة، ت: د. أحمد الصمعي، ص١١٠.

(٤) د. قاسم المقداد، تفكرات السيميائية، ص٥٠.

شەوێکی ئەنگوستەچاو، نازانین چییە، دواتر ئەگەر لەنێو چوارچێوەی زانراوەکان نەبوو، بەو مانایەی، ئەگەر هێشتا نەهاتبووە نێو چوارچێوەی ڕێککەوتن. دەتوانین ناوێکی لێ بنێین و لەسەری ڕێکبکەوین و بیکەینە ناو بۆ فۆڕمی شتەکە.

- فۆڕمی ناوەڕۆك : بەرامبەر مەدلوولی سۆسێرە، وەك پەلکەزێڕینە، کۆمەڵێك ڕەنگی جیاواز لەخۆ دەگرێت.

- فۆڕمی دەربڕین: تا ڕادەیەك بەرامبەر بە (دال) دێت، کرۆکی دەربڕینە و شێوەیەکی دیاریکراوی وەرگرتووە، وەك ژمارە (حەوت) لە پەلکەزێڕینەدا.

- جەوهەری دەربڕین: مەبەست لە یەکە دەنگییەکانە پێش دەربڕینیان.

سەبارەت بە جەوهەری دەربڕین لە نیشانەدا ((هەر نیشانەیەك لە چەندین یەکەی دەنگیی بچووك پێکدێن، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەوەی ئەرکی دەلالیی خۆی جێبەجێ بکات، ناتوانین بە تەنیا مامەڵەی لەگەڵدا بکەین))[1]، بۆ نموونە، فۆڕمی وشەی گەرم /گ+ە+ر+م/ لە چوار یەکەی دەنگی پێکهاتووە، لەم ڕیزبوونەیدا دەلالەتێکی پێکهێناوە، لە کاتێکدا هەمان ئەو یەکە دەنگییانە لە فۆڕمی /م، ە، ر، گ/ دەلالەتێکی دیکەی جیاواز پێکدەهێنن.

### ٢-٣-٢: سیانەیی نیشانە:

لەباسکردنی سیانەیی نیشانە زمانییەکاندا، پێویستە بۆ سێگۆشەی (ڕیچاردز و ئۆگدن)[2]بگەڕێینەوە، کە (ڕەمز) لە شوێنی دال و (بیرۆکە) لە

(١) د. ابراهیم خلیل، مدخل الی علم اللغة، ص٢٥.

(٢) ئیڤۆن ریچاردز (Ivon Richards) و چارڵس ئۆگدن (Charls Ogden)) دوو زانای بواری سیمانتیکن، بەیەکەوە، کتێبێکیان بە ناونیشانی، (واتای واتا)، لەساڵی ١٩٢٣بڵاوکردۆتەوە،

جیاتی مەدلوول دادەنێن و ڕەگەزی (سەرچاوە)ش لە پێکهاتەی نیشانەدا، لەم سێگۆشەیەدا، دەیخەنەڕوو:[١]




نموونەی سێگۆشەی نیشانە، لای (ریچاردز و ئۆگدن)[٢]

ئۆگدن و ڕیچاردز، سێ هۆکاریان دەستنیشان کردووە، کە هەموو نیشانەیەکی هێمایی دەیانگرنە خۆ: ((هۆکاری یەکەم: خودی هێما ( the symbol) لەم حاڵەتەیدا بریتییە لە وشەیەکی دەربڕاو لە زنجیرەیەك دەنگی ڕێکخراو بە شێوەیەکی ڕێکوپێك وەك وشەی مێز. دووەم پێکهاتەو کرۆکی عەقڵی کە لە زەینی گوێگردا ئامادە دەبن کاتێك گوێی لە وشەی مێز دەبێت، لەوانەیە ئەم پێکهاتە عەقڵییە، وێنەیەکی بینراو بێت، یان پرۆسەیەك بێت لە پرۆسەکانی پێکەوە بەستنی زەینی و ناویان ناوە (بیر thought) یان پێکەوەبەستنی زەینی (reference). سێیەم: خودی شتەکە لە ڕووی زەینییەوە بەشتێکی ترەوە پەیوەستدەبێت، ئەم شتەشیان ناوناوە پەیوەستبوون بەهۆی زەینەوە(...(referent))[٣].

ئەگەر لەسەرەوە سەرنج لە هێڵکاریی سێگۆشەی پەیوەندییەکان بدەین،

---

بەسەرچاوەیەکی گرنگی بواری زمانەوانی و ئەدەبیات دادەنرێت، بیر و بۆچوونەکانیان، کاریگەریی لەسەر تیۆرە فەلسەفی و لۆژیکی دەروونییەکان دروستکردووە.

(١) د. قاسم المقداد: تفكرات سيميائية، ص٥١.

(٢) لە کتێبی (تفكرات سيميائية، د. قاسم المقداد، ص٥١) وەرگیراوە.

(٣) لوقمان ڕەئوف عەلی، دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە، ل٩٥.

دەبیینن لای ژێرەوەی سێگۆشەکە، کە هێڵی بەیەکگەیاندنی (ڕەمز) و (سەرچاوە) یە، بە خاڵ کێشراوە، ئەمەش ئەوە دەگەیێنێ کە پەیوەندیی نێوان دال و سەرچاوەکەی پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە.

ئمبێرتۆ ئیکۆ، خوێندنەوەیەکی دیکەی بۆ پێناسەکەی دی سۆسێرکرد، کاتێ بینیی، لە بەکاربردنی وشەی (نیشانەکان)دا، بەرتەسکییەك هەیە، ((هەوڵیدا بواری سیمیۆلۆژیا فراوانتر بکات، بۆئەوەی سیستەمگەلێکی دیکە بگرێتەخۆ، کە زاراوەی (نیشانە) بەتەنیا ناتوانێ دەریان ببڕێت))[١]، پێیوایە مەرجی نیشانەبوون، تەنها دانانی شتێك نییە لە شوێنی شتێکی دیکەدا، لەم بارەیەوە دەڵێ: ((کرۆکی لێکدانەوە، وام لێدەکات، لە نیشانە سەرەکییەکە دوور بکەومەوە، وام لێدەکات هەست بە پێویستیی هەبوونی نیشانەیەکی دیکە بکەم))[٢]، نموونەی بە وشەی (باوك) هێناوەتەوە، بوونی باوك، بوونی منداڵ دێنێتە ئاراوە. واتە، (باوك) بەتەنها نیشانە نییە، بۆ تاکە چەمکێك، کاتێك گوێبیستی وێنەی دەنگیی (باوك) دەبین، زەینمان بۆئەوە دەچێت، کە دەبێ ئەو کەسە، منداڵی هەبوبێت، چ لە ئێستادا و چ لەڕابردوودا، کەواتە، (دال)ەکە، وا لە ئیکۆ دەکات مەدلوولی دیکەش لەپاڵ مەدلوولی سەرەکیدا هەست پێبکات.

پسپۆڕ و لێکۆڵەرەوانی بواری نیشانەناسی، بۆچوون و زاراوەی جیاجیایان لەناونانی ڕەگەزەکانی نیشانەدا بەکارهێناوە، بۆ بەرچاوڕوونی، هەندێك لە بەکارهێنانە باوەکان، لە خشتەیەکدا، دەخەینەڕوو:

---

(١) د.قاسم المقداد، تفكرات السيميائية، ص٥٣.

(٢) امبيرتو ايكو، السيميائيه وفلسفة اللغة، ت: د. أحمد الصمعي، ص١٠٩.

| بەکاربەر | ڕەگەزی یەکەم | ڕەگەزی دووەم | ڕەگەزی سێیەم |
| --- | --- | --- | --- |
| سۆسێر | دال | مەدلوول | - |
| پێرس | نوێنەر | ڕاڤەکردن | بابەت |
| ئۆگدن و ڕیچاردس | ڕەمز | بیرۆکە | سەرچاوە |
| هیلمسلیڤ | دەربڕین | ناوەرۆک | - |
| موریس | هەڵگری نیشانە | ڕاڤەکردن | دیارکراو |

ئێمە لەم لێکۆڵینەوەماندا، لە لێکدانەوەی نیشانەکاندا، پشت بە تێڕوانینەکەی (پێرس) دەبەستین، چونکە دەرفەت لە بەردەم لێکدانەوەی نیشانەکان فراوانتر دەکات، بە تایبەتی لە بواری ئەدەبدا.

## ٢-٤ شیکردنەوەی نیشانەکان:

ئەگەر لەڕوانگەی دامەزرێنەرانی سیمیۆلۆژیاوە سەرنج لە نیشانە بدەین، سەرباری بوونی جیاوازی لە تێڕوانینەکانیاندا، ((دەتوانین دوو بنەمای سیمۆتیکای پێرس لە لای سۆسێر بدۆزینەوە، بنەمای یەکەم، بریتییە لەوەی هیچ بیرۆکەیەك بەبێ بوونی نیشانە، بوونی نییە، بەبێ یارمەتیی نیشانەکان ناتوانین بە شێوەیەکی ڕوون و بەردەوام، جیاوازی لە نێوان دوو بیرۆکەدا بکەین، بەڵام بنەمای دووەم، بریتییە لە بنەمای پراگماتیزمی، کە لە تێڕوانینی سۆسێردا پەیوەستە بە بوونی جیاوازی، نیشانە هیچ تایبەتمەندییەکی نییە تەنها ئەوەیە کە هاوشێوەی نیشانەیەکی دیکە

نییە))[١]، لەگەڵ ئەمەشدا، مەودای تێڕوانینی هەریەکەیان بۆ شیکردنەوەی نیشانەکان جیاوازیی زۆر لەخۆ دەگرێت، بۆیە پێویستە بەجیا کورتەی تێڕوانینی هەریەکەیان بخەینە بەرباس، بەتایبەتی، کە لە شیکردنەوەی نیشانە زمانی و نیشانە نازمانییەکاندا و لەلێکدانەوەی سیمیۆلۆژیانەی دەقی شیعریدا، پشتیان پێدەبەستین.

**٢-٤-١ شیکردنەوەی نیشانە لای دی سۆسێر:**

تێڕوانینی سۆسێر بۆ نیشانە، لەوە فراوانترە کە لەبواری زمانەوانیدا بوونیان هەیە، ((بڕوای بەوە هەبووە کە چەندین جۆر نیشانە لە ئارادان، چونکە ئاماژەی بەوە داوە، کە چەندین سیستەمی نیشانەیی هەن، زمان یەکێك یاخود گرنگترینییانە))[٢]، بەڵام سنووری باس و توێژینەوەکانی سەبارەت بە نیشانە، تایبەت بووە بە نیشانە زمانییەکان، هەر بۆیە ((هەندێك ئاماژەی پێویستی وەك "ڕەمز و ئاماژە و ئایکۆن" ی لە نیشانەکاندا فەرامۆش کردووە))[٣]، لەبەرامبەردا ((تەنیا لەسەر نیشانەی زمانی دواوە، کە دوو لایەنی (دال و مەدلوول) بە خۆیەوە دەگرێت))[٤]. پێیوایە ((نیشانەی زمانی، شت بە ناو نابەستنەوە، بەڵکو چەمکێك بە وێنەیەکی دەنگی دەبەستنەوە، مەبەست لە وێنەی دەنگی، دەنگە بیستراوەکە نییە، واتە لایەنە مادییەکە، بەڵکو ئەو کاریگەرییە دەروونییەیە، کە دەنگەکە لەسەرماندا

(١) جیرار دولودال، السیمیائیات، ت: عبدالرحمن بو علي، ص٥٨.
(٢) کامەران ئیبراهیم مشەختی، سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلایێ جزیری دا، ل ٤٩.
(٣) د. جمیل حمداوی، السیمیوطیقا و العنونة، ص٨٨.
(٤) کامەران ئیبراهیم مشەختی: سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

جێیده‌هێڵێت))[١]، سۆسێر پێناسه‌ی نیشانه sign به‌وه ده‌كات، كه ((ئه‌نجامی كۆی پێوه‌ندی نێوان دال و مه‌دلوله، مه‌به‌ستیش له‌وه ئه‌وه‌یه كه نیشانه وشه‌یه‌كی دابڕاو نیه له‌واتا، به‌ڵكو وشه له كاتی گوتندا واتا ده‌به‌خشێ، كه‌واته ناتوانرێ دال و مه‌دلول جیابكرێته‌وه))[٢]. بنه‌مای په‌یوه‌ندیی نێوان دال و مه‌دلوول، له نیشانه زمانییه‌كاندا، له‌سه‌ر بناغه‌ی ڕێككه‌وتنه‌وه ده‌بێت، ئه‌و ڕێككه‌وتنه‌ش په‌یوه‌سته به ده‌وروبه‌ر و له زمان و له كه‌لتوور و له‌ژینگه‌ی جیاوازه‌وه، شێواز و ده‌ربڕینی جیاوازی ده‌بێت.[٣] به‌و مانایه‌ی په‌یوه‌ندیی نێوان دال و مه‌دلوول په‌یوه‌ندییه‌كی خۆبه‌خۆییه.




په‌یوه‌ندیی نێوان پێكهاته‌كانی نیشانه، لای سۆسێر

ئێمه له‌ڕوانگه‌ی زمانییه‌وه، باسمان له دوانه‌یی نیشانه‌كرد و باسمان له‌وه‌كرد، كه به‌بێ ئاوڕدانه‌وه له بۆچوونه‌كانی دی سۆسێر، ناتوانین بچینه نێو بابه‌تی باسه‌كه، چونكه ((ئه‌و نیشانانه‌ی كه سۆسێر باسیان ده‌كات، قه‌واره‌یه‌كی دوانه‌ییان هه‌یه و له دوو ڕوو پێكهاتووه وه‌ك ڕووی دراو، ناتوانرێت یه‌كێكیان له‌وی دی جیابكرێته‌وه))[٤]، به‌تێڕوانینی سۆسێر،

(١) فردیناند دی سوسیر، فصول من دروس فی علم اللغه العام، ت: عبدالرحمن ایوب، مدخل الی السیمیوطیقا، ص١٨٧.
(٢) د.عه‌لی تاهیر حسه‌ین، ره‌خنه‌ی بونیادگه‌ری له تیۆره‌وه بۆ پراكتیزه‌كردن، ل٤٩.
(٣) فردیناند دی سوسیر، المصدر السابق، ص١٨٧.
(٤) لوقمان ره‌ئوف عه‌لی، ده‌قی شیعری كوردی له روانگه‌ی سیمیۆلۆژییه‌وه، ل٩١.

((نیشانە هیچ شتێك بە "ناو" نابەستێتەوە، بەڵکو وێناکردن بە وێنەی دەنگی دەبەستێتەوە))[(١)]، بەو مانایەی، نیشانە زمانییەکان پەیوەندییەکی مادیی ڕاستەقینەیان لە نێواندا نییە، وەك ئەوەی لە نێوان دوکەڵ و ئاگردا هەیە، کەواتە پەیوەندییەکە لە ئەنجامی ڕێککەوتن و چەندبارە بوونەوەی بەکارهێناندا چەسپاوە و باوبووە.

جیاوازیی تێڕوانینی سۆسێر بۆ نیشانە لەوەدایە، کە واقیعی دەرەکیی لە پێکهاتەی نیشانە زمانییەکاندا وەلاناوە و بەستوویەتییەوە بەلایەنی دەروونییەوە، کە لە زەین و لە دیوی مەدلوولدا جێی بۆ کردۆتەوە.

**٢-٤-٢ شیکردنەوەی نیشانە لای پێرس:**

پێرس بە مەبەستی دامەزراندنی تیۆری نیشانەکان، کە ناوی نا سیمیۆتیکا، بایەخێکی زۆری بە وردەکارییەکانی نیشانەناسی دا، پێناسەی پێرس بۆ نیشانە ئەوەیە: ((نیشانە، یان نوێنەر، بریتییە لە شتێك، سەبارەت بە کەسێك بە هەر مەبەست و ڕێگەیەك بێت، قەرەبووی شتێکی بۆ دەکاتەوە))[(٢)]، سنووری تێڕوانینەکانی سەبارەت بە نیشانە هێندە بەرفراوانکرد، بە شێوەیەك تەواوی چالاکییە دەلالەتییەکان بگرێتەوە، کە عەقڵ پەی پێدەبات، بوون لە دیدی پێرسدا ((تۆڕێکی بێ سنووری نیشانەکانە، هەموو شتێك وەك نیشانە کاردەکات، وەك نیشانە دەردەبڕدرێت و وەك نیشانەش درکی پێدەکرێت))[(٣)]، هەر بۆیە هەوڵیدا نیشانەکان پۆلین بکات،

(١) سليم جلال، أسماء السور في القران الكريم، ص١٨.

(٢) د. عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، دار كنوزالمعرفة للنشر و التوزيع، ط/١، عمان ٢٠١٦، ص٥٠.

(٣) سعيد بنگراد، السيميائيات و التأويل، مدخل لسيميائيات بورس، المركز الثقافي العربي، ط/١ ،المغرب- لبنان ٢٠٠٥، ص٨٧.

نیشانە لای پێرس ((سێ ڕەهەندییە: نوێنەر (representamen) بەهۆی ڕاڤەكـــردن (interpretant) بـــۆ بـــابەت (object) ڕەوانە دەكـــات))[(١)]، پەیوەندییەكی پتەو لە نێوان هەرسێ ڕەگەزەكەدا هەیە، ((نیشانەی نواندن پێویستی بە شتێك هەیە، وەك بابەت بۆ نواندن، هەروەك پێویستیشی بە ڕاڤەكردن هەیە لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا (نوێنەر و بابەت)، واتا توانایەك بە نوێنەر دەدات بۆ نواندنی بابەت))[(٢)]، پێرس بزاوتێكی خستۆتە نێو پێكهاتە سیانەییەكەی نیشانە (نوێنەر، ڕاڤەكردن، بابەت)، كە بە زنجیرە كارلێككردنێكدا ڕەوان دەبن، ((پێرس ئەو كارلێك كردنەی نێوان نوێنەر و بابەت و ڕاڤەكردنی نیشانەی ناو ناوە (نیشانە ڕەوانی) و وشەی (سیمیۆزس - Semeos) ی بۆ بەكارهێناوە))[(٣)]، بە واتایەكی دیكە، هەر نیشانەیەك خاڵێكی دەسپێكی هەیە، كە لەو خاڵەوە كردەی ڕاڤەكردن بۆ نیشانەكە دەستپێدەكات، لە ئەنجامی ڕاڤەكردنەوە بابەتی مەبەستداری نیشانەكە دەدۆزینەوە. كەواتە، نوێنەر لەڕێی ڕاڤەكردنەوە بۆ بابەت دەگوازرێتەوە، پێرس ئەو (زنجیرە ڕەوانەكردنە)، ناودەنێت: سیمیۆزس.

**٢-٤-٢-١سیمیۆزس:(Semiose) :**

سیمیۆزس، بریتییە لەو بزاوتەی شتێك وەك نیشانە دەخاتە كار، هەموو ئەو چالاكییانە دەگرێتەوە، كە بە نیشانەوە پەیوەستن، وەك: مانا و دەلالەت و چۆنیەتی بەرهەم هاتن و بەكارهێنان و ..هتد، ((ئەو دینامیكیەتەی كە نوێنەر لە ڕێی ڕاڤەكردنەوە بە زنجیرەیەك گواستنەوە بەرەو بابەت ئاڕاستە

(١) د. قاسم المقداد، تفكرات سيميائية، ص٣٩.

(٢) سعيد بنگراد، السيميائيات و التأويل، مدخل لسيميائيات بورس، ص٨٨.

(٣) دانيال تشاندلر، أسس السيميائية، ت: د. طلال وهبة، ص٧١.

دەکـــات، ئەوەیە کە ســـیمیۆلۆژیای پێـــرس پێکـــدەهێنێت و پێـــی دەوترێـــت سیمیۆزس. زنجیرە گواستنەوەیەکە بۆ بەرهەم هێنانی دەلالەت و لێکدانەوەیان، بەرپرســـە لە پەیوەنـــدیی ســـیمیۆلۆژییانە، کە نـــوێنەر لە ڕێـــی شـــێوەکانی نوێوەندگیری، بە بابەت دەبەستێتەوە، کە ڕاڤەکردن پێی هەڵدەستێت))[(١)]، بۆ نموونە، لەنیشانەی (داو)دا، وێنە فیزیکییەکە نوێنەرایەتیی نیشانەکە دەکات، ئەگەر نێوەندەکە پەیوەست بوو بە کاری دروومانەوە، ئەوە وێنە زەینییەکە، کە مێشك ڕاڤەی دەکات، نیشانەکە بەرەو بابەتی داوی درومان دەبات، ئەگەر باسی ڕاوکردن بوو، وێنە زەینییەکە بەئاقاری بابەتی تەڵەدا دەڕوات ...

سەبارەت بە چۆنییەتیی کارلێککردنی هەرسێ ڕەگەزەکەی نیشانە لای پێـــرس، ســـەرنج لەم ڕوونکـــردنەوەیە دەدەیـــن، ((ئەو ســـێ ڕەگەزەی نیشـــانە پێکدێنن، بە شێوەیەك کاردەکەن وەك دانانی ناوێك لەسەر پاکەتێکی ناڕوون کە شتێکی تێدابێت، سەرەتا تەنها پاکەتێك دەبینین کە ناوێکی لەسەرە، ئەو ناوە ئامـاژە بەوە دەکـات کە شـتێك لەنـاو پاکـەتەکەدا هەیە، دواتـر کە ناوەکەمـان خوێندەوە دەزانین شتەکەی ناوەوە چییە))[(٢)]، کەواتە پاکەتەکە نیشانەکەیە و نـــاوەکە (نـــوێنەر) و شـــتەکەی نـــاوەوە (بـــابەت) و ئەو لێکـــدانەوەیەی دوای خوێنـــدنەوەی نـــاوەکە لە زەینـــدا دەکرێـــت و بـــابەتەکەی پـــێ دەناســـرێتەوە (ڕاڤەکردن)ە، دەتوانین ئاراستەی بزاوتی کارلێککردنی ڕەگەزەکان، بە ئاسانی لە نیشـانەکەدا وێنـا بکەیـن، ((بەسـتەری هەرسـێ ڕەگەزە پێکهێـنەرەکەی نیشـانە، لەم شـێوەیەدا دەردەکەوێـت: ئـامرازی نوانـدن، بابەتێـك بـۆ نوانـدن دەخوازێـــت، پێویستیشـــی بە ڕاڤەکردنێـــك هەیە وەك بەســـتەر بەیەکەوەیـــان

(١) د. عبدالله بريمي: مطاردة العلامات، ص٥١.
(٢) دانيال تشاندلر، أسس السيميائية، ت: د. طلال وهبة، ص٧١.

ببەستێتەوە))[1]، واتا، توانای نواندنی تەواوی بابەت بۆ نوێنەر فەراهەم دەکات، ئەم هێڵکارییە، مەبەستەکە ڕوونتر دەکاتەوە:

ڕاڤەکردن

نوێنەر =================== بابەت

پەیوەندیی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نیشانە لای پێرس[2]

لە هێڵکاریی سەرەوەدا، ((پارچە پارچەیی هێڵی بەیەکگەیەنەر، ئاماژە بەوە دەکات، کە پەیوەندیی نێوان نوێنەر و بابەت پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە و بە ڕاڤەکردندا تێدەپەڕێت))[3]، بەگەڕانەوەمان بۆ نموونەی (داو)ەکە، بابەتەکە لە هەردوو بارەکەدا، (داوی درومان و تەڵە) پەیوەندییان بە وێنە دەنگییەکەوە هەیە، چونکە بابەتی تەڵەکەش پەیوەندیی بەو داوەوە هەیە، کە لێی دروستکراوە، ناڕاستەوخۆ بوونی پەیوەندییەکەش لەوەدایە، کە نیشانەی (داو) لە هەموو بارێکدا و لە زەینی هەموو گوێگر، یان خوێنەرێکدا، ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، نواندن بۆ تەنها بابەتێکی دیارکراو بکات، بۆیە نواندنی هێڵکاریی پەیوەندیی سیانەیی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نیشانە لای پێرس، لە سێگۆشەدا دەکێشرێت، ئەگەر بە کورتیش بێت، هۆکاری بەسێگۆشەکردنی ئاڕاستەی بزاوتەکە بۆ لێکدانەوەی کارلێککردنی ڕەگەزەکانی نیشانە لای پێرس، دەخەینەڕوو:

ئەگەر سەرنج لە بەستەری دوانەیی نیشانە لای سۆسێر بدەین، پەیوەندییەکە، لەسەر هێڵێکی ڕاست و پڕی نێوان (دال و مەدلوول)ە :

(١) سعيد بنگراد، السيميائيات مفاهيمها و تطبيقاتها، ص٩٣.
(٢) لەکتێبی (السيميائيات مفاهيمها و تطبيقاتها، سعيد بنگراد، ص٩٤) وەرگراوە.
(٣) سعيد بنگراد، نفس المصدر، ص ٩٤.

دال ⟷ مەدلوول[1]

ئەم دوو ڕەگەزە بەرامبەر بە (نوێنەر و ڕاڤەکردن) دەوەستن لە پێکهاتەی نیشانە لای پێرس، بە هەمان شێوە، پەیوەندییەکە بە هێڵێکی ڕاست و پڕ بەیەکەوەیان دەگەیێنێ، دواتر لە ڕاڤەکردنەوە بەرەو بابەت دەچێت، کە پەیوەندیی ڕاڤەکردن و بابەتیش بە هێڵی ڕاست و پڕ دەکێشرێت، چونکە پەیوەندییەکانیان ڕاستەوخۆن:

نوێنەر ⟵ ڕاڤەکردن ⟵ بابەت

لەو سێ ڕەگەزییەی سەرەوە، دوورکەوتنەوەی نوێنەر و بابەت لەیەکدی پەیوەندییەکە وەك خاڵی دەسپێك و خاڵی کۆتایی دەردەخات، ئەگەر بۆ نموونەی پاکەتەکە بگەڕێینەوە، ((بۆئەوەی بزانین بابەتی نێو پاکەتەکە چییە، بەبێ بوونی ناوەکە، ناتوانین بزانین ڕاڤە بۆ چی بکەین))[2]، بۆیە ناتوانین بابەت بە نوێنەر نەبەستینەوە، بەڵام دەتوانین دان بەوەدا بنێین، کە پەیوەندیی نێوان نوێنەر و بابەت، پەیوەندییەکی ناڕاستەوخۆیە، بۆیە پێویستە هێڵکاریی پێکهاتەکە لە سێگۆشەدا بکێشرێت، بە مەرجێك ئەو هێڵەی نوێنەر بە بابەتەوە دەبەستێتەوە، هێڵێکی پڕ نەبێت، وەك لەم نموونەیەدا دەرکەوتووە:

---

(١) كمال جدي، المصطلحات السيميائية السردية في خطابات النقديى عند رشيد بن مالك، ص/١٨.
(٢) دانيال تشاندلر، أسس السيميائية، ت: د. طلال وهبة، ص٧٢.




نموونەی سێگۆشەی نیشانە لای پێرس

نیشانە لای پێرس، تاك دەلالەت نییە، بە هۆی سیمیۆزسەوە، لەبەرهەم هێنانی دەلالەتدا، زنجیرەیەك لێکدانەوە بەدوای یەکدا دروست دەبن، ((سیمیۆزس لە سنووری چاودێری کردنی مانای یەکەم ناوەستێ کە بەهۆی نوێنەری یەکەم بەرهەم دێت، بەڵکو ئاماژە بە بەردەوامیی بێ کۆتای گواستنەوەکان دەکات))[1]، واتە لە دالی یەکەم مەدلوولی یەکەم بەرهەم دێت، مەدلوولی یەکەم دەبێتە دالی دووەم بۆ مەدلوولی دووەم، مەدلوولی دووەمیش دەبێتە دالی سێیەم و ... تد:

دال١ ⟵ مەدلوول١ (دال٢) ⟵ مەدلوول٢ (دال٣) ⟵ مەدلوول٣(دال٤) ⟵ هتد.

ئەمەش وا دەکات ((لێکدانەوەی جیاواز بۆ دەقەکە بسازێنێت، تا هەرچی

(١) د. عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، ص٥٥.

زووە دەق لە وەستان ڕزگار بکات و بیخاتە جوڵەیەکی وا، کە هەمیشە لەگەڵ بوون و جیهاندا لە کارلێکدا بێت و واتای تازە لە خۆیدا بەرجەستە بکات و دەق بەرهەم بهێنێتەوە))[1]. هێرمۆنتیکا تێکەڵ بە چندراوی ناکۆتای سیمیۆزس دەبێت ((سیمیۆلۆجیا دەرفەتێکی وا دەڕەخسێنێ، کە وشە هەمان ئەو وشە فەرهەنگییە ڕووتە نەبێت، بەڵکو لەگەڵیدا وەرگر بەرەو جیهانبینییەکی تر دەبات، ئەم جیهانبینییە جوڵەو لڤین بە وەرگر دەبەخشێ))[2]، ئەم بزاوتە لە نیشانەدا، کاریگەریی لەسەر ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نیشانەدا دروست ناکات، واتە، لەهەر جوڵەیەکیدا، نیشانە بوونێکی دیکەی بەبەردا دەکرێتەوە و وەك نیشانەیەکی سەربەخۆ بەرەو هەنگاوی دواتر دەگوازرێتەوە.

لە نواندنی سێگۆشەییشدا، ئەم هێڵکارییە، مەبەستەکە ڕوونتر دەکاتەوە:

(١) د. هێمن عومەر خۆشناو، هێرمۆنتیکای شیعری سۆفییانەی مەحوی، ل٢٦٦.
(٢) د. هێمن عومەر خۆشناو، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦٨.




بزاوتی بەرهەمهێنانی نیشانە

ئەم زنجیرە لێکدانەوەیە، بۆ توێژەر و ڕەخنەگری سیمیۆلۆژی، جێی بایەخە

و هاوکارییەکی زۆری دەکات لە بەدواداچوون و دۆزینەوەی دەلالەتگەلێکی زیاتری نیشانە جۆراوجۆرەکان.

**٢-٤-٢ ڕەگەزەکانی سیمیۆزس لە پێکهاتەی نیشانەدا:**

**٢-٤-٢-١ نوێنەر (الممثل- Reperesentamen) :**

نوێنەر، خاڵی یەکەمی بزاوتی سیمیۆزسە لە نیشانەدا و ڕەگەزی یەکەمی پێکهاتەی نیشانەیە لای پێرس، واتە هەمان ڕۆڵی (دال) دەبینێ، کە سۆسێر باسی لێوەکردووە، ((شتێکە لای کەسێك شتێکی دیکە بە خەسڵەتێکی دیکە دەنوێنێ، واتە لە زەینی کەسەکە نیشانەیەکی هاوشێوە، یان پێشکەوتووتر وێنا دەکات))[1]، نوێنەر لەدوای دەرکەوتنیدا، بەهۆی ڕاڤەکردنەوە دەبزوێ، کەرستەیەکە ((جگە لە نواندن بە هیچ شتێکی دیکە ناکات، بە بابەتەکەمان ناناسێنێ و هیچ زانیارییەکمان لەبارەیەوە ناداتێ، بەڵکو بابەتی نیشانەکەیە وای لێدەکات، لەلایەك وەك شتێك پێناسە بکرێت و لەلایەکی دیکە ئەوەیە، کە بەسەر نێرەر و وەرگردا، وەك نیشانە، دەیسەپێنێ))[2]، واتە بابەتی نیشانەکەیەو لەچوارچێوەی مەعریفەیەکدا دەیناسێنێ.

لەم ڕووەوە نوێنەر:[3]

- شوێنی شتێکی دیکە دەگرێتەوە.
- ئامرازێکە بۆ نواندن.
- تەنها لەنێو چوارچێوەی بابەتدا بوونی دەبێت.

---

(١) سیزا قاسم ، السیمیوطیقا حول بعض المفاهیم والابعاد، ضمن کتاب: مدخل الی السیمیوطیقا، ص ٦٢.
(٢) عبدالله بریمي، مطاردة العلامات، ص٥٨.
(٣) سعید بنكراد، السیمیائیات والتأویل، ص٩٠.

- لەڕێی ڕاڤەکردنەوە، بۆ بابەتەکەی دەگوازرێتەوە.

لە لێکدانەوەی هەر نیشانەیەك، لەنێو هەر کارێکی ئەدەبیدا و بەتایبەتی لە ناونیشاندا، دەرکەوتنی نوێنەر نابێتە ڕێگر لە بەردەم تێکشکاندنی نواندنە باوەکان، یان گونجاندنی دژەکان، بۆ نموونە: لە ناونیشانی (کەمانچەی برینەکان)دا، ئەگەر نیشانەکان لە خودی خۆیاندا و بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ واتاکانیان بەدەستەوە بدابوایە و شوێنی شتێکی دیکەیان نەگرتبایەوە، ئەوا نەماندەتوانی لە مەبەستی ناونیشانەکە تێبگەین و خودی شاعیریش نەیدەتوانی داهێنانێکی لەم شێوەیە بکات، بەو مانایەی، ئەگەر هەریەك لە کەمانچە بەدەر لە ئامێرێکی مۆسیقا و برین بەدەر لە شوێنەوارێکی جەستەیی نەبەینە دەرەوە، ناتوانین زەمینەیەکی گونجاو بۆ تێکهەڵکێشکردنی هەردوو نیشانەکە بڕەخسێنین و نیشانەیەکی دیکەیان لێ بەرهەم بهێنین، کە دەلالەت لە ئازار دەکات.

**٢-٢-٢-٤-٢ بابەت (الموضوع - object):**

ڕەگەزی دووەمی پێکهاتەی نیشانەیە و لە هەمان کاتدا ڕەگەزی دووەمی بزاوتی سیمیۆزسە لە نیشانەدا. ئەو شتەیە، کە ((نوێنەر نواندنی بۆ دەکات، جا ئەو شتە لە واقیعدا بوونی هەبێت، یان بتوانرێ بوونێکی خەیاڵیی بەبەردا بکرێت، یان بەهیچ شێوەیەك بەخەیاڵدا نەیەت))[١]، سیانەیی نیشانە لای پێرس، بە هەبوونی بابەت لە دوانەیی نیشانە لای سۆسێر جیادەکرێتەوە، ((بابەت لە دوانەییەکەی سۆسێر دا هاوتای نییە))[٢]، لە پێناسەی (ئۆگدن و ریچاردز)یشدا، لە نیشانەدا، ((بابەت، بەرامبەر بە هێمابۆکراو

(١) سليم جلال، أسماء السور في القران الكريم، ص٢١.
(٢) كمال جدي، المصطلحات السيميائية السردية في الخطاب النقدي عند رشيد بن مالك، ص٢٢.

ده‌وه‌ستێ))[١]، به‌ڵام بابه‌ت له پێكهاته‌ی نیشانه‌یی پێرسدا، به‌وه له (هێمابۆكراو)ی نیشانه‌یی (ئۆگدن و ڕیچاردز) جیا ده‌كرێته‌وه، كه ((دیاركردنی بابه‌ت لای پێرس، زۆر ئاڵۆزتره له‌وه‌ی ئۆگدن و ڕیچاردز، پێناسه‌ی هێمابۆكراویان پێ كردووه. بابه‌ت له‌م دیاركردنه‌ی پێرس دا، بریتییه له به‌شێكی نیشانه، نه‌ك وه‌ك شتێك له شته‌كانی بووندا))[٢]، كه‌واته دیاركردنی بابه‌ت له نیشانه‌دا به هێما و به ئاماژه‌كردنێك ده‌رناكه‌وێت و په‌یوه‌ندیی به نوێنه‌ره‌وه هێنده ڕوون و ئاشكرا نییه، به‌ڵكو ئاڵۆزه و پێویستی به لێكدانه‌وه و به ڕاڤه‌كردنه‌وه هه‌یه، به‌تایبه‌تی له ناونیشانه ده‌لالی و ئاڵۆزه‌كاندا، بۆ نموونه، بابه‌تی ناونیشانێكی وه‌ك (گوڵدانی ئاگر)ی نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت، له‌وه ئاڵۆزتره، وه‌ك ئه‌وه‌ی له نووسیندا بوونی هه‌یه، هێمای بۆبكرێت، چونكه به‌بێ ڕاڤه‌كردنێكی قووڵ، به‌بابه‌تی نیشانه‌كه ناگه‌ین.

قسه‌كردن له‌سه‌ر هه‌ر بابه‌تێك له چوارچێوه‌ی (سیمیۆزس)دا، ناتواندرێت له كرده‌ی ڕاگه‌یاندنی خودی خۆیدا داببڕێت، واتا پێویسته هه‌ریه‌ك له نێره‌ر و وه‌رگر، پێشینه‌یه‌كی مه‌عریفییان ده‌رباره‌ی بابه‌ته‌كه هه‌بێت، واته ڕێككه‌وتنێكی پێشوه‌خته‌یان له‌سه‌ر بابه‌ته‌كه هه‌بێت، بۆ نموونه له ناونیشانی (په‌ڕه‌مووچه‌ی سیمرخ) دا، ئه‌گه‌ر خوێنه‌ر پێشینه‌یه‌كی مه‌عریفیی له‌باره‌ی (سیمرخ)ه‌وه نبیت، كه باڵنده‌یه‌كی ئه‌فسانه‌یی گه‌وره‌یه و هاوكات توانای گواستنه‌وه‌ی مرۆڤ و زه‌خیره‌یه‌كی زۆری هه‌یه و مرۆڤ له ژێر زه‌وییه‌وه بۆسه‌ر زه‌وی ده‌گوازێته‌وه ... هتد، ناتوانێ، له نوێنه‌ری نیشانه‌وه، به‌ره‌و چ بابه‌تێك بچێت، پێشینه‌ی ئه‌و مه‌عریفه‌یه، په‌یوه‌ندیی به مه‌عریفه‌ی

(١) سيزا قاسم، السيميوطيقا حول بعض المفاهيم و الابعاد، مدخل الى السيميوطيقا، ص٦٤.
(٢) سيزا قاسم، نفس المصدر و نفس الصفحة.

سەربار هەیە، کە لە چوارچێوەی زنجیرەیەك نیشانەی پێشووتر دیاردەکرێت[١]، ئەمەش یارمەتیی دەدات، کە گرێی نیشانەکان بکاتەوە و بە بابەتی مەبەستداری بگەیێنێت.

دەتوانین جیاوازی لەنێوان دوو مەعریفەدا بکەین، مەعریفەیەك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نیشانەکەوە دەستمان دەکەوێت، مەعریفەیەك بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لەڕێی لێکۆڵینەوە لە نیشانەکە و لە بەکارهێنانە دوورەکانییەوە دەستمان دەکەوێت، بەپێی بۆچوونی پێرس، دەتوانین بابەت لەڕووی مەعریفییەوە بکەینە دووبەش:

١- بابەتی ڕاستەوخۆ: ڕاستەوخۆ لە نیشانەکەوە دەست دەکەوێت، ((بابەت هەمان ئەو شتەیە کە نیشانەکە دەینوێنێت))[٢]، واتا بابەتەکە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نێو نیشانەکەدا دەردەکەوێت و ڕێ لە ئەگەری دەلالەتی دیکەی لابەلا دەگرێت. بۆ نموونە نیشانەی ئایکۆنی، وەك وێنەی کەسێك، نیشانە بۆ کەسەکە و نیشانە ئیندێکسییەکان، وەك دووکەڵ، نیشانە بۆ هەبوونی ئاگر، بابەتەکەش، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، درکییان پێدەکرێت.

٢- بابەتی دینامیکی، یان بابەتی ناڕاستەوخۆ: لە دەرەوەی نیشانە دایە ((یەکەیەکی کەلتوورییە، ڕەنگدانەوەی کەڵەکەبوونی ئەو زانیاری و تاقیکردنەوانەیە، کە لە زنجیرەیەك چالاکیی سیمیۆلۆژیانەی پێشتر کۆکراونەتەوە))[٣]، واتە لە باری ئاسایی و باودا و ڕووکەشانە، لە نیشانەکەدا دەرناکەوێت، هەر نیشانەیەك بێ کۆتا بواری بەرهەمهێنانی بابەتی ناڕاستەوخۆی هەیە، چونکە هەر بابەتێکی ناڕاستەوخۆ، دەتوانێ وەك

(١) سعيد بنگراد، السيميائيات مفاهيمها و تطبيقاتها، ص٨٩.

(٢) د. عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، ص٦٠.

(٣) سيزا قاسم، السيميوطيقا حول بعض المفاهيم و الابعاد، مدخل الى السيميوطيقا، ص٦٠.

نیشانەیەکی سەربەخۆ دەربکەوێت، بۆیە نوێنەر ناتوانێ لە هەمان کاتدا تەواوی ئەو ئەگەرانە بنوێنێ، کە لە بابەتی نیشانەدا بەدوای یەکدا دێن[1]، بۆ نموونە، لە دەستەواژەی "بازی بازان" دا، بابەتی ڕاستەخۆ بریتییە لە دانەپاڵی سیفەتی، (باز) ی بۆ (باز)، (باز) وەك نیشانە، لەهەردوو دەرکەوتنەکەیدا و لای هەموو ئاخێوەرانی زمانەکە ڕوون و ئاشکرایە، (باڵندەیەکی کێویی گۆشتخۆری دەنووك قولابیی بەرزە فڕە) بەڵام ئەگەر (باز) هێما بێت بۆ شکۆ و سەروەری، یان سەرکردە، یان پێشمەرگە، یان هەر بابەتێکی دیکە، پێویستی بە مەعریفەیەکی کەلتووری هەیە بۆ ئەوەی ڕستەکەی تێدا دابڕێژرێتەوە، ئەمەش ئەو شێوازە بەکارهێنانەیە، کە لە بابەتی ئەدەبیدا دەردەکەوێت.

بابەتی دینامیکی، لە خوێندنەوەی دەقەکاندا، بایەخێکی زۆری هەیە، بەتایبەتی لەو دەقانەی بە شێوەیەکی ئاشکرا و ڕووکەشانە واتا و مەبەستەکانیان بەدەستەوە نادەن، واتە ئەو نیشانانەی لە پێکهاتەگەلێکی ئاڵۆزدا، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و لەباری ئاساییدا، توانای نواندنی بابەتییان نییە.

باسکردن لە بابەتی ڕاستەوخۆ و بابەتی ناڕاستەوخۆ، دوو شتی لێك جیاواز و دژ نین، ڕەگەزی پێکهێنەری دوو جۆر نیشانە نین، بابەتی ڕاستەوخۆ هەڵێنجراوی نێو بابەتی ناڕاستەوخۆیە، ئەم هەڵێنجانە بەتەنیا بە ڕەگەزی ڕاڤەکردن ناکرێت. لە بزاوتی سیمیۆزسدا پێویستمان بە پاڵپشتێکی دیکەی لێکدانەوە هەیە، کە (کۆڵەگەی نیشانە)یە.

(١) - سعید بنکراد، السیمیائیات مفاهیمها و تطبیقاتها، ص٨٩.

**٣-٢-٢-٤-٢ کۆڵەگە (العماد- support) :**

بۆنواندنی بابەتی نیشانە، پێویستمان بە جێگیرکردنی خەسڵەتێك هەیە، هەڵبژاردنی ئەو خەسڵەتەش لەنێو خەسڵەتەکانی دیکەی نوێنەردا، لەڕێی ڕەگەزی ڕاڤەکردنەوە دەبێت، بەڵام ڕاڤەکردنیش بەتەنیا ناتوانێ بڕیاری کۆتایی لەم بارەیەوە بدات. بۆئەوەی ڕاڤەکردن، بتوانێ پەیکەری بابەت لە نیشانەدا ڕابگرێ، پێویستیی بە پاڵپشتێکە، ئەویش، کۆڵەگەی نیشانەیە[1]، ((هاوتەریب لەگەڵ ڕاڤەکردن، وەك ڕەگەزی سێیەم بۆ ئەم پەیوەندییە ئاڵوگۆڕییە زیاد کراوە))[2]، بریتییە لە: ((گۆشەیەك، یان گۆشەنیگایەك، کە توانای نواندنی بابەت بە نیشانە دەدات))[3]، واتە، هەڵبژاردنی ڕەهەندێکە، لەنێو ڕەهەندگەلێکی دیکەی ڕەگەزی نوێنەر، بۆ ئەوەی ڕەگەزی ڕاڤەکردن، بە ڕەگەزی بابەتی ببەستێتەوە. بەواتایەکی دیکە، بریتییە لە بەڕاستەخۆکردنی بابەتی نیشانەکە، چونکە بابەتی ناڕاستەخۆ. ئەگەری زۆر و مەبەستی زۆری لە دەوروبەری نوێنەری نیشانەدا ڕیزکردوون، ((بابەت لە نیشانەدا، گشتگیرترە، ناتوانرێ بە گواستنەوەیەك تەواوی ئەو پێشینانەی بابەت لەخۆبگرێت))[4]، بەو مانایەی، دەلالەتگەلێکی دیکە لە دەرەوەی نوێنراوەکە بوونیان هەیە، کە دەتوانرێ یەکە یەکە ببنە بابەت بۆ هەمان نوێنەر، بۆ نموونە، لە دەرەوەی نیشانەی (شیر) لە بابەتی نۆشکردندا، دەتوانین بابەتێکی دیکەی وەك (چەك)، بە هەمان نوێنەر بدەین و

---

(١) لە یەکێك لەو سەرچاوە نوێیانەی، کە لەم لێکۆڵینەوەدا پشتمان پێبەستووە، کتێبی (مطاردة العلامات ی د. عبدالله بريمي)یە، لەساڵی ٢٠١٦ بڵاوکراوەتەوە، جیا لە سەرچاوەکانی دیکە، ئەم باسەی لەژێر ناونیشانی (العماد)دا، خراندۆتە نێو بزاوتی سیمیۆزس.

(٢) د. عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، ص٦١.

(٣) د. عبدالله بريمی، نفس المصدر و نفس الصفحه

(٤) سعيد بنگراد، السيميائيات مفاهيمها و تطبيقاتها، ص١٠٠.

نیشانەیەکی دیکە، (شیر) بە واتای (شمشێر)ی، لێ وەبەرهەم بهێنین.

(کۆڵەگە) وەك ڕەگەزێکی سەربەخۆ لە پێکهاتەی نیشانەدا پێگەی نییە، بەڵام لە تۆڕی سیمیۆزسدا بایەخێکی زۆری هەیە، ((توانای دڵنیابوونی لە دەستنیشانکردنی مەبەستی نیشانەکەدا هەیە))[1]، ئەو پێشبینییە وامان لێدەکات، لە پێکهاتەی نیشانەدا، تەنها بابەتی ڕاستەوخۆ، لە سیمیۆزسدا، بە ڕەگەزی بابەت نەزانین، بەڵکو بابەتی دینامیکیش، کە لەدەرەوەی نیشانەدایە، دەتواندرێ بخرێتە نێو تۆڕی سیمیۆزس.

ئەگەرچی بابەتی دینامیکی لە دەرەوەی نیشانەدایە و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە نیشانەدا دەرنەکەوتووە، بەڵام مانای ئەوە نی یە، کەوتبێتە دەرەوەی بزاوتی لێکدانەوە، بابەتی دینامیکیش لە نێو پرۆسەی سیمیۆزسدا بوونی هەیە[2]. وەك پێشتریش باسمانکرد، لەنیشانەدا، هەموو دەلالەتە ناڕاستەوخۆکان، دەکەونە دوای دەلالەتی ڕاستەوخۆ، بۆیە ئەگەر بەشێوەیەکی ئاشکراش هەستیان پێنەکرێت، بە ڕاڤەکردن دەدۆزرێنەوە، بۆیە ناتوانین بەبێ ڕەگەزی سێیەمی پێکهاتەی نیشانە (ڕاڤەکردن)، کۆڵەگە بدەینە بەر بابەتی نیشانە.

**٢-٤-٢-٢-٤ ڕاڤەکردن التأويل (Interpretant):**

لەنێو پێکهاتەی نیشانەدا، ڕەگەزی سێیەم و ناوەندی چالاکیی نێو پێکهاتەی (سیمیۆزس)ە، ڕۆڵی نێوەند دەبینێ لە گەیاندنی نوێنەر بە بابەتەکەی، لە پێکهاتە دوانەییەکەی دی سۆسێر،بەرامبەر بە (مەدلوول) دێت، ((بەبێ ڕاڤەکردن، ناتوانرێ قسە لەسەر نیشانە بکرێت، بەو پێیەی

(١) د. عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، ص٦١.

(٢) د. عبدالله بريمي، نفس المصدر، ص ٦٢-٦٣.

ڕەگەزی گوێزەرەوەیە لە نوێنەرەوە بۆ بابەت، بە هۆی ڕاڤەکردنەوە دروستیی نیشانە و دانانی وەك یەکەیەکی گەیاندن تەواودەبێت.))[١]، مەدلوول لە پێکهاتەی نیشانەی سۆسێریدا، هەمان ڕۆڵی ڕاڤەکردن لە پێکهاتەی نیشانە لای پێرس ناگێڕێت، ڕاڤەکردن خاوەنی خاسیەتێکە لە مەدلوولدا نییە، ((بریتییە لە ئاماژەیەك لە بیری ڕاڤەکاردا))[٢]، جیاوازیی بۆچوونی پێرس لەگەڵ سۆسێر سەبارەت بەم ڕەگەزە پێکهێنەرەی نیشانە لەوەدایە، کە پێرس پێیوایە ((ڕاڤەکردن، لەگەڵ زەیندا، بوونێکی سەربەخۆی هەیە (زەین لە نێو کۆمەڵێك ئەگەری جیاوازدا، ئەگەرێك دەستنیشان دەکات) پێشی وایە، دەکرێ ئەو ئەگەرانە ڕابردوو، یان لەکاتی ئێستادا، یان دەکرێ لەداهاتوودا بن))[٣]، بۆ نموونە لەبەرامبەر ئاماژەی (دار) دا، زەین لەنێو کۆمەڵێك ئەگەری وەك (درەخت، گۆچان، تەختە ... هتد) بەپێی ژینگەی نیشانەکە، ئەگەرێك هەڵدەبژێرێت، بەڵام ((چەمکی ڕاڤەکردنی ئاماژە لای پێرس، چەمکی بیری گفتوگۆییە، ئەو چەمکە لای سۆسێر نادۆزینەوە. پێرس دەڵێ: هەموو بیرکردنەوەیەك شێوازێکی گفتوگۆیی هەیە))[٤]، واتە لە ئەنجامی بیرلێکردنەوە، دەتوانین بەدەر لە ئەگەرە زەینییەکە، لە ڕاڤەکردنی نیشانەی (دار)دا، گفتوگۆ لەسەر دەلالەتگەلێکی وەك (داری ئازادی) بکەین، کەواتە ڕاڤەکردن، بەشیکردنەوە، یان بە گوتار، یان بە دەلالەتدان، یان بە نیشانەیەکی هاوسەنگ، گونجان لە نێوان ئاماژەگەلێك دروست دەکات، واتە ((هەموو دەربڕینێك لە چوارچێوەی زنجیرەیەکی نا کۆتا، توانای ڕاڤەکردنی

---

(١) سعيد بنگراد، سيميائيات مفاهيمها و تطبلقاتها، ص١٠١.
(٢) دانيال تشاندلر، أسس السيميائية، ترجمة: د.طلال وهبة، ص٧٢.
(٣) سيزا قاسم، السيميوطيقا حول بعض المفاهيم و الابعاد، مدخل الى السيميوطيقا، ص٦٣.
(٤) دانيال تشاندلر، أسس السيميائية، ترجمة: د.طلال وهبة، ص٧٣.

دەربڕینێکی دیکەی هەیە))[١].

ئەرکی ڕەوانەکردن لە نواندنەوە بۆ بابەتی نیشانەکە، ئەرکێکی ڕەمەکی نییە، واتا کردەی ڕاڤەکردن لەخۆوە نییە و بێ بنەما نییە، ((ئەگەر کرداری ڕەوانەکردن ڕەمەکی نەبێت، ئەوا هەموو ڕاڤەکردنێك، لە نێو بازنەی کەلتوورێکی دیاریکراودا ئەنجام دەدرێت، چوارچێوەیەك بۆ لێکدانەوە دابین دەکات))[٢]، کەواتە لە لێکدانەوەشدا سەربەست نییە، بەومانایەی پەیوەستە بە پێشینەیەکی کەلتووری، کە بەهۆی کۆمەڵێك پێوەر سنووردارکراون و لەنێو بازنەی هەر کەلتوورێکیشدا، خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی، لێرەدا مەبەست بەرتەسککردنەوەی زەمینەی کاری لێکدانەوە نییە، چونکە نیشانە بەوە دەناسرێتەوە، کە هەڵگری دەلالەتی جۆراوجۆرە و لە ژینگەی جیاواز، بەرەو بابەتی جیاواز دەگوازرێتەوە، بۆیە ((بەبێ ڕاڤەکردن، دەلالەت بوونی نییە))[٣].

پێرس، لە ڕاڤەکردندا سێ ئاست بۆ دەلالەت دیار دەکات[٤]:

<u>ئاستی یەکەم</u>، ڕاڤەکردنی ڕاستەوخۆ:

ئەو ئاستە مەعنەوییە دەنوێنێ، کە نیشانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەریدەخات، ئەوەیە کە پێیدەڵێن واتای نیشانە و لە نێو سنووری تێگەیشتنی گشتیدا دەمێنێتەوە. خاڵی دەسپێك بۆ دەلالەتکردن بەدەستەوە دەدات، واتا خاڵی دانانی نوێنەر لە نێو بزاوتی سیمیۆزسدا. واتە هەر هەنگاوێکی دیکەی ڕاڤەکردن و گەڕان بەدوای دەلالەتی زیاتر، پێویستە لەم ئاستەوە دەستپێبکات،

(١) د. عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، ص٦٤.
(٢) - سعيد بنگراد، سيميائيات مفاهيمها و تطبلقاتها، ص١٠١.
(٣) - جيرار دولودال، السيميائيات أو نظرية العلامات، ت: عبدالرحمن بو علي، ص٦٤.
(٤) سعيد بنگراد، سيميائيات مفاهيمها و تطبلقاتها، ص١٠٢ – ١٠٩.

بۆ نموونە، بەپێی ئەم ئاستە، لە ناونیشانی (بارانبڕە) دا، (بارانبڕە) دەلالەت لە جۆرە باڵندەیەك دەكات.

ئاستی دووەم ڕاڤەکردنی دینامیکی:

لە ئەنجامی بەخشینی مەعریفەیەك دەردەکەوێت، کە بە شێوەیەکی ڕاستەخۆ لە نیشانەکەدا دەرنەکەوتبێت، ڕاڤەکردنی دینامیکی لە هزردا کار لەسەر هەڵێنجانی هەرچیی زۆرتری دەرهاویشتە دەلالییەکان دەکات، لەو ڕوانگەیەوە، ڕاڤەکردنی دینامیکی لە ڕاڤەکردنی ڕاستەوخۆوە پەلوپۆ بڵاودەکاتەوە، واتە بەبێ بوونی ڕاڤەکردنی ڕاستەخۆ، ناتوانێت خۆی بونیادبنێت و بەرەو ئاسۆی نوێ و ڕەوانیی بێ کۆتا بچێت. ئێمە لەگەڵ ڕاڤەکردنی دینامیکی لە بازنەی سنووردارییەوە بەرەو بازنەی هێرمۆنتیکا دەچین، ئەم شێوە ڕاڤەکردنە، وامان لێدەکات زنجیرە ڕەوانەکردنێکی بێ کۆتا بدۆزینەوە، هەر ئەمەبوو وای لە پێرس کرد کە جیهان بە واقیعی و خەیاڵی، وەك سیستەمێکی نیشانەیی لێکبداتەوە. ئەم ئاستەی ڕاڤەکردن، لە گەڕان بەدوای دەلالەتگەلێکی شاراوەدا، هاوکارییەکی زۆری لێکۆڵەری سیمیۆلۆژی دەکات، بۆ نموونە لە ناونیشانی (کۆترە ڕووناکەکان)دا، ناتوانین تەنها بە پشتبەستن بە ئاستی یەکەم، بە دەلالەتێکی گونجاو بگەین، بەڵام دەتوانین لە ڕاڤەکردنی ڕاستەخۆی نیشانەکانەوە، لە دەلالەتی یەکەمەوە، هەنگاوبنێین و بەدوای دەلالەتگەلێکی زیاتری هەریەك لە نیشانەکانی (کۆتر) و (ڕووناکی) دا بگەڕێین و زەمینە بۆ ئاستی سێیەمی ڕاڤەکردن بڕەخسێنین و بتوانین ڕەهەندی دەلالیی (کۆترە ڕووناکەکان) دەستنیشان بکەین.

ئاستی سێیەم، ڕاڤەکردنی کۆتایی:

ئەم ئاستە سروشتێکی تایبەتیی هەیە، لە بزاوتی ڕاڤەکردنی دینامیکی و ڕەوانەکردنـدا سـەربەخۆ نیـیە، بەڵکـو بـریتییە لە دژە هێـز، فـۆرمەلەی سنووردارییەتی دەلالەت دەکات، ئەرکی سەرەکیی بریتییە لە وەستان بە ڕووی هێزی تێکشکێنەری لێکدانەوە، کە ڕاڤەکردنی دینامیکی لێیەوە هەنگاودەنێ. ئەگەر ڕاڤەکردنی دینامیکی بەرپرس بێت لە گەڕان بەدوای دەلالەتدا، بەو پێیەی زانیاریی پێویست بۆ کرداری ڕاڤەکردن دەستەبەر دەکات، لە هەمان کاتدا دەلالەت دەخاتە نێو ڕەوانەکردنێکی بێ کۆتایی[(١)]. ئاڕاستەکردنی سیمیۆلۆژی، بریتییە لە زنجیرەیەك ڕەوانەکردنی بێ کۆتا، کە نەتوانرێ لە خاڵێکدا بوەستێندرێت، ئەو بێ کۆتاییەی ڕاڤەکردنی دینامیکی لەخۆیەوە بەسەر دەلالەتێکدا ناگیرسێتەوە، ((دامالینی واتایەکی دیاریکراو و جیاکردنەوەی لە واتاگەلێکی دیکە، ئاسان نییە))[(٢)]، بۆ وەستاندنی بزاوتە دینامیکییەکە، پێویستە پەنا بۆ لۆژیکێکی دیکەی بەدەلالەتکردن ببەین و بە شێوازێك پوخت بکرێتەوە، کە بتواندرێ لە سنوورێکدا جێگیربکرێت، ئەمەش ئەرکی ڕاڤەکردنی کۆتاییە، کە لە ئاستی سێیەمی دەلالەت دایە، واتە لەم ئاستەدا جووڵە ناجێگیرەکە دەخرێتە ژێر باری یاسا و بەپێی لۆژیکێکی تایبەت بەرەو بابەت ڕەوانە دەکرێت، لە بابەتدا خاڵێکی جەوهەری دەگرێت و دەتوانرێ وەك دەلالەتێکی ڕوون و ڕاستەخۆ سەیربکرێت و لەو ئاسۆیەدا ڕۆڵی ڕاڤەکردنی ڕاستەوخۆی پێ بسپێردرێت. نابێ ئەوەمان بیربچێتەوە، کە سیمیۆزس ((بزاوتێکی تێکهەڵکێشراوی نێوان هەرسێ ڕەگەزەکەیە، بەهیچ

(١) سعيد بنگراد، السيميائيات مفاهيمها و تطبيقاتها، ص١٠٥.

(٢) ف. بالمر، علم الدلالة، ت: مجيد عبدالحليم الماشطة، منشورات كليةالاداب – جامعة المستنصرية، بغداد ١٩٨٥، ص١١٦.

شێوه‌یه‌ك ناتواندرێت له پەیوەندیی دوانه‌ییدا جێی بكرێته‌وه‌))[١]، چونكه له دوانه‌ییدا، پەیوەندیی نێوان دال و مه‌دلوول، پەیوەندییه‌كی ڕاسته‌وخۆیه و (واتا) له یه‌كه‌م ده‌ربڕیندا به‌رجه‌سته ده‌بێت و بوار به ئه‌گه‌ری دیكه نادات.

## ٢-٥ پەیوەندیی سیانه‌یی ڕه‌گه‌زه پێكهێنه‌ره‌كانی نیشانه

به دیدی پێرس، نیشانه بۆخۆی له‌نێو بزاوتی سیمیۆزسدا پێكهاته‌یه‌كی سیمیۆلۆژییانه‌ی هه‌یه، ئه‌و پەیوەست بوونه‌ش كۆمه‌ڵێك پەیوەندی هه‌ن ئاراسته‌ی ده‌كه‌ن:

### ٢-٥-١ پەیوەندیی نیشانه، له‌گه‌ڵ خودی خۆیدا:

پێرس، له‌م پەیوەندییه‌دا، نیشانه له‌گه‌ڵ خودی خۆیدا شیده‌كاته‌وه، ((به‌ده‌ر له بابه‌ت و ڕاڤه‌كردن))[٢]، واته هه‌ر له خاڵی ده‌سپێكی بزاوته‌وه، كار له‌سه‌ر پەیوەندیی نوێنه‌ر له‌گه‌ڵ نوێنه‌ر خۆیدا ده‌كات، ئه‌مه‌ش له نیشانه جۆری و له نیشانه تاكییه‌كاندا به‌ڕوونی ده‌رده‌كه‌ون، وه‌ك وێنه‌ی كه‌سی و سووربوونه‌وه‌ی كه‌سێكی تادار. بۆ نموونه: هه‌بوونی وێنه‌ی (نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت) له‌به‌رگی دواوه‌ی چه‌ند دیوانێكیدا، نیشانه‌یه بۆ تاكی (نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت)، واتا وێنه‌كه وه‌ك نیشانه‌یه‌كی ئایكۆنی له خودی خۆیدا توانای نواندنی خۆی ده‌بێت و پێناسه‌ی خۆی ده‌كات. له نیشانه‌ی یاساییشدا، كۆدێك هه‌ڵده‌گرن، كه ڕێككه‌وتنێكی پێشوه‌خته‌ی له‌سه‌ر كراوه بۆ نموونه، به‌كارهێنانی وشه‌ی (دار) وه‌ك نیشانه، بۆ ئه‌و (دار)ه‌ی، كه هه‌ر یه‌كێك له ئاخێوه‌ران له زه‌ینیدا وێنای كردووه.

(١) - جيرار دولودال، السيميائيات أو نظرية العلامات، ت: عبدالرحمن بو علي، ص٣٤.
(٢) د. عبدالله بريمى، مطاردة العلامات، ص٨٧.

### ٢-٥-٢ پەیوەندیی نیشانە، لەگەڵ بابەتەکەیدا:

ئەمەش لە وێکچوون یان بە ئاماژە کردندا دەردەکەوێت، کە پشت بەدەوروبەرەکەی دەبەستێت، یان بەپێی بنەما، یان یاسایەك، دیاردەکرێن، وەك بابەتی ئەو نیشانانەی، کە لە ئایکۆن و ئیندێکس و ڕەمزەکاندا. دەردەکەون[١].

### ٣-٥-٢ پەیوەندیی نیشانە، لەگەڵ ڕاڤەکردندا:

ئەم ئاڕاستەکردنە ((پەیوەندیی بە مەودای نیشانەکەوە هەیە، پەیوەستە بە خوێنەر یان بە گوێگر))[٢]، واتە خوێنەر بڕیاری لەسەر دەدات، جا لە ڕاڤەکردندا، پشت بە وێکچوون دەبەستێ، یان پشتڕاستی دەکاتەوە، یان بەڵگەی لەبەردەستە.

ئەم سێ ڕەهەندیی یە، زنجیرەیەك ڕەوانەکردن لەنێوان ڕەگەزەکاندا ئەنجام دەدەن، پەیوەندیی نێوان ئەو سێ کارتێکەرە، کە بەدوایەکدا بەشداریدەکەن، پەیوەندییەکی سیانەیی یە.

بۆئەوەی بتوانرێ شتی بەرچاو لە بیردا پارێزراو، بگۆڕدرێت بۆ مەعریفەیەکی گشتی، پێویستە لە میانەی سێ ڕەگەزەکەی نیشانەدا ڕێك بخرێن، ئەگەرنا سوود بەخش نابێت[٣]. سیانەیی نیشانە لای پێرس، سییانەییەکی دیکە لەخۆدەگرێت، هاوشێوەی لۆژیکی ئەو پەیوەندییەی کە کۆنترۆڵی نیشانە دەکات، ((ئەو ڕەهەندانە خۆیان نیشانەی دیکەن بۆ نیشانە

(١) د. عبدالله بريمی، مطاردة العلامات، ص٨٧.
(٢) جيرار دولودال، السيميائيات أو نظرية العلامات، ت: عبدالرحمن بو علي، ص٥٩.
(٣) سليم جلال، أسماء السور في القران الكريم، ص٢٠.

سه‌ره‌كییه‌كان))[١]، واته‌ هه‌ریه‌ك له‌ ڕه‌گه‌زه‌ سه‌ره‌كییه‌كان (نوێنه‌ر، بابه‌ت، ڕاڤه‌كردن) سێ شێواز له‌ خۆ ده‌گرێت، هه‌ره‌یه‌ك له‌م پێكهاتانه‌ش، په‌یوه‌ندییه‌كی پته‌ویان به‌یه‌كه‌وه‌ هه‌یه‌ و به‌بێ یه‌كتری ناتوانن له‌ نیشانه‌دا، ڕێگه‌ به‌ ڕه‌وانیی واتا بده‌ن.

له‌م هێڵكارییه‌دا، دابه‌شكارییه‌ سیانه‌یی یه‌كه‌ی پێرس، ده‌خه‌ینه‌ڕوو:




ده‌توانین هه‌مان دابه‌شكردنه‌ سیانییه‌كانی نیشانه‌، لای پێرس، له‌م خشته‌یه‌دا بخه‌ینه‌ڕوو[٢]

| نوێنه‌ر | نیشانه‌ی جۆری | نیشانه‌ی تاك | نیشانه‌ی یاسایی |
|---|---|---|---|
| بابه‌ت | ئایكۆن | ئیندێكس | ڕه‌مز |
| ڕاڤه‌كردن | وێنه‌گرتن | پشتڕاستكردنه‌وه‌ | به‌ڵگه‌ |

به‌پێی ئه‌م خشته‌ی سه‌ره‌وه‌بێت، نیشانه‌ جۆرییه‌كان وه‌ك ئایكۆن وێنا

(١) سلیم جلال، المصدر السابق، ص ٢٢.
(٢) د. جمیل حمداوي، السیمیوطیقا و العنونة، مجلة عالم الفكر، ص٨٦.

دەکرێن، نیشانە تاکەکانیش وەك ئیندێکس پێویستییان بە دانپێدانان هەیە و نیشانە یاساییەکانیش، وەك ڕەمز لە ڕاڤەکردندنیاندا پشت بە بەڵگە دەبەستن. پێرس ((نیشانە زمانییەکان لە جۆری سێیەمدا (نیشانە ڕەمزییەکان) سنووردار دەکات، لە کاتێکدا جۆرەکانی ئایکۆن و ئیندێکس بە نیشانەی نازمانی دادەنێت))[1]. لەگەڵ ئەمەشدا، سنووری هیچ کام لەم جۆرانەی بە داخراوی جێنەهێشتووە و دوای ئەویش، بەرفراوانییان بەخۆیانەوە بینیوە.

### ٦-٢ سیانەییە بەرامبەرییەکان لە نیشانەدا

پێرس، هەر ڕەگەزێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی نیشانە، بەسەر سێ جۆردا پۆلین دەکات، کە ئەمەش بەرچاوڕوونییەکی زیاترمان پێدەدات بۆ جیاکردنەوەی جۆری نیشانەکان.

#### ٢-٦-١ سیانەیی بەرامبەری لە نوێنەردا

زانیمان ئەرکی نوێنەر لە نیشانەدا تەنها نواندنە، ئەم نواندنەش ((پەیوەندیی بە ماهییەتی نیشانەکەوە هەیە لەگەڵ خودی خۆیدا، جا تەنها جۆری یە، یان بوونێکی ڕاستەقینەیە، یان ڕێککەوتنێکی گشتین))[2]، لێرەدا بەو شێوەیەی پێرس ئاماژەی پێدەکات، سێ جۆر نواندن هەیە:

١- نیشانەی جۆری (qualisigne): ئەو خەسڵەتەیە کە کوالێتیی نیشانەکەی لێ پێکدێت، ((ناتوانێ خۆی وەك نیشانە بنوێنێت، تەنها بە

(١) فضل ثامر، اللغة الثانية، (في اشكالية المنهج و النظرية و التطبيق في الخطاب النقدي الحديث) بيروت – لبنان، الدار البيضاء، ط/١، ١٩٩٤، ص٩.

(٢) تشارلز سوندرس بيرس، تصنيف العلامات، ت: فريال جبوری غزول، ضمن كتاب: مدخل الى السيميوطيقا، ص ١٧٥.

بەرجەستەکردنی نەبێت لە شتێکدا))[١]، بە واتایەکی دیکە ((ناتوانین لە دەلالەتی نیشانەکە تێبگەین، تەنها دوای ئەوە نەبێت، کە لە شتێکی ماددیدا بەرجەستە دەکرێت، چونکە واتای نیشانەکە، لە نیشانەیەکی دیکەدا لێکدەدرێتەوە، بۆیە ناتوانین لە نیشانەی جۆری نزیك ببینەوە، مەگەر بە لاسایی کردنەوە، یان بە دەرخستنی، لە شتێکی هاوشێوەدا))[٢]، بەپێی ئەم بۆچوونانە بێت، بنەمای وێکچوون و هاوشێوەیی لە نیشانکاندا، مەرجە بۆ بەرجەستەبوونیان، بۆیە نیشانە ئایکۆنییەکان، دەچنە خانەی ئەم جۆرەی نیشانە، وەك نەخشە و وێنە.

**٢- نیشانەی تاکی (sinsigne):** ئەو نیشانانەن کاتێك لە دەرەوەی بابەت، یان لە ڕووداوی تاکی دەردەکەون، ((نیشانەی تاکی، شتێکە یان ڕوداوێکی ڕاسەقینەیە، بەهۆی دەوروبەری شوێنی و کاتیی ئەو شتە، دەستنیشان دەکرێت))[٣]، ئەمەش لەخۆوە ناتوانێ ئەرکی نوێنەرایەتیکردنی نیشانە ببینێ ((ناتوانێ ببێتە نیشانە، تەنها لەڕێی جۆرییەکەی نەبێت، بۆیە نیشانەیەکی باو دەگرێتەخۆ، یان وردتر بڵێین، چەندین نیشانەی باو لەخۆدەگرێت، ئەو نیشانە باوانە بەوە جیادەکرێنەوە، کە ناتوانن ببنە نیشانە، تا لەکردەیەکدا بەرجەستە نەکرێن))[٤]، بۆنموونە، دەنگی لە ناکاوی تەقەی دەمانچە، کاتێك بۆ دەسپێکردنی کێبڕکێ دەتەقێندرێت، یان گرمە و هەورەتریشقەی پێش باران بارین، دەتوانین ناونیشانێکی وەك (ئیواران هەور دەسووتێت)، لە واقیعی شیعردا، وەك نیشانەیەکی تاکی ڕاڤەی بۆبکرێت.

---

(١) تشارلز سوندرس بيرس، المصدر السابق، ص١٧٥.
(٢) د. عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، ص٨٨ .
(٣) د. عبدالله بريمى، نفس المصدر، ص٨٩.
(٤) تشارلز سوندرس بيرس، تصنيف العلامات، ت: فريال جبورى غزول، ص١٧٥.

**٣-** نیشانەی یاسایی (legisigne) **:** یاسایەك دەیناسێنێ ((ئەو یاسایە دانراوی خەڵکە))[1]، بەو واتایەی خەڵکەکە لەسەری ڕێککەوتوون، کەواتە ئەم نیشانانە ناتوانن ڕۆڵی نیشانە لای کەسێك ببینن، ئەگەر ئاگاداری ڕێککەوتنەکە نەبێت.

((هەموو ئەو نیشانانەی کەوا خەڵك لەسەریان ڕێککەوتوون، دەبنە نیشانەی یاسایی، بەڵام پێچەوانەکەی ڕاست نییە))[2]، هەندێك لەو نیشانانەی خەڵك دایهێناون، بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتەوە پەیوەست نابن، ((لە خودی خۆیاندا دەمێننەوە، وەك ڕەمزەکانی وەرزشی))[3]، پێرس شوێنی نیشانە زمانییەکانی لەم جۆرەدا، جێکردۆتەوە.

### ٢-٦-٢ سیانەیی بەرامبەری لە بابەتدا

سیانەیی بابەت لە پێکهاتەی نیشانەدا، بەرچاوترین دابەشکردنە، کە لە نێوەندی لێکۆڵینەوە سیمیۆلۆژییەکاندا، سەرنجی تویژەرانی ڕاکێشابێ، بەڕادەیەك لە ناوهێنانی جۆرەکانی نیشانە، لەلای پێرس، بە هەڵە، ئاماژە بەم پێکهاتە سیانییەی بابەت دەکەن، وەك سێ جۆر نیشانە*.

سیانەیی ئەو دابەشکردنە لە نیشانەدا، پەیوەستە بە بابەتەکەی ((جۆری

(١) د. عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، ص٨٩.

(٢) تشارلز سوندرس بيرس، تصنيف العلامات، ت: فريال جبوری غزول، ص١٧٦.

(٣) سليم جلال، أسماء السور في القران الكريم، ص٢٢.

* بۆ نموونە:

- فەیلەسوفێ ئەمریکی (چارلز پیرس) هێمایێ دابەشی ئەڤان سێ جۆران دکەت: (هێمایا ئیندێکسی، هێمایا ئایکۆنی، هێمایا سیمبۆلیکی)، بڕوانە: شێرزاد سەبری عەلی، واتا دناڤبەرا سیمانتیك و پراگماتیکێدا، ل٨٣.

- پێرس سێ جۆرە هێما جیا دەکاتەوە: (نیشانە وێنەییەکان Iconic Sing، نیشانە ئاماژەییەکانIndexica Sing، هێما Symbol Sing) بڕوانە: د. عەبدولواحید موشیر دزەیی، واتاسازی وشە و ڕستە، ل٣١.

ئەو پەیوەندییە دیار دەکەن کە نیشانە لەگەڵ بابەتەکەیدا دروستی دەکات، بە جۆرێک پەیوەندیی بابەت بە نوێنەر وەك یەکەمین و پەیوەندیی بابەت بە بابەتەوە وەك دووەمین و پەیوەندیی بابەت بە ڕاڤەکردنەوە وەك سێیەمین))[١]، مەبەست لە یەکەمین: ئایکۆن و دووەمین: ئیندێکس و سێیەمین: ڕەمزە.

**٢-٦-٢-١ئایکۆن (الایقونە - Icon):**

پێرس لە پێناسەی بابەتی ئایکۆنیدا، دەڵێ: ((بریتیە لەو نیشانەیەی کە لەڕێی وێکچوونەوە، توانای نواندنی بابەتەکەی هەیە))[٢]، ئەم نواندنە، لە بەرهەمهێنانی نیشانەدا، لە ڕێی چەند خەسڵەتێکەوە دەبێت ((ئایکۆن پێ گرێدایێ خوەیە، ب ڕێکا وەکهەڤییا هندەك خەسلەتان، کو د ئەنجامدا دەلالەتەك نوی ژێ دهێتە بەرهەمهێنان))[٣]دا، واتە بە هۆی ئەو سیفەتە تایبەتییانەی، کە لە شتەکەدا بوونیان هەیە، ((دەشێ هەر شتێك ببێتە ئایکۆن بۆ شتێکی دیکە، ئەو شتە خسڵەت بێت، یان هەر بوونێکی دیکەی هەبێت، یان یاسایەك بێت، تەنها بە بوونی هاوشێوەیی لە نێوانیاندا و وەك نیشانە بۆی بەکار بهێندرێت))[٤]، بە واتایەکی دیکە، ((لە نیشانە ئایکۆنییەکاندا، پەیوەندی نێوان دال و مەدلوول لەسەر بناغەی وەکیەکی بنیات نراوە))[٥]، پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئایکۆن پەیوەندیی بابەتە بە

(١) د. عبدالله بريمي، مطادة العلامات، ص٩١.

(٢) أمبيرتو ايكو، سيميائيات الانساق البصرية، ترجمة: محمد التهامي العماري، دار الحوار للنشر و التوزيع، ط/٢، سوريا ٢٠١٣، ص٢٣.

(٣) نزار سلمان طاهر، سیمیۆلۆژیا دیتنێ د هۆزانا هەڤچەرخا کوردیدا ، نامەی دکتۆرا، فاکۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی – سکولا ئادابێ – زانکۆیا دهۆکێ، ٢٠١٤، ل٥٥.

(٤) سيزا قاسم، السيميوطيقا حول بعض المفاهيم و الابعاد، مدخل الى السيميوطيقا، ص٦٨.

(٥) کامەران ئیبراهیم مشەختی، سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلایێ جزیری دا، ل٤٧.

نــوێنەرەکەی، پەیوەنــدیی نێــوان بــابەت و نوێنەرەکەیشــی، پەیوەنــدییەکی وێکچوونییە. کەواتە ((ئایکۆن ناتوانێ وەك نیشانە کاربکات، ئەگەر بابەتێك نەبێت))[١]، پێرس سێ جۆر نیشانەی ئایکۆنیی دیارکردووە (( وێنە و نەخشە و خواستن، هەمووشـیان پەیوەسـتن بە لایەنـی وێکچوونیـان، لەگەڵ ئامـاژە بۆکراوەکانیـان))[٢]، واتـە بـە دیـدی پێـرس، هـەر یـەك لـە وێنـەی کەسـی و نەخشـەی ئەنـدازەیی، بـۆ نموونـە نەخشـەی خانوویـەك، یـان باڵاخانەیـەك، نیشانەی ئایکۆنین، سەبارەت بە خواستنیش، دانیال تشاندلر دەڵێ: ((خواستن لە بنەڕەتدا، شێوە باوەکەی نییە، چونکە لەسەر بنەمای وێکچواندنێکی تایبـەتکراو نییـە، بـەڵام "پێویسـتە وێکچوونێـك هـەبێت کـە خواسـتنەکەی پـێ لێکبدرێتـەوە" وێکچوونێـك ئامـاژە بـە بەشـداریی ئـایکۆن بکـات لـە شـێوازی خواسـتندا))[٣] بۆنموونـە خواسـتنی پیتـی (⌒) نـوون، بـۆ چـاو و بـرۆی کەوانەیی، یان پیتی (ا) ئـەلف بـۆ قـەد، کەواتە بابەتی نیشانە ئایکۆنییەکان لـە هـەر جۆرێکدابن، خاوەنی ئەو خەسڵەتانەن، کە لەنێوان نوێنـەر و بابـەتی نیشانەکەدا، پەیوەندییەکانیان لەسەر بونیاد دەنرێن.

نیشـانە ئایکۆنییەکـان، لە پـۆلینکردنی سـیمیۆلۆژیانەی نیشـانەکاندا، بـایەخێکی زۆریـان هەیە، بەتـایبەتی دوای ئەوەی گروپێـك لـە قوتابخانـەی تـارتۆی مۆسـکۆ، پێیـان وابوو((سیسـتەمی نیشـانە سـیمیۆلۆژییەکان، لەسـەر دووجـۆر نیشـانە بونیـاد دەنـدرێن، نیشـانە باوەکـان (زەینییـەکان) و نیشـانە ئایکۆنییەکـان (وێنەییـەکان)، کە بەهـیچ شـێوەیەك ناتوانـدرێ ئەم دووجـۆرە

(١) د.عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، ص٩٢.

(٢) سيزا قاسم، السيميوطيقا حول بعض المفاهيم و الابعاد، مدخل الى السيميوطيقا، ص٦٨.

(٣) دانيال تشاندلر، أسس السيميائية، ت: د. طلال وهبة، ص٢١٩.

لەیەکدی دابڕێن))[١]، ئەمەش سنووری نیشانە ئایکۆنییەکان بەڕادەیەك فراوان دەکات، کە تەنها لە قالبی فۆڕمدا نەمێننەوە، بۆ نموونە لە بەرهەمهێنانی نیشانەی (نوون) وەك ئایکۆنی برۆ، پەنا بۆ لایەنی زەینی دەبەین، پیتی نوون ((لە ڕێنووسی عەرەبی کۆن سەرەو ژێر(⌒) دەنووسرا، ئەم پیتە وەکو دالێك دلالەت دەکاتە سەر برۆ کەوانەییەکانی خۆشەویست))[٢]، بەکارهێنانی لە بواری ئەدەبیدا لە دەرکەوتەی فۆڕمییەوە بەرەو لێکدانەوەی هزری چووە، لەجیاتیی نیشانەی دەنگ، ناوی دەنگەکە دەنووسرێت، بۆ نموونە، ئەگەر سەرنج لەم دێرە شیعرەی مەلای جزیری بدەین:

**میسلێ وێ قەوسێ هیلالێ کو دوو نوون ڕەیحانێ**
**کێ نیشان دانە ژ شیراز و کێ ئانینە ژ یەنگ**[٣]

گواستنەوی دەلالەتی ⌒⌒ ← (دوو نوون) ← دوو چاو و دوو برۆ.

هەنگاوێکی دیکەی میتۆدی سیمیۆلۆژیایە، لە بەکارهێنانی جۆرەکانی نیشانەدا، دەرفەت لە بەردەم شیعردا، فراوانتر دەکات.

هەروەك نیشانە ئایکۆنییەکان، ڕۆڵێکی گرنگیان لە دروستکردنی کەلتووری هاوبەشدا هەیە.

لە شیعری هاوچەرخدا، داهێنان لە شێوازی بەکارهێنانی نیشانە ئایکۆنییەکاندا کراوە، بەتایبەتی لە ناونیشاندا، نموونەی چەند ناونیشانێکی ئایکۆنیی (نەوزاد ڕەفعەت) دەخەینەڕوو:

---

(١) سیزا قاسم، السیمیوطیقا حول بعض المفاهیم و الابعاد، مدخل الی السیمیوطیقا، ص٦٩.
(٢) کامەران ئیبراهیم مشەختی، سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلایێ جزیری دا، ل١٦٩.
(٣) کامەران ئیبراهیم مشەختی، سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلایێ جزیری دا، ل١٧٠

- بەئایکۆنی کردنی ڕەنووسی پیت و وشەکان:










نموونەی چەند ناونیشانێکی بە ئایکۆن کراو

لەم کردەیەدا، بەمەبەستی سەرنجڕاکێشان، سوود لە کاریگەریی بینین وەردەگیراوە. هەر یەك لەم نیشانە ئایکۆنییانەی سەرەوە، وێنەی وشە بەدوای یەکدا هاتووەکانی: (کێو، خەون، با، چەمی بێدار)ن.

ئەم شێوەبەکارهێنانەی بەئایکۆنی کردنی ناونیشان، بەشێوەیەکی گشتی، بووەتە بەشێك لە فۆڕمی ناونیشانە سەرەکییەکان، بەتایبەتی ناونیشانی سەربەرگ. بۆئەو مەبەستەش، هونەرکارییەکی زۆری تێدادەکرێت، ڕەنگ و بەرجەستەکردنی شێوەی بابەتی نیشانەکەی تێدا لەبەرچاو دەگیرێت. لە بەرجەستەکردنی ناونیشانی (ڕێی تاوسان)دا، ناونیشانی دیوان جگە لە بەئایکۆنی کردنی وێنەی پیت و وشەکان، نەخشەساز پەنای بۆڕەنگڕێژکردنی ناونیشانەکە بردووە و شێوەی تاوسێکی وەرگرتووە، کە لەکاتی خۆنواندندا دەردەکەوێت.



- ناونیشانی دیوانی (ڕێی تاوسان)

- بەئایکۆنی کردنی جووڵەی واتایی:

ئەگەر سەرنج لەم ناونیشانە بدەین:




ناونیشانی شیعر

(نــەوزاد ڕەفعــەت)، لــە بــەئایکۆنی کردنــی ناونیشــانەکەیدا، جووڵــەی هەڵســانەوەی پیتــەکانی، بــە وشــەکە داوە، شــاعیر، ئــەم شــێوازەی، لــە شیعرەکانیشیدا، پەیڕەوکردووە.

### ٢-٢-٦-٢ ئیندێکس (المؤشرة – Index)

پێــرس لــە پێناســەی ئــەم جــۆرەی نیشــانەدا دەڵــێ: ((بریتییــە لــەو نیشــانەیەی، کــە لــە ڕێــی کاریگــەریی ڕاســتەقینەوە، ئامــاژە بەبابەتەکــەی دەکــات، ناتوانێــت ببێتــە نیشــانەیەکێ جــۆری، چونکــە نیشــانەی جــۆری جیــا لەهەر شتێکی دیکە، ماهیەتێکی سەربەخۆی هەیە، بەو پێیەی ئیندێکس بە باتەکەیــەوە کاریگــەرە، دەبــێ ببێتــە بەشــێك لــە جــۆی بابەتەکــە))[1]، بــەو مانایــەی، لــە نیشــانە ئیندێکســییەکاندا، پەیوەنــدیی نێــوان نیشــانە و نیشــانە بۆکراو پەیوەنیدییەکی نزیکە، ((نیشانە جۆرێك لە ئایکۆنی بوونی تێدایە، بەلەبــەرچاوگرتنی تایبەتمەنــدیی جۆرییەکــەی، نــەك تــەنها لــە ڕووی ئــەو وێکچوونــەی، کــە لەگــەڵ بابەتەکەیــدا هەیــەتی و وەك نیشــانە نوانــدنی بــۆ دەکــات، بــەڵکو بوونــە ڕاســتەقینەییەکەی لــە بابەتــدا وادەکــات وەك نیشــانە دەربکــەوێ))[2]، ئەم جــۆرە نیشــانانە لای پێــرس نیشــانە سروشــتییەکانیش دەگرنەوە، کە لە بوونیاندا ئامــاژەی ڕاستییەك هەیــە، وەك بــە هــەڵمبوونی ئــاو نیشانەی کوڵانییەتی، یان کەوتنەخوارەوەی دڵۆپەئاو لە ئاسمان نیشانەی باران بارین و ... تد. کەواتە ((لە نێوان دال و مەدلولدا، پەیوەندییەکی هۆکاریی

---

(١) تشارلز سوندروس بيرس، تصنيف العلامات، ت: فريال جبوري غزول، ص١٧٦.
(٢) د. عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، ص٩٣-٩٤.

لـۆژیکی هەیە))[١]، لە ناسـاندنی ئەم جـۆرە نیشـانەدا، زۆرتـرین نمـوونە بە دوکەڵ و بوونی ئاگر هاتۆتەوە.

پێـرس پێیـوایە ((هەر شـتێك مـایەی تێڕامـان و سـەرنج بێـت، ئیندێکسە))[٢]. نیشانە ئیندێکسییەکان دەکاتە دوو جۆر:[٣]

أ- ئیندێکسە ڕاستەقینەکان: ئەو نیشانانەن کەوا ڕاستەوخۆ بۆ بابەتەکەیان دەچن، بۆ نموونە بوونی دوکەڵ بۆ بوونی بابەتی ئاگر. نەوزاد ڕەفعەت لە ناونیشانی (ڕیشی ڕیا)دا، لەڕێی نیشانەیەکی ئیندێکسیی ڕاستەقینە، بەرەو بابەتی (فێڵ و درۆ و تەڵەکەبازیی)مان دەبات، ئەوەی نموونە ئەدەبییەکە، لە نموونـە سروشـتیە بەرهەسـتەکە جیـادەکاتـەوە، ئێمـە لـە واقیعـدا، بـەبێ لەبـەرچاوگرتنی دەوروبـەر، نـاتوانین ڕیشـی ڕیـا، لـە ڕیشـگەلێکی دیکـە جیابکەینەوە، تا بەرەو بابەتی فێڵ و تەڵەکەبازیی خاوەنەکەی بچین، بەڵام لـە کـاری ئەدەبیـدا، شـاعیر ئـەو توانایـەی هەیـە و ئێمـەی خوێنـەریش لـەبـەر ڕۆشـنایی بڕیـاری شـاعیر، ڕاسـتەوخۆ بـەرەو مەبەسـتی بابـەتی نیشـانەکە دەچین.

ب- ئیندێکسـە لاوەکییەکـان: لەڕێـی نێوەنـدگیرییەوە بـۆ بـابەت دەگوازرێنەوە. بۆ نموونە، نیشانە زمانییەکان، وەك هاوەڵناوەکانی نیشانە.

پێرس پێیوایە ((هاوەڵناوەکانی نیشانە (ئەمە) و (ئەوە) ئیندێکسن، چونکە وا لە گـوێگر دەکـەن، کە سـەرنج بـدات و توانـای تێبینیـی چـڕ بکـاتەوە و پەیوەندییەکی ڕاستەقینە لە نێوان خۆی و ئەو شتانەی ناوەکان ئاماژەیان بۆ

(١) د. جميل حمداوى، السيميوطيقا و العنونة، مجلة عالم الفكر، ص٨٦.
(٢) سيزا قاسم، السيميوطيقا حول بعض المفاهيم و الابعاد، مدخل الى السيميوطيقا، ص٦٩.
(٣) د. عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، ص٩٥.

کردووە، بدۆزێتەوە))[1]، دەبینین پێرس، جیاوازیی لە نێوان نیشانەی سروشتی و نیشانەی زمانی کردووە، نیشانە زمانییەکانی بە نیشانەی لاوەکی هەژمار کردوون.

بەم پێیەبێت، ناونیشانێکی وەك (دارستانی ئەو بنارە)، نیشانەیەکی ئیندێکسیی بەرهەمهێناوە.

**٣-٢-٦-٢ ڕەمز (الرمز- Symbol)**

پەیوەندیی سێیەمە لە بابەتی نیشانەدا و بابەت بە ڕاڤەکردنەوە پەیوەست دەکات، بابەتی ئەو نیشانانە دەگرێتەوە کە لەسەر بنەمای ڕێککەوتن بونیادنراون، ((زۆربەی جار پەیوەستن بە بیرۆکەی گشتی، کە ڕەمز بە بابەتەکەیەوە دەبەستنەوە))[2]، واتە لەبەرامبەریەککردنی بابەت و نیشانەکەیدا، یاسایەك هەیە، نەك وێکچوون و ڕەنگدانەوە، ئەو یاسایانەش بەزۆری لەسەر ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی داڕێژراون.

ڕەمز وەك نیشانە، ((ئاماژە بۆ شتێك دەکات، کە بوونێکی سەربەخۆی هەیە، ئەو شتە دەنوێنێ و شوێنی دەگرێتەوە))[3]، بەڵام پێویستی بە نێوەندێك هەیە بۆ دەلالەت لە نیشانەکردنی نوێنەر، کە ڕەگەزی ڕاڤەکردنە لە نیشانەدا، بەو مانایەی پەیوەندیی ڕەمز بە خودی نوێنەر، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ نییە، ((ڕەمز بۆ ئەوەی ببێتە دال، پێویستە لە کۆپییەکدا بەرجەستە بکرێت، بە واتایەکی تر، پەیوەندیی ڕەمزی، ناتوانێ لە بزاوتی سیمیۆزسدا بە

(٢) سیزا قاسم، السیمیوطیقا حول بعض المفاهیم و الابعاد، مدخل الی السیمیوطیقا، ص٧٠.
(٣) د.پەخشان سابیر حەمەد، ڕەمز، ل١٠.

شێوەیەکی کارا کاربکات، تەنها لەڕێی نێوەندگیریی کۆپییەکدا نەبێت))[١]، بەواتایەکی دیکە، ((دەرکەوتەی ڕەمزیی نیشانە، لە بەهای ئەو نیشانەیەوە بەرهەم دێت، کە لە غەیری خۆی جیای دەکاتەوە))[٢]، وەك، ئالآی ولاتان، یان ڕێککەوتن لەسەر (کۆتری سپی) وەك رەمزی ئاشتی، نیشانەکانی هاتووچۆ و نیشانەکانی مۆسیقا، ئەو ڕێککەوتنە گشتییەش، پەیوەستە بە بوونی حاڵەتگەلێك کە ڕەمزەکە دەریاندەبڕێت، بەلآم ((ڕەمز، بەشێوەیەکی نا ڕاستەوخۆ، کاردەکاتە سەر ئەو حاڵەتەی دەریدەبڕێت، لە میانەی پەیوەستبوون پێیەوە، یان لە میانەی ڕێککەوتنگەلێکی دیکە، بۆیە ڕەمز جۆرێك لە ئیندێکس بوونی تێدایە))[٣]، ئەوەی ڕەمز لە ئیندێکس جیادەکاتەوە، ((ڕەمز گشتییە و ئیندێکس تایبەتە، ڕەمز شتێك سنووردار ناکات، لە کاتێکدا ئیندێکس، سنوورداری دەکات، ڕەمز وەسفییە و ئیندێکس ئاماژەدانە، ڕەمز پێویستی بە ئیندێکسە بۆ دەلالەتکردن لە بابەت، بەلآم ئەگەر ئیندێکس بە پەنجە ئاماژە بە بابەت بدات، ئەرکی ڕەمز قسەکردنە لەسەری، ئیندێکس دوانییە و ڕەمز سیانییە، ئیندێکس فیزیکییە و ڕەمز زەینییە))[٤]، کەواتە دەتوانین بڵێین ڕەمز لە نێوان ڕەگەزەکانی نیشانەدا، بزاوتێکی بەردەوام بە پەیوەندییە دەلالییەکان دەدات، بۆیە لە بەرهەمی ئەدەبیدا، مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەمزدا، پانتاییەکی زۆری گرتووە، بەتایبەتی لە دەقی شیعری و لە ناونیشاندا.

لەنێو ناونیشانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، نموونەی ئەم حاڵەتانەمان

(١) د. عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، /٩٩.
(٢) د. قاسم المقداد، تفكرات السيميائية، ص٥٩.
(٣) تشارلز تصنيف العلامات، ت: فريال جبوري غزول، ص١٧٧.
(٤) د. عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، ص٩٩.

زۆرن، بۆ نموونه‌، (ئێواران هه‌ور ده‌سووتێت)، (شه‌وبا)، (هێشتا دره‌خته‌كان سه‌وزن) و چه‌ندین ناونیشانی دیكه‌, كه‌ ناتوانین له‌ڕوانگه‌ی ئیندێكسه‌وه‌، به‌بابه‌تی ڕاسته‌قینه‌ی نیشانه‌كانیان بگه‌ین.

(نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت) جگه‌ له‌ به‌كارهێنانی (ڕه‌مز) وه‌ك نیشانه‌، هه‌وڵی به‌ڕه‌مزكردنی نیشانه‌كانیش ده‌دات، له‌به‌شی سێیه‌می ئه‌م لێكۆڵینه‌وه‌یه‌دا، چه‌ند نموونه‌یه‌ك خراونه‌ته‌ڕوو.

## ٢-٦-٣ سیانه‌یی به‌رامبه‌ری له‌ ڕاڤه‌كردن دا

بنه‌مای دابه‌شكاریی سیانه‌یی ڕه‌گه‌زی ڕاڤه‌كردن، وه‌ك ڕه‌گه‌زه‌كانی دیكه‌، له‌سه‌ر په‌یوه‌ندیی ئه‌م ڕه‌گه‌زه‌یه‌ له‌گه‌ڵ ڕه‌گه‌زه‌كانی دیكه‌ی نێو بزاوتی سیمیۆزس، واتا له‌گه‌ڵ نوێنه‌ر وبابه‌ت و خودی خۆیدا، وه‌ك ڕاڤه‌كردن.

### ٢-٦-٣-١ وێنه‌گرتن التصویر ((ڕاڤه‌كردنی ڕاسته‌خۆ))

بونیادی یه‌كه‌می سیانه‌یی ڕه‌گه‌زی ڕاڤه‌كردنه‌ له‌ بزاوتی سیمیۆزسدا ((سه‌باره‌ت به‌ ڕاڤه‌كردن، نیشانه‌ی جیاكردنه‌وه‌یه‌، هاوشانی لۆژیكی كلاسیكی و ئه‌ركی سینتاكسیی هاوچه‌رخه‌))[(١)]. ئه‌م جۆره‌ی سیانه‌یی ڕاڤه‌كردن، لای پێرس بریتییه‌ له‌ نیشانه‌یه‌ك، ((ڕێگه‌ به‌ تێگه‌یشتنی ده‌لاله‌ته‌كه‌ی ده‌دات، ئێمه‌ له‌و نیشانانه‌ تێده‌گه‌ین، به‌و پێیه‌ی شتێكه‌ توانای نواندنی هه‌ر جۆره‌ بابه‌تێكی هه‌یه‌، وێنه‌كه‌ زانیاریمان پێده‌دات، به‌ڵام

(١) جیرار دولودال، السیمیائیات أو نظریة العلامات، ت: عبدالرحمن بو علي، ص٣١.

زانیارییه‌كانمان بۆ لێكناداته‌وه))[١]، واته ئه‌و ده‌لاله‌ته ده‌گه‌یێنێت، كه له تێگه‌یشتنی گشتیدا هه‌یه، كه‌واته سنووری لێكدانه‌وه‌ی نیشانه، په‌یوه‌سته به بابه‌تی ڕاسته‌وخۆی نیشانه‌كه. بۆ نموونه كاتێك بمانه‌وێت كه‌سێكی نابه‌ڵه‌د به زمان، له وشه‌ی (خانوو) تێبگه‌یێنین، به دروستكردنی شێوه‌ی خانوو، له ده‌لاله‌تی خانوو تێده‌گات.

## ٢-٦-٣-٢ پشتڕاستكردنه‌وه التصدیق ((ڕاڤه‌كردنی دینامیكی))

جۆری دووه‌می سیانه‌یی پێكهاته‌ی نێو ڕه‌گه‌زی ڕاڤه‌كردنه له بزاوتی سیمیۆزسدا، به‌دوای ئه‌و ده‌لاله‌ته‌ناوه‌یه، كه له پشت ده‌لاله‌ته ڕاسته‌خۆكه‌دان. ڕاڤه‌كردنێكی دینامیكییه ((هه‌موو ئه‌و ڕاڤه كرده‌ییانه‌ن، كه زه‌ین به نیشانه‌ی ده‌دات))[٢]، واته ده‌لاله‌ت له‌بوونێكی واقیعی یان كرداری ده‌كات، جیاوازیی له‌گه‌ڵ جۆری یه‌كه‌م (وێنه‌گرتن) له‌وه‌دایه، كه هه‌ڵسه‌نگاندن بۆ په‌یوه‌ندیی نێوان بابه‌ت و هه‌ڵگری ده‌لالی ده‌كات و ((به ڕوانینێكی لۆژیكییانه، په‌یوه‌ندی له‌نێوان دوو شتی جێگیر بونیاد ده‌نێت، به‌و پێیه نیشانه‌كه شیاوی بڕیاردانه، واته هه‌ڵگری ڕاستییه، پێچه‌وانه‌ی نیشانه‌ی (وێنه‌گرتن)، كه بڕیار له‌سه‌ر ڕاستی یان ناڕاستی نادات))[٣]، بۆ نموونه هه‌بوونی دووكه‌ڵ، ڕاستیی هه‌بوونی ئاگر پشتڕاست ده‌كاته‌وه.

ڕاڤه‌كردنی دینامیكی، ئه‌گه‌ری نیشانكردن ده‌بوێرێ و به‌ره‌و زنجیره لێكدانه‌وه‌یه‌كی به‌رفراوان ده‌چێت، واته ((هێنانه‌وه‌ی ڕاڤه‌كردنی دینامیكی،

---

(١) د. عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، ص١٠١.
(٢) سعيد بنگراد، السيميائيات مفاهيمها و تطبيقاتها، ص١٠٣.
(٣) سعيد بنگراد، المصدر السابق ص١٠٣.

سـیمیۆزس بەرەو زنجیرەیەکـی بـێ کۆتـایی دەلالەتکـردن دەبـات))[١]، هەر ئەمەش وایکردووە، تێڕوانینمان لە بەنیشانەکردنی دەورووبەردا بەرفراوانتر بێت.

**٢-٦-٣-٣بەڵگە البرهان argument:**

هەروەك بە ناوەکەیدا دیارە، لە نێو ئەو زنجیرە دەلالەتەی لە ڕاڤەکردنی دینامیکیـدا بـێ کۆتـا دەگـوازرێنەوە، لە خاڵێکـدا و لەسـەر دەلالەتێکـدا دەگیرسێتەوە.

پێـرس تێبینیـی ئەوەی کـرد، ئەو دینـامیکییەتەی ڕاڤەکـردن، کە بە بەردەوامـی خـۆی لە نێـو بزاوتـی بـێ کۆتـایی سـیمیۆزدا بە دەوردراوی دەبینێـتەوە، بەرەو ڕووی دژە هێزێـك دەبێـتەوە کە لە خاڵێکـدا دەیوەسـتێنێ و سنوورێك بۆ ئازادییەکانی دەکێشێت، ئەو هێزە هاوشێوەی کردەی ڕاڤەکردنی کۆتاییە، بەڵگە لە دیدی پێرس دا، بریتییە لەنیشانەیەك کە لە پەیوەندیی بە ڕاڤەکردنەکەیەوە نیشانەی یاسایی پێکبێنێت. بە واتایەکی تـر وێنـەی نیشـانە بەوە دەناسـرێتەوە، کە نـوێنەرایەتی بـابەتەکەی دەکـات. پشتڕاسـتکرنەوەی نیشـانەش بەوە دەناسرێتەوە، کە لە میـانەی بـوونێکی واقیعـی، نـوێنەرایەتیی بابەتەکەی دەکات. بەڵگەی نیشانەش بەوە دەناسرێتەوە، کە لە میـانەی سیماو جیاکەرەوەکانی وەك نیشانە، نوێنەرایەتیی بابەتەکەی دەکات[٢].

ئەم وردەکارییەی پێرس، لـە شـیکردنەوەی نیشـانەکاندا، بناغـەیەکی پتـەوی بـۆ هەریـەك لـە سیمیۆلۆژیای پەیوەنـدی کـردن و سـیمیۆلۆژیای دەلالـەتکردن دامـەزرانـد، بەمـەش، خزمـەتێکی گـەورەی بـە سـیمیۆلۆژیای ئـەدەب کـردووە.

---

(١) المصدر السابق ، ص١٠٤.

(٢) د. عبدالله بريمي: مطاردة العلامات، ص ١٠٤- ١٠٥.

لێکۆڵەری بواری سیمیۆلۆژیا، بەپشت بەستن بە شیکردنەوەکەی پێرس، دەتوانێ بە قووڵاییەکانی دەقدا شۆڕ ببێتەوە و مامەڵەیەکی وردتر لەگەڵ نیشانەکاندا بکات.

ئێمە لە لێکدانەوەی نیشانەیی ناونیشانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، پشتمان بە ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی سیمیۆزس بەستووە، کە لە تێڕوانینی پێرس سەبارەت بە نیشانە، جێی بایەخە. هەوڵماندواوە، لە ڕوانگەی سیانەیی ڕەگەزەکانەوە، شوێن پێی بزاوتی نیشانەکان هەڵبگرین و لێکیانبدەینەوە، ئەمەش لە جیاکردنەوە و ناسینەوەی نیشانەکان. هاوکارییەکی زۆری کردین.

# بەشی سێیەم

# سیمیۆلۆژیای ناونیشان

## ٣-١ بەرچاوڕوونی

باسکردن و گرنگیدان بە ناونیشان، وەك بابەتێکی سەربەخۆ، لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبیدا، بەتایبەتی لەبواری ڕەخنەی ئەدەبیی هاوچەرخدا و زیاتریش بەپێی میتۆدی سیمیۆلۆژیا، لەبەرئەوەیە، کە ناونیشان ((نیشانەیەکە لەنێو نیشانەی فراوانتردا))[١]، لەبەر پڕبایەخیی ناونیشان لە داهێنانی ئەدەبی و لە لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکاندا، ((زانستێکی تایبەت و سەربەخۆی بۆ داندراوە، کە زانستی ناونیشانە))[٢]، علم العنونة، Titrologie . هەوڵی بەزانستی کردنی ناونیشان بۆ (لیۆ هۆك)[٣] دەگەڕێتەوە، دواتر (جیرار جێنێت)[٤] لە بواری ئەدەبی و ڕەخنەییدا، پێگەی ناونیشانی بە شوێنی

(١) رحماني علي، سيميائية العنوان في روايات محمد جبريل، ص ٢٩٤.

(٢) شادية شقروش، سيمياء العنوان في ديوان (مقام البوح) للشاعر، د.عبدالله العشي، محاضرات الملتقى الوطني الخامس "سيمياء و النص الادبي" ١٥- ١٧ نوفمبر ٢٠٠٨، منشورات جامعة محمد خيضر بسكرة، ص ٢٦٥.

(٣) لیۆهۆك Leo Hock ڕەخنەگرێکی ئەدەبییە، ڕۆڵێکی کاریگەری لە دامەزراندنی زانستی ناونیشاندا Titrologie هەبووە، خاوەنی کتێبی (La marque du titre) کە لەساڵی ١٩٧٣ بڵاوکراوەتەوە.

(٤) جیرار جنێت (Gerard Genette) (١٩٣٠ - ) ڕەخنەگرێکی فەرەنسییە، سەرەتا لەگەڵ بونیادگەرییەکان و پاشان چووە نێو پاش بونیادگەری و دواتر ناو هەڵوەشاندنەوەگەرایی، یەکێکە لەو پێشەنگانەی، کە بایەخێکی زۆریان بە ناونیشان داوە، کتێبێکی بەناوی بێراییەکان (عتبات Seuils) لەساڵی ١٩٨٧ بڵاوکردۆتەوە. لەدەقەکانی دەوروبەری دەقی سەرەکیی کۆڵیوەتەوە و لەپۆلینکارییەکدا، بەسەر دەقی دەوروبەر و دەقی سەروو دابەشی کردوون، دەقەکانی دەوروبەر بە بێراییەکانی دەق ناودەبات و

شیاوی خۆی گەیاند. سەبارەت بە بوون و ناسینی ناونیشان لای کورد، ناونیشان لە ئەدەبی فۆلکۆریدا، ئەرکێك یان زیاتر لە ئەرکێکی بینیوە، وەك ناونان، ئاڕاستەکردن، وروژاندن ... هتد، بەدەیان هەقایەتی وەك (چلکەزی) و (هەیاسی دوڕناس) و دەیان بەیتی وەك (سیسەبان) و (خەج و سیامەند) لەنێو خەڵکدا بوونەتە ناسنامەی دەقەکانیان. ئەمڕۆ دەتوانرێ، بەپێی پێوەرەکانی زانستی ناونیشان، لێیان بکۆڵدرێتەوەو پۆلین بکرێن، بۆیە ناکرێ بڵێین ناونیشان لەڕێی ئەدەبییاتی بێگانەوە هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی کوردی، بەڵام دەتوانین بڵێین پەیڕەوکردن و مامەڵەکردنی شاعیرانی نوێخواز و ڕەخنەگران لەگەڵ ناونیشاندا، لەو ڕێگەیەوە بووە، ((لەگەڵ هاتنی ڕۆمانسییەکان، دەرگای نوێبوونەوەیەکی دیکە کرایەوە، کە چەندین گۆڕانکاریی لە چەمکی ئەدەبیات و ڕەخنەدا کرد))[١]، یەکێك لەو گۆڕانکارییانەی بەسەر شیعردا هات، دانانی ناونیشان بوو بۆ دەقی شیعری. لە شیعری هاوچەرخیشماندا، ناونیشان پێشکەوتنێکی فرەجەمسەریی بەخۆیەوە بینیوە، کە تێڕوانینی هونەری شێوەکاری و شێواز و شیعرییەتی لەخۆگرتووە، بەڕادەیەك، ((لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا، ئەمڕۆ، قەسیدەی ئەوتۆ دەخوێنیتەوە، کە ئەگەر ناونیشانەکەی لێ بقرتێنی، وەك قەڵەمی بێ نووکی لێ دێت))[٢]. ئەمڕۆ، ناونیشان لە هەموو بوار و پسپۆڕییەکدا بەکاردێت، وەك: (زمانەوانی، ڕەوانبێژی، هونەرە جوانەکان ... هتد) بۆیە ئاساییە لە هەربوارێکدا، بەپێی پسپۆڕییەکەی لێکدانەوەی بۆ بکرێت و لێی بکۆڵدرێتەوە.

---

لەنێو هەمووشیاندا، زیاتر جەخت لەسەر ناونیشان دەکاتەوە.

(١) روفیة بو غنوط: شعریة النصوص الموازیة في دواوین عبدالله حمادي، رسالة ماجستیر، كلیة الاداب واللغات، جامعة منتوري ـ قسنطینة، الجزائر، ٢٠٠٦ـ ٢٠٠٧، ص/١٢١.

(٢) فازیل شەورۆ، تەلیسمەکانی (مەزاری مامزان)، گۆڤاری رامان، ژ٢٢٣ ، خولی سێیەم، ٢٠١٥، ل٧٣.

## ٣-٢ زاراوەی ناونیشان

لە ئینگلیزیدا زاراوەی "title" و لە فەرەنسیدا "titre" ی بۆ بەکاردێت، (Adams) پێیوایە: ((بنچینەی وشەکە بۆ "titulus" ی لاتین دەگەڕێتەوە، بە واتای قسەیەکی نووسراو، نازناو، تێبینی، ناونیشانی شەرەف، ناوبانگ))[١]، لە عەرەبیشدا زاراوەی (العنوان) ی بۆ بەکاردێت، زۆربەی لێکۆڵەرەوە عەرەبەکان بۆ پێناسەکردنی زاراوەی ناونیشان، پشتییان بە فەرهەنگی (لسان العرب) بەستووە، کە تیایدا، (زاراوەی ناونیشان بۆ دوو بنچینە دەگەڕێنێتەوە، یەکەمیان (عنا)، بە واتای (ویست و مەبەست)، دووەمییان (عنن)، بە واتاکانی (دەرکەوتن) دێت، کە هەردووکیشیان لە دەلالەتی واتاییدا هاوبەشن[٢] .

لە کوردیدا (ناونیشان) ی بۆ بەکاردێت، لەبنچینەدا، زاراوەی ناونیشان وشەیەکی لێکدراوە، لە دووبەش (ناو + نیشان)، یان لە (ناو و نیشان)[٣] پێکهاتووە:

بەشی یەکەم (ناو)، لە هەمبانەبۆرینەدا، بەواتای ((دروشمی ناسینی هەر شتێ))[٤] هاتووە، واتە، لە ناسینەوەی شتدا، ڕۆڵی نیشانە دەبینێ.

بەشی دووەم (نیشان)، لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا، بەچەند واتایەک لێکدراوەتەوە، (دروشم، عەلامەت، پۆپەی کەڵەشێر، جوققەی سەری دەسەڵاتداران، پێشکەشی زاوا بۆ بووک پاش مارەبڕان)، لەگەڵ پێکهاتەگەلێکی دیکە، زاراوەی جۆراوجۆریان دروستکردووە، وەک، (نیشان

(١) Adams،H. 1987. "Titles، Titling ، The "Entitlement to and Jornal of Aestheties and Art Criticism 46. P.8.

(٢) د. محمد فكري الجزار، العنوان و سيميوطيقا الاتصال الادبي، الهيئة العامة للكتاب، ١٩٩٨، ص٢٠

(٣) هێمن عومەر خۆشناو، زاراوەی (ناوونیشان)ی بۆ ئەم چەمکە بەکارهێناوە، پێیشی وایە، بەهەڵە بەبەر ئەم دیاردەیە بردراوە، بڕوانە، هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆکی کوردی، ل١٨٨.

(٤) هەژار، هەنبانە بۆرینە، انتشارات سروش، چ ٦، جمهوري اسلامي ايران١٣٨٨، ل٨٥٩.

گرتن، به‌ واتای سێره‌گرتن)، (نیشانگه: جێگه‌ی ڕانانی شت له‌به‌ر چاو)[1]، كه‌واته‌ له‌و هه‌موو بارانه‌دا، نیشان به‌مه‌به‌ستی چڕكردنه‌وه‌، پوختكردنه‌وه‌، ده‌ركه‌وتن و ده‌رخستن و مه‌به‌ست و نیشانه‌ به‌كاربراوه‌، هه‌ڵبژاردنی (ناو) و (نیشان) له‌ پێكهاته‌ی ناونیشاندا، ته‌واوی ئه‌و مه‌به‌سته‌ سیمیۆلۆژییه‌ ده‌پێكێ، كه‌ ناونیشان به‌ گه‌وره‌ترین و به‌به‌رهه‌مترین پێكهاته‌ی نیشانه‌یی داده‌نێت، بۆیه‌ پێمان وایه‌ كورد له‌ داڕشتنی زاراوه‌كه‌، پڕبه‌پێستی سیمیۆلۆژیا، هه‌ڵبژاردنێكی دروستی بۆ وشه‌ی (ناونیشان) كردووه‌.

## ٣-٣ چه‌مكی ناونیشان

چه‌مكی ناونیشان، پێناسه‌ی زۆر و جۆراوجۆری بۆ كراوه‌، كه‌م تا زۆر هه‌ریه‌كه‌یان، له‌ دیدگایه‌كه‌وه‌، لایه‌نێكی چه‌مكه‌كه‌یان ڕۆشن كردۆته‌وه‌، (لیۆهۆك) پێیوایه‌، ناونیشان ((كۆمه‌ڵێك نیشانه‌ی زمانین، له‌ وشه‌ و ڕسته‌، ته‌نانه‌ت له‌ ده‌قیش پێكدێت، له‌ سه‌رووی ده‌قه‌وه‌ ده‌رده‌كه‌ون بۆ ئه‌وه‌ی دیاری بكه‌ن و ده‌لاله‌تی لێوه‌ بكه‌ن))[2]، وه‌ك ده‌قێكی بچووككراوه‌، سه‌رووی ده‌قێكی گه‌وره‌ی گرتووه‌، له‌لایه‌كی دیكه‌ ((ناونیشانی كتێب وه‌ك ناو وایه‌ بۆ شتێك، پێی ده‌ناسرێته‌وه‌و له‌سایه‌یدا بڵاوده‌بێته‌وه‌، ده‌لاله‌تی لێوه‌ده‌كات، شكۆی كتێبه‌كه‌ی هه‌ڵده‌گرێت))[3]، ده‌بینین ئه‌م پێناسه‌یه‌ له‌ پێناسه‌ی (ناو)ه‌وه‌ داڕێژراوه‌، له‌ڕاستیدا، مه‌به‌ستی سه‌ره‌كیی ناونان، نیشانكردن و جیاكردنه‌وه‌ی كه‌س و شته‌كانه‌ له‌وانی دیكه‌، به‌ شێوه‌یه‌كی گشتی، ناو له‌ داب و نه‌ریتی مرۆڤایه‌تی دا و له‌نێو كورده‌واریشدا، پێگه‌یه‌كی به‌رزی هه‌یه‌، هه‌رده‌م له‌

(١) هه‌ژار، هه‌نبانه‌ بۆرینه‌، ل٨٩٤.
(٢) عبدالحق بلعباد، عتبات جيرار جنيت من النص الى المناص، منشورات الاختلاف، ط١، الجزائر٢٠٠٨، ص٦٧.
(٣) محمد فكري الجزار، العنوان و سيميوطيقا الاتصال الادبي، ص١٥.

هەوڵی جوان دەرخستن و بەرزهێشتنەوەیداین، کەواتە لەنێوان ناو و ناونیشاندا، خاڵی بەیەك گەیشتن هەیە ((لەبەشێکی ناونیشاندا، ناونان هەیە و لە بەشێکی ناویشدا، نیشانکردن هەیە))[١]، ناو پەیوەستە بە نیشانە، زۆرجار لەنێو کۆمەڵێك نیشانەدا، نیشانەیەك دەبێتە پێناس بۆ کەسێك، یان بۆ شتێك و زەقیی نیشانەکە لەودا، لە ئەوانی دیکە جیای دەکاتەوە و دەبێتە ناونیشان، یان زۆر جار ((ناڤنیشان ژ گرنگیا ناڤی وەك ناڤەرۆك دەربازی نیشانێ بوویە و ژ سنۆرێ خۆیێ رەپۆرووت دەربازی واتایەکا دی بوویە))[٢]، بۆ نموونە، (هەڵەبجە) لە ناوی شارێکەوە، بوەتە نیشانە، بەیەکەوەش دەبنە ناونیشان.

ناونان، ((ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و کەلتووریی و هزریی هەیە، کە ڕێگەمان پێدەدات لە دەلالەتە شاراوە و ئیحا بەخشەکانی بگەڕێین))[٣]، لە ناونیشانە ئەدەبییەکاندا، ئەو ڕەهەندانە، بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕەنگدەدەنەوە.

زانستی سیمیۆلۆژیا، لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا، بایەخێکی زۆری بە ناونیشان داوە، بەو پێیەی ((سیستەمێکی سیمۆلۆژیی خاوەن ڕەهەندی دەلالی و ڕەمزییە))[٤]، ناونیشان زۆرترین بەهای سیمۆلۆژیی لەخۆیدا هەڵگرتووە بەوەی ((دەقێکی ئاماژەیی چڕ و کورتکراوەیە))[٥]، ئەمەش وای کردووە، لە میتۆدی ڕەخنەی سیمیۆلۆژیدا، چەندین جۆر ناونیشان لە یەکدی جیابکرێنەوە.

(١) د. بسام قطوس، سیمیاء العنوان، وزارة الثقافة، ط١، الاردن، ٢٠١١، ص٤٢.
(٢) محسن ئۆسمان، ئیستراتیژیا ناڤنیشانی وەك کۆدەکێ سیمیۆلۆژی، ل٣٧٠.
(٣) سلیم جلال، أسماء السور في قران الكريم، ص٤٥.
(٤) بسام قطوس، سيمياء العنوان، ص ٣٣.
(٥) الطيب بودربالة، قراءة في كتاب سيمياء العنوان للدكتور بسام قطوس، محاضرات الملتقى الوطني الخامس سيمياء و النص الادبي ١٥- ١٧ نوفمبر ٢٠٠٨، منشورات جامعة محمد خيضر بسكرة.

ناونیشـان، ((نیشـانەیەك یـان ئامـاژەیەکی پەیوەسـتکردنە و بـوونێکی فیزیکی هەیە، بریتییە، لە یەکەم دیداری ماددیی هەستپێکراو، لە نێوان نێرەر و وەرگر دا))[١] هەر بۆیە شاعیران لە شیعری نوێ و هاوچەرخدا، بایەخێکی زۆریـان بە ناونیشـان داوە و لە هەڵبژاردنـی جۆرەکـانی ناونیشـاندا، ڕەچـاوی وردەکـاری و هونەرکـاری و داهێنانیـان کـردووە، بـۆ ئـەوەی بـە باشـترین شـێوە، بەرەو ڕووی خوێنەرەکانیان بکەنەوە.

لە کۆی ئەو پێناسە و تێڕوانینانەی، کە بۆ ناونیشـان خرانـە ڕوو، دەگەینـە ئەو ڕاستییەی، کە ناونیشان چەمکێکی فراوان و فرە ڕەهەندە، بەتایبـەتی لـە شـیعردا، چونکـە کەرسـتەکانی شـێواز و ڕەوانبێـژی و شـیعرییەت و لادانـە زمانییەکانی، بە قووڵی تێدا ڕەنگ دەدەنەوە.

**٣- ٤ ناونیشان لە ڕەخنەی سیمیۆلۆژیای هاوچەرخدا**

ئـەگـەرچـی لە لێکـۆڵینەوە ئەدەبـی و ڕەخنەییەکانمانـدا، بەتـایبەتی لە ڕەخنەی کۆنـدا، ناونیشـان پێگەی شیاوی خۆی پـێ نەدراوە، بـەو مانایـەی، وەك یەکەیەکـی لاوەکـی و تەنهـا بـۆ ناونـان و جیـاکردنەوەی دەقەکـان ئـاوڕی لێدراوەتەوە، بەشێوەیەکی گشـتی لەگەڵ نوێبـوونەوەی ئەدەبیـات و بەتـایبەتی شـیعر، لە لێکـۆڵینەوە ڕەخنەیـی و ئەدەبییـە نوێیەکانـدا، ئـاوڕێکی جـدی لە ناونیشـان دراوەتەوە، بەتـایبەتی ((سیمیۆلۆژیا بایەخێکی زیـاتری بە ناونیشـان داوە، بەو پێیەی، بۆ لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی، تێرمێکی ڕێکاریی کـاریگەرە،

(١) بسام قطوس، سيمياء العنوان، ص ٣٦.

کلیلێکی سەرەکییە و بۆ شۆڕ بوونەوە بەرەو قوڵایی کەلەبەرەکانی دەق، توێژەر پـڕچەك دەکـات))[١]، هۆکـاری ئەو بایەخـدانەی سـیمیۆلۆژیاش بـۆ ئەوە دەگەڕێـــتەوە، کە ((ناونیشـــان، بە پـــلەی یەکەم، نیشـــانەیەکی زمـــانییە، ئەگەرچی هەندێك جار، شێوە و شێوازی وێنەکێشانی ناونیشان لەسەر بەرگ، وایلێـدەکات وەك نیشـانەیەکی نازمـانی دەربکەوێـت، بەڵام وەك نیشـانەیەکی سیمیۆلۆژی ئەرکـی خۆی لـە گەیانـدن و پەیوەنـدی کردنـدا، دەبینێـت))[٢]. هەرچەندە ناونیشان دەقێکی پوخت و بچووککراوەیە، بەڵام ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرهەمی شیعریدا هەیە، بەشێوەیەك ((هەمـوو خوێندنەوە و هەوڵدانێك بۆ دۆزیـنەوەی کۆدەکـانی دەق، پێویسـتە لە ناونیشـانەوە دەسـتپێبکات))[٣]. ئەو پەیوەنـدییەی ناونیشـان بە دەقـی ئەدەبییـەوە هەیەتـی، بەتایبـەتی شـیعر، وایکردووە، دەق لە تاك خوێندنەوەیی، دوور بخاتەوە، بەو مانایەی، لەگەڵ هەر لێکدانەوەو دۆزینەوەی هەر دەلالەتێکی زیـاتری ناونیشـان، خوێندنـەوەی تـازە و جیـاوازتر بـۆدەق دەکرێـت. بـۆ نموونـە، لـە ناونیشـانێکی وەك (دارسـتانی ئـەو بنارە) دا، بەگۆڕینی واتای هەر یەك لە پێکهاتەکانی ناونیشانەکە، گۆڕان لە پێکهاتـەی دەلالیـی ناونیشـانەکە ڕوودەدات، ئـەم گۆڕانکارییـەش، دەق بـەرەو خوێندنەوەیەکی جیاواز ئاراستە دەکات. هـەروەك لـەم دوو نموونەیـەی خوارەوەدا ڕوونتر دەبێتەوە:

---

(١) د.جميل الحمداوي، السيميوطيقا والعنونة، مجلة عالم الفكر، ص/٩٦
(٢) فرج عبدالحسيب محمد مالكي، عتبة العنوان في الرواية الفلسطينية، رسالة الماجستير، جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين، ٢٠٠٣، ص/٣٤.
(٣) لوقمان ڕەئوف عەلی، دەقی شیعری کوردی لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە، ل١٩٠.

دارستان (جه‌نگه‌ڵێكی به‌ داروبار) + بنار (دامێنی كێو)

پانتاییه‌كی جوگرافی (ڕه‌هه‌ندی شوێن)

یان :

دارستان (شه‌ڕگه‌) + بنار (سه‌رۆكی نه‌ته‌وه‌)

خه‌باتكردن (ڕه‌هه‌ندی ڕامیاری و نه‌ته‌وه‌یی)

له‌هه‌ر یه‌ك له‌م دوو باره‌ی سه‌ره‌وه‌دا، یان له‌بوارگه‌لێكی دیكه‌یدا، ناونیشانه‌كه‌، وه‌ك كلیل، ده‌رگای جیاواز، به‌سه‌ر خوێندنه‌وه‌ی جیاوازدا، ده‌كاته‌وه‌، بۆیه‌ ناونیشان به‌شێكی جیانه‌كراوه‌ی كاری داهێنه‌ری ده‌قی ئه‌ده‌بییه‌. جگه‌ له‌وه‌ش، له‌به‌رهه‌مهێنانی واتا و ده‌لاله‌ته‌كاندا، هاوكارێكی كارای خوێنه‌ره‌، بۆ توێژه‌ری سیمیۆلۆژیش ((یه‌كه‌م بێراییه‌ كه‌ توێژه‌ری سیمیۆلۆژی ده‌ستی بۆ ببات، خوێندنه‌وه‌ی ناونیشانه‌))[١]، سیمیۆلۆژیا، وه‌ك هه‌ر میتۆدێكی دیكه‌ی ڕه‌خنه‌یی، هه‌وڵده‌دات به‌پێی كۆمه‌ڵێك پێوه‌ر و بنه‌ما، كار له‌سه‌ر هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ و تێكخستنه‌وه‌ی كاری ئه‌ده‌بی بكات، هه‌روه‌ك، كۆمه‌ڵێك ئه‌ركی جۆراوجۆری خستۆته‌ ئه‌ستۆی ناونیشان، ئه‌مه‌ش وایكردووه‌، له‌ ڕه‌خنه‌ی ئه‌ده‌بیی نوێدا، زیاتر هه‌ست به‌ بایه‌خی ناونیشان بكرێت،

(١) د.جمیل الحمداوي، السیمیوطیقا و العنونه، ص٩٧.

بەتایبەتی، لە بەرهەمی ئەو شاعیرانەی، کە بەئاگاییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ناونیشانەکانیاندا دەکەن و لە تایبەتمەندی و ئەرکەکانی ناونیشان شارەزان و هەوڵدەدەن هەموو تواناکانی خۆیان لە ئەفراندنی ناونیشانێکی بەرز و بزۆك بخەنەگەڕ، چونکە دەزانن، ناونیشانە خوێنەر بەرەو قوڵاییەکانی دەق ئاڕاستە دەکات و بەردەوام دەیەوێ دەلالەتەکانی دەق بە خۆیەوە ببەستێتەوە، بۆیە زۆربەی جار، خوێنەر دوای خوێندنەوەی دەق، لە گەورەیی و بایەخی ناونیشان تێدەگات و چەندین بیرۆکەی قوڵتری تێدا دەدۆزێتەوە.

## ٣-٥ بێرابیبەکانی دەق و دەقی هاوسەنگ

ناونیشان وەك بێرایی دەق، لەنێو ڕیزی دەقە دەوردەرەکانە، کە بەشێکن لە دەقە هاوسەنگەکان، (جیرار جنێت) لە دابەشکارییەکەیدا، دەقەهاوسەنگەکان وەك بەشێك لە پێکهاتەی باڵابوونی دەق، دەخاتە ڕوو.

یەکێك لەو بوارانەی، ئەمڕۆ توێژینەوەی سیمیۆلۆژی بایەخێکی زۆری پێدەدات، دەقە هاوسەنگەکانن. لێکۆڵینەوەی ئەدەبی (لە دوو ئاستدا، کاری لێکۆڵینەوە لە بەرهەمە ئەدەبییەکاندا ئەنجام دەدات، یەکەم: بریتییە لە دەقی سەرەکی، کە بابەتە ئەدەبییەکە لەخۆدەگرێت، دووەم: بریتین لە دەقە هاوسەنگەکان (دەقە هاوتەریبەکان)، کە خۆیان لە چوارچێوەی دەرەکیی دەقی سەرەکیدا دەنوێنن[(١)].

لە توێژینەوە سیمیۆلۆژییەکاندا، زەحمەتە لێکدانەوەی دەق، بەبێ بێراییەکانی چوارچێوەی دەرەکیی دەق، سەرکەوتووبێت. دەقە هاوسەنگەکان،

(١) فرج عبدالحسيب محمد مالكي، عتبة العنوان في الرواية الفلسطينية، ص ٣٥.

لە نواندنی دەلالەت و لە گواستنەوەی پەیامدا، هاوسەنگی بۆ دەقی سەرەکی دروستدەکەن و زۆر لایەنی شاراوەی دەق ئاشکرا دەکەن.

جنێت، دەقە هاوسەنگەکان (Paratextuality) دەکاتە دوو بەش:[١]

<u>بەشی یەکەم:</u> دەقی دەوروبەر(Paritedte)

بریتییە لە بڕاییەکانی دەوروبەری دەقە سەرەکییەکە، واتە تەواوی ئەو ڕەگەزانە دەگرێتەوە کە لە چوارچێوەی دەرەوەی دەقدا، بە دەقەوە پەیوەستن، هەریەك لە ناونیشانەکان و پێشکەشە، پێشەکی، دەروازە، بەرایی، پەراوێزەکان، شوێن و بەرواری نووسینی مەتن، وێنە و ئایکۆنەکان، سەرنج و تێبینییەکانی نووسەر یان دەزگای بڵاوکردنەوە، کۆپیی دەستنووس و دەستخەت و... هتد، دەگرێتەوە، لەنێو ئەم دەقە بڕاییانەشدا، ناونیشان گرنگترین ڕەگەزە، کە دەقی هاوسەنگ دەیگرێتەخۆ.

<u>بەشی دووەم:</u> دەقی سەروو(Epitedte)

هەموو ئەو گوتارە دەرەکییانە دەگرێتەوە، کە پەیوەستن بە بەرهەمەکە و لەبارەی ئەوەوە دەدوێن، بەڵام لەدەرەوەی چوارچێوەی کارە ئەدەبییەکەدان، واتە دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکە، بەرهەم هاتوون، وەك، وەڵامدانەوەکان و نامەی تایبەت و کۆمێنت و ئەو خوێندنەوانەی بۆی کراون.

---

(١) بڕوانە، د.جمیل حمداوي، بناء المعنی السیمیائي في النصوص و الخطابات، ١٩١-١٩٢.

لە هێڵکارییەدا، دابەشکاریی دەقە هاوسەنگەکان ڕوونتر دەکەینەوە:



## ٦-٣ په‌یوه‌ندییه‌كانی ناونیشان، وه‌ك په‌یام

ناونیشــان وه‌ك گۆشــه‌یه‌كی ســه‌ره‌كی له‌ كــاری ئه‌ده‌بیــدا، شــان به‌شــانی (نووســه‌ر و خوێنــه‌ر) وه‌ك په‌یــام، ته‌وه‌رێكــی ســه‌ره‌كییه‌ و په‌یوه‌نــدییه‌كی به‌هێز به‌یه‌كه‌وه‌یان ده‌به‌ستێته‌وه‌، ((نـاڤ و نیشـان دبیتـه‌ ڕه‌هه‌نده‌ك ژ ئیسـتراتیژییه‌تا نڤێســین و خوانــدنێ ل جــه‌م نڤێســه‌ر و وه‌رگریــدا))[1] ئــێمه‌ له‌ ڕوانــگه‌ی ناونیشانه‌وه‌، ئاوڕ له‌ په‌یوه‌ندیی به‌ ڕه‌گه‌زه‌كانی دیكه‌، ده‌ده‌ینه‌وه‌:

### ٣-٦-١ په‌یوه‌ندیی ناونیشان به‌ نووسه‌ر:

به‌شــێوه‌یه‌كی گشــتی، نووســه‌ری ده‌ق، زۆربه‌ی جــار، دانه‌ر و نووســه‌ری ناونیشانیشــه‌، به‌تــایبه‌تی له‌ كــاری ئه‌ده‌بیــی نــوێ و هاوچه‌رخــدا، ئه‌گه‌ر ناونیشــان پێشــنیازكراویش بــێ، له‌كۆتاییــدا ڕای نووســه‌ری له‌ســه‌ره‌، مه‌گه‌ر دوای مردنی بێت، بۆیه‌ به‌رپرسیاریه‌تیی ناونیشـان، له‌ئه‌ستۆی نووسه‌ردایه‌ و په‌یوه‌نـدیی به‌ڕاده‌ی توانـاو ئاستی داهێنـانییه‌وه‌ هه‌یه‌، بـۆیه‌ لێكـۆڵه‌ره‌وه‌یه‌كی وه‌ك شـاوكرۆس (Shawcross) پێیـوایه‌: ((دانـانی ناونیشـان بـۆ شیعر، ئه‌گه‌ر له‌لایه‌ن خــودی شــاعیره‌وه‌ نه‌بــێ، كــارێكه‌ له‌وپه‌ڕی مه‌ترســیدا، چــونكه‌ ناونیشانی بابه‌ت، ڕه‌نگه‌ خوێنه‌ر له‌كاتی خوێندنه‌وه‌دا، به‌ لاڕێدا ببات و په‌ی به‌ خوێندنه‌وه‌یه‌كی ته‌واوی ده‌قه‌كه‌ نه‌بات))[2]، هیـچ گومـانی تێدا نییه‌، كه‌ نووسه‌ر، له‌ نووسینی ناونیشـاندا (( ئه‌و بایـه‌خ و چاودێرییه‌ی به‌ ده‌قـی داوه‌،

---

(١) ڕێژین یـونس محه‌مـه‌د، تێكستا هه‌ڤته‌ریب د ڕۆمانا (گوند)یا محمد سلیم سواری دا، نامـه‌ی ماسته‌ر، كۆلیژا ئاداب – زانكۆیا دهۆكێ، ٢٠١١، ل ٤٩.

(٢) Shawcross، J.T.1998. But Is It Donnes? The Problem of Titles on His Poems . John Donne Journal 7.p.33.

بە ناونیشانیشی دەدات))[١]، زۆربەی شاعیران کردنەوەی کۆدە نهێنییەکانی دەق لە ناونیشاندا حەشار دەدەن، ئەمەش لە پێناو بەرزکردنەوەی بەهاو پێگەی ناونیشان دەکرێت.

ئەو ناونیشانەی کە خودی شاعیر، یان نووسەری دەق دیاریدەکات، بەشێکی دانەبڕاو و زیندووی دەقە، نووسەر دوای لەبەرچاوگرتنی کۆمەڵێك فاکتەر، هەڵی بژاردووە ((ناونیشانی ڕاستەقینە ئەو ناونیشانە ئۆرجیناڵەیە کەنووسەر دیاریکردووە، چونکە تەنها ئەم ناونیشانە دەتوانێ مانا بەو دەقە ببەخشێت و بۆ خوێندنەوەیەکی تەواوی دەق، ڕێنوێنیی خوێنەر بکات))[٢]، ئەو ناونیشانانەی کە لەلایەن نووسەرەکانیانەوە هەڵنەبژێردراون، ناونیشانی ڕاستەقینەنین و ناونیشانی پێشنیازکراون و لە ئەنجامی خوێندنەوە و لێکدانەوەی کەسانی ترەوە بەرهەم هاتوون.

بونیادنان و هەڵبژاردنی ناونیشان، پرۆسەیەکە، هەندێکجار دوای نووسینی دەق دێت، نووسەری شارەزا و بەئەزموون، ڕاوێژ لەگەڵ خودی خۆیدا دەکات و هەوڵدەدات لەچڕکراوەی دەقەوە، ناونیشانێك دابڕێژێ و بیکاتە دەروازەی چوونە نێو دەق، ئاڵۆزی و ساکاریی ناونیشان پەیوەندیی بە شێوازی نووسەر و بە بونیادی دەقەوە هەیە.

### ٣- ٦- ٢ پەیوەندیی ناونیشان بە خوێنەرەوە

قسەکردن لەسەر پەیوەندیی ناونیشان و خوێنەر، باسێکی تاڕادەیەك ئاڵۆز و سرکە، چونکە هەموو خوێنەرێك لە ئاستێکی سنووورداری یەك

---

(١) د.محمد فكري الجزار، العنوان و سيميوطيقا الاتصال الادبي، ص٧.

(٢) Levenston E.A.1978; The Significance of the Title in Lyric Poetry، Hebrew University Studies in Literature 6.P.72.

خوێندنەوەدا نییە، هەر قسەکردنێك لەسەر ئەم پەیوەندییە، پەیوەستە بە ئاستی هۆشاری و شارەزایی و ڕۆشنبیریی خوێنەرەکە، بۆیە، ناکرێ پەیوەندیی ناونیشان بە خوێنەر، وەك پەیوەندیی ناونیشان بە نووسەر تەماشا بکرێت، هەروەك چۆن ڕۆڵی خوێنەر، لە تیۆرێکەوە بۆ تیۆرێکی دیکە، تێڕوانینی جیاوازی هەیە، بۆ نموونە، لە تیۆری وەرگرتندا، خوێنەر لە سیانەیی (نووسەر — دەق — خوێنەر)، تەوەری سەرەکی پێك دەهێنێت، بۆ ئەوەی لەمەبەستی باسەکەمان دوورنەکەوینەوە، تەنها باس لە **خوێنەری زانا**[١] دەکەین، ئەو خوێنەرەی ((وەك سیستەمێك ئاماژەی (دەلالی) دەڕوانێتە دەق نەك وەك کۆمەڵە واتایەکی ڕوون))[٢]، واتە، وەك داهێنەری دووەم، توانای دووبارە بەرهەم هێنانەوەی دەقی هەبێت، بە مانایەکی دیکە، توانای خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژییانەی دەقی هەبێت. ((ئایزەر ئەم خوێنەرەی ناوناوە، خوێنەری ناوەوە (The Implied Reader) وا باسی دەکات، کە دەتوانێت دووبارە ئاسۆی پێشبینییەکانی ڕابردوو بکاتەوە بە کۆد و سیاقە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکانی دەق بونیاد بنێتەوە))[٣]، دیارە ئەم خوێندنەوەیە کارێکی ئاسان نییە، چونکە ((هیچ کاتێك ناتوانین بەڕوانینێکی یەك لایەنە پەی بە دەق و لایەنە شاراوەکانی ببەین))[٤]

(١) خوێنەری زانا (Informed Reader) لەلایەن فیش (Fish)ەوە بەکار هاتووە، مەبەستی لەم خوێنەرەیە، کە توانای ئەوەی هەبێت، ئەزموونی خویندنەوە و مەبەست ئاوێتە بکات. بڕوانە: د. بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: د. محەمەد تاتانی، ل٢٣٢.

(٢) د. بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێرانی: د. محەمەد تاتانی، ل٢٣٢.

(٣) د. بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێرانی: د.محەمەد تاتانی، ل٢٣٣.

(٤) هەژار ئەحمەد عەبدولغەفور، بنەما ڕەخنەییەکانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە ١٩٢٠ەوە تا ١٩٦٢، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٢.

لەم پەیوەندییەیدا، ناونیشان وەك پرد، خوێنەر بەرەو ئاسۆی چاوەڕوانی دەپەڕێنێتەوە. یان وەك کلیل دەرگاکانی دەقی بە ڕوودا دەکاتەوە.

**٣-٦-٣ پەیوەندیی ناونیشان بە دەق:**

زۆربەی ئەو پێناسانەی لەبارەی ناونیشانەوە خراونەتەڕوو، بەهەر شێوازێك بێ، پەیوەستییان کردووە بەدەق، ((ناونیشان، تۆکمەترین پەیوەندیی بەو دەقەوە هەیە، کە نوێنەرایەتیی دەکات، وەك دەقێکی کورتکراوە مامەڵە لەگەڵ دەقی سەرەکی دەکات و هەموو کەلەبەر و ڕەهەندەکانی دەقی تێدا ڕەنگدەدەنەوە))[1]، بۆیە وەك بەشێکی جیانەکراوە لەنێو کاری داهێنەرانەی دەقدا ئامادەیی هەیە.

کۆهن پێی وایە ((ناونیشان دیاردەیەکی ڕەگەزی دەقە پەخشانییەکانە، لە هەر جۆرێکدابن، چونکە پەخشان لەسەر بنەما و ڕێسای لۆژیکی وەستاوە، بەڵام شیعر دەتوانێ دەستبەرداری ناونیشان بێت، لەبەر ئەوەی پشت بەو سازانە، نابەستێت))[2]، واتە لە شیعردا، ئەو سازانە هزرییە لە ناونیشاندا نییە، کە بەشێوەیەکی لۆژیکی، لەسەرەتاوە تاکۆتایی، تەواوکەری بابەتەکە بێت، وەك لە پەخشان و بابەتە زانستییەکاندا بەرچاو دەکەوێت. بەڵام لە شیعری هاوچەرخدا، پەیوەندییەکە هێندە لاواز نییە، لەڕاستیدا ((دەقی شیعری لە دوو بەش پێکدێت، لە دەرکەوتنیاندا، ئاماژە بۆ یەك دەلالەت دەکەن، کە بریتین لە ناونیشان و دەق، یەکەمیان کورت و چڕ، ئەوی دیکەیان درێژ))[3]، کەواتە ناونیشان وەك دەقێکی کورت، ئەو دەلالەتانەی لە دەقە

(١) سليم جلال: أسماء السور في القران الكريم، ص/٣٨.
(٢) د. جميل حمداوي، السيميوطيقا والعنونة، ص/٩٨
(٣) عامر رضا: سيمياء العنوان قي شعر هدى الميقاتي، ص/٩٠.

درێژەکەدا هاتوون، بە چڕکراوەیی لەخۆیان دەگرێت، پەیوەندیی نێوان ناونیشان و دەقی شیعری، پەیوەندییەکی دینامیکیی تەواوکەرییە، وەك چۆن ناونیشان بەرە و دەق ئاراستەدەکات، دەقیش بەرەو ناونیشان ئاراستە دەکات، لەم هاوکێشەیەدا پەیوەندییەکە ڕوونتر دەکەینەوە:

ناونیشان



دەق

لەم ڕوانگەیەوە، دوو جۆر پەیوەندی لە بەستنەوەی (ناونیشان) و (دەق)دا، دەخەینە ڕوو:[١]

**٢-٦-٣-١ پەیوەندیی شۆڕبوونەوە**

پەیوەندیی نێوان ناونیشان و دەق ((بریتییە لە شۆڕبوونەوەی ناونیشان و بڵاوبوونەوەی بە نێو دەقدا))[٢]، بەو مانایەی، دەق لە ناونیشانەوە سەرچاوەدەگرێت و پەلوپۆ دەردەکات، بەواتایەکی دیکە ((ناونیشان منداڵدانێکە زۆربەی دەلالەتەکانی دەقی لێوە لەدایك دەبن))[٣]، سەبارەت بە پێگەی بەهێزی ناونیشان لەو هاوکێشەی بەرهەمهێنانی دەقدا، کەسانێك هەن وایدەبینن کە ((ناونیشان دەقە و دەقیش پەراوێز، ئەو پەراوێزە دەبێتە چاودێر بەسەر ناونیشانەوە بەبێ ئەوەی پێشێلی بکات))[٤]. لەم پەیوەندییەدا، چەقی

(١) د. حسين علي عبدالحسن الدخيلي و اخرون، سيمياء العنوان في شعر أحمد مطر، ص٢٣.
(٢) د. حسين علي عبدالحسن الدخيلي و اخرون، المصدر السابق، ص٢٣.
(٣) د. جميل حمداوي، السيميوطيقا والعنونة، ص١٠٦.
(٤) د. حسين علي عبدالحسن الدخيلي و اخرون، سيمياء العنوان في شعر أحمد مطر. ص٢٣.

قوڕسایی لە ناونیشاندا کۆدەبیتەوە و لەوێوە دەق هەڵدەچندرێت. لە شیعرەکانی نەوزاد رەفعەت دا، چەندین ناونیشان هەن، کە پەیوەندیی شۆڕبوونەوەییان تێدا ڕەنگ دەداتەوە، بۆ نموونە ناونیشانی (خانەخوێ) ، ناونیشان بۆتە مندالْدانی دەلالەتکردن لە کەسی خانەخوێ وتەواوی جەستەی دەق لە پیتاندنی (خانەخوێ) وە دروست بووە، دەق بە دەوری چەقی ناونیشاندا چندراوە و خەسلْەتەکانی ناونیشانیش لە تەواوی دەلالەتەکانی دەقدا ڕەنگدەدەنەوە، بەو مانایەی شاعیر لەپێناو خانەخوێدا، لە ستایشی خانەخوێدا، دەقە شیعرییەکەی پێکهێناوە و وێنە شیعرییەکانیش، ڕەنگدانەوەی وێنەی کەسایەتی و ڕەفتارو هەڵسوکەوتی کەسی خانەخوێن:

تا شەو ڕاکشا
ئەنیی خانەخوێ
لە پێشوازیمان
خوڕ خوڕ ئارەقی گەرمی لێ دەتکا
تا چاو چوونە خەو
بەپێوە وەستا
چرای بەخششی
گەش و شین سووتا
یاخوا خانەخوێ
قەت ئاگردانت نەکوژێتەوە و
ئەستوندی توندی ڕەشماڵی والآت بەکەس نەکەوێت!
... هتد (بەفری گەرم، ل٦٦).

لەم چەند دێرەدا، زۆر بەئاشکرا دیارە، کە ناونیشان، پەلوپۆ لەنێو دەقدا

بڵاوده‌كاته‌وه، نه‌ك به‌ پێچه‌وانه‌، واته‌ ناونيشان له‌ ئه‌نجامی چڕبوونه‌وه‌ی ئه‌و دێره‌ شيعرانه‌وه‌، به‌رهه‌م نه‌هاتووه‌، كه‌واته‌ له‌م په‌يوه‌ندييه‌دا، ناونيشان ده‌ق به‌رهه‌م دێنێت.

### ٣-٦-٣-٢ په‌يوه‌نديی هه‌ڵگه‌ڕانه‌وه‌، يان هه‌ڵكشانه‌وه‌

سه‌باره‌ت به‌ شيكردنه‌وه‌ی ئه‌م په‌يوه‌ندييه‌، پێچه‌وانه‌ی تيڕوانينی په‌يوه‌نديی شۆڕبوونه‌وه‌، له‌ ده‌قه‌وه‌ به‌ره‌و ناونيشان هه‌ڵده‌كشێينه‌وه‌ ((ده‌ق چڕ ده‌بێته‌وه‌ و پێده‌گات بۆ ئه‌وه‌ی بۆ پێكهاته‌يه‌كی بچووك بگه‌ڕێته‌وه‌، كه‌ ناونيشانه‌))[١]، كه‌واته‌، ده‌ق ناونيشان به‌رهه‌م دێنیٚ، له‌م په‌يوه‌ندييه‌دا، ناونيشانه‌كان دوای نووسينی ده‌قه‌كانيان هه‌ڵده‌بژێردرێن، چڕكراوه‌ی ده‌قن و زۆرترين ده‌لاله‌ته‌كانی ده‌ق له‌خۆياندا جێده‌كه‌نه‌وه‌.

په‌يوه‌نديی ناونيشان، له‌گه‌ڵ زۆربه‌ی ده‌قه‌ شيعرييه‌كانی نه‌وزاد ڕه‌فعه‌تدا، په‌يوه‌نديی هه‌ڵكشانه‌وه‌يين، واته‌ دوای له‌دايكبوونی ده‌قه‌كان هه‌ڵبژێردراون، ته‌نانه‌ت له‌ هه‌ندێك ده‌قی ئاڵۆزدا، شاعير ده‌سه‌ڵاتی به‌سه‌ر گۆڕينی ناونيشانكانيشدا ده‌ڕوات، بۆ نموونه‌، له‌ ناونيشانی (به‌فری گه‌رم)دا، ده‌ق هه‌مان ئه‌و ده‌قه‌يه‌، كه‌ پێشتر له‌ژێر ناونيشانی (ميوان)[٢]دا، بڵاوكراوه‌ته‌وه‌، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی ناونيشانه‌كه‌ له‌ ده‌قه‌وه‌ سه‌رچاوه‌ی گرتووه‌، به‌و مانايه‌ی ده‌ق له‌سه‌ر ناونيشانه‌كه‌ هه‌ڵنه‌چنراوه‌، شاعير ده‌رفه‌تی ئه‌وه‌ی له‌به‌رده‌مدايه‌، له‌ گۆشه‌نيگايه‌كی ديكه‌. ده‌ق له‌ ناونيشانێكی ديكه‌دا چڕبكاته‌وه‌.

---

(١) د. حسين علي عبدالحسن الدخيلي و اخرون، نفس المصدر، ص٢٥.

(٢) بڕوانه‌: نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت، به‌فری گه‌رم، چ١، په‌راوێزی لاپه‌ڕه‌ ١٢.

**٣-٧ : دەقاوێزانیی ناونیشان**

لە ڕاستیدا دەقاوێزان دەربڕینێکی نوێیە، دەنا دیاردەی ئاوێزانبوونی دەقەکان، مێژوویەکی دوور و درێژی لەگەڵ کاری ئەدەبیدا هەیە و لەژێر ناوی جیاوازدا دەرکەوتووە و قسە و باسیشی لەبارەوە کراوە، بەڵام ((زۆربەی زۆری ڕەخنەگران و تیوریستان لە ناوهێنانی چەمکی دەقاوێزاندا وابەستەی چەمکی گفتوگۆ(الحوار)ی باختین دەکەن))[1]، کە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا ناوی هێناوە، سەبارەت بە (دەقاوێزان) ی سیمیۆلۆژی، (( بە پلەی یەکەم پەیوەستە بە تیۆریستانی پاش نوێگەرایی))[2]، کە (جۆلیا کریستیڤا)، لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی بیستەم دایهێناوە، بە واتایەکی دیکە، ((دەقاوێزان زیاتر لە چوارچێوەی هەڵوەشاندنەوە گەراییدا دەرکەوت، چونکە بە پێی ڕەوتی هەڵوەشاندنەوە گەرایی دەق خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە))[3]، لە ڕەخنەی سیمیۆلۆژیشدا، کە پشت بە هەڵوەشاندنەوەی دەق دەبەستێت، لە ڕەوتی بزاوتی نیشانەکاندا و لە دۆزینەوەی دەلالەتگەلێکی زیاتر، ڕۆڵێکی پڕ بایەخی هەیە.

دوا بەدوای (جۆلیا کریستڤا)، چەندین ڕەخنەگری دیکە لە ناساندنی دەقاوێزاندا ڕۆڵیان بینیوە، بەرچاوترینیان (جیرار جنێت)ە، کە (لە کتێبەکەی بە ناونیشانی (Introducion a Larchitexte) لەساڵی ١٩٧٩، دەقاوێزانی لەنێو بازنەی باڵابوونی دەقدا باس کردووە، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٢ لە کتێبی (Palimpsestes) گەڕاوەتەوە سەری و سنووری تەسکی چەمکەکەی لە

(١) د. هەڵمەت بایز، دەقاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) ی (بەختیار عەلی)دا، یەکێتیی نووسەرانی کورد، مەڵبەندی گشتی، چ١، هەولێر، ٢٠١٣، ل٧٨.

(٢) دانیال تشاندلر، أسس السیمیائیة، ت: د. طلال وهبة، ص٣٣١.

(٣) د. هەڵمەت بایز، دەقاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) ی (بەختیار عەلی)دا، ل٨١.

پۆلێن کردنێکی پێنج خاڵییدا، فراوانتر کردووە:[١]

١- دەقـاوێزان (Intertextuality) : دەقـەکان لـە ڕێگـەی گفتوگـۆ و وەرگرتن لە نائاگاییدا، یان بە ئاگاییەوە، لە یەکتریدا بەهرەمەند دەبن.[٢]

٢- دەقی پارسەنگ (Paratextuality) : مەبەست لە دەقە هاوسەنگ و هاوتەریبەکانی دەوروبەری دەقی سەرەکین، وەك جۆرەکانی ناونیشان و پێشەکی و پێشکەشکردن و پەراوێزەکان و ... هتد.

٣- سەرووی دەق (metatextuality): بریتییە لە بەستنەوەی دەقێك بە دەقێکی دیکە ((پێوەندییێکی هەڵپەسێردراوە، دەقێك بە دەقێکی تر دەبەستێتەوە بێ ئەوەی ناوی بهێنێت))[٣].

٤- دامێنگیریـی دەق (Hypertextuality): بـریتییە لەو کـردارەی کە بە هـۆیەوە دەقـی سـەرووی بەدواداهـاتوو، لەسـەر دەقـی ژێریـی پێشـوو بونیـاد دەنرێت، لە ڕێی گواستنەوە یان لاسایی کردنەوە. ((زۆربەی ڕەخنەگران بە دەقاوێزانی ناو دەبەن))[٤]

٥- تەلارســازیی دەق (Architextuality) : لە جـۆرە هونەرییەکـان و لە ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا، شیعر- ڕۆمان - توێژینەوە ...تد، سنووردار دەکرێت، وەك شێوازێکی تەجریدی، پشت بە دیارکردنی تایبەتمەندییەکانی فۆڕم و بونیـادی ژانرە ئەدەبییەکان دەبەستێت[٥].

لە نێوان هەر پێنج شێوازەکەی بڵاوبوونی دەقدا، پەیوەندییەکی بەهێز هەیە،

---

(١) د. يوسف وغليسى، اشكالية المصطلح "في الخطاب النقدي العربي الجديد، ص/٣٩٤.
(٢) د. جميل حمداوى، السيميوطيقا و العنونە، ص ١٠٣.
(٣) د. هەڵمەت بایز، دەقاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) ی (بەختیار عەلی)دا، ل٨١.

(٤) د. يوسف وغليسى، اشكالية المصطلح "في الخطاب النقدي العربي الجديد، ص ٣٩٥.
(٥) د. جميل حمداوي، بناء المعمى السيميائي في النصوص و الخطابات الادبية، ص١٩٢.

بەڵام لە توێژینەوەی ناونیشانی دەقی ئەدەبیدا، گرنگە ڕەچاوی پلەکانی دەقاوێزان بکەین، کە بەشێوەیەکی گشتی خۆیان لە پلەی ڕوونی و پلەی ناڕوونی دەبیننەوە، هەروەك پێویستە ( لە دوو ئاستدا لێکۆڵینەوەی بۆ بکرێت، ئاستی یەکەم دەقاوێزانیی ناونیشان وەك دەقێکی پارسەنگ، لەگەڵ ئەو دەقەی خۆی ناوی ناوە، ئاستی دووەم دەوقاوێزانیی ناونیشان، وەك دەقێکی سەربەخۆ، لەگەڵ دەقەکانی دیکەدا )[1].

ناونیشان بەراورد بە دەق، دیاردەی ئاوێزانبوونی زیاتر پێوە دیارە، کەم ناونیشان هەیە لەگەڵ دەقەکەیدا ئاوێزان نەبووبێ، بەتایبەتی لە چاپکردنەوەی شیعرە کلاسیکییەکاندا، ناونیشان نیوە دێر، یان بەشێکی نیوەدێری یەکەمی دەقەکەی بووە، لە شیعری نوێشدا، دیاردەی وەرگرتنی وشە یان دەستەواژە، یان دێری سەرەتای دەق، یان لەناوەوەی دەق، لای زۆربەی شاعیران بوونی هەیە، بۆ نموونە، لە دیوانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، چەندین ناونیشانی وەك:

- شاعیر ⟵ شاعیرێک شیعرێکی دڕی. (دارستانی ئەو بنارە، ل٤٦)
- تەنیا باڵ ⟵ من تەنیا باڵم... تەنیا باڵ... (شینی شالوور، ل٩)
- شەوبا ⟵ پیرە شەوبا ....تد (بەفری گەرم، ل٦٩)

بەمەبەستی ناونانی شیعر. لە وشەی یەکەم یان لە دێری دەسپێکی دەقەکانیان وەرگیراون. یان ئاوێزانبوونی ناونیشان وەك دەقێکی سەربەخۆ، لەگەڵ ناونیشان و دەقەکانی دیکەی خودی شاعیر، بۆنموونە، وشەی (بەفر)، لە پێکهاتەی چەند ناونیشانێکی (نەوزاد ڕەفعەت) دا، بەرچاو دەکەوێت:

(١) فرج عبد الحسيب محمد مالكي: عتبة العنوان في الرواية الفلسطينية" دراسة في النص الموازي، ص/٦٧.

- بەفری گەرم ناونیشانی سەرەکیی سەربەرگ.
- بەفری ڕەش ناونیشانی ڕاستەقینەی ناوەوە (شینی شالوور،ل١٢٢)
- بەفر ناونیشانی ڕاستەقینەی ناوەوە (بەفری گەرم، ل٤٧)
- بەفر ناونیشانی ڕاستەقینەی ناوەوە (نیگەرانی، ل٣٩)

ئەمە جگە لە دووبارە بوونەوەی وشەی (بەفر)، لە دەیان دەقی جیاجیای شاعیردا. بەهەمان شێوە، دەتوانین ناونیشانی (بەفر)، لای زۆرێك لە شاعیرانی پێش نەوزاد ڕەفعەت و دوای ئەویش بدۆزینەوە.

ئەوەی لە خوێندنەوەی سیمیۆلۆژیانەی ناونیشانەکاندا گرنگە، لێکدانەوەی ئاڕاستەی بزاوتی بەرهەمهێنانی ئاماژە و دەلالەتی نیشانەکانن، گومانی تێدا نییە، کە ناونیشانیش لە کاری ئەدەبیدا، پێکهاتەیەکی بەناویەکداچووە، بۆیە لەدەرەوەی سنووری کارەکانی نووسەریشدا، بەرەو سنوورەکانی دیکەی کەلتووری و ئەدەبی و ئەفسانەیی و ... هتد، پەڕیوەتەوە، بە دەیان نموونەی ڕەمزی ئەفسانەیی وەك (سیمرخ، ، قەقنەس، سیزیف و... هتد) لە ناونیشان و لە دەقەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا بوونیان هەیە، کە دەتوانین بەپێی بەش و یاساکانی دەقاوێزان لێیان بکۆڵینەوە.

## ٣-٨ پۆلێنکردنی ناونیشان لە شیعرەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا

پۆلینکردنی ناونیشانەکان کارێکی ئاسان نییە، ناونیشان بوونێکی بزۆکی هەیە، هەر نیشانەیەك بۆ خۆی خاوەن بونیادێکە و بۆتەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، پۆلێن کردن و دابەشکردنی ناونیشان بەسەر جۆرەکانی، لە لێکۆڵەرەوەیەکەوە بۆ لێکۆلەرەوەیەکی دیکە جیاوازە، پێوەری دابەشکردنەکانیشیان جیاوازن، تاکە پێوەرێك ناتوانێ ئەرکی پۆلێنکردنی تەواوی ناونیشانەکان جیبەجێ بکات، هەر پێوەرێك، لە ڕوانگەیەکەوە دەڕوانێتە ناونیشانەکان، ئەمەش ئەوەناگەیێنێ، کە دیاردەی هاوبەش، یان دووبارە لەنێوان پۆلێنکردنەکاندا بوونی نییە، بۆیە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، بەرەوڕووی دیاردەی دووبارەبوونەوەی هەندێك دابەشکاری دەبینەوە، بەڵام ئەمە لە قورسایی کاری پۆلێنکردنەکان کەم ناکاتەوە، بەشێوەیەکی گشتی، بە تێڕوانینێکی سیمیۆلۆژیانە، لەڕوانگەی پەیوەندیی دەلالیی ناونیشان بە دەق، ناونیشانەکان بەسەر دوو کۆمەڵەدا دابەش دەکرێن[1]:

### ٣-٨-١ ناونیشانی سادە، هەواڵی

لێرەدا مەبەستمان لە واژەی سادەیی، کەم بایەخیی ناونیشانەکان نییە، بەڵکو مەبەست شێوازی هەڵبژاردنی ناونیشانەکانە، هەڵبژاردنەکان ئاسان و ساکارن، ئەو ناونیشانانە دەگرێتەوە، کە ناوەرۆکی دەقەکانیان تێدا ڕەنگ

(١) جیرار جنێت ئەم دابەشکردنەی بەسەر ناونیشانی بابەتییانە(الموضوعاتیة) و ناونیشانی هەواڵی (الخبریة)دا دابەشکردووە. بڕوانە: عبدالحق بلعباد، عتبات (جیرارجنیت من النص الی المناص)،الدار العربیة للعلوم، ناشرون، منشورات الاختلاف، ط١، ٢٠٠٠.

ناداته‌وه، وه‌ك ناو له ده‌ق ده‌نرێن، وه‌ك چۆن ناو له كه‌س، یان شت ده‌نرێت، ئامانجی نووسه‌ر له دانانی ناونیشاندا، زیاتر بۆ ئه‌وه ده‌گه‌ڕێته‌وه، كه یارمه‌تیی خوێنه‌ر بدات ده‌قی مه‌به‌ست له نێو ده‌قه‌كانی دیكه‌دا بناسێته‌وه، به شێوه‌یه‌كی گشتی ئه‌م جۆره ناونیشانانه ((له بواری ئه‌ده‌بی و هزریدا زۆر به‌كار ناهێندرێن، ئه‌و ناونیشانانه هه‌وڵی پێشكه‌شكردن و ده‌رخستنی ده‌ق ده‌ده‌ن نه‌ك باسكردنی ناوه‌رۆك))[1]، ناونیشانه‌كان به زۆری كورتن، له وشه‌یه‌ك یان له ده‌سته‌واژه‌یه‌ك پێكدێن، به شێوه‌یه‌كی بابه‌تیانه‌ی تاك ڕه‌هه‌ندی ئه‌ركی ئاماژه‌ییان ڕاده‌په‌ڕێنن. (بارۆخ و برۆختمان) ئه‌م كۆمه‌ڵه‌یه ده‌كه‌نه سێ جۆر[2]:

١-<u>ناونیشانی ژماره‌یی</u>

هه‌ندێك ناونیشان هه‌ن سه‌رووی كۆمه‌ڵێك ده‌ق ده‌گرن، كه له دابه‌شكردنیاندا، به ژماره له‌یه‌كدی جیاكراونه‌ته‌وه، لێره‌دا مه‌به‌ست، ناونیشانه سه‌ره‌كییه‌كه نییه، به‌ڵكو مه‌به‌ستمان ژماره‌كانی (-١-) و (-٢) و (-٣-) ... هتد، یان یه‌كه‌م، دووه‌م، سێیه‌م ... هتد، ییه، كه هه‌ریه‌كه‌یان بوونه‌ته ناونیشان بۆ ده‌قیكی شیعریی ژێر ناونیشانه سه‌ره‌كییه‌كه.

له خشته‌ی ژماره (١) دا، چه‌ندێتیی به‌كارهێنانی ناونیشانی ژماره‌یی، له شیعره‌كانی (نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت)دا ده‌خه‌ینه ڕوو:

(١) فريد حليمي،سيميائية العنوان في الرواية الجزائرية المعاصرة(١٩٩٥ — ٢٠٠٠) ص ٨١.
(٢) نريمان الماضي، العنوان في شعر عبدالقادر الجنابي، http://elaph.com

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | سەفەر و قوناغ | | | | | |
| | سێ شەوی مەستی | | | | | |
| | ماڵ وخەوزران و بەرد | | | | | |
| | بازاڕ | | | | | |
| | ناخ | | | | | |
| | نەگونجان | | | | | |
| | گودۆی چاوەڕێ | | | | | |
| | سێ کاتی دژ | | | | | |
| | دەنگی هۆنراوەیەک | | | | | |
| | سێ باران | | | | | |
| | ڕۆژئاوای شار | | | | بینین | |
| | نیسان | | | | حەوت رامان | |
| | فرینی ئەسپێکی بێ باڵ | | | | حەوت | |
| | دەمامکەکان | | | | خورەژن | |
| | دوانە | | | | ئاورنگی پەرستن | |
| | شینی شالوور | | | مێ | پشکوتن | |
| دوونیسانی جیا | تەنیا باڵ | جەزبەی پیران | بازنەی شەو | چیا | بیر لێ کردنەوە | پرۆشکی تورەیی |
| ٢ بەش | ٣ بەش | ٤ بەش | ٥ بەش | ٦ بەش | ٧ بەش | ١٥ بەش |

دابەشکاریی ناونیشانە ژمارەییەکان لە شیعرەکانی ( نەوزاد ڕەفعەت)دا

هەریەك لەم ناونیشانانەی سەرەوە، بە پێی ژمارەی بەشەکان، بەسەر ناونیشانی ژمارەییدا دابەشکراون، بۆ نموونە، دوونیسانی جیا، دوو ناونیشانی ژمارەیی هەیە، (١) و (٢)، ناونیشانی (پڕووشکی توڕەیی)، پانزە ناونیشانی ژمارەیی لەخۆگرتووە، ئەوەی جێی سەرنجە، زۆربەی ئەو شیعرانەی ئەم شێوازەیان تیدا پەیڕەوکراوە، جگە لە پەیڕەوی ژمارەیی، دەتوانین لەجیاتی هەر ژمارەیەك، ناونیشانە سەرەکییەکە بکەینە ناونیشانە کەرتییەکە، یان دەتوانین ناونیشانێکی دیکەی بۆ هەڵبژێرین، سادە، یان

ناسادە، بۆ نموونە، لە شیعری (خۆرەژن) دا:

(٥)

تاقە ڕەزێك دادم نادا
کەچی یەك فڕەشەرابی ترێی چاوی ...
مەستم دەکات و دەمخاتە سەمای زۆربا
دەمباتەوە بەهەشتی هەوەسی جاران
دەمکاتەوە پەپوولەی مەستی بەهاران (ڕێی تاوسان، ل٥٤)

زۆر بەئاسانی دەتوانین لە جیاتی (٥)، (خۆرەژن) دابنێین:

**خۆرەژن**

تاقە ڕەزێك دادم نادا
کەچی یەك فڕەشەرابی ترێی چاوی ...
مەستم دەکات و دەمخاتە سەمای زۆربا
دەمباتەوە بەهەشتی هەوەسی جاران
دەمکاتەوە پەپوولەی مەستی بەهاران

هەروەك دەتوانین ناونیشانگەلێکی دیکەی بۆ هەڵبژێرین، وەك، (فڕەشەراب)، (مەستبوون)، (گەڕانەوە)، (چاوی ...)، (سەمای زۆربا) ...

٢- <u>ناونیشانی ئەستێرەیی:</u>

زۆر لە شاعیرانی نوێخواز، بەشێوەیەکی بەرچاو، لەشێوازی دابەشکردنی دەقە شیعرییەکانیان بۆ کۆپلەی سەربەخۆ، پەیڕەوی دابەشکردنی ئەستێرەییان کردووە، یەك ئەستێرەیی، یان دوو ئەستێرەیی و بەزۆریش سێ ئەستێرەییان بەکارهێناوە، هەرچەندە (نەوزاد ڕەفعەت) بەراورد بە شاعیرانی سەردەمی

خۆی، زۆر بەکەمی ئەم شێوازەی پەیڕەو کردووە، - لە شیعری (زریزە دەبەستن قورینگ)[1]دا، بە بەکارهێنانی سێ ئەستێرە دەقی شیعرەکەی بەسەر (٧) کۆپلەدا، دابەشکردووە.

- لە شیعری (کولێنگ وەشێن) دا، دەقە شیعرییەکەی کردۆتە سێ کۆپلەی جیاواز.

بە کۆلان و
بەشەقامە چاوەڕوانەکانی شاردا
زویر .. زویر .. خەمناك .. خەمناك ..
ت.. ێ .. د.. ە.. پ.. ە.. ڕ.. ی .. ت
بە چرا بۆخۆر دەگەڕێیت
* * * (شینی شالوور، ل١١٢).

هەریەك لە ناونیشانەکانی ژمارەیی و ئەستێرەیی، لە پۆلێنکاریی جۆریی ناونیشانەکاندا، دەچنە خانەی ناونیشانە کەرتییەکان.

<u>ناونیشانی چەندایەتی</u>:

ئەو ناونیشانانەن، کە پشت بە وشە، یان چەند وشەیەك، یان نیوە دێر، یان دێری یەکەمی شیعر دەبەستن، هەرچەندە ئەم شێوە هەڵبژاردنەی ناونیشان لە بەرهەمەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیردا، بە پێی بالآبوونی ئەزموون، ڕوو لەکزین و هەموو کاتێکیش هەواڵی نین، بەلام چەند ناونیشانێکیشیان لەم پۆلێنکردنەدا، بەدەرنین:

- مەڕۆ: لە (مەڕۆ ... کە بەفر دەبارێ و سەرمات دەبێت) دێری یەکەم، (دارستانی ئەو بنارە، ل٧٧).

(١) بڕوانە، نەوزاد ڕەفعەت، دیوانی، پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل٢٢٧.

- سیروان: لە (سیروان کپ و ئارام دەکشێت) دێری یەکەم، (نیگەرانی، ل٨١).
- ئێوارە وەختێکی درەنگ: لە (ئێوارە وەختێکی درەنگ) دێری یەکەم، (بەفری گەرم، ل٤٤).
- دەریا شینە: لە (دەریا شینە) دێری یەکەم، (دارستانی ئەو بنارە، ل٧٢).

شاعیر وەك ئەزموونێکی نوێ و جیاواز، لە هەڵبژاردنی ئەم جۆرە ناونیشانە، دێری (**٤٣**) یەمینی شیعرێکی کردۆتە ناونیشان:

- زرنگ ... زرنگ ... زرنگ ... زرنگ ... : لە (زرنگ ... زرنگ ... زرنگ ... زرنگ...) (شینی شالوور، ل٨١).

هەرچەندە ئەم شێوازەی هەڵبژاردنی ناونیشان، لەزۆربەی ئەو شیعرانەی (نەوزاد ڕەفعەت) دا، سادەن وشاعیر دەتوانێ لەجیاتی هەر ناونیشانێك، ناونیشانگەلێکی دیکە هەڵبژێرێ، بەڵام لەهەندێك لەو شیعرانەدا، وشەی هەڵبژێردراو وەك ناونیشان، بەشێك لەقورسایی بابەتی دەقی هەڵگرتووە، بەرەو قوڵایی شیعرەکە، شۆڕدەبێتەوە و لەناونیشانی دەلالی نزیك دەبێتەوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەدێری یەکەمی مەتنەکانیان هەڵێنجراون، دەکەونە بەر پێناسەی ناونیشانە سادەکان، بۆ نموونە، لە شیعری (کێو)دا:

### کێو

شاعیرێك کێوێکی خۆشویست
شەو بەدیارییەوە دادەنیشت
خەمی دێرینی ڕۆژگاری بۆهەڵدەڕشت
ڕۆژێکیان کێو هاتە قسە
((بۆوەی بمگەیتێ و بۆتۆبم
برۆ گوڵێکم بۆ بچنە لێم نەڕوابێت

گوڵێك ده‌ستی لێ نه‌درابیت
هاوڕێكانم نه‌یاندیبێت))
شاعیره ئاشقه‌كه ڕۆیی
ڕۆیی ... ڕۆیی ...
له‌و ڕۆژه‌وه‌ش ڕۆییوه نه‌هاتۆته‌وه
كێوه‌ش ڕۆژ له‌به‌ر په‌نجه‌ره‌ی
خه‌ون و ئومێدێكی دووردا ده‌كاته‌وه

(دارستانی ئه‌و بناره،ل٤٥)

له‌م ده‌قه شیعرییه‌ی سه‌ره‌وه‌دا، جگه له نیشانه‌ی (كێو)، چه‌ند نیشانه‌یه‌كی دیكه‌ی وه‌ك، (شاعیر)، (گوڵ)، (عیشق)، به‌شی ئه‌وه قورسایی مه‌تنه‌كه‌یان هه‌ڵگرتووه، بتوانن ئه‌ركی ناونیشان له‌ئه‌ستۆبگرن، به‌ڵام، له‌به‌ر ئه‌وه‌ی شاعیر هه‌ر له دێری یه‌كه‌مه‌وه، ده‌ستی به نیشانه‌ی (كێو)ڕاگه‌یشتووه، په‌نای بۆ نیشانه دوور و بڵاوه‌كانی دیكه‌ی نێوده‌ق نه‌بردووه، سه‌باره‌ت به ئه‌گه‌ری گۆڕینی ناونیشانه‌كه بۆناونیشانێكی ناساده، پیمانوایه، ناونیشانێكی وه‌ك (گوڵی خوێناوی)، له نوێنه‌رایه‌یه‌تی كردنی شیعره‌كه‌دا، سه‌ركه‌وتوو ده‌بوو، به‌ڵام ئه‌و نانیشانه، ڕاده‌ی ده‌قاوێزانیی شیعره‌كه‌ی له‌گه‌ڵ شیعری (گوڵی خوێناوی) ی گۆران، ڕوونتر ده‌رده‌خست.

ئه‌و سێ شێوازه‌ی دابه‌شكردنی ناونیشانه‌كان، ئه‌گه‌رچی له‌ڕووكه‌شدا سادەن، به‌ڵام له‌به‌رامبه‌ر خوێندنه‌وه‌ی سیمیۆلۆژیانه‌ی ده‌قه‌كان، ئه‌ركی سنووركێشكردن و جیاكردنه‌وه‌ی پانتایی ده‌لاله‌تی ده‌قه‌كان ده‌بینێت و زووتر به ڕاقه‌ی كۆتایی نیشانه‌كانمان ده‌گه‌یێنێت، جگه له‌مه‌ش، زۆرجار ئه‌و

ناونیشانانە قورسایی وشە هەڵبژێردراوەکان، یان دەقەکانیان بەرجەستە دەکەن، بۆ نموونە، لە ناونیشانێکی وەك: (دار هەنار)دا، کە ناونیشان لە دێری یەکەمی دەقە شیعرییەکە وەرگیراوە، مەزەندەمان بۆ ئەوە دەبات، کە دارهەنار لە بابەتی دەقدا، چەقی قورساییەکەی هەبێت:

منداڵێك: (ڕوودەکاتە دارهەنارێك)

تۆپێم ناڵێیت

لەکەیەوە دڕکت داوە؟

دارهەنار: (بەپێکەنینەوە)

لەوڕۆژەوە گوڵی سوور و

هەناری شیرینم بووە ... (دارستانی ئەو بنارە، ل٤١)

یان لە ناونیشانێکی ژمارەیی وەك، (سێ شەوی مەستی)دا:

١- ← شەوی یەکەم

٢- ← شەوی دووەم

٣- ← شەوی سێیەم

قورسایی شەوی یەکەم، وەك شەوی دەسپێك، لە قورسایی شەوی دووەم، وەك شەوی ناوەڕاستی ڕووداو جیاوازە، قورسایی شەوی سێیەمیش، وەك شەوی کۆتایی، لە قورسایی هەردوو شەوەکانی پێشتر جیاوازترە، لێرە دەرفەتی وەگەڕخستنی بزاوتی سیمیۆزی نیشانەی (کۆتایی)مان نییە بۆ ڕاڤەکردن، بەڵام لە نێوان هەرسێك شەودا، قورسایی زیاتر، بەر شەوی سێیەم کەوتووە، چونکە کۆتا شەوەکانی مەستییە و شەوی کردنەوەی گرێیەکان و گەیشتن بە دواقۆناغە:

دەڕۆمەوە نێو قۆزاخەی جیهانێکی بەسەرچووی خۆم
ئەم قەپێلکە ئاسوودە و بچووکە نەبا
کێم دەهاتە فریا و هانا؟!
بۆکوێ دەچووم؟
چۆن لە دۆزەخی سەرزەوی ڕزگار دەبووم؟.

(بەفری گەرم، ل١٤)

لە هێنانەوەی ئەم نموونانە، جیاواز لە نموونەکانی پێشتر، مەبەستمان شێواز و ئەگەری گۆڕینی ناونیشانکان نییە، بەڵکو مەبەستمان خستنەڕووی ئەرکی سیمیۆلۆژیانەی ناونیشانەکانە، لە ئاراستەکردنی خوێنەردا.

**٣-٨-٢ ناونیشانی ناسادە**

ناونیشانی دەلالی، یان بابەتیشی، پیدەڵێن، سەرباری ئەرکی ئاماژەیی، بە ئاراستەی ناوەرۆکی دەقیشدا دەڕوات ((هەوڵی چڕکردنەوەی ناوەرۆك دەدات))[١]، واتە شاعیر لە بەنیشانکردنی ناونیشاندا، پەنا بۆنیشانەیەکی بەردەست و بۆ شێوازە ئاسانەکان نابا، هەوڵدەدات پەیامی دەق بە شێوەیەك لە ناونیشاندا چڕبکاتەوە، کە خوێنەر بەرەو مەبەستێکی تایبەت ئاراستە بکات. ناونیشانی دەلالی، لەیەکێك لەم دەروازانە، ڕێگای چوونە نێو ناوەرۆکی دەق هەڵدەبژێرێت[٢]:

**ڕێگای یەکەم:** بەبێ پێچ و پەنا ئاماژە بە بابەتی دەق دەکات و ڕاستەوخۆ ناونیشانێکی لێ هەڵدەهێنجێت، ((بەشێوەیەکی گشتی، پوختەی

(١) فريد حليمي، سيميائية العنوان في الرواية الجزائرية المعاصرة(١٩٩٥-٢٠٠٠)،ص٧٩.
(٢) فريد حليمى، نفس المصدر و نفس الصفحة.

کـارەکە لەگۆشـە نیگـای نووسـەرەوە دەگرێتەخـۆ ))[1]، واتـە نووسـەر لـەنێو کۆمـەڵێك نیشـانەی بـەهێز، نیشـانەیەك هەڵدەبژێرێت بـۆ ئـەوەی دەلالـەت لـە گۆشـەنیگای خـۆی بکـات، بـە مانایـەکی دیکـە، بۆئـەوەی مەبەسـتی خـۆی وەك پـەیام لـە ناونیشـانەکەدا، ئاراسـتەی خوێنـەر بکـات، ئەم جۆرە ناونیشـانە، زیـاتر ئەو نـاوانە لەخـۆ دەگـرن، کە چەقـی دەقەکەیـان گرتـووە، بـۆ نموونـە، (شاعیر)، (نامە) ... هتد.

ئەگەر سەرنج لە شیعری (نامە) بدەین:

دوێنێ وتیان:

((نامەیەك بۆ خۆر بنێرە

بڵێ جارێك

تەنیا جارێك بێتە ئێرە!!)) (دارستانی ئەو بنارە، ل٨٩)

(نامە) وەك ناونیشان، بێ پێچ و پەنا خوێنەر ئاڕاستەی نێو بابەتی دەق دەکات، شاعیر لەنێو کۆمـەڵێك نیشـانە، (نامـە)ی هـەڵبژاردووە و کردوویەتییە چـەقی قورسـایی بابـەتی پەیامەکـەی، ئەگـەر شـاعیر، لـەجیاتیی (نامـە)، نیشانەی (خۆر) ی هەڵبژاردبا، ئاڕاستەی قورسایی دەلالەتی چەقی بابەت، لە دیدی ئێمەی خوێنەریش، بەرەو (خۆر) دەگوازرایەوە.

جیاوازیی پەیڕەوکردنی ئەم ڕێگەیە، لەگەڵ جۆری دووەمـی شێوازی هەڵبژاردنی ناونیشانی سادە، وەك لە نموونەی ناونیشانی (کێو)دا، باسمانکرد، لەوەدایە، کە شاعیر لە هەڵبژاردنی نیشانەدا، پەنا بۆ دێری یەکەمی شیعرەکە نابـات، بـەڵکو بـەرەو قـوڵایی دەق شـۆڕدەبێتەوە و لـەوێوە بزۆکتـرین نیشـانەی

(١) فريد حليمي، سيميائية العنوان في الرواية الجزائرية المعاصرة(١٩٩٥-٢٠٠٠)،ص٧٩.

ئاوس بە دەلالەتگەلێکی زیاتر، هەڵدەبژێرێت و ئەرکی ناونیشانی پێدەسپێرێت، ئەو ناونیشانانەی لەم ڕێگەیەوە پۆلێن دەکرێن، دەرفەت بە شاعیر دەدەن دەستکارییان بکات و لەبۆتەی شیوازێکی دیکەدا، دەریان بخات، هەمان ناونیشانی (نامە) بەنموونە دێنینەوە، شاعیر، هەمان دەق لە دیوانی (بەفری گەرم)دا، لەژێر ناونیشانێکی ژمارەییدا، کردۆتە ناونیشانێکی کەرتی:

-٤-

**دوێنێ وتیان:**

((نامەیێ بۆ خۆر بنێرە

بڵێ: جارێ

تەنیا جارێ بێتە ئێرە!)).

(بەفری گەرم، ل٧٦)

**ڕێگای دووەم:** پشت بە زمانی خوازەیی پەیوەست بە بابەت دەبەستێت، لە شێوەی ڕەمز و ئیحا دەردەکەون، ڕووداوگەلێکی ڕاستەقینە نین[(١)]، وەك ناونیشانەکانی (کەپەنك)، (پرتەقاڵ)، (پەیژە) ... هتد، بۆ نموونە، لە شیعری (پرتەقاڵ)دا، پرتەقاڵی ڕاستەقینە، بەرکاری ڕاستەقینەی ڕووداوی بابەتی شیعرەکە نییە:

ئەمڕۆ ڕێکەوت

دیم ئەوا گزنگی داوە

دیم زەرد بووە

ئەو پرتەقاڵە جوانەی کە خۆری ناوە.

(١) فريد حليمي، سيميائية العنوان في الرواية الجزائرية المعاصرة (١٩٩٥-٢٠٠٠)، ص٨٠.

گه‌ر ده‌ستمی پێ گه‌یشتبا
گه‌ر هی من با
لێم ده‌كرده‌وه و به‌شی گشت تامه‌زرۆیانم لێ ده‌دا.

(به‌فری گه‌رم، ل٣٦)

شاعیر بابه‌تی نیشانه‌ی (پرته‌قاڵ)ی، له شێوه‌ی ڕه‌مز كردۆته ناونیشانی بابه‌تی مه‌تنی ده‌قه‌كه، له هه‌مان كاتدا، نیشانه‌كه، له قورسایی (خۆر)ی وه‌ك ڕه‌مزی گه‌یشتن به ئاوات كه‌م نه‌كردۆته‌وه، به پێچه‌وانه‌وه، پێمانوایه ئه‌گه‌ر شاعیر نیشانه‌ی (خۆر)ی، به په‌نهانی له شیعره‌كه‌دا هێشتبایه‌وه و ته‌نها به‌ئاماژه‌ی (گزنگ) بوه‌ستابوایه، نواندنی ده‌لالیی ناونیشانه‌كه، له‌وه‌ی كه هه‌یه، به‌هێزتریش ده‌بوو.

**ڕێگای سێیه‌م:** ئه‌م ڕێگه‌یه، پشت به ڕێكخستنی بونیادی ڕه‌مزی ده‌به‌ستێت.

(نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت) له به‌ڕه‌مزكردنی ناونیشانه‌كانیدا، به‌رده‌وام له هه‌وڵی داهێنان و نوێخوازیدابووه، زۆربه‌ی ئه‌و نانیشانانه، له نیشانه‌ی هێنده بزۆك و سرك چنراون، له‌خوێندنه‌وی سیمیۆلۆژیانه‌یاندا، ڕاڤه‌ی بێ كۆتا و لێكدانه‌وی جیاجیا هه‌ڵده‌گرن.

نموونه به‌ناونیشانی (په‌ڕه‌مووچه‌ی سیمرخ[1]) ده‌هێنینه‌وه:

(نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت) له به‌ڕه‌مزكردنی سیمرخ دا، هه‌مان خه‌سڵه‌تی

(١) سیمرخ، مه‌لێكی ئه‌فسانه‌یی قه‌باره گه‌وره‌یه، توانای هه‌ڵگرتنی مرۆڤ و هاوكات، زه‌خیره‌یه‌كی زۆری هه‌یه و توانای فڕینی مه‌ودایه‌كی زۆری هه‌یه، له عه‌ره‌بیدا (عنقا)ی پێده‌ڵێن، له شیعری كلاسیكی كۆندا، زیاتر، به عه‌نقا به‌كاریان هێناوه، له هه‌قایه‌ت و ئه‌فسانه‌ی كوردیشدا، وه‌ك باڵنده‌یه‌كی فریادڕه‌س، مرۆڤی له ژێر زه‌وییه‌وه بۆ سه‌ر زه‌وی گواستۆته‌وه.

گواستنەوەی بە دەلالەتی نیشانەکە داوە، لە گەڵ نیشانەیەکی دیکە (پەڕەمووچە)دا، بونیادی ناونیشانەکەی ڕێکخستووە، داهێنەرانە ناونیشانەکەی بە دەقە شیعرییەکەوە بەستۆتەوە، لەدەقەکەدا هاتووە:

پەڕەمووچەی سیمرخی پەنجەی پەرجوویی
پەڕەمووچەی پەنجەی سیحری ...
پەڕەمووچەی پەنجەی مامۆستا باکووری
جار ... جار ... وەك ڕوبار دەیهاڕاند
بروسکانە ... کۆساری دەلەراندەوە
تا دەگاتە:
پیرە عوودە بێ نازەکەی
دەکردەوە کوڕە شازادەی چواردەساڵ
سرووتگێڕەکان ...
سەرخۆشە ئاهەنگ پەروەرەکانیشی
دەکردەوە
گۆلێك ...
گۆلمێك ...
کۆزێك ...
منداڵ ...
(پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە لا/٢٥٣ ـ ٢٥٤).[1]

(١) باکووری، ناوی (ئەندریۆس خەمۆ یۆنان)ە، لەدایکبووی ١٩٢٨ی شاری کۆیەیە، دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای باواجی کۆیەیە، گۆرانیبێژ و ئاوازدانەر و عودژەنێکی بەتوانایە. لەزۆر کۆڕ و کۆبوونەوەدا، بە عودەکەی ئاوازە کۆنەکانی سەردەمی گەنجی دەژەنێتەوە. بۆ زانیاریی زیاتر لەبارەی باکوورییەوە، بڕوانە، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی (٧)، ل٣١٢٦.

نەوزاد ڕەفعەت، پەڕەمووچەی عوودژەنیی نێو پەنجەکانی باکووریی[(١)] ڕەمزاندووە، لەو ڕەمزاندنەشیدا، پشتی بەڕەمزی سیمرخ بەستووە، هەردووکیان دەلالەت لە هەڵگرتن و گواستنەوەی مرۆڤ دەکەن، بەڵام ئەوەی بەهای دەلالیی گواستنەوە، لە ناونیشانەکدا بەهێزتردەکات، پەنجە سیحراوییەکانی باکووریی هونەرمەندن، کە جگە لەگەڕاندنەوەی سرووتگێڕ و سەرخۆشەکان، بۆ سەردەمی منداڵی، پیرە عوودەکەشی کردۆتەوە شازادە چواردە ساڵییەکەی جاران.

**ڕێگای چوارەم:** پشت بە بەکارهێنانی دژە دەلالەت دەبەستێت، واتە ((پەیوەندیی نێوان ناونیشان و دەق، پەیوەندییەکی پێچەوانەییە))[(٢)]، بۆ نموونە شاعیر، لە ناونیشانێکی وەك (بەفری ڕەش)دا، جگە لەوەی، لە خودی ناونیشانەکەدا، دوو دەلالەتی پێچەوانە و دژی کۆکردوونەتەوە، لەگەڵ دەلالەتەکانی نێو دەقەکەشیدا، ڕووبەڕوو دەبێتەوە، شاعیر، لەڕێی دەلالەتەکانی نێو دەق، لە نێو دەقدا، کار لەسەر ڕەتکردنەوەی دەلالەتەکانی ناونیشان دەکات، واتە ئەگەر شاعیر، لەسەرەتادا، لەڕێی چڕیی دەلالەتی ناونیشانەوە، بۆ دۆزینەوەی دەلالەتەکانی پانتایی دەق ئاڕاستەمان دەکات، لە نێو دەقدا بەسەر دەلالەتگەلێکی پێچەوانەدا دەچین:

هەڵگورد لێرە سەرهەڵناگریت!
لێرە بەفری ڕەش نابارێت!
لێرە بەفری ڕەش نابارێت!
لێرە بەفری ڕەش نابارێت!

(ڕێی تاوسان: ل١٢٣)

(١) فريد حليمي، سيميائية العنوان في الرواية الجزائرية المعاصرة(١٩٩٥-٢٠٠٠)، ص٧٩.
(٢) فريد حليمي، المصدر السابق، ص٦٧.

ئـەم شێوازە زیـاتر لـە ناونیشـانی (ئـایرۆنی)[١] دا و لای سـوریالییەکان[٢] پەیڕەو دەکرێت.

**٣- ٩ جۆرەکانی ناونیشان، لە دیوانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا**

جیـا لە پـۆلینکردنەکەی پێشـوو، لێکـۆڵەران لـە دابەشـکردنی جۆرەکـانی ناونیشـاندا، بـەپێی سـەردەم و قۆناغـەکان، چەنـدین جـۆری ناونیشـانیان دەستنیشانکردووە، (لیۆ هۆك)، دوو جۆر ناونیشـانی دیـارکردووە، ((ناونیشـانی بنچینەیی(اصـلی) و لقەناونیشـان (فەرعـی))[٣]، (کلـۆد دۆشـی) یـش، ناونیشانەکان دەکاتە سێ جۆر: ((ناونیشانی بنچینەیی و ناونیشـانی ناوەنـدی و لقەناونیشـان))[٤]، دواتـر جیـرار جینێـت، بە سـوود وەرگـرتن لە دابەشکردنەکانی لیۆهۆك و دۆشی، ناونیشانەکان دەکاتە سێ بەش[٥] :

١- ناونیشانی (بنچینەیی یان سەرەکی).
٢- لقە ناونیشان (العنوان الفرعی).
٣- دیارخەری ڕەگەز (التعیین الجنسی).

دواتـر بە پێـی دەرکەوتەی ناونیشـان، بەچەنـد جـۆرێکی دیـکە ناونیشانەکان جیا کراونەوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە، خستنەڕووی جۆری ئەو

(١) ئـایرۆنی: زاراوەیـەکی ڕەخنەییـە و لـە ئـەدەبیاتی زۆربـەی میللـەتان بووەتـە ڕەوتێکـی دیـار، بـە ڕێگەیەکی تەوس ئامێز و بە پێکەنینەوە، چاکسازی لە کارەکاندا دەکات. بۆ زانیاریی زیـاتر، بڕوانـە: د. ئەحمەد قەرەنی، ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی کوردیدا (١٩٢٥ – ١٩٧٠).
(٢) نەوزاد ڕەفعـەت لـە نـەوەدەکانی سـەدەی بیستەم، بەشدارییەکی بەرچاوی لە بەرهـەمهێنانی دەقـی شیعریی سوریالیدا بینیوە.
(٣) فرید حلیمی، سیمیائیة العنوان في الروایة الجزائریة المعاصرة(١٩٩٥-٢٠٠٠)، ص٦٧.
(٤) د. جمیل حمداوی، السیمیوطیقا و العنونه، ص ١٠٦.
(٥) د. جمیل حمداوی، بناء المعنی السیمیائي في النصوص و الخطابات، ص١٤٩.

ناونیشـانانەیە، کە لە شـیعرەکانی نەوزاد ڕەفعەتـدا، بەهەمـان شـێواز، یـان بە شێوازی جیـاواز بوونیـان هەیە، جیا لەو جۆرانەش کە لە سەرچاوەکاندا جیا کـراونەتەوە، لە میـانەی لێکۆڵینەوەکەمانـدا، چەنـد ناونیشـانێکی دیکەشـمان جیاکردوونەتەوە، هەوڵدەدەین بە نموونە ڕوونیان بکەینەوە:

**٣-٩-١ ناونیشانەکانی دەرەوە**

هــەموو ئەو ناونیشـــانانە دەگرێتــەوە، کە دەکەونە بەشـــی دەرەوە. لە هەردوو بەرگی پێشەوە و بەرگی دواوەی کتێبدا، بە فۆنت و قەبارە و ڕەنگ و شـێوازی جیـاواز، دەخـرێتە ڕوو. زۆربەی جـار ناونیشـانێکی ئـایکۆنیی بینـراوی لە تەکـدا دێـت. یـان ناونیشـانەکە بۆخـۆی شـێوەیەکی ئـایکۆنیی پێدەدرێت، وەک ئەوەی لە ناونیشانی (ڕێی تاوسان)دا بەرچاو دەکەوێت.

هەندێك لە ناونیشانە دەرەکییەکان، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ناونیشان و کارە ئەدەبییەکەوە نییە، وەك ناونیشـانی دەزگـای چاپ و لایـەنی چاپکار و چاپخانە و... هتد.

ئەو ناونیشانانەی بەدیوانەکانەوە پەیوەستن، بە چەند شێوەیەك دەردەکەون:

**٣-٩-١-١ ناونیشانی دیوان:**

ناونیشانەکان، بە شێوازێکی هونەریی و بە فۆنت و ڕەنگ و قەبارەی جیاواز دەخرێنە




نموونەی ناونیشانی دیوانی هەژانی بەرد

**٣-٩-١-٢ ناونیشانی وەرگێڕدراو**

وەرگێڕدراوی ناونیشانی دیوانەکەیەو لە بەرگی دواوە، بە زمانێکی دیکە، یان بە ڕەنووسێکی دیکە خراوەتە ڕوو، دەرکەوتەی ئەم جۆرە ناونیشانە لە بەرگی دیوانەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا، بە سێ قوناغی جیاوزەوە پەیوەستە:

یەکەم: قوناعی بەر لە ڕاپەڕین:

(١٩٧٨- ١٩٩١) لەم قۆناغەدا شاعیر دوو دیوانی شیعریی بڵاو کردوونەتەوە: (دارستانی ئەو بنارە ـ ١٩٧٨) و (نیگەرانی ـ ١٩٨٥).

ناونیشانی وەرگێڕدراوی دیوانی یەکەم تەنها بە زمانی عەرەبییە و لە دیوانی دووەمیشدا دوو ناونیشانی وەرگێڕدراو هەن، یەکەمیان بە زمانی عەرەبی و دووەمیان بە زمانی ئینگلیزی، وەك لە وێنەکانی(٥) و (٦) دا دیارن:




لە دیوانی دارستانی ئەو بنارە دا




لە دیوانی نیگەرانی دا

پێمانوایە ئەوەش، پەیوەندیی بەباروددۆخی ڕامیاری و بە سانسۆری سەر دەزگاکانی چاپەمەنییەوە هەبووبێ.

دووەم: قۆناغی دوای ڕاپەڕین تا کەوتنی بەغدا (١٩٩١ — ٢٠٠٣)

لەم قۆناغەشدا، (نەوزاد ڕەفعەت) دوو دیوانی دیکەی شیعریی بە چاپ گەیاندووە،(بەفری گەرم ـ ١٩٩٢) و (هەژانی بەرد ـ ١٩٩٩)، ناونیشانە وەرگێڕدراوەکانی هەردوو دیوانەکە، بە زمانی ئینگلیزین و جیاواز لە قۆناغی پێشتر، شاعیر لە وەرگێڕانی ناونیشانەکاندا، پشتی لە زمانی عەرەبی کردووە، بڕوانە وێنەکانی (٧) و (٨):




ناونیشانی بەفری گەرم




ناونیشانی هەژانی بەرد

بەهەمان شێوە، گۆڕینی زمانی وەرگێڕدراوی ناونیشانەکان، لە عەرەبییەوە بۆ ئینگلیزی، بە دۆخی ڕامیاریی کوردستانی ئازادەوە پەیوەستە، کە هەڵمەتی لادانی زمانی عەرەبی و پڕکردنەوەی شوێنەکەی بە زمانی ئینگلیزی لەو سەردەمەدا زۆر بواری جیاجیای گرتبووەوە.

قۆناغی سێیەم: دوای کەوتنی بەغدا (٢٠٠٣ ـ )

بەرهەمەکانی شاعیر لەم قۆناغەدا بە چەند شێوازێك دەردەکەون:

- چاپکردنەوەی (٤) لە بەرهەمەکانی پێشتر، لەپاڵ بەرهەمێکی نوێدا بە ناونیشانی (باڵ لە فڕیندا سووتاوە)، کە هەر پێنج بەرهەمەکە لە ژێر ناونیشانی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە)دا لە دوو توێی کتێبێکدا لە ساڵی ٢٠٠٤، بڵاو کراونەتەوە.
- چاپکردنی دوو بەرهەمی نوێ (شینی شالوور ـ ٢٠٠٨) و (ڕێی

تاوسان ـ ٢٠١١)

- چاپی سێیەمی (دارستانی ئەو بنارە ـ ٢٠١٢) و (نیگەرانی ـ ٢٠١٣) و چاپی دووەمی (شینی شالوور ـ ٢٠١٣).

ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە، شاعیر لەم قۆناغەدا، هیچ ناونیشانێکی وەرگێڕدراوی، نە لە بەرهەمە نوێیەکان و نە لە چاپکردنەوەی بەرهەمەکانی پێشتریدا نییە.

**٣-٩-١-٣ ناونیشانی هەڵواسراو**

ئەو ناونیشانەیە، کە بەپێی ئەستووریی کتێب، لە پانتایی نێوان هەردوو بەرگی یەکەم و دووەمی کتێبدا، بە هەڵواسراوی دەنووسرێتەوە، بۆ ناسینەوەی کتێب لە ڕیزی کۆمەڵە کتێبێکی دیکەی نێو کتێبخانە، پشتی پێدەبەسترێت.

هەمان ناونیشانی بەرگی دیوانەکەیە، ئەم شێوازەی ناونیشان، لای نەوزاد ڕەفعەت، لە قۆناغی سێیەمی چاپی بەرهەمەکانیدا پەیڕەو کراوە، چ لە بەرهەمە نوێیەکانیدا و چ لە چاپکردنەوەی بەرهەمەکانی پێشووتریدا .




نموونەی چەند ناونیشانی هەڵواسراو



### ٣-٩-١-٤ ناونیشانی ڕەگەز

مەبەست لە ڕەگەزی ئەدەبییە، بۆ نموونە (شیعر، چیرۆك، کورتە چیرۆك، ڕۆمان ...) بایەخی ئەم جۆرە ناونیشانە لەوەدایە، لە یەکەم دیداردا، وەرگر کۆدی ڕەگەزی بەرهەمەکەی بۆ دەکرێتەوە.

نەوزاد ڕەفعەت، زۆر بەدەگمەن ناونیشانی ڕەگەزیی لە بەرگی یەکەمی دیوانەکانیدا داناوە، لەتەواوی چاپی دیوانەکانیدا، تەنها لە چاپی یەکەمی دیوانی (نیگەرانی ی) و لە دیوانی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە)ەوەدا، ئەم ناونیشانەی داناوە، بەڵام لەبەرگی دواوەی چاپی یەکەمی، دیوانەکانی (دارستانی ئەو بنارە) و (نیگەرانی ی) و (بەفری گەرم) و (هەژانی بەرد)دا، بە زمانی عەرەبی، یان عەرەبی و ئینگلیزی، یان ئینگلیزی، خراونەتەڕوو:



ناونیشانی ڕەگەز



ناونیشانی ڕەگەز(وەرگێڕدراو)

**٣-٩-٢ ناونیشانەکانی ناوەوە**

مەبەست ئەو ناونیشانانەن، کە دەکەونە دووتوێی بەرگەکانی کتێب، ئەم ناونیشانانەش، لە دیوانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت) ی شاعیردا، بە چەند شێوازێك دەردەکەون:

**٣-٩-٢-١ ناونیشانی قەڵپ (Faux titre)**

جێگای ((لەنێوان بەرگ و لاپەڕەکانی ناوەوە دایە))[١]، هەمان ناونیشانی دەرەوەیە دووبارە دەنووسرێتەوە، ((لە کاتی ونبوونی بەرگی کتێب، شوێنی ناونیشانی سەرەکی دەگرێتەوە))[٢]، ئەوەی لە ناونیشانی بەرگ جیای دەکاتەوە، ئەوەیە، ناونیشان و نیشانەکانی دیکەی سەر بەرگی لەگەڵدا دووبارە ناکرێنەوە و زۆربەی جار هەمان قەبارە و شێوە و ڕەنگی نییە. قەڵپی لە ناونیشانەکەدا نییە، لەوەدایە کە لەکاتی ونبوونی بەرگی کتێب، پەڕەی ناونیشانەکە شوێنی بەرگ بگرێتەوە، چونکە ئەو بەها هونەری و سەرنجڕاکێشییەی لە ناونیشانی دیواندا هەن، لەم ناونیشانەدا بونیان نییە.

وەك زۆربەی بەرهەم و دیوانەکان، ئەم ناونیشانەش بە شێوازی جیاواز لە دیوانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، تەوزیف کراون، هۆکاریی ئەم جیاوازییەش زۆربەی جار لەدەست خودی شاعیردا نییە و پەیوەستە بە دەزگا و لایەنی بڵاوکەرەوەی بەرهەم.

- شێوەی باو: پەڕەی دوای بەرگ، ناونیشانی دیوانەکەی تێدا دووبارە کراوەتەوە، بە هەمان فۆنت و قەبارە، یان بە فۆنت و قەبارەی جیاواز، لە

(١) د. جميل حمداوي، بناء المعنى السيميائي في النصوص و الخطابات، ص/ ١٤٩.
(٢) شادية شقروش، سيمياء العنوان في ديوان (مقام البوح) للشاعر: د.عبدالله العشي، ص/٢٧٠.

هەموو بارێکیشدا ناونیشانەکان ڕەنگاو ڕەنگ نین، ئەم شێوە باوە، لە هەریەك لەدیوانەکانی: چاپی یەکەم و سێیەمی (دارستانی ئەو بنارە) و چاپی سێیەمی (نیگەرانی) و (بەفری گەرم) و (هەژانی بەرد) و (ڕێی تاوسان) پەیڕەو کراوە.




ناونیشانی بەرگ




ناونیشانی قەڵپ

– <u>دووبارە کردنەوەی ناونیشانی قەڵپ لە دوو لاپەڕەی جیاواز،</u> هەندێك لە دەزگاکانی چاپ، ناونیشانی قەڵپ لە دوو پەڕەی یەك بەدوای یەك دووبارە دەکەنەوە، لە دووبارە نووسینەوەشیدا شێوازی جۆراو جۆر بەکاردێت، هاوپێچ لەگەڵ نووسینی ناوی شاعیر، یان ناونیشانی ڕەگەز، یان ناو و ئارمی دەزگا ، یان ساڵ ونۆرە چاپ .. هتد. ئەم شێوازە لە دیوانەکانی. چاپی یەکەمی (نیگەرانی ی) و چاپی دووەمی (شینی شالوور) و چاپی یەکەمی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە) پەیڕەو کراوە، ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە، دووجار دانانەوەی ناونیشانی قەڵپ، لەچاپی یەکەمی یەکەم دیوانی نەوزاد ڕەفعەت دا، چ لەڕووی هونەرییەوە بێت، چ لە شێوازی دووبارەکردنەوەکەدا و چ لە ڕووی سیمیۆلۆژییەوە بێت. داهێنان لە ناونیشانەکەدا کراوە، لە یەکەمیاندا،

هەڵگەڕاندنەوەی ئاوێنەیی ناونیشان و لەدووەمیاندا، ئاراستەکەرنی ناونیشان لەنێو دوودەستی نزاکردندا، پانتایی دەلالیی نیگەرانییەکەی فراوانتر کردۆتەوە و لە ڕووی هونەریشەوە، وەك بێراییەکی دیکەی دەق، لە ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی ناونیشاندا بزاوتێکی زیاتر بە سیمیۆزی نیشانەکان دەدات



ناونیشانی قەڵپ لە دیوانی نیگەرانی



ناونیشانی قەڵپ لە دیوانی شینی شالوور

**٣-٩-٢-٢ ناونیشانی فۆڕمی**

لەتەك کۆمەڵێك زانیاریی دیکەی وەك، ناوی نووسەر، دەزگای چاپ، نۆرەی چاپ، ناوی چاپخانە، پیتچنین، دیزاین، خۆشنووس، تیراژ، ژمارەی سپاردن ...هتد، ناونیشانی دیوان دەنووسرێتەوە، بەزۆری دەکەوێتە دیوی ناوەوەی پەڕەی ناونیشانی قەڵپ. لە چاپی یەکەمی هەردوو دیوانی (دارستانی ئەو بنارە) و (نیگەرانی ی)، واتا لە قۆناغی پێش ڕاپەڕیندا، ناونیشانی فۆڕمی لە دیوانکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، بوونیان نییە، بەڵام لە بەرهەمەکانی دوای ڕاپەڕین، چ لە چاپی یەکەمی دیوانە نوێیەکان بێت، چ لەچاپکردنەوەی دیوانەکانی پێشووتریدا، ئەم ناونیشانە لە تەك کۆمەڵێك

بێرایی دیکە، شوێنی خۆی گرتووە، بۆ نموونە:

لە دیوی دووەمی پەڕەی یەکەمی دوای بەرگی پێشەوەی دیوانی (شینی شالوور)دا، هاتوە:



یەکێتیی نووسەرانی کورد
مەڵبەندی گشتی (١٢٠)

ناوی کتێب: شینی شالوور
ناوی نووسەر: نەوزاد ڕەفعەت
دەرهێنانی هونەری: سەید ئارام
تایپ: عەبدولڕەحمان میران
خۆشنووس: زادە
بەرگ: نووسینگەی گۆڤار
نیگاری بەرگ: نیگارکێشێکی بیانی
چاپی دووەم- ٢٠١٤ هەولێر
تیراژ: ٥٠٠ دانە
چاپ: چاپخانەی ڕۆژهەڵات

لەبەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢٥١٦) ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە

ناونیشانی فۆڕمی
لە دیوانی شینی شالووردا

### ٣-٩-٢-٣ ناونیشانی لاپەڕەیی

ناونیشانی سەرەکی و زۆرجار ناوی دانەریش لە تەواوی ئەو لاپەڕانە دووبارە دەبێتەوە کە دەقەکەی تێدا تۆمارکراوە، لە سەرەوە یان لە خوارەوە، لای ڕاست یان لە لای چەپی لاپەڕەکە دادەنرێت. ئەگەر ناونیشانی قەڵپ لە ترسی ونبوونی بەرگ، پارێزگاری لە ناونیشانی کتێب بکات، ئەوە ناونیشانی لاپەڕەیی، لەکاتی پەڕ پەڕبوون یان کۆپی کردنی پەڕەکاندا، ناونیشانی کتێبەکە ون ناکات. دانانی ئەم جۆرەی ناونیشان، تەنها لە دوا دیوانی شاعیردا پەیڕەو کراوە، کە چاپی دووەمی (شینی شالوور)ە.




ناونیشانی لاپەڕەیی، لە دیوانی (شینی شالوور)دا

### ٣-٩-٢-٤ ناونیشانی بەش

ئەو جۆرە ناونیشانانەی مەبەستە. کە لە نێو دیواندا، نوێنەرایەتیی کۆمەڵێك لە ناونیشانکانی دەق دەکەن، ئەم جۆرە ناونیشانە، لە نێو بەرهەمەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، تەنها لە دیوانی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە)دا، بەرچاو دەکەوێت، دیوانەکە بەهۆی ناونیشانە بەشییەکانەوە، کراوەتە پێنج بەش و هەربەشێك چەندین ناونیشان لە خۆ دەگرێت:

- دارستانی ئەو بنارە ٢٣ ناونیشان
- نیگەرانی ٣٠ ناونیشان
- بەفری گەرم ٣٧ ناونیشان
- هەژانی بەرد ٢٥ ناونیشان
- باڵ لە فڕیندا سووتاوە ١٣ ناونیشان

جگە لە ناونیشانی (باڵ لە فڕیندا سووتاوە)، سەرجەم ناونیشانە بەشییەکانی دیکە، پێشتر ناونیشانی کۆهۆزانێکی سەربەخۆ بوونە و، دواتریش لە چاپکردنەوەی دیوانەکانیاندا، هەمان ئەرکیان بینیوەتەوە.

### ٣-٩-٢-٥ ناونیشانی دەق

مەبەستمان لەهەموو ئەو ناونیشانانەیە، کە ناولە دەق دەنێن، یان نوێنەرایەتیی دەقێك دەکەن، ئەم نوێنەرایەتی کردنە لە دەقەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا بە دوو شێوە دەرکەون:

أ- <u>ناونیشانی ڕاستەقینە:</u> هەموو ئەو ناونیشانانە دەگرێتەوە کە دەقێك دەخەنەڕوو، ((ناونیشانێکی سەرەکییە، پسوولەی ناسکردنە و ناسنامە بەدەق

ده‌به‌خشێت))[(١)]، سه‌رووی ده‌ق ده‌گرن، نوێنه‌رایه‌تیی ته‌واوی ده‌قه‌كانیان ده‌كه‌ن، به‌ ده‌قه‌ پارچه‌كراوه‌كانیشه‌وه‌، له‌به‌ر زۆریی ئه‌م ناونیشانانه‌، كه‌ ژماره‌یان له‌ (١٨٠) ناونیشان زیاتره‌، ناتوانین ئاماژه‌ به‌ هه‌موویان بكه‌ین، به‌ شێوه‌یه‌كی نزیكه‌یی (٨٧%) ی ناونیشانه‌كانی ناوه‌وه‌ له‌ خۆده‌گرن.

ب- <u>ناونیشانی كه‌رتی:</u>

ئه‌و ناونیشانانه‌ ده‌گرێته‌وه‌، كه‌ ده‌قی ژێره‌وه‌ی ناونیشانێكی ڕاسته‌قینه‌ بۆ چه‌ند ناونیشانێكی دیكه‌، كه‌رت ده‌كه‌ن، هه‌ریه‌ك له‌ ناونیشانه‌ ژماره‌یی و ئه‌ستێره‌ییه‌كانیش، به‌ ناونیشانی كه‌رتی هه‌ژمار ده‌كرێن، جگه‌ له‌مانه‌، ناونیشانه‌ كه‌رتییه‌كان، له‌ شیعره‌كانی (نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت)دا، به‌شێوازێكی دیكه‌ و به‌به‌كارهێنانی وشه‌و ده‌سته‌واژه‌ په‌یڕه‌و كراوه‌، شاعیر له‌ جیاتیی ژماره‌ و ئه‌ستێره‌، نیشانه‌ی زمانیی داناون، كه‌ خۆیان له‌ وشه‌و ده‌سته‌واژه‌دا ده‌نوێنن، نموونه‌ی ئه‌م ناونیشانانه‌، له‌ ناونیشانه‌كانی (پرسیار)، (سێ باڵنده‌)، (خۆر و شه‌وگار)دا، ده‌رده‌كه‌ون، بۆنموونه‌، (خۆر و شه‌وگار)، وه‌ك ناونیشانێكی سه‌ره‌كی، سێ ناونیشانی كه‌رتیی زمانیی له‌ خۆ گرتووه‌:

- خۆشخوان
- بلوێر ئه‌نگێو
- شمشاڵژه‌ن. (به‌فری گه‌رم، ل٦٢).

جیاوازیی ئه‌م جۆره‌ ناونیشانه‌، له‌گه‌ڵ ناونیشانه‌كانی ژێر (ناونیشانی به‌ش)، له‌وه‌دایه‌، كه‌ ناونیشانه‌كانی ژێر ناونیشانی به‌ش، ناونیشانی ده‌قی

(١) شادية شقروش، سيمياء العنوان في ديوان (مقام البوح) للشاعر: د.عبدالله العشى، ص٢٧٠.

سەربەخۆ پێکدێنن، بەڵام ناونیشانە کەرتییەکان، بەشێکن لە پێکهاتەی دەقەکە. دواتر لە هێڵکارییەکدا، ئەمە ڕوونتر دەکەینەوە.

### ٣-٩-٢-٦ ناونیشانی لاوەکی(Sous titre)

دوای ناونیشانی سەرەکی دێت، ((بە مەبەستی تەواوکردنی واتاکەی دادەنرێت))(١)، یان واتای ناونیشانی سەرەکی ڕوونتر دەکاتەوە ((زۆربەی جار، ئامرازی (یان) دەکەوێتە نێوان هەردوو ناونیشانەکە))(٢), نموونەی ئەم ناونیشانە لە ناونیشانی دیوانەکانی نەوزاد ڕەفعەت)دا، بوونیان نییە، تەنیا لە شیعرێکی ڕاستەقینەیدا (ڕێی تاوسان یان خاتوونی ئەرز و ئاسمان)(٣)، بەرچاو دەکەوێت:

- ڕێی تاوسان ناونیشانی سەرەکی
- خاتوونی ئەرز و ئاسمان ناونیشانی لاوەکی

زۆربەی جار هەردوو ناونیشانەکە، بە ئامرازی (یان) دەدرێنە پاڵ یەکدی.

### ٣-٩-٢-٧ ناونیشانەکانی پێرست

دووبارە کردنەوەی تەواوی ناونیشانەکانی ناوەوەی دیوانە، بە مەبەستی ئاسانکاریی دۆزینەوەی ناو و ژمارە و لاپەڕەی دەقە شیعرییەکان. نەوزاد ڕەفعەت ئەم ناونیشانانەی لە چاپی یەکەمی دیوانەکانی (دارستانی ئەو بنارە) و (نیگەرانی ی) و (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە) و (ڕێی تاوسان) دا، ڕیزی کردوون.

---

(١) شادية شقروش، سيمياء العنوان في ديوان (مقام البوح) للشاعر: د.عبدالله العشى، ص/٢٧٠.
(٢) فرج عبدالحسيب محمد مالكي، عتبة العنوان في الرواية الفلسطينية، ص/٣٧.
(٣) بڕوانە: نەوزاد ڕەفعەت، دیوانی: ڕێی تاوسان، ل٣.

بۆ نموونە:

# پێرست

گـــۆڕێن • ٥
تێك ڕژانەوە ١١
هێشتا درەختەکان سەوزن • ١٧
تارمایی شاخی خەم • ٢٧
تۆڕ • ٣٤
چراوگ • ٣٥
نیشتمان • ٣٦
سەفەرو قۆناخ • ٣٧
بەفر ٣٩
سەردان • ٤٠
عیشـــق • ٤٢
پێکرانی بازی ڕەند • ٤٣
گۆرانی‌ی نوێ • ٤٤
دیاری‌ی • ٤٥
سلکردنەوە ٤٦
دوا ژوان • ٤٧
گوڵ • ٤٨
ڕەنگ • ٤٩
سیروان • ٥٠
کانی‌ی نەمر • ٥١
ڕیشی ڕیـــا • ٥٣
نەفرەت • ٥٤
گــــورگ • ٥٥
سەربەستی‌ی • ٥٦
زریان • ٥٧
مەهابـــاد • ٥٨
وەڕسی‌ی • ٥٩
لـــوورە • ٦٠
گەماڕۆدان • ٦١
ناسکەخەمبار • ٦٢

ناونیشانەکانی پێرست لە دیوانی نیگەرانی ی

### ٣-٩-٢-٨ ناونیشانی فەرزەندی

مەبەستمان ئەو ناونیشانانەن، کە شاعیر بەرهەمە چاپکراوەکانی پێشووتری خۆی، بە خوێنەری دیوانەکە ئاشنا دەکات. بایەخی ئەم خستنەڕووەی ناونیشانی بەرهەمەکانی پێشووتری نووسەر، لە زۆر ڕووەوە لە توێژینەوەی سیمیۆلۆژیادا، جێی بایەخە، خوێنەر دەتوانێت لە کردنەوەی کۆدی ناونیشانەکانی دواتردا سوودیان لێ وەربگرێت، بۆ نموونە، دوای تێگەیشتنمان لە دەلالەتی ناونیشانی (دارستانی ئەو بنارە)، دەتوانین لە ناونیشانی دیوانی دواتری (نیگەرانی ی)دا، بزانین نیگەرانیی شاعیر بەچ ئاڕاستەیەکدا دەڕوات. شوێنی ئەم ناونیشانانەش بە زۆری دوا لاپەڕەی دیوانەکە دەبێت، شاعیر لەسێ دیواندا و لە ژێر ناونیشانی جیاوازدا، بەرهەمەکانی خۆی خستوونەتە ڕوو:

- لە چاپی یەکەمی (هەژانی بەرد)دا، لەژێر ناونیشانی (کۆ هۆزانە چاپکراوەکانی)، بەرهەمەچاپکراوەکانی خستوونەتە ڕوو.
- لەچاپی یەکەمی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە)، بەبێ هیچ ناونیشانێك بەرهەمەکانی بەم شێوەیە خستوونەتە ڕوو:

- دارستانی ئەو بنارە چاپی یەکەم ١٩٧٨.
- نیگەرانی چاپی یەکەم ١٩٨٥.
- بەفری گەرم چاپی یەکەم ١٩٩٢.
- هەژانی بەرد چاپی یەکەم ١٩٩٩.
- باڵ لە فڕیندا سوتاوە چاپی یەکەم ٢٠٠٤ (دەزگای ئاراس)

- لە چاپی سێیەمی (دارستانی ئەو بارە) شدا، وەك لە وێنەی دواتردا دیارە، شاعیر ناونیشانە فەرزەندییەکانی خۆی لەژێر ناونیشانی (دیوانەکانی شاعیر)دا، بڵاوکردوونەتەوە:



**دیوانەکانی شاعیر**

- دارستانی ئەو بنارە چاپی یەکەم ١٩٧٨
- نیگەرانی چاپی یەکەم ١٩٨٥
- بەفری گەرم چاپی یەکەم ١٩٩٢
- هەژانی بەرد چاپی یەکەم ١٩٩٩
- باڵ لە فڕیندا سووتاوە چاپی یەکەم

(لەگەڵ سەرجەم دیوانەکانی پێشوودا — دەزگای ئاراس ٢٠٠٤).

- شینی شالوور چاپی یەکەم ٢٠٠٨
- ڕێی تاوسان چاپی یەکەم ٢٠١١

٩٦

ناونیشانەکانی فەرزەندی لە دیوانی دارستانی ئەو بنارە

### ٣-٩-٣ ناونیشانی دەرەکی

خستنەڕووی ئەم ناونیشانە، لەدەرەوەی دیوانەکاندایە، تایبەتە بە دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوە و لایەنی چاپکار، وەك ناونیشانی فەرزەندی

وایە، لایەنی پەیوەندیدار، لەگەڵ چاپ و بڵاوکردنەوەی هەر بەرهەمێکی نوێ، ناونیشانی تەواوی بەرهەمە چاپکراوەکانی پێشووتری، لە لاپەڕەکانی کۆتایی بەرهەمەکەدا، لە لیستێکدا، دەخاتەڕوو. ئەوەی ئەم جۆرە ناونیشانە، لە ناونیشانی فەرزەندی جیا دەکاتەوە، لە ناونیشانی فەرزەندیدا، سەرجەم بەرهەمەکان تایبەتن بە تەنها نووسەرێك، بەڵام لە ناونیشانی دەرەکیدا، نووسەری بەرهەمەکان جیاوازن.

ئەم جۆرە ناونیشانە، لەچەند ڕوویەکەوە خزمەت بە بەرهەمە ئەدەبییەکە دەکات، زۆرجار، تەنیا بەهاتنی ناونیشانی بەرهەمێك، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی دەزگایەکی سەرکەوتوو، بەسسە بۆ بڕیاردان لەسەر بەپێزیی بەرهەمەکە، جگەلەوە، هەندێك دەزگا تایبەتن بە بڵاوکردنەوەی بابەتی تایبەت، بۆ نموونە، بابەتی زانستی، هاتنی هەر ناونیشانیك، لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی ئەو دەزگایە، ئاماژەی زانستییانەی بابەتی ناونیشانەکەن، ئەمەش لەدەستنیشانکردنی ئاراستەکانی ڕاڤەکردنی سیمیۆلۆژیانەی ناونیشانەکان هاوکارێکی باشە.

لەم هێڵکارییەی دواوەدا، جۆری ناونیشانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت) ڕوونتر دەکەینەوە:




### ٣-١٠ ئەرکەکانی ناونیشان

دەستنیشانکردن و هەژمارکردنی ئەرکەکانی ناونیشان، بەپێی تێڕوانینی لێکۆڵەرەوان و بەپێی سەردەم، پۆلێنی جیاوازی بۆ کراوە، هۆکاری ئەم جیاوازیانەش له ئەنجامی جیاوازیی جۆرەکانی ناونیشان خۆیەتی. گرنگی و بایەخی ناونیشانیش بەپێی جیاوازیی ڕەگەزی ئەدەبی، له بینینی ئەرکدا دەردەکەوێت.

ناونیشان، لەنێوان نێرەر و وەرگردا، پەیامێکی زمانیی پڕکۆدە، هەردوکیان هاوکاری له پرۆسەی گەیاندنی زانیاری و ئیستاتیکا و کردنەوەی کۆدەکان دەکەن، لەڕوانگەی ئەوەی، کە ناونیشان له ڕووی دەربڕینەوە

ده‌وڵه‌مه‌نده و خاوه‌ن ئیستاتیكاو چڕیی ده‌لاله‌ته و خودان ستراتیژیه‌تێكی به‌هێزه، به‌وه‌ی نزیكترین بیرایی له پانتایی ده‌قی ئه‌ده‌بی ده‌گرێت، ((یه‌كه‌م پێكهاته‌یه به‌ره‌و ڕووی خوێنه‌ر ده‌بێته‌وه، هه‌رچه‌نده له‌وانه‌یه دوا قه‌فی زنجیره‌كاری داهێنانی نووسه‌ر بێت))[1].

دانه‌ری ده‌ق ناتوانێ به‌بێ ناونیشان، ڕێگای گه‌یاندنی ده‌ق به خوێنه‌ر كورت بكاته‌وه، هه‌روه‌ك ناونیشانیش به‌بێ له ئه‌ستۆگرتنی ئه‌رك. ناتوانێ له گه‌یشتن به ده‌ق، هاوكاریی خوێنه‌ر بكات.

به‌ر له‌وه‌ی باس له جۆری ئه‌ركه‌كانی ناونیشان بكه‌ین، له‌ڕوانگه‌ی داهێنه‌رانی زانستی ناونیشان، سه‌ره‌تای جیاكردنه‌وه‌ی ئه‌ركه‌كانی ناونیشان ده‌خه‌ینه ڕوو:

لیۆهۆك له میانه‌ی پێناسه‌ی ناونیشاندا، پێی وایه ناونیشان سێ ئه‌ركی هه‌یه: ((تایبه‌تكردن ، دیاركردنی ناوه‌رۆك، ڕاكێشانی جه‌ماوه‌ر))[2]. دواتر جیرار جینێت چوار ئه‌ركی سه‌ره‌كی بۆ ناونیشان ده‌ستنیشان ده‌كات[3]:

- ئه‌ركی وروژاندن: كار له‌سه‌ر وروژاندنی وه‌رگر ده‌كات و ده‌یخاته نێو پرۆسه‌ی خوێندنه‌وه‌و هێرمۆنتیكا[4].
- ئه‌ركی ده‌لالی و خستنه‌ڕوو: ناونیشان وه‌ك (دال) ده‌رده‌كه‌وێت، بۆ ته‌واوكردنی خوێندنه‌وه‌ی ده‌ق، بوونی (مه‌دلوول) به پێویست ده‌زانێ[5].
- ئه‌ركی وه‌سفی : ئاماژه به ئه‌ركی هه‌واڵی و بابه‌تیی ناونیشان ده‌كات[6].

(١) شادية شقروش، سيمياء العنوان في ديوان مقام البوح، ص/٢٧١.
(٢) فريد حليمي، سيميائية العنوان في الرواية الجزائرية المعاصرة(١٩٩٥-٢٠٠٠)، ص/٨٤.
(٣) د. جميل حمداوي، السيميوطيقا و العنونة، ص/١٠٦.
(٤) روفية بو غنوط، شعرية النصوص الموازية في دواوين عبدالله حمادي، ص/١١٥.
(٥) روفيه بو غنوط، نفس المصدر و نفس الصفحة.
(٦) فريد حليمي، المصدر السابق. ص٨٤.

– ئەرکی تایبەتکردن: دەستنیشانی ناسنامەی دەق دەکات و ئاماژە بە ڕەگەزەکەی دەکات ، هەروەك ناو لە دەق دەنێت و لە جگەلەخۆی جیای دەکاتەوە) ، ئەرکی تایبەتکردن ((دیارترین ئەرکە لە ناونیشاندا))(١).

تا ئێستاش دەربارەی دیارکردنی ئەرکەکانی ناونیشان کۆدەنگییەك نییە، لە هەندێك لێکۆڵینەوەدا ئەرکەکان لە سێ جۆر چڕکراونەتەوە(٢)، لە هەندێکی دیکە (١٤) ئەرك بۆ ناونیشان جیاکراونەتەوە(٣)، ئێمە لەم دەرفەتەدا، لەبەر ڕۆشنایی پەیوەندییەکانی ناونیشان بە دەق لە لایەك و لەلایەکی دیکە، بە پێی جۆرەکانی ناونیشان، هەوڵدەدەین ئەرکە جیاوازەکانی ناونیشان لە بەرهەمەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیردا بخەینە ڕوو:

### ٣-١٠-١ ئەرکی ناساندنی بەرهەم

مەبەستمان لە بەرهەم، کۆهۆزان یان دەقێك یان پارچە دەقێکی شیعری، یان هەر بڕاییەکی دیکەی نێو سنووری ناونیشانەکانە، ناونیشان ئەم ئەرکە بە چەند شێوەیەك دەنوێنێ:

### ٣-١٠-١-١ ناولێنان

ناونیشان ناو لە دەق دەنێت، هەر دەقێکی نوێ، بە ناوێك نیشان دەکرێت، کە بۆی دەبێتە ناونیشان، هەموو ناونیشانێکیش، لەهەر بوارێکدا بێت، ئەم ئەرکە دەبینێت، ((ئەمە سادەترین ئەرکە، کەوا ناونیشان بۆ دەق جێبەجێی

(١) روفية بو غنوط، المصدر السابق، ص١١٥.
(٢) فريد حليمي، المصدر السابق، ص ٨٤.
(٣) بڕوانە، د. الطيب بو دربالة، قراءة في كتاب"سيمياء العنوان" للدكتور بسام قطوس، منشورات الملتقى الوطني الثاني السيمياء و النص الادبي ١٥-١٦ أفريل ٢٠٠٢، جامعة محمد خيضر بسكرة، ص٢٦.

ده‌كات))[١]، ناونیشان له‌م ئه‌ركه‌یدا، مه‌به‌ستی جیاكردنه‌وه‌ی ده‌قه‌كه‌یه‌تی له‌نێو ده‌قه‌كانی دیكه‌دا و پێی ده‌ناسرێته‌وه، به ئه‌ركی دیاركردنیش (التعیین) ناو ده‌برێت، چونكه دانه‌ر ناچاره ((ناوێك بۆ كتێب/ده‌قه‌كه‌ی هه‌ڵبژێرێت بۆ ئه‌وه‌ی ناسنامه‌ی ده‌ق دیاربكات))[٢], ئه‌م ئه‌ركه په‌یوه‌ندیی نێوان (دانه‌ر — ده‌ق)ه.

هه‌موو جۆری ناونیشانه‌كان ئه‌م ئه‌ركه ده‌بینن، هه‌ر له ناونانی دیوانه‌كانه‌وه بگره، تا ناونانی پارچه ده‌قێك به ناونیشانی زمانی، یان ژماره‌یی. یان ئه‌ستێره‌یی.

**٣-١٠-١-٢ دیاركردنی ڕه‌گه‌ز**

زۆر جار ناونیشان له‌به‌ر ده‌رگای ده‌قه‌وه، ڕه‌گه‌زی ده‌ق بۆ خوێنه‌ر ئاشكرا ده‌كات، بۆ نموونه، خوێنه‌ر به ئاسانی ده‌توانێ، له نیشانه گه‌لێكی وه‌ك (ده‌نگی هۆنراوه‌یه‌ك)، ڕه‌گه‌زی به‌رهه‌مه ئه‌ده‌بییه‌كه بناسێته‌وه، به‌ڵام له‌هه‌موو ناونیشانێكدا، ناسینه‌وه‌ی ڕه‌گه‌زی شیعر، كارێكی ئاسان نییه، به‌تایبه‌تی له ناونیشانی نوێدا ((به‌هۆی وێكچوونی نێوان شیعر و په‌خشان له پشت به‌ستن به خواستن له پێكهاته‌ی ناونیشاندا))[٣]، به‌ڵام ناونیشانی لاوه‌كی هاوكاریی خوێنه‌ر ده‌كات له ناسینه‌وه‌ی ڕه‌گه‌زدا، بۆنموونه (كۆهۆزان)، (ملوانكه شیعر)، (كورتیله چیرۆك)، (ڕۆمانی وه‌رگێڕدراو)...تد.

(١) فرج عبدالحسیب محمد مالكي، عتبة العنوان في الروایة الفلسطینیة، ص/٤٢.
(٢) محمد فكري الجزار: العنوان و سیمیوطیقا الاتصال الادبي، ص/١٥.
(٣) كوثر محمد علي جبارة، عتبة العنوان في قصص فرج یاسین القصیرة جدا، ص/٥١٣.

**٣-١٠-١-٣ ناساندنی شاعیر**

بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێی ناوبانگ و ناسراویی ناونیشان، خودی شاعیر بە وەرگر دەناسێنێ، بۆ نموونە، ناونیشانی (سەربازی ون) بەبێ ناوهێنانی شاعیر، ناوی (عەبدوڵڵا پەشێو) مان لە زەیندا وێنا دەکات، سەبارەت بە (نەوزاد ڕەفعەت) ی شاعیریش، بەهۆی شێوازی تایبەت بەخۆی لە دارشتنی ناونیشانی بزۆك و هەماهەنگییان لەگەڵ ناوەرۆکی دەقەکانیان، بۆ نموونە لە نیشانگەلێکی وەك، (دارستانی ئەو بنارە)، (مەزاری مامزان)، (شینی شالوور)، بەبێ ناوهێنانی شاعیر، (نەوزاد ڕەفعەت) دەناسینەوە.

**٣-١٠-١-٤ ناساندنی بابەتی دەق**

بەشێوەیەکی گشتی، ئەرکی ناونیشانەکانی نەوزاد ڕەفعەت لە ناساندنی بابەتی دەق دا، بە چەند شێوەیەك دەبێت:

١- ناساندنی بابەتی دەق بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا:

هەرچەندە (نەوزاد ڕەفعەت) ی شاعیر، هەر لە هەنگاوە سەرەتاییەکانییەوە، بە ناونیشان و دەقی ڕەمز ئامێز و ئاڵۆز هاتۆتە نێو جیهانی شیعر، لەگەڵ ئەوەشدا، چەندین ناونیشانی هەن دەتواندرێت لەگەڵ ئەم گروپەدا پۆلێن بکرێن، بۆ نموونە:

- سێ باڵندە: ئەم ناونیشانە دەقێکی سێ پارچەییمان پێ دەناسێنێ، هەر پارچەیەك، ناونیشانی باڵندەیەکی هەڵگرتووە. ناونیشانەکە زۆر بە ڕوونی وەسفی دەقەکەی کردووە، پێکهاتەی ناونیشان بریتییە لە: سێ+ باڵندە، دەقەکەش پێکهاتووە لە سێ بەش + ناوی سێ باڵندە (تیتروانسك، قەقنەس، بارانبرە)، واتا دەقەکە، هاوشێوەی ناونیشان، پەیوەستە بە (سێ) و لە ناوهێنانەکانیشدا پەیوەستبووە بە باڵندە.

– (ته‌مـه‌ن) و چه‌نـدین ناونیشـانی دیـکه له شـیعره‌کانی نه‌وزاد ره‌فـعه‌ت دا، په‌یوه‌ندییه‌کی ئاشکرایان له نێواندا هه‌یه، خوێنه‌ر به به‌ستتنه‌وه‌ی ناونیشان و ده‌ق سـه‌رقاڵ ناکـه‌ن، ده‌لاله‌تـه‌کانی ناونیشـان و ده‌لاله‌تـه‌کانی ده‌ق، له‌سـه‌ر هه‌مان ڕێچکه‌ی ڕاڤه‌کردندان:

هه‌ن ته‌مه‌نیان باخچه‌یه‌که
هه‌موو سه‌ر له به‌یانییه‌ك
گوڵێکی تیا ده‌پشکوێت
هه‌ندێکیش له‌هی من ده‌چێت
دارهه‌نجیرێکی زه‌ردباوه
هه‌موو ڕۆژێك
هه‌نجیرێکی باقۆ ده‌بێت
ده‌مه‌و ئێواران له‌خۆڕا
ته‌پ ده‌که‌وێت (په‌رییه‌کان هه‌ڵده‌فڕێنمه‌وه، ل١٢٠)

٢– ناساندنی بابه‌ت به شێوه‌یه‌کی ئاڵۆز:

پێکهـاته‌ی وشـه‌یی ئه‌م جـۆره ناونیشـانانه، پێکهـاته‌ی ڕه‌مزیـی ئـاڵۆزن، به‌شێوه‌یه‌کی ڕاسته‌وخۆ کۆده‌کانیان ناکرێنه‌وه و به ڕوونی به ده‌لاله‌تی بابه‌تی ده‌قمان ناگه‌یێنن، به‌شی هه‌ره‌زۆری ناونیشانه‌کانی نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت له خانه‌ی ئه‌م شێوازه‌دا جێیـان ده‌بێته‌وه، شـاعیر، لـه داڕشـتنی ئـه‌م جۆره ناونیشـانانه‌دا، پشـت بـه شـێوازی دژ و به‌یه‌کـه‌وه گرێـدانی نیشـانه ناکۆکـه‌کان، یـان بـه به‌کارهێنانی ڕه‌مز، یان ڕه‌مزاندنی نیشانه، ده‌به‌ستێت، ئـه‌م جۆره ناونیشـانانه، جگه لـه ئـه‌رکی ناساندن، ئـه‌رك گـه‌لێکی دیکه ده‌گرنـه ئه‌ستۆ، وه‌ك ئـه‌رکی ئیسـتاتیکی و ئـه‌رکی وروژانـدن و ... هتـد. چه‌نـد نموونه‌یـه‌ك لـه‌م جـۆره

ناونیشانانەی شاعیر دەخەینەڕوو:

- (خۆرەژن)، وشەیەکی لێکدراوە، ئەم وشەیە تایبەتە بە فەرهەنگی شیعریی (نەوزاد ڕەفعەت)، ئەگەر (خۆر) ڕەمزی بەخشندەیی و بزاوتی ژیان بێت، ئەوا، شاعیر لەم ڕەمزەدا، ژنی ڕەمزاندوە، ناونیشانەکە جگە لە ئەرکی ناساندنی دەق، ئەرکی وروژاندن و ئەرکی دەلالی و جوانییەکی لەڕادەبەدەریشی، بە ناونیشانەکە بەخشیوە.
- (کەمانچەی برینەکان)، ناونیشان لە خودی خۆیشیدا، خاوەن پێکهاتەیەکی دەلالیی ئاڵۆزە، لەلایەك، دۆزینەوەی ئەو بەستەرانەی هەردوو نیشانەکەی بەیەکەوە بەستۆتەوە و لەلایەکی دیکە، چۆنیەتیی نوێنەرایەتی کردنی دەق، ئەرکی ناونیشانەکە، ئاڵۆزتر بەرجەستە دەکات.

### ٣-١٠-٢ ئەرکی ئیستاتیکی

ناونیشان لە نواندنی ئەم ئەرکەیدا، بە پەیوەندی لەگەڵ خۆیدا، وەك ناونیشان، پەیوەست دەبێت، واتە (ناونیشان – ناونیشان)، ئەم ئەرکە لە ناونیشانی شیعریدا، زیاتر دەرکەوێت، بە (ئەرکی شیعریەت) یش ناو دەبرێت. ناونیشانی ئیستاتیکی، ((پێویستە سنووری باو ببەزێنێ و لە نووسینی زمانی ئاسایی یان تێگەیشتنی چاوەڕوانکراو دەربچێت))[1]، شاعیر ئەمە بە مەبەستی زەقکردنەوەی ناونیشانەکانی دەکات، بۆ نموونە، لە ناونیشانێکی وەك (شوێنکات)[2]دا، شاعیر لە لێکدانی هەردوو نیشانەی (شوێن) و (کات) دا، لادانێکی لێکسیکیی لێکدراوی[3]، لە ناونیشانەکەدا کردووە، بەمەش

(١) کوثر محمدعلي الجبارة، عتبة العنوان في قصص فرج ياسين القصيرة جدا، ص٥١٤.

(٢) بڕوانە، نەوزاد ڕەفعەت، هەژانی بەرد، ل٤٨.

(٣) ئەم جۆرە لادانە، خۆی دابەشی دووجۆر دەبێت، یەکەمیان وشە داهێنان، ئاماژە بەو دیاردەی بواری وشەسازی دەکات کە بەهۆی ئەوەوە قسەکەر وشەیەك دروست دەکات، کە پێشتر لە دەقی ئەو زمانەدا

نیشانەیەکی دروستکردووە، کە پێشتر لە زمانەکەدا نەبووە. لێرەدا ناونیشان وەك نیشانەیەکی سیمیۆلۆژی ((دەق بۆ خوێندنەوەی زیاتر، والآ دەکات، مانا دەچرپێنـێ بـێ ئەوەی پێمـان بڵـێ، شـتێك دەردەخـات و شـتگەلێك دەشارێتەوە))[1]، خوێنەر شەیدا دەکات و بەرەو سەرکێشیی دەبات، حەزی بەدوا داچوون و گەڕان بە دوای جوانییەکان و ئاماژە جۆراوجۆرەکانی ناونیشانەکەی، لەلا دروست دەکات.

### ٣-١٠-٣ ئەرکی وروژاندن

پەیوەستە بە پەیوەندیی (خوێنەر – ناونیشان)، دەتوانین چەند ئەرکێکی دیکەی وەك (بزاوتن، کارتێکردن، جوانی) لەگەڵ ئەرکی وروژاندن لێکبدەین و وەك ئەرکێکی گەورە، لەیەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ خوێنەردا، ببێتە مایەی تێڕامان و سەرنجڕاکێشان.

ئەو ئەرکەی ناونیشان گرانترین و پڕ بەرهەمترین ئەرکە، بۆ ئەوەی خوێنەر بەرەو لای دەقی سەرەکی کێش بکات، بەتایبەتی ناونیشانی سەر بەرگ، چونکە پشت بە نیشانە دەبەستن و باشترین ڕۆڵ دەبینن لە جێبەجێکردنی زۆرترین ئەرکی وروژاندن و ڕاکێشانی حەزی خوێنەر بۆ کردنەوەی کۆدی ڕەمز و هەڵهێنانی مەتەڵی ناونیشان، واتە ئەم ئەرکە پەیوەستە بە ڕەواجدان بە دەق، یان بەرهەمە ئەدەبییەکە، جا بە ئاراستەی خوێندنەوە بێت، یان بە مەبەستی بازرگانی بێت، ((پەیوەستە بەلایەنی بازرگانی، دانەر لە هەڵبژاردنی هەر ناونیشانێکدا، سەلیقەی خوێنەری لەبەر چاوە، بەلای ناونیشانێك دەچێت کە لە دەروونی خوێنەرەوە نزیك بێت، بۆ

نەبووە. دووەمیان گۆڕینی ئەرکی پرۆسەی گۆڕینی کاتیگۆریی ڕێزمانیی وشیەکی ترە، بڕوانە، دلێر ساق کانەبی، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد، ل٣٩.

(١) شادية شقروش: سيمياء العنوان في ديوان (مقام البوح، ص٢٧٢.

ئەوەی کتێب یان دەقەکەی پێ ناوزەد بکات))[1]، پایەی ناونیشان لەم ئەرکەیدا، بە کاردانەوەی خوێنەرەوە پەیوەستە. ناونیشانی (قاپیی نوور و میهر)، نوور و میهر، دوو نیشانەی ئەرێنین، خوێنەر، تاسەو ئارەزوویان دەکات، بوونی قاپییەکی تایبەت بە نوور و میهر، هەستی کوتانی قاپییەکە، دەمان ورووژێنێ:

دەستی لەرزۆك و بەتاڵم
تەق... تەق ... تەق ... تەق ...
قاپیی نوور و میهری کوتا
تادەگاتە:
دادم ویست داد ...
لەپڕ دوو باڵی دامەدەست
دووباڵ ... دوو باڵی ئەفسوونی ... باڵی هەڵبەست
... هتد (ڕێی تاوسان، ل٦٤)

مەبەستی سەرەکیی ئەم ئەرکەی ناونیشان، کێشکردنی سەرنجی خوێنەرە و ناچارکردنیەتی بۆ گەڕان بەدوای ڕووە شاراوەکانی دیکەی نوور و میهری پشت قاپیی دەق.

### ٣-١٠-٤ ئەرکی ڕێنوێنی کردن

مەبەست لە ڕەوانکردن، ئاراستەکردنی خوێنەرە، لە ناونیشانەوە بەرەو دەق، ناونیشان لەم ئەرکەیدا کلیلی کردنەوەی دەرگای چوونە نێو دەقە، دەرگای دەقێك دەکاتەوە بۆ ئەوەی لێیەوە بچیتە نێو ناوەڕۆك، ((لە میانەی ئەم ئەرکەیدا، ئاماژە بە ناوەڕۆك دەکات، ناونیشان ئەرکێکی دەلالیی هەیە،

---

(١) کوثر محمد علي الجبارة، عتبة العنوان في قصص فرج ياسين القصيرة جدا ، ص٥١٤.

وەك دەقێکی ئامادە و ئاماژە بە دەقێك دەکات کە دەنووسرێت، گوشراو و کورتکراوەیەکی چڕی دەقی داهاتووە))[١]، واتە ئەو دەقەی بەدوایدادێت، ئەمەش پەیوەستە بە پەیوەندیی (ناونیشان – دەق). بەشێوەیەکی گشتی، پەیامی ئەو جۆرە ناونیشانانە، تەواو ڕوون نین، شاعیر بەشێکی پەیامەکەی، لە نێو دەقدا پەرش کردووە، خوێنەر ناچار دەکات پەنا بۆ دەق ببات و لەوێوە، لەبەشە ونبووەکەی ناونیشان بگەڕێت و دەرفەتی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنێکی زیاتری بۆ دەڕەخسێنێ.

ئەگەر سەرنج لە نیشانەگەلێکی وەك (چەمی بێدار) بدەین، ناتوانین تەنها بە پشت بەستن بەخودی ناونیشان، لە مەبەستی ناونیشانەکە تێبگەین، ئایا (چەم)ەکە، (بێدارە)، یان (بێ – دارە)؟ چەمی بێدار بووژایەوە، یان چەمی بێدار نووست؟ ...

لە سەرەتای دەقدا هاتووە:

خۆم بێ چەترم
ڕەوەبارانی ترساوی ئەم ئاسمانە بیابانەش
پۆل پۆل دێن و لێم دەئاڵێن
خۆم بێ سێبەر و بێ کەپرم
دارەکانیش غاردەدەن و
یەك یەك بە سنگمەوە دەلکێن (دارستانی ئەو بنارە، ل٦٢)

دەتوانین لە نێو ئەم پارچە دەقەدا، چەند ئاماژەیەك، بەئاراستەی ناونیشانەکە دەستنیشان بکەین:

---

(١) فرج عبدالحسیب محمد مالكي، عتبة العنوان في الرواية الفلسطينية، ص٤٤.

ناونیشان: چەم ← بێ دار

دەق: شاعیر ← بێ چەتر

← بێ سێبەر

← بێ کەپر

گونجان، لە (بێ دار)یی چەم و بێ چەتر و بێ سیبەر و بێ کەپریی شاعیردا هەیە. لە بەشێکی دیکەی شیعرەکەدا هاتووە:

کێ کەرتێکی شاخی کۆڵی من هەڵدەگرێت؟
تابزانێت باری ئەم کۆستە چەند قورسە!
تابزانێت بۆچەمی من تا بەرەبەیان بێدارە و
دەڕوا و دەگری ... دەگری و ئارام نابێتەوە!

(دارستانی ئەو بنارە، ل٦٤)

شاعیر، مەبەستی ناونیشانەکە، بەئاشکرا لە دەقدا دەخاتە ڕوو، (بێداریی چەمێکی گریاو)، ئەو چەمەی شاعیری تێدا، بێ کەپر و بێ سێبەر و بێ چەترە، هەرچەندە شێوە نووسینی وشەی (بێدار) لە ناونیشانەکە و دەرکەوتنەوەی لەدەقدا، ئاراستە دەلالییەکە یەکلا دەکاتەوە، بەڵام ڕێگا لە لێکدانەوەی سیمیۆلۆژیی نیشانەکان ناگرێت. بێگومان ئەوخاڵانەی لێرەدا خراونەتە ڕوو، کۆتا ئەرکەکانی ناونیشان نین و ئەو چەند ئەرکەی سەرەوەش لەهەموو ناونیشانێکدا هەمان بەهاو پێگەیان نییە، هەر ناونیشانێك بەپێی پێکهاتە و دارشتن و دەلالەتەکانی خۆی، دەتوانێ ئەرکی زیاتر و ڕیزبەندیی خۆی، لە ئەرکە سەرەکییەکانیدا دیاربکات.

## ٣-١١ سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە دیوانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)دا

کاتێك دەمانەوێت خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژیانە بۆ ناونیشانی دیوانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت) بکەین، هەوڵدەدەین بەپێی بنەماکانی میتۆدی سیمیۆلۆژی، لێکۆڵینەوە لەپێکهاتە نیشانەییەکانی ناونیشانەکان بکەین و شوێن بزاوتی (سیمیۆز) بکەوین، لەبەر بزۆکیی زۆربەی ناونیشانەکان، مەرج نییە لە هەموو ناونیشانەکاندا بە هەمان ئاراستەی مەبەستی شاعیر هەنگاومان نابێ، ئێمە لە ئاستەکانی ڕاڤەکاریدا پشتمان بە خودی ناونیشانەکان و پەیوەندییان بە دەق و بە بڕاییەکانی دیکەی دەورووبەرو سەروو بەستووە، ئەمەش وایکردووە بە کەلێنی زیاتر وقووڵتردا ڕووبچین و لەهەندێ باریشدا بەلایەکی دیکەدا بڕۆین، پێمان وایە، جیاوازیی خوێندنەوەمان وەك دوو گۆشەی پڕکەر لە سێگۆشەی بەرهەمهێنانی دەق (نووسەر ـ دەق ـ خوێنەر)، نە لەبەهای ناونیشانەکان و نە لە بایەخی لێکۆڵینەوەکە کەم ناکەنەوە.

فیری (Ferry) لە خوێندنەوەی ناونیشانی شیعردا باس لە سێ جۆر خوێندنەوە دەکات[1]:

١- خوێندنەوەی ناونیشان وەك یەکەیەکی زمانەوانیی سەربەخۆ: دەکرێ لەم خوێندنەوەیەدا کار لەسەر ناونیشانی سەرەکی و ناونیشانی هەڵواسراو و ناونیشانی قەڵپ و ناونیشانی لاوەکی و ناونیشانی بەشەکان بکەین، بەو پێیەی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەقیان بەدوادا نەهاتووە.

٢- خوێندنەوەی ناونیشان لە میانەی پەیوەستبوون بە دەقەوە: ئەو ناونیشانانە دەگرێتەوە، کە ڕاستەخۆ بە دەقەکانەوە پەیوەستن و وەك (سەر) وان

(1) Ferry.A. 1996. The Title to the Poem. Stanford: Stanford University، Prees. P.32.

بۆ (جەستە)ی دەق.

**٣-** خوێندنەوەی ناونیشان لەسەر بنەمای پەیوەندیی بەناونیشانەکانی دیکەی شاعیر، یان شاعیرانی دیکە: ئەم خوێندنەوەیە زیاتر لە کردەیەکی هەڵسەنگاندن یان بەراود و بەرامبەریەکی دەچێت، هەندێکجار دەچنە خانەی دەقاوێزان، بەتایبەتی ئەو ناونیشانانەی ئەگەری دووبارەبوونەوەیان زۆرە و زۆر لە شاعیران بەکاریان هێناون، یان لەو ناونیشانانەی، لە ناوەوە ناونیشانی دەقێکن و دواتر دەبنە ناونیشانی سەرەکیی سەربەرگ و لە کۆبەرهەمی شاعیریشدا دەبنەوە ناونیشانی بەش، وەك ناونیشانی (بەفری گەرم) و (دارستانی ئەو بنارە)، دەتوانین بە پێی ئەو خوێندنەوەیە، کاریان لەسەر بکەین، بەڵام لێرەدا دەکرێ سنووری دوو خوێندنەوەکەی پێشتریش ببەزێنین.

دەبێ ئەوەش بڵێین، خوێندنەوەی دووەم بەرفراوانترە و زۆربەی کاری خوێندنەوە لەخۆ دەگرێت، سەبارەت بە دوو خوێندنەوەی (یەکەم و سێیەم) دەوەستێتە سەر جۆر و ئاست و پێکهاتەی ناونیشان و مەبەستی شاعیر و توانای توێژەر و سنووری لێکۆڵینەوەکەی.

### ٣-١١-١ سیمیۆلۆژیای ناونیشانی دارستانی ئەو بنارە(١)

دەتوانین ئەم بەرهەمەی شاعیر وەك قۆناغی یەکەمی شیعریی تەماشا بکەین، کە هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی دوای هەفتاکانی شیعری کوردی.

ناونیشانی (دارستانی ئەو بنارە) پێکهاتەیەکی زمانییە، وەك ناونیشانی

---

(١) نۆبەرە دیوانی نەوزاد ڕەفعەتی شاعیرە و سێ نۆرە چاپی هەیە، چاپی یەکەمی لە ساڵی ١٩٧٨و لە چاپی دووەم دا، لەگەڵ چوار دیوانی دیکەیدا لە دووتوێی ناونیشانێکی گشتی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە) لە ساڵی ٢٠٠٤ بووەتە ناونیشانێکی ناوەکی و لە نۆرەی سێیەمدا، لە بەرگێکی دیکە لە ساڵی ٢٠١٢ چاپکراوەتەوە. (٢٣) ناونیشانی ناوەوەی لە خۆگرتووە، کە دەقەکانیان لە ساڵانی نێوان (١٩٧٢ تا ١٩٧٨)دا نووسراون.

دەرەوە، لەسەر بەرگی یەکەمی کتێب، ئەرکی ناونانی دیوانە شیعریەکە دەبینێت، دەستەواژەیەکە، لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە، پەیامێکی تەواو نەکراوە. بەشێکی پەیامەکەی لە ناوەوەی کتێبەکەدا پەرش و بڵاو بۆتەوە، بۆیە لە پۆلینکردندا دەچێتە خانەی ناونیشانە دەلالییەکان، وەك دەقێکی سەربەخۆ لێکنادرێتەوە، پێویستە لەگەڵ هەردوو ئاستی فەرهەنگی و دەلالیی خۆی و ناونیشانەکانی ناوەوە ساغ بکرێتەوە.

بە مەبەستی ئاشنابوون بەچۆنیەتیی پێکهێنانی دەلالەتی ناونیشانەکان لەو بەرهەمەی شاعیردا، هەروەك ((ئاشکرایە کە سیمیۆلۆژیا لێکۆڵینەوەیەکی وەسفییە، ئۆپەراسیۆنی لێکدانەوەی فۆڕمی گوتارە، ئەمەش بۆ زانینی ڕێگاکانی دەرکەوتنیماناو دەربوونیەتی))[1]، هەوڵدەدەین بە شێوەیەکی پراکتیکی، لەڕێی هەڵوەشاندنەوەو تێکخستنەوەی پێکهاتەی ناونیشان، چۆنیەتیی گواستنەوە، لەڕووکەشەوە بۆ قوڵاییەکانی دەق دەستنیشان بکەین.

– <u>ئاستی فەرهەنگی</u>:

دارستانی ئەو بنارە، گرێیەکی ناوییە، دارستان سەرەی گرێیە و بە گرێیەکی دیکەی ناوی (ئەو بنارە) دیارخراوە، دارستان لەڕووی فەرهەنگییەوە بریتییە لە (جەنگەڵ ، لێڕەوار)[2]، دالێکی زمانییە، لە دیوە زەینییەکەیدا، دەلالەت لە ناوی شوێن دەکات، پانتاییەکی جوگرافیی پڕ داروباری خۆڕسکە، چڕ و پڕ گیانەوەر و ڕووەکی جۆراو جۆرە، ژینگەیەکی سروشتی و دوورە دەستی مرۆڤە، ...تد.

(ئەو....ە)هاوەڵناوی نیشانەیە، لە بەشی پێشەوە، گرێ ناوییەکەی فراوان کردووە و بۆتە دیارخەری وشەی (بنار).

---

(١) د. جمیل حمداوی، السیمیوطیقا، ص٢٠٨.
(٢) هەژار، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، چاپی شەشەم، ل٢٧٩.

بنـار، بـە واتاگـەلێکی وەك (داوێنـی کێـو بەرەو دەشـت، گەورەی مـاڵ، سەرۆکی خێزان، دەمەقاڵە)[1]، دێت:

**یەکەم:** داوێنـی کێـو بەرەو دەشـت، نیشـانەیەکی شـوێنییە، لە دارسـتانەکە فراوانتـرە، دارسـتان بەهـۆی ئـامرازی خستنەسـەری دراوەتە پـاڵ بنـار، ئامـاژە بـۆکراوە و بەهـۆی ئـامرازی نیشـانەی تـاکی دوور (ئەو) لە جـگە لەخـۆی جیـاکراوەتەوە، لەگەڵ ئەم جیاکردنەوەیەشـدا، هێشـتا ئـێمەی خـوێنەر نـازانین شاعیر مەبەستی لە کامە بنارەیە.

**دووەم:** گەورەی ماڵ، یان سەرۆکی خێزان، لەئاستی فەرهەنگیدا، نـادرێتە پاڵ مانای فەرهەنگیی دارستان، چونکە خاوەنداریّتیی دارسـتان پەیوەسـتە بە سروشت، نەك بەکەسێك.

**سێیەم:** دەمـەقاڵێ، هەروەك دارستان بەمانا فەرهەنگییەکەی نـادرێتە پـاڵ واتای دەمـەقاڵێ.

هەر لە ڕووی فەرهەنگییەوە، (بنار) بە مانای شێوە (گریان) یکیش دێت، کە (منداڵ هەناسەی تێدا دەوەستێت و دەنگی گریانەکەشی دەگیرێت)[2]، دیارە لە ڕووی فەرهەنگییەوە، ئەم واتایەش نادرێتە پاڵ وشەی دارستان.

هەرچەنـدە ناونیشـانەکە لەڕووی پێکهـاتەی سینتاکسـییەوە کـورتە، بەڵام دەتـوانین بەپێـی چەنـد پێـوەرێکی سـیمیۆلۆژی پـارچە پـارچەی بکەیـن، پارچەکردنی بڕگەیی، باشترین پێوەرە بۆ دەقە شیعرییەکان، بە ناونیشانیشـەوە، بەتایبەتی ئەو دەقانەی ڕیتم و ئاوازەی ڕێك و دووبارەیان هەیە.

دارســـتانی ئەو بنـــارە لە (٨) بـــڕگە پێکهـــاتووە، ئەم دابەشـــکردنە

(١) هەژار، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە، چاپی شەشەم، ل٥٨.

(٢) مەجید عومەر خۆشناو و ئەوانی تر، فەرهەنگی خۆشناوەتی، پڕۆژەی هاوبەش، دەستنووس.

هەشتییە، لە شیعری کوردیدا، لەدوای ساڵانی هەفتای سەدەی بیستەم ((دیارترین شەقڵی شیعری سەربەستی کوردی، دوای بڵاوبوونەوەی بانگەوازی ڕوانگە لەوە دابوو ڕوویان کردە بەکارهێنانی هەشت بڕگەیی و چوار بڕگەیی))[١] ئەم شێوە دابەشکردنە، بەهەناسەیەکی ئاسایی و بەئاسانی ڕەوان دەکرێت، خوێنەر لە خوێندنەوەیدا تووشی هیچ گرفتێك نابێت و دەتوانێت بە ئاسانی چەندبارەی بکاتەوە و توانایەکی تەواوی بەسەردا دەشکێت، بایەخی ئەم دابەشکردنە بۆ ناونیشانی سەرەکی لەوەدایە، کە خوێنەر لەیەکەم خوێندنەوەیدا هەست دەکات ڕووبەڕووی دەقێکی شیعری دەبێتەوە، هەست بە هەمان ترپەی ڕەزمی چەندین دێرەشیعر دەکات، کە پێشتر خوێندوویەتییەوە، یان گوێی لێ بووە، لە ڕووی سینتاکسییەوە، بە ئاسانی ئاوێزانی ناونیشانەکانی ناوەوە دەبێت بۆ فراوانکردنی واتا.

### ٢- ئاستی دەلالی:

بۆلێکدانەوەی دەلالیی ناونیشانی شیعر، پێویستە ڕەچاوی سێ ڕەهەند بکەین[٢]:

**یەکەم:** <u>دەقیەتیی ناونیشان</u>: لەسەر خودی ناونیشانەکە دەوەستین و وەك دەقێکی سەربەخۆ دەلالەتەکانی لێوە هەڵدەهێنجین.

**دووەم:** <u>هاوسێیەتیی ناونیشان</u>: لە پەیوەندیی ناونیشان لەگەڵ بڕاییەکانی دیکەی دەوروبەر دەکۆڵێتەوە، بۆنموونە، لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناونیشانەکانی دیکەی خودی شاعیر، یان لەگەڵ ناونیشانی شاعیرانی دیکە.

---

(١) لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، کتێبی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی، چاپی دەیەم، ٢٠١٥، ل١٣١.

(٢) روفية بو غنوط، شعرية النصوص الموازية في دواوين عبدالله حمادي، ص١٢٤.

**سـێیەم:** ناونیشـان/دەق: مەبەسـت لەو ناونیشـانانەیە کە نـوێنەرایەتی دەقەکانیان دەکەن، واتە پەیوەستبوونی ناونیشان بەدەق.

ئێمە لە لێکدانەوەی ناونیشانی (دارستانی ئەو بنـارە)ەدا، لەبەر دوو هۆکـار، ناتوانین بە تەنیا پشت بە ئاستی فەرهەنگی ببەستین:

- پەیـامی ناونیشـانەکە، لـەڕووی گەیاندنـەوە، بـە کۆتـا نەگەیشـتووە، لەبەردەم کۆمەڵێك ئەگەرمان دادەنێ، کە ناتوانین سەربەخۆ و لەنێو پێکهـاتەی خودی ناونیشانەکە یەکلاییان بکەینەوە. ئایا دارستانی ئەو بنـارە سـووتا؟ یـان دارستانی ئەو بنـارە تـوڕەیە، ئارامـە؟ کۆتـایی پێهـاتووە، یـان بەردەوامە،؟!.... هتد.
- فرەواتایی پێکهاتەکانی ناونیشان، لەئاستی فەرهەنگیدا.

سـەبارەت بە ڕەهەنـدی دووەم، ناونیشـانی سـەربەرگ، کە ئەرکـی ناونـانی کتێبـەکەی خراوەتـە ئەسـتۆ، دەتوانـدرێت بەپشـت بەسـتن بە ڕەهەنـدی دووەم، ئاڕاسـتە دەلالیـیەکەی بـدۆزرێتەوە و لێکـدانەوەی بـۆ بکرێـت، بەڵام دەربـارەی ڕەهەندی سێیەم، چونکە لە دیـوانەکەدا، جگە لە ناونیشـانی سـەربەرگ، یـان نـاوی کتێـب، هەمـان ناونیشـان لە زنجیـرە ناونیشـانەکانی نـاوەوەدا هەیە، کە نـوێنەرایەتیی دەقێکـی شـیعری دەکـات، پێویسـتی بە ڕەهەنـدی سـێیەم هەیە، چـونکە بەبـێ دەق نـاتوانین بەمەبەسـتی ڕاسـتەقینەی پەیـامی ناونیشـانەکە بگەین، بەهەمان شێوە، زۆربەی ناونیشانە ناوەکییەکانیش، ڕەمزئـامێزن و بەبـێ دەق لێك نادرێنەوە، بۆیە لەم ئاستەی هەڵوەشاندنەوەی ناونیشـان، پێویسـتمان بە هەردوو ڕەهەندی دووەم و سێیەم دەبێت.

سـەرەتا لە ڕەهەنـدی دووەمەوە، لە پەیوەنـدیی ناونیشـانی دەرەوە لەگەڵ ناونیشانەکانی ناوەوە ورد دەبینەوە:

لە ئاستی دەلالیی ناونیشانەکەدا، گونجانێکی تەواو لە نێوان ئاماژەکانی (دارستان، ئەو، بنار)دا هەیە، لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەدا هەست بە هەبوونی هیچ پەیوەندییەکی ناجۆر و ناوازە ناکەین، مەبەست زۆر ئاشکراو ڕوونە، لە ئاخاوتنێکی ئاسایی ڕۆژانەدا، مەبەستمان، دارستانێکی ئەو بنارەیە، بەڵام لە زمانی شیعردا و بەتایبەتی لە زمانی پڕ ڕەمز و دەوڵەمەندی (نەوزاد ڕەفعەت)دا، گومانی تێدا نییە. کە (دارستان) ڕەمز ئامێزە و (بنار)، جگە لە پانتاییە جوگرافییەکەی، دەلالەتگەلێکی قوڵتری لە هەناودا هەڵگرتووە.

بۆ گەیشتن بە دەلالەتەکانی ناونیشانی سەرەکی، نزیکترین سەرەداو، ناونیشانەکانی ناوەوەن، زۆربەی جار شاعیران، ناونیشانێکی ناوەوە دەکەنە ناونیشانی سەرەکی، لەم حاڵەتەدا توێژەر یان خوێنەر دەتوانێ بە پشت بەستن بە دەقە شیعریەکەی ژێر ناونیشانە ناوەکییەکە، بەزۆربەی ئاماژەکان بگات و کەمتر پێویستیی بە ناونیشانی دەقە شیعرییەکانی دیکە ببێت، بەڵام جاری واش هەیە کە ناونیشانی سەرەکی کۆپیی هیچ ناونیشانێکی ناوەوە نییە.

(دارستانی ئەو بنارە)، وەك ناونیشانی سەربەرگ، لەگەڵ ناونیشانێکی ناوەوەی دیوانەکەدا، دەقاوێزانە و کۆپییەکی سینتاکسییە، هەرچەندە ئەم شێوە هەڵبژاردنە، هێزی بەستنەوەی ناونیشانی سەرەکی بە ناونیشانەکانی دیکەی ناوەوەی دیوانەکە لاواز دەکات و زەینی خوێنەر، وەك باشترین دەق بۆ ناونیشانەکانی نێو کۆشیعرەکە دەگوازێنەوە. واتە، ئاستی دەقەکانی دیکە، لەئاست ئەو دەقە شیعرییە دادەبەزێنێ. لەنێو کۆ شیعرەکەشدا، بەر لەهەر دەقێك، خوێنەر ئاراستەی ئەو دەقە دەکات، کە ناونیشانەکەی هەڵبژاردەیە. بەتایبەتی ئەگەر لەڕیزبەندیی ناونیشانە

ناوەکییەکـان، لە پێشـەوەی هەموویانـدا هاتبێـت، بەڵام لەلایەکـی دیـکە، هاوکـارێکی باشـە بـۆ کـۆکردنەوەی ئەو پەرش و بڵاویـیەی لە فرەواتـایی و فرەدەلالیدا، لە کردەی دووبارە تێکخستنەوەیدا، بەسەر ناونیشاندا هاتووە.

لە ڕاڤەکردنی یەکەمی ناونیشانی دیواندا، بەپێی جۆری یەکەمی ئەو ئاستانەی کەوا پێرس بۆ کردەی ڕاڤەکردن دەستنیشانی کردوون، واتە بە ئاڕاستەی ڕاستەوخۆ، کە خۆی لە سنووری تێگەیشتنی گشتیدا دەبینێتەوە، ناونیشانەکە بریتییە لە پانتاییەکی جوگرافیی تایبەت و جیاکراوە لە نێو پانتاییەکی گەورەتری ئاماژە بۆکراو، وەك بەشێك لە پانتاییەکی فراوانتر. ڕەهەندێکی شوێنیی هەیە، شوێنێکی گشتی و کراوەیە:

دارستان ⟵ بنار ⟵ گۆی زەوی

ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە ئەم ناونیشانە لەم ئاستەیدا ئۆقرە ناگرێت، چونکە لە تێگەیشتنە گشتییەکەشیدا، پەیامەکە بەشێکی مەبەستەکەی دیار نییە، بۆیە ناچارین بەرەو ئاستی دووەم بچین و بەدوای ئەو دەرهاویشتە دەلالییانەدا بگەڕێن، کە لە ئاستی ڕاستەخۆدا پەلو پۆ دەهاوێژن، بۆ ئەو مەبەستەش، لە بێراییەکانی دیکەی دەق و ناونیشانەکانی ناوەوە و لە کاتی پێویستدا پەنا بۆ دەقەکانیش دەبەین.

ئەگەر لە دەلالەتی شوێنەوە، ناونیشانی سەرەکی و پەیوەندیی بە ناونیشانەکانی ناوەوە لێکبدەینەوە، چەندین ناونیشان لە ناوەوەدا هەن، هاوتەریب و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ناونیشانی سەرەکی، پێگەی دەلالەتە جوگرافییەکانی هەریەك لە بنار و دارستان دەردەخەن، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە نەتوانین ناونیشانەکانی دیکە بەم ڕەهەندە شوێنییە ببەستینەوە، چونکە بە خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژیانەی دەقەکانیان، دەتوانین ئاماژە

ناڕاستەوخۆکانی بوونی ئەو پەیوەندییانە بدۆزینەوە و کاریان لەسەر بکەین.

ئەگەر لە ڕوانـــگەی ناونیشـــانە نـــاوەکییە ڕاســـتەوخۆکان، ســـەرنج لەم هێڵکارییە بدەین:




پەیوەندیی ناونیشانی سەرەکی، بە ناونیشانەکانی ناوەوە، لە دیوانی (دارستانی ئەو بنارە)دا

لەسنووری پێکهاتەی ناونیشانەکەدا، پانتایی (بنار) فراوانترە و تەواوی پانتایی دارستانی لەخۆگرتووە، پانتایی دارستانیش، پانتایی چەندین ناونیشانی دیکەی لەخۆگرتووە، کە هەریەك لەمانیش، لە سنوورێکی بێ کۆتایی لە نێو بزاوتی سیمیۆزی نیشانەکانیاندا دەجوڵێنەوە، بە هەموویان ڕۆڵ لە ئەفراندنی پەیامگەلێکی بێ کۆتا دەبینن، بۆ نموونە:

دارستانی ئەم بنارە سووتا

دارستانی ئەم بنارە قەڵای دووەمە.

دارستانی ئەم بنارە پەنادەرە. ......تد

دەبینین بنار جگە لە دارستان، بەشێکی زیاتری لە پێکهاتە سروشتییەکەی خۆی، لە نێو ناونیشانەکانی ناوەوەدا دەرخستووە و لە پەیوەندییەکی ڕاستەخۆ دان، بۆ نموونە:

پەیوەندیی بنار بە کەژ

بنار و کێو

بنار و چەم

بنار و دەریا ....تد

بە نزیککردنەوەی ناونیشانی سەرەکی لەگەڵ ناونیشانەکانی ناوەوە و دانانی لەسەر تەوەری دەلالیی شوێندا و بۆ ئەوەی مەبەستێکی تەواویان لێ وەبەرهەم بێنین و بیانخەینە بەر ڕاڤەی بونیادە سیمیۆلۆژییەکەی، دەتوانین چەندین ناونیشانی دیکەی لێکدراو دروست بکەین، بۆ نموونە:

- لە دارستانی ئەو بنارەدا، ئێواران هەور دەسوتێت.
- دۆڵی کپ لە دارستانی ئەو بنارەدا
- چەمی بێداری دارستانی ئەو بارە ... هتد.

هێشتا ناتوانین بگەینە ئاستی کۆتایی و بتوانین پەرش و بڵاویی شیکردنەوەکەمان لە نوێوە تێکهەڵکێشینەوە، بۆیە ناچارین لە کون و کەلەبەری دیکەدا، درێژە بە گەڕان بدەین:

مانای دووەمی فەرهەنگیی (بنار) سەرۆك خێزان یان گەورەی ماڵ، لەسەر ئاستی دەلالی، بە ئاسانی ڕێگەمان پێدەدات، سەرۆکی خێزان، یان گەورەی ماڵ، وەك ڕەمز بۆ سەرۆکی گەل، یان گەورەی نەتەوە، بگوازینەوە. لە ناونیشانەکەدا، دەلالەتی دارستانی ئەو سەرۆکە، یان ئەو سەرکردەیە، وەبەرهەم دێت، بۆ گونجاندن و هاوتەریب کردنی پێکهاتەکان لەم دەربڕینەدا، ئاماژەی دارستان لە سنووری تێگەیشتنی گشتی و لە ئاستی یەکەمی دەلالیدا هەنگاو هەڵدەگرێ و بەرەو مەدلوولێکی دیکە دەبزوێ.

ئەگەر لە بیرایی بەراوردەوە سەرێك بەسەر مێژووی نووسینی شیعرەکاندا بگرین، بەتایبەتی ئەو ناونیشانانەی پەیوەندییەکی بەهێزییان بە ناونیشانی سەرەکییەوە هەیە و بەتایبەتی ناونیشانی ناوەوەی دەقی (دارستان ئەو بنارە)، سالآنی (١٩٧٥- ١٩٧٦- ١٩٧٧- ١٩٧٨) ن، لە سەرجەمی ناونیشانەکان، تەنها یەك شیعری لە (١٩٧٢) و دوو شیعریشی لە ساڵی (١٩٧٤) تێدایە کە لەم دوانەش یەکێکیان لەکاتی چاپکردنی دیوانەکە، دەستکاریی ڕێنوس و فۆڕمەکەی کراوە ، سەرباری ئەوەی لەڕووی مێژووییەوە زووتر هۆنراونەتەوە، بەڵام خراونەتە کۆتایی دیوانەکە.

ساڵانی ١٩٧٥ و تا ١٩٧٨، ساڵانی شومی دوای نسکۆی شۆڕشی (ئەیلول)ن، کەواتە لە ڕووی مێژووییەوە، پەیوەست بە سەرکردەی گەل، دارستان دەکەوێتە نێو بازنەی ئەو ڕووداوە مێژووییە، مێژووی ئەو کارەساتەی کە خەونی میللەتێکی سوتاند.

نەوزاد ڕەفعەت لە شیعرێکیدا بە ناونیشانی (خەون) ، دەڵێ:

کە باخەوانی باخ سووتاو و
کەشتییەوانی بەساڵداچووی کەشتی شکاو
خەمباردەبن
خەو دەبینن:
باخەوان دەشتێك دەبینێت دەژییێتەوە
دارەکانی شین دەبنەوە
کەشتییەوانیش خۆی دەبینێت
تۆڕ هەڵداوێ و
بە دەستی پڕ ماسی و خەندەوە دێتەوە.

(دارستانی ئەو بنارە، ل٤٠).

زمانی شیعریی نەوزاد ڕەفعەت، وەك زمانی شیعریی قۆناغەکەیە، لەم ماوەیەدا، زمانی خوازەیی، پانتایی دەقی شیعرییان داگیر کردووە، بۆیە بەئاسانی بەسەر ئاستی یەکەمی دەلالیی وشەگەلێکی وەك (باخەوان، باخی سووتاو، کەشتییەوانی بەساڵداچوو، کەشتیی شکاو، خەمبار بوون، خەون بینین، ژیانەوەی دەشت و شینبوونەوەی دار و تۆڕی پڕ ماسی و خەندە) دەپەڕینەوە و بەرەو مەدلوولگەلێکی دیکەی وەك ( گەورەی وڵات، وڵاتی وێران ، سەرکردە، شۆڕشی هەرەس هاتوو، شکست، هیوا، ئاوەدانکردنەوەی وڵات، سەربەخۆیی ) دەچین، کە ئەمانە هەموویان ڕووداوگەلێکن، لە سەرکردەیەکەوە ئالاون، کە شۆڕشەکەی تووشی نسکۆ بووە، بەڵام بێ هیوا نەبووە و ئاسۆی ڕۆژێکی پڕشنگداری لێوەدیارە.

ناونیشەکان و دەقەکانی دیکەی نێو کۆهۆزانەکە، دەرفەتی ڕاڤەکاریی

زیاتر، بۆ ناونیشانە سەرەکییەکە دەڕەخسێنن، بۆ نموونە، شاعیر لە ناونیشانی (مەرگی کەژ) دا، دەروازەیەکی دیکەمان بە ڕوودا دەکاتەوە، بە نیوەی مەبەستی پەیامەکەی، دەمان وروژێنێ و بەپەلە بۆ نێو دەق کێشمان دەکات، پێمان وایە بۆ ئەوەیەتی تراژیدیای مەرگی کەژ ببینین.

ئەگەر لە زنجیرەی بزاوتی دەلالیدا، لەسەر قەفی واتای (بنار = دەمەقالێ)[١] بوەستین و لە شیعری (مەرگی کەژ)دا، سەرنج لەم چەند دێرە شیعرە بدەین:

دیارە تروسکەی ئاگرێك...
بەفرێك، چرایەك نابینیت
دیارە بەردیش گوێت لێ ناگرێت
بۆیە هێندە دەڕوانیتە ئاسۆی دوور و خۆت دەدوێنیت
تاریکایی دەگریتە بەر
ڕەشەبای کپیت دەڕوێنیت
خۆت دەڕمێنیت (دارستانی ئەو بنارە، ل٢٢)

شاعیر بە ڕووی شتێکدا هاتۆتە دەنگ، بەپێی کلیلی ناونیشانەکە و دەلالەتی (خۆت دەڕمێنیت) لە دقدا، دەبێ ئەو شتە (کەژ) بێت. واتە شاعیر لەگەڵ کەژدا، وردە بنارێکی هەیە و سەرزەنشتی دەکات، شاعیر کەدەڵێ دیارە تروسکە ئاگرێك نابینی، دیارە، لەو دارستانە دا، تروسکە ئاگرێك بوونی هەیە، چرایەك هەیە شەڕ لەگەڵ تاریکیدا بکات، ئەوە تروسکایی هاتنەدیی خەونی باخەوانە باخ سووتاوەکەیە، دووبارە هەڵگیرسانەوەی شۆڕشە، کە وایە:

---

(١) لە فەرهەنگی هەمبانە بۆرینەدا هاتووە، بنار شێوە دەمەقاڵێیەکی سووکە، نەك بەهەراو هۆریا و توڕەبوون.((وردە بنارێك بوو))، بروانە، هەژار، هەنبانە بۆرینە، ل٥٨.

بۆ تاریکی دەگریتە بەر؟

بۆ ڕەشەبای کپ دەڕوێنیت؟

بۆ خۆت دەڕمێنیت .. هتد.

لە دەنگی بەرامبەریشدا، وردە بنارێك لە وەڵامدانەوەکە، هەست پێدەکەین:

پێکێك هەڵدەم؟

بکەومە گۆرانی و بەزم و

هەموو وەڕسی و خەمەکان

بە سەمایەك بەبابدەم؟ (دارستانی ئەو بنارە، ل٣١).

ئاشکرایە کە نایکا، کەژ ناتوانێ هەر ڕۆژەی لەسەر پەتێك هەڵپەڕێ و لەژێر فشارگەلی جۆراو بکەوێتە سەما و سووڕدان.

لێرەدا (بنار) بە واتای (دەمەقاڵێ)، وەك نیشانەیەکی تاکی دەردەکەوێت، واتە ((ناتوانێ وەك نیشانە کاربکات، تەنها لەسنووری بەرجەستەکردنیەوە دەبێ لە ڕوودانێکی تایبەتی و دیاریکراودا))[1]، لە دەقەکەدا، شێوازی دیالۆگی نێوان هەردوولا، نیشانەکە بەرجەستە دەکەن، ئەوەی دیالۆگەکە لە گفتوگۆیەکی ئاسایی بەرەو نەرمە بنار دەگوازێتەوە، ئەوەیە تا کۆتایی هیچ لایەکیان ڕای بەرامبەرەکەی بە ئاشکرا قبووڵ نییە، شاعیر لە وەڵامی سەما نەکردندا دێتە دەنگ:

ئەی زۆربا نیت؟

زۆربا شاخێك بیرەوەری و کارەسات دەگوازێتەوە

زۆربا، هەموو شەوێك خۆی لە...

بێشەی قژێك دەکوژێت و ...

(١) د. عبیدالله بریمي، مطاردة العلامات، ص ٥٨.

بەیانیش هەڵدەستێتەوە

(دارستانی ئەو بنارە، ل٣١).

شاعیر بە سوود وەرگرتن لە کەسایەتیی (زۆربا)، وەڵامی ئەگەری سەماکردنێکی سەیرو سەمەرەی بەرامبەرەکەی دەداتەوە و تا کۆتایی شیعرەکە، کۆتایی بە وردە بنارەکە نهێناوە.

هەر لە ئاستی یەکەمی دەلالەتی بناردا، (گریان) یش هەیە، گریانی منداڵێکی بچووک، لە هەست و بێ دەسەڵاتیدا یەکجار ناسك، گریانێکی ڕاستەقینەیە، کاردانەوەی ئازارێکی قووڵە یان بە کاریگەرییەکی دەروونیی ئاڵۆز دەردەبێت، لە لوتکەیدا دەنگ و هەناسەی تێدا دەوەستێ، کەسانی دەوروبەر لێی گرد دەبنەوە و لەترسی نەگەڕانەوەی هەناسە تەواو دەشڵەژێن و بارێکی دەروونیی یەکجار ئاڵۆز دروست دەبێت، شیعرێکی دڕاوی نەوزاد ڕەفعەت ئەو بنارەی گرتووە:

شاعیرێك شیعرێکی دڕی
شیعر تۆرا
شیعر گریا
ئێوارەیەك ... باڵندە لێی گرد بوونەوە
لێیان پرسی: ((بۆچی دەگریت؟))
وتی: ((ئەو شاعیرە دەڵێت:
تۆ نازانیت
شەو لە کوێوە هەڵدەقوڵێت
زریانی ڕژد لە کوێوە دێت
بۆیە دەگریم))

(دارستانی ئەو بنارە، چ٣، ل٤٧)

ناونیشانی ده‌قه شیعرییه‌كه (شاعیر) ه، په‌یوه‌ندیی خودی ناونیشانه‌كه به‌ده‌ق، له هه‌ردوو جۆره‌كه‌یدا (شۆڕبوونه‌وه) و (هه‌ڵكشانه‌وه) ، په‌یوه‌ندییه‌كی بێ هێز و لاوازه، له جۆری یه‌كه‌مدا، وشه‌ی(شاعیر) نه‌یتوانیوه، نواندن بۆ ته‌واوی بابه‌ت و پێكهاته ده‌لالییه‌كانی ده‌ق بكات، له جۆری دووه‌میشیاندا، (شاعیر) پوخته و چڕكراوه‌ی ده‌قه‌كه‌ی نییه، ئه‌گه‌ر ئه‌م ناونیشانه له‌گه‌ڵ ناونیشانی شیعرێكی پێش خۆی به‌راورد بكه‌ین، خوێنه‌ر به‌ئاسانی ده‌توانێ ناونیشانێكی شیاوتر بۆ ده‌قه‌كه ده‌ستنیشان بكات:

شاعیرێك كێوێكی خۆشه‌ویست ←———— كێو

شاعیرێك شیعرێكی دڕی ←———— شیعر

قوڵتر له ناونیشانی (شیعر)، وه‌ك ناونیشانی ده‌قه شیعرییه‌كه، (گریانی شیعر)، پڕ به پێست تر و ئیستاتیكی تر بوو، ، پێمانوایه، شاعیر له نێو مه‌دلووله‌كانی (بنار) دا، به واتای ئه‌م جۆره گریانه‌ی منداڵ ئاشنا نییه، یان هه‌رهیچ نه‌بێ به‌زه‌ینیدا نه‌هاتووه، ئه‌گه‌رنا هه‌ڵبژاردنی (بنار) وه‌ك ناونیشان بۆ ئه‌م ده‌قه، له (شاعیر) و (شیعر) و له (گریانی شیعر) سیمیۆلۆژیتره و كاریگه‌ریی دڕاندن و كاردانه‌وه‌ی گریانی شیعره‌كه، به‌هێزتر ده‌كات، چونكه شیعریش وه‌ك مندال ناسكه.

په‌یوه‌ندیی ناونیشان به بڕاییه‌كانی دیكه‌ی ده‌وروبه‌ر، جووڵه‌ی زیاتر به بزاوتی سیمیۆزی نیشانه‌كان ده‌دات، له ناونیشانی وه‌رگێڕدراودا، كه به زمانی عه‌ره‌بی له به‌رگی دواوه‌ی چاپی یه‌كه‌می دیوانه‌كه‌دا هاتووه، (غابة ذلك السفح)، السفح، جگه له واتای (دامێنی كێو) ده‌لاله‌ت له (ڕشتن) و به تایبه‌تی (خوێن ڕشتن) ده‌كات، ئێمه له كرده‌ی هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی ناونیشاندا، به‌دوای ڕاڤه‌كردنی نواندنی نیشانه‌كه دا ده‌چین، بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌ش سه‌رنج له

ناونیشان و دەقەکانی ناوەوە دەدەین:

هەریەك لە ناونیشانەکانی (مەرگی کەژ) و (مەرگ لە زامی مندا دەڕوێت) بۆنی خوێن ڕشتنیان لێدێت، بەتایبەتی لە ناونیشانی دووەمدا، کە (زام) بوونی هەیە، زامێکیش مەرگی لێ بڕوێت، دەبێ خوێنێکی زۆری لەبەر ڕۆیشتبێت، لە قولایی دەقی (مەرگی کەژ)یشدا، هەواڵی (دارەکانیان بە برینـدا) ڕشتنی خوێنی ئەو پێشمەرگە و ئەو خەڵکەیە کە سەر بە دارستانەکەبوون.

مەرج نییە خوێن ڕشتن، بەدەستی زۆرداری خوێنڕێژەوە بێ، ئەوەتا (نەوزاد ڕەفعەت) لە ناونیشانی (هەڵگیرسان) بۆ خۆی خۆی دەکوژێ و خوێنی خۆی دەڕێژێ:

خۆم دەکوژم گەر بزانم
مەرگ زێیە
تریفەی مانگ و ساماڵی تیا دەبینی و
ئێواران قژی پێ دەشۆیت.

(دارستانی ئەو بنارە، ل٦٩).

هیچ گومانی تێدا نییە لەو دارستانە و لەو بنارە و لە و سەردەمەی نەوزاد ڕەفعەت باسی دەکات، هەزاران کەس خوێنی خۆیان ڕژاندە نێو ئەو زێیە، بەبێ ئەوەی کەسانێك خۆیان تریفەی مانگ و ساماڵی تێدا ببیننەوە.

سەبارەت بە لێکدانەوەی دەلالەتەکانی (دارستان)، ئەوانەی لەگەڵ دەلالەتەکانی (بنار)دا، دەگونجێن، لەم هێڵکارییەدا. دەیانخەینە ڕوو:




هێڵکاریی ژمارە(١٣)
پەیوەندیی دەلالی لە نێوان (دارستان) و (بنار)دا.

ئەگەر بە دوای زنجیرە مەدلوولە یەك بەدوای یەکەکانی نیشانەکاندا بچین، بە کۆتا ناگەین و زۆر پەرت و بڵاو دەبینەوە، بۆیە ناچارین بەرەو ئاستی سێیەمی ڕاڤەکردن بگەڕێنەوە کە ئاستی کۆتایی دەلالەتەکانە و لە وێوەو ڕێگە لە بزاوتی سیمیۆز دەگرین و نوێنەر لە سەر بابەتێك جێگیر دەکەین، بۆیە دەتوانین مەدلوولی ناونیشانی (دارستانی ئەو بنارە) لە بابەتی (شۆڕشی کورد لە باشووری کوردستان) لە دوای نسکۆدا، بە هەموو ڕووداو و ئەگەر و نسکۆ و سەرهەڵدانەوە و ...هتد، چڕ بکەینەوە.

## ٣-١١-٢ سیمیۆلۆژیای ناونیشانی (نیگەرانی ی)[(١)]

جیا لەهەر ئاسۆیەکی دیکە، شاعیر لە یەکەم خستنە ڕووی بەرهەمەکەی، لە ڕێی ناونیشانی دیوانەکەیدا، دەروازە بەڕووی خەمناکی و پەرێشانیدا، دەکاتەوە.

ناونیشان سادەیە، لە دەربڕیدا ڕوون و لە سنووردا تۆخ، هەر لەسەرەتاوە ڕەهەندی دەروونیی کردۆتە ڕوانگە.

(نیگەرانی ی)، وەك ناونیشانی بەرگ، (٢٥) ناونیشانی ناوەکیی لەخۆ گرتوە، جگە لە ئەرکی ناونانی کتێب، لەگەڵ بیرایییەکانی دیکەی سەر بەرگ، ئەرکی ڕەوانەکردنیش دەبینێت، خوێنەر ناچار دەکات بەرەو ناوەوەی کتێب بچێت و لەوێوە بەدوای هۆکار و چۆنییەتی و وردەکارییەکانی نیگەرانی دا بگەڕێت.

ناونیشان لە پێکهاتەی سینتاکسیدا بچووکە، تەنانەت تێمان ناگەیێنێ نیگەرانی لەپای چی؟! ئایا شاعیر نیگەرانیی وەك چەمك مەبەستە، یان پرسیارە و لە ئێمەی دەکات، (نیگەرانی؟!)، یان هەواڵی نیگەرانیی ئێمە بەگوێی ئێمەدا دەدات، تۆ (نیگەرانی).

- بونیادی ناونیشان بەپێی پێوەری بڕگەیی، لە (٤) بڕگە پێك هاتووە، ئەمەش شیعرییەتی ناونیشانی پاراستووە و بە ئاسانی دەچێتە پاڵ چەندێن ناونیشانی ناوەوە، بۆ نموونە:

---

(١) دووەم کۆ شیعری چاپکراوی شاعیرە، سێ نۆرە چاپی هەیە، یەکەمیان، لەساڵی ١٩٨٥، بەیارمەتیی ئەمینداریێتیی گشتیی ڕۆشنبیری و لاوان چاپ کراوە، دووەمجار، دەزگای ئاراس، لەساڵی ٢٠٠٤دا، لەگەڵ چوار بەرهەمی دیکەی شاعیر، لەژێر ناونیشانی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە)دا، چاپی کردۆتەوە، نۆرەی سێیەمیشی لە ساڵی ٢٠١٣، بەهاوکاریی سندوقی داهێنانی وەزارەتی ڕۆشنبیریی هەرێمی کوردستان چاپکراوەتەوە. دەقە شیعرییەکانی نێو دیوانەکە، لەساڵانی نێوان (١٩٧٩ تا ١٩٨٤)دا، نووسراون.

نیگه‌رانیی به‌فر
نیگه‌رانیی گوڵ
نیگه‌رانیی سیروان
نیگه‌رانیی مه‌هاباد
نیگه‌رانیی عیشق
نیگه‌رانیی ئاسكه خه‌مبار.
... هتد

نیگه‌رانی، وه‌ك نیشانه، ده‌لاله‌تێكی ئیحا به‌خشی هه‌یه، له‌نێو خۆیدا ته‌واوی ده‌لاله‌ته‌كانی خۆی هه‌ڵگرتووه، هه‌گبه‌یه‌كی گرێدراوی ته‌ژی له ده‌لاله‌تمان ده‌خاته به‌رده‌م، (دال)ێكه له ڕاڤه‌كردندا ئاڕاسته‌یه‌كی دیاریكراوی هه‌یه، له‌گه‌ڵ ده‌لاله‌ته‌كانی دیكه‌ی ده‌ق و ده‌وروبه‌ردا، په‌یوه‌ندییه‌كی ته‌واوكه‌ریی هه‌یه.

ناونیشان، به هه‌ردوو ئاراسته‌ی سه‌ره‌وژێر، یان سه‌ره‌وژوور، ده‌خوێندرێته‌وه، واتا ده‌توانین ناونیشان وه‌ك كلیل بۆ كردنه‌وه‌ی كۆده‌كان، یان وه‌ك چرا، بۆ ڕووناككردنه‌وه‌ی ده‌لاله‌ته‌كانی ناوه‌وه‌ی دیوان به‌كاربێنین.

په‌یوه‌ندیی ناونیشانی دیوان، به ناونیشانه‌كانی ناوه‌وه:

خوێنه‌ر، له یه‌كه‌م به‌ره‌وڕوو بوونه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ ناونیشانی سه‌ربه‌رگدا، پێشبینیی ئه‌وه ده‌كات، له‌ناوه‌وه‌ی دیوانه‌كه‌شدا، چ به‌شێوه‌یه‌كی ڕاسته‌وخۆ و چ به‌شێوه‌یه‌كی ناڕاسته‌وخۆ، ڕووبه‌ڕووی ناونیشانگه‌لێكی دیكه‌ی هه‌ڵگری ده‌لاله‌ته‌كانی (نیگه‌رانی) ده‌بێته‌وه.

نموونه‌ی چه‌ند ناونیشانێكی ناوه‌وه ده‌خه‌ینه ڕوو، كه به‌شێوه‌یه‌كی

ڕاستەوخۆ دەلالەتەکانی نیگەرانییان تێدا ڕەنگدەداتەوە:

تارمایی شاخی خەم ⟵ خەم
پێکرانی بازی ڕەند ⟵ پێکران
سلکردنەوە ⟵ ترس
دواژوان ⟵ دابران
ڕیشی ڕیا ⟵ فێڵ و تەڵەکەبازی
نەفرەت ⟵ وەدەرنان
گورگ ⟵ دڕندەیی
زریان ⟵ زیان
وەڕسی ⟵ بێزاری
لوورە ⟵ ترس
گەمارۆدان ⟵ ترس
ئاسکە خەمبار ⟵ خەم

تەواوی ناونیشانەکانی دیکە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یان لەڕێی دەقەکانیانەوە بەدەلالەتی (نیگەرانی) یەوە پەیوەستن، هەر دەقەکانیشن دەتوانن وەڵامی پرسیارگەلێکی زۆری خوێنەر بدەنەوە، بۆ نموونە، لە ناونیشانی (نیشتمان)، نیگەرانیی شاعیر، ترسی نیشتمانەکەیەتی:

هەندێك کەڕەت نیشتمانم
سۆفەیەکە و لە تاو ترسی باشووکەیەك
خۆی لە باخەڵم دەکوتێت
یان وەك ئاسکی زستانێکی سەهۆڵبەندان
لە سەرمانا
خۆی لە کوختەکەی من دەنێت

(نیگەرانی، ل٢٩).

له شیعری (کۆڕژن) یشدا، شاعیر پرسیار لەنیگەرانییەکی کۆتایی نەهاتوو دەکات:

دەڵێیت: خوایە!
نیگەرانی و باری ناهەموار و کەژی بە تەمی من
بە وەشاندنی چەند کوڵینگ
بەچەند گۆلمە فرمێسکێکی تر تەواو دەبن؟

(نیگەرانی، ل٣).

مەرج نییە، پەیوەندیی ناڕاستەوخۆی ناونیشانی دیوان و ناونیشانەکانی ناوەوە، تەنها لەڕێی دەلالەتە هاوتەریبەکانی نێو دەقەکانیانەوە بێت، بۆ نموونە، لە ناونیشانێکی وەك (هێشتا درەختەکان سەوزن)، پەیوەندییەکە پێچەوانەییە، لەگەڵ ئەوەشدا، ناونیشانەکە نەیتوانیوە، خۆی لەدەلالەتە ناڕاستەوخۆکانی نیگەرانی دابماڵێت.

<u>ناونیشان و بیرایەکانی دیکەی دەوروبەر:</u>

ناونیشان وەك ئەرکی ناونانی کتێب، هیچ زەحمەتییەکی بۆ خوێنەر جێنەهێشتووە، بەڵام لە ئەرکی ڕەوانەکردندا، لە فرەڕیانێکدا دایدەنێت، کە خودی خوێنەریشی تێدا نیگەران دەبێت، سیمیۆلۆژیای ناونیشان و نیشانەکان، بەردەوام بەرەو ڕووی پرسیاری دیکەی دەکەنەوە، خوێنەر تا وەڵامێکی دەست دەکەوێت، دەیان پرسیاری دیکەی تێوەدەئاڵێن.

پێشتر باسمان لە بزاوتی سیمیۆزی نیشانەکان کرد، هەرچەند بەدوای مەدلوولی زیاتری نیشانەکاندا بگەڕێین، پانتایی لێکۆڵینەوەکەمان فراوانتر دەبێت و دواتر لە کردەی ڕاڤەکردنی کۆتاییدا و لەتێکخستنەوەی پێکهاتەی

دەلالـەتی ناونیشـانەکە، تووشـی بـارگرانی دەبـین، بـۆیە پێویسـتە دەست بەو سەرەداوانەوە بگرین، کە یارمەتیمان دەدەن لە دوور نەکەوتنەوە و ون نەبوون.

## ناونیشان و بەرگ:

جیـاوازییەکی زۆر لە نێـوان بەرگەکـانی چـاپی یەکەم و بەرگـەکانی چـاپی سـێیەمی دیوانەکـەدا هەیە، چـاپی یەکەم لە سـاڵی **١٩٨٥** و چـاپی سـێیەم لە سـاڵی **٢٠١٣** کـراون، ئەم دوو سـاڵە، لە زۆر ڕووەوە لەیەکـدی جیـاوازن، بێراییەکـانی سـەرووی دەق، وەك وەڵامـدانەوەیەك بـۆ بەرهەمەکە، گۆڕانکاریی لە تێڕوانینی دەرەکیدا دروستکردووە، ئەمەش کاردانەوەی لەسەر نەخشەسازیی بەرگەکانی چاپی سێیەم بە ڕوونی دیارە.

بەرگەکانی چاپی یەکەم :




بەرگی یەکەم(پێشەوە)




بەرگی دووەم(دواوە)

ئەگەر سەرنج لە بەرگەکانی ئەم نۆرە چاپە بدەین، دەبینین: خاسیەتەکانی ناونیشانی بەرگی یەکەم، کە دەکرێ وەك خەسڵەتی جیاکەرەوە لە گەڵ ناونیشانی بەرگی چاپی سێیەم لێکدانەوەیان بۆ بکرێت، لەوەدایە:

١- شێوازی نووسینی (نیگەرانی ی) شێوە ئایکۆنێکی لاوازی ڕەنووسیی وەرگرتووە.

٢- نیگەرانی، وەك پێکهاتەیەکی سینتاکسیی، وشەیەکی سەربەخۆیە، لە هاوەڵناوی (نیگەران) و لە پاشگری (ی) دروستبووە، وەك خۆی، وشەکە پێویستیی بە (ی) یێکی سەربار نییە[1]، بەڵام بوونی لە پێکهاتەی ناونیشاندا، ڕەهەندێکی سیمیۆلۆژیانەی بۆ ناونیشان بەرجەستەکردووەو وەك پەیامێکی تەواونەکراو دەیخاتە ڕوو، واتا بەشێکی ناونیشانەکە دەخاتە ڕوو و بەشەکەی دیکەی بۆ ڕاڤەگەلێکی بێ کۆتا جێهێشتووە، ئەمەش ئەرکی وروژاندن و ڕەوانەکردنی ناونیشان بەهێزتر دەکات، ئەم هێزە لە چاپەکانی دواتردا، بە لابردنی (ی) خستنەسەر، لاوازتر دەردەکەوێت.

٣- هەڵبژاردنی ڕەنگی سوور بۆ ناونیشان، پەیوەستە بەباری دەروونی و بە ژینگەی نیگەرانیی ڕاستەقینەی ئەو کاتانە (١٩٧٩ تا ١٩٨٥) ، ڕەنگی سوور، ڕەنگێکی گەرمە، دەلالەت لە ڕەنگی خوێن و شۆڕش دەکات، هەروەك دەلالەت لە خۆشەویستی و هێزی جووڵەو بزاوتیش دەکات، هەموو ئەو دەلالەتانە، لەو سەردەمەدا و لە نێوان نیگەرانیی تاك و نیشتمانەکەی، بەهێزتر بوون.

---

(١) لە چاوپێکەوتنێکماندا، سەبارەت بە بوونی ئەو (ی)یە سەربارە، لە چاپی یەکەمدا و، لابردنی لە چاپەکانی دواتردا. شاعیر، ناونیشانی چاپی یەکەمی بە هەڵە دانا و هەڵەکەشی خستە ئەستۆی کۆڕی زانیاریی کورد.

لە دەوروبەری خودی ناونیشانەکەشدا، چەندین خاڵی جیاکەرەوی دیکەی زەق هەن وەك:

- تابلۆی بەرگی یەکەم، بریتییە لە دیمەنی لایەکی ڕووی کچێك، خەمێکی قووڵ دەم و چاوی داپۆشیوە، وەك ئەوەی دەستی نزاو پاڕانەوەی بەرزکردبێتەوە، سەری بۆ ئاسمان بەرزکردۆتەوە، هێڵکاریی دەستەکە و نزیکیی لە سەرووی دڵی کارەکتەرەکەوە، پێگەی دەلالیی نیشانەکەی بەهێزتر کردووە، وەك ئەوەی لە دڵەوە، بڵێ:

... خوایە! :

هەورازە ڕێ و دۆزەخی من
سزای چ خەتا و گوناهـ و تاوانێکمن؟
لەوەتی هەم ڕێزی هەتاوم گرتووە.
تووك و نەفەتم لە چرا و دەغڵ و کانیاو نەکردووە.
بە منداڵیش هێلانەی پەڕەسێلکانم تێك نەداوە.
لەقلەقێکم نەپێکاوە.
دە مەهێڵە ئاسەوارم ببڕنەوە.
ئاگردانم کوێر کەنەوە.
بمپارێزە لە خەنیم و خازی و ڕیا
... (نیگەرانی، ل٣)

دەلالەتی نیگەرانییەکی کەڵەکەبوو، لە پرچی ئاڵۆزی کچەکەوە ڕەنگدەداتەوە، کە لە سەر چەند پەلێك بەرەو ئاسمان کەڵەکە بووە و تێکچڕژاوە و وەك گوڕیی ئاگر بە ڕەنگێکی سوور هەڵدەقوڵێت.

دیمەنی تابلۆکە بەسەر ناونیشانەکاندا زاڵە، بەڵام ناونیشانی سەرەکی

هەیمەنەی خۆی بەسەر ناونیشانی ڕەگەزی و ناوی شاعیر دا کێشاوە.

– بەرگی دواوەی دیوانەکە، دوو ناونیشانی وەرگێڕدراوی لەخۆ گرتووە، یەکەمیان بە زمانی عەرەبی و دووەمیان بە زمانی ئینگلیزی، ئەرکی ئەم ناونیشانە وەرگێڕدراوانە، ناساندنی بەرهەمەکە و ناساندنی شاعیرە، بە کەسانی عەرەبی و ئینگلیزی زان، هەرچەندە ناونیشانی وەرگێڕدراو، بەبێ دەقی وەرگێڕدراو، ناتوانێ ڕۆڵێکی سیمیۆلۆژیانەی مەزن بگێڕێ، بەڵام مانای ئەوە نییە، کە دەرفەت لەبەردەم لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی سیمیۆلۆژیانەی ناونیشان، نەمابێت.

هونەرمەند، لە خامەکاریی یەکێك لە ناونیشانە قەڵپەکانی چاپی یەکەمدا، دوو دەستی نزاو پاڕانەوەی بەرزکردوونەتەوە:



هونەرمەند، ئێمە لەبەرامبەر دەستە بەرزکراوەکانەوە، ڕووبەڕووی نزاکار دەکاتەوە، لەنێوان هەردوو دەستەکانەوە، ڕاستەهێڵێك بەرەو ژێرەوە ئاڕاستەدەکات، تا لە پێکهاتەی وشەی نیگەرانیدا، شوێنی پیتی (ا) بگرێتەوە، بوونی (ی) سەربار لە وشەکەدا و بەدواهاتنی ناوی شاعیر (نەوزاد ڕەفعەت)، نیگەرانییەکەی داوەتە پاڵ شاعیر، (نیگەرانی ی نەوزاد ڕەفعەت)، ئەوەی دەلالەتی ئەم دانە پاڵەی ناونیشان و شاعیر بەهێزتر دەکات، بوونی وشەی (شیعر)ە و لە سەرووی دەستەکانەوە بەرزبۆتەوە. ئەوەش دەلالەت لەوە دەکات، کە نزاکار خودی شاعیرە و جوانترین نزای شاعیریش، (شیعر)ە.

هەروەك (نەوزاد ڕەفعەت)ی نزاکار دەڵێ:

دەنگی دوعا و نزایەکی لە تاوێر بەتەمەنتر و
لە پەرستگاکان کۆنترم پێ هەڵدەبڕێت
... (نیگەرانی ی، ل٢٧).

بەرگەکانی چاپی سێیەم




بەرگی پێشەوە،




بەرگی دواوە

**بەرگی پێشەوە:**

ڕەنگەکان، لە دابەشکردنی بەرگ بەسەر (٤) ڕەهەندیی دووری، ڕۆڵیان لە سیمیۆلۆژیای هونەریی بەرگدا بینیوە و وەك بێراییش، هاوکارییەکی زۆری لێکدانەوە وڕاڤەکردنێکی سیمیۆلۆژیانەی ناونیشان دەکەن، دووریی پێشەوە، وەك شووشە ڕوونە و ناونیشانی سەرەکی و ناوی شاعیری لەسەر نووسراوە، دووریی دووەم، بە ڕەنگێکی کەسك، بە باری ستوونی چواریەکی پانتایی بەرگی گرتووەو لەگەڵ دووریی دواوە، مەودایەکی زۆری هەیە و دووریی سێەمی پێکهێناوە، کە مامزەکەی تێدا وەستاوە، بەشی دواوەی مامزەکە کەوتۆتە پەنا دووریی دووەم، ڕەنگی شینێکی ئاسمانیی هەیە، دەلالەت لە بەهای ئەو هیوایە دەکات، کە نیگەرانییەکانی تێدا دەڕەونەوە.

پێکهاتەی سینتاکسیی ناونیشان (ی) خستنە پاڵی لەخۆیدا داماڵیوە، ئەمەش وایکردووە، لە لێکدانەوەی پەیوەندیی ناونیشان لەگەڵ خودی ناونیشانەکە، خوێنەر بە ئاشکرا هەست بە ونبوونی بەشێکی پەیامی ناونیشانەکە نەکات. بەو مانایەی هێندەی ناونیشانی پێشوو (نیگەرانی ی) لە نێو دەق و لە بێراییەکانی دیکەدا، ناچاری بەدوادا گەڕانی ناکات.

تابلۆی سەر بەرگ، شێوەی مامزێکە و ملوانکەیەکی ڕەنگ پیرۆزەیی لە ملدایە و گوڵە بەیبوونێکی سەرەتای مانگی گوڵانی پێوەیە، گوڵەگەنمێکی پێگەیشتووی کۆتایی مانگی جۆزەردانیشی بەدەم هەڵگرتووە.

مامز، لە شیعر و لە ناونیشانەکانی نەوزاد ڕەفعەت دا، وەك بوونەوەرێکی شۆخ و ناسك و نازدار و بەستەزمان و ئەفسانەیی و ...هتد، بوونێکی چەند

بارەی هەیە، ڕۆحی نەوزادی مرۆڤ زۆر لێیانەوە نزیکە، پەیوەندییەکی ئەفسانەیی زۆر کەوناریان بەیەکەوە هەیە، بۆ سەردەمانێك دەگەڕێتەوە کە هێشتا مامزەکان شاخیان لێ نەڕواوە و نەوزادیش چیای بنیات نەناوە:

من و مێگەلە مامز پێکەوە
دەسوڕاینەوە لە چۆل و بەڕیا
بێ سڵکردنەوە شۆڕدەبووینەوە
سەر ئاوی خوڕ و دەشتی پڕ گیا
پێکڕا دەگەڕاین
بێ ترس دەژیاین .... (نیگەرانی، ل٩٦).

ئێستاشی لەگەڵدا بێت، کاتێك مامزەکان ترسیان دەگاتێ، دێنەوە لای نەوزادی هاوخەمیان:

یا وەك ئاسکی زستانێکی سەهۆڵبەندان
لەسەرمانا
خۆی لە کوختەکەی من دەنێت.. (نیگەرانی، ل٦١).

یان:

بۆیە ئێستاش
مامزی نازداری ئەوێ .. بە ترسەوە
لە بژوێن و ئاقارم نزیك دەبنەوە ... (نیگەرانی، ل٢٩).

نەخشەسازی بەرگ، لە هەڵبژاردنی شێوەی مامز وەك نیشانەیەکی ئایکۆنیی فرە دەلالەت، بە هەڵەدا نەچووە، نیگەرانی و ترس و دڵەڕاوکێ، تەواوی ڕوخساری مامزەکەی گرتۆتەوە، ئەو ترس و نیگەرانییە زۆر بە

ڕوونـی بە چاوەکـانییەوە دیـارە، نیـوەی جەسـتەی لە پەنـا دایە و لە نیـوە دیارەکەشیدا گوێیەکانی بۆ بچووکترین چرپە هەڵخستوون و چاوەکانی تەواو کـردوونەتەوە و بە دیـقەتەوە تێمـان دەڕوانـێ، سـاز و ئامـادەیە، لەگەڵ هەر جووڵەیەکی بەرامبەرەکەی هەڵبێت. چ نیگەرانییەك لە نیگەرانیی ئەو مـامزە نیگەرانترە؟!

تاکە بەرگریی ئەو گیاندارە نازدارە، هەڵاتنە:

– چاو! چاو! چۆن ئەو سوارە

سەری لە دوو ئاسکە خەمبار ناوە و

ئەو دەشتەی پێ گێرە دەکات!

دەك خەجاڵەت بیت ئەسپسوار!

خۆ وەختە باڵی پێ بگرێت... (نیگەرانی، ل٩٢)

شاعیر، ئێمەی خوێنەریش دەخاتە نێو بازنەی نیگەرانی، کە دەبینین:

خۆ بەستەزمانەی نزانێت بۆ کوێ هەڵبێت!

خۆی لەکوێ نێت! (نیگەرانی، ل٩٧).

گوڵەگەنم، وەك نیشانە، لە ئاستی دووەمـی دەلالیـدا، لە بزاوتێکی بێ کۆتایی ڕاڤەکردندایە، بەڵام هەڵگرتنی لە دەمی ئاسکدا، لە ئاستی کۆتایی ڕاڤەکردندا، بەرەو چەند تێڕوانین و لێکدانەوەیەکمان دەبات:

ڕەنگـی گـوڵەگەنمەکە، دەلالەت لە کـامڵبوونی گەنـمەکە دەکـات، ئەو ئامـاژەیەش بـاری نیگەرانیـیەکە سـووکتر دەکـات، پێمـانوایە کـامڵبوونی گوڵەگەنمەکە، پەیوەندیی بە سەردەمی چاپکردنەوەی دیوانەکەوە هەیە، نەك بە سەردەمی نووسینی شیعرەکان، چونکە شاعیر گۆڕانکاریی لە دەقەکانی چاپی یەکەمی دیوانەکەدا نەکردووە، کە لەسەردەمێکدا نووسراون، نیگەرانیی

باڵی بەسەر هەموو لایەکی ژیانی کۆمەڵگای کوریدا کێشاوە، بەتایبەتی ئەو ژینگەیەی، کە شاعیری پێوە پەیوەستە.

(نەوزاد ڕەفعەت)، بەچاوی هیوا و بە پێشبینی کردن و ڕوو لە ئایندە، لەو کامڵبوونە و لە ڕەواندنەوەی نیگەرانیی ڕوانیوە.

**بەرگی دواوە:**

بەهەمان شێوەی بەرگی یەکەم، نەخشەساز بەهۆی ڕەنگەکانەوە، پانتایی بەرگەکەی دابەش کردووە، بەشی پێشەوە، تەواوکەری ڕەنگە کەسکەکەی چواریەکی پانتایی بەرگی یەکەمە و تا دوو لەسەر سێی پانتایی بەرگی دواوە درێژی کردۆتەوە، وەك دیواربەندێك، کۆپلەی کۆتایی دوا دەقی شیعریی دیوانەکەی تێدا تۆمار کردووە، لە بەشەکەی دیکە، وێنەی شاعیری داناوە، نەخشەساز لە بە نیشانەکردنی ئایکۆنیدا، دەلالەتگەلێکی تێکەڵ بە نیشانە بینراوەکان کردووە و پەیوەندییەکی تەواوکەریی بە هێزی لە نێواندا دروستکردوون، هەیەکەیان بەجیا و بەیەکەوەش پەیوەندییان بە ناونیشانی دیوانەکە و بە بیرۆکەکانی دیکەی دەروربەرەکە هەیە.

دیوار بەندەکە لە شێوەی ئایکۆنیی نیوەدڵێك، وێنەی (نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیری گرتۆتە خۆ، نەوزادی شاعیریش سەرنجی لە کتێبەکەی ناودەستی داوە، کە لاپەڕەکانی هەڵدەداتەوە، نەوزاد بە سەری سپییەوە و بە جل و بەرگێکی سەردەمییانەی پۆشتە و بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کتێب، لای ئێمەی خوێنەر، دەلالەت لە ڕاست وەرگەڕانی ئەو پێشبینی و خوێندنەوانەی دەکات کە لە ڕابردوودا کردوویەتی، وەك ئەو دەقە شیعرییەی لەسەر بەرگەکە دووبارە کراوەتەوە:

ئاسکە خەمبار دەیان ڕاوچیی
وای بە حەسرەت مراندووە
دەیانی وای ڕیسوا و شەرمەزار کردووە
ئاسکە خەمبار
تەنانەت بە دۆزینەوەی دەزگیرانی دێرینی خۆی
بە خۆهەڵدان بۆ هەمێزی ئارامی ئەو
جادوەکەی بەتاڵ دەبێت و دەبێتەوە کچی جاران
هەر بەتەنیا
بەسەرخستنەوەی سەرسنگی
دڵدارە ڕاستەقینەکەی
دەبێتەوە هەمان کچی
بەختەوەر و شەنگ و جوان. (نیگەرانی، بەرگی دواوە)

ئەوەی جێی ئاماژە پێکردنە، ئەگەر شاعیر، لەجیاتیی ئەو کتێبەی نێو دەستی، چاپی یەکەمی دیوانی (نیگەرانی ی) لە دەست بوایە و لاپەڕەکانی کۆتایی دیوانەکەی هەڵبدابانەوە، لەم ڕووەوە، دەلالەتەکان زۆر بەهێزتر دەبوون. لەلایەکی دیکە ئەو کتێبەی ناو دەستی شاعیر، بەرهەمی خۆی نییە، ئەمەش وەك خوێنەرێکی زانا، دەلالەت لە کەسایەتی نەوزاد ڕەفعەت دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی، دەلالەتەکانی ناونیشانی سەربەرگ، لەو چاپەیدا، بەراورد لەگەڵ ناونیشانی سەر بەرگی چاپی یەکەم، بەچەند گۆڕانکارییەك، باری نیگەرانییەکەی سووکتر کردووە:

- لابردنی (ی) دانەپاڵ.
- گۆڕینی تابلۆی سەربەرگ ، لە بەرزکردنەوەی دەستی دوعا و

پاڕانەوە، بۆ گوڵەگەنمێکی پڕ و پێگەیشتووی ناو دەم.

– گۆڕینی ڕەنگی سووری ناونیشان بۆ ڕەنگی سپی.

– وێنەی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کتێبێکی چاپکراو لە دەستی شاعیردا.

– خستنە خانەی ڕابردووی (نیگەرانی) لە ڕێی خستنە خانەی ڕابردووی بەرهەمەکە، هەروەك لە ڕۆشناییدا، شاعیر تیشکی خستۆتە سەر: ((مێژووی لە ئارەقە و فرمێسك و خوێن هەڵکێشراوی خاکەمم( خاکەکەمم) پێ نەمر کردوون)). (نیگەرانی، ل١٠٠).

لە لێکدانەوەی ناونیشانی (نیگەرانی)دا، زیاتر ڕوومان لە بێراییەکان کردووە، بەتایبەتی (بەرگ) و لە میانەی پەیوەندییەکانیانەوە، سیمیۆلۆژیای ناونیشانمان باس کردووە، ئەمەش، لە ڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە، دەلالەت لە دەوڵەمەندیی ناونیشانەکانی نەوزاد ڕەفعەت دەکات، کە لە چەندین ڕووەوە دەرفەتی لێکدانەوەیان لەبارە، ئێمە لە خوێندنەوەی ناونیشانەکانی دواتریشدا، هەوڵدەدەین لە ڕوانگەگەلێکی دیکە، ئاوڕ لەناونیشانکان بدەینەوە.

شاعیر ئەو بەرهەمەی وەك بەرهەمەکانی دیکە، خستوونەتە خانەی شانازی پێوەکردنی خۆی و خۆی پێ لەو شاعیرانە جیا دەکاتەوە، کە خۆیان لە تاریکستانی بیرکردنەوەی سەردەمەکانیاندا حەشارداوە[١].

(١) بڕوانە: نەوزاد ڕەفعەت، نیگەرانی، چاپی سێیەم، ل١٠٠.

### ٣-١١-٣ سـیمیۆلۆژیای ناونیشـانی بەفـری گەرم[١] بـەپێـی چوارگۆشـەی سیمیۆلۆژیا

ناونیشـان، لە دوونیشـانە پێکهـاتووە (بەفـر) و (گەرم)، بە هەردووکییـان گرێیەکـی ناوییـان دروسـتکردووە، گرێیەکـە لـەڕووی سینتاکسییەوە بچووکـە، بـەڵام لەبەیەکـەوە هـاتنی نیشـانەکان، شـێوازێکی ڕەوانبێـژی پەیڕەوکـراوە، گرێیەکە لەڕووی واتاوە ئاڵۆزە، خوێنەر تووشی سەرسوڕمان دەکات و ناچاری دەکات، بۆ دۆزینەوەی دەلالەتی پەیامی ناونیشـان، لـە هەریـەك لـە نیشـانەکان وردببێتەوە و لەو پەیوەندییانە بگەڕێت، کە بەیەکەوە دەیانبەستێتەوە.

ئـەوەی گرێیەکـەی ئـاڵۆزکردووە، ئامـاژەی (گـەرم)ە، لەبەرامبـەر (بەفر)دا، لە بونیـادە سـەرەتاییەکەیدا، پاڕادۆکسێك لە دەلالەتـی ناونیشـانەکەدا هەیـە، دوانـەیی بەرامبەریـەکی نیشـانەکان، لەسـەر تـەوەری دژیـەکی و نیمچـەدژی بونیـادنراون، بۆیـە لـە شـیکردنەوەی ناونیشـانەکەدا، بـەکارهێنانی شـێوازی (چوارگۆشـەی سـیمیۆلۆژی)[٢]، بـۆ لێکدانـەوە و خوێندنەوەیـەکی سیمیۆلۆژیانەی ناونیشانی (بەفری گەرم)، بە پێویست دەزانین.

چوارگۆشە سیمیۆلۆژییەکان، جیا لەجیهانی خەڵك، جیهـانێکی تایبـەت وێنــە دەکێشــن، ســەرنج لــە بونیــادی پەیوەندییــە دژیــەکی و ڕەتکردنــەوە و

---

(١) ناونیشانی سێیەم دیوانی چاپکراوی (نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیرە، چاپی یەکەمی لەساڵی ١٩٩٢و جـاری دووەمـیش لەگـەڵ چـوار کۆشـیعری دیکـە، لەسـاڵی٢٠٠٤، لـەژێر ناونیشـانی (پەرییـەکان هەڵدەفڕێنمەوە) چاپ کراوەتـەوە، (٣٨) ناونیشـانی دەقـی شیعریی لـەخۆگرتووە، کـە لـەنێوان سـاڵانی (١٩٧٢-١٩٩١) نووسراون.

(٢) شێوازێکە ئەلجیرداس گریماس (( Algirdas Greimas دایهێناوە، کار لەسەر وێنەکردنی ئەو پەیوەندییە دەلالییە بەرامبەرییانە دەکات، کە لـەنێوان نیشانە پێکهێنـەرەکانی دەقدان، لەسـەر تـەوەری پەیوەندییەکانی وەك دژیەکی، نیمچەدژی و گرتنەخۆی ئەرینی، یان نـەرێنی و لەسـەر هێڵی ئاسۆیی، یان ستوونی، یـان لار، بەیەکـەوە دەیانبەستێتەوە، بڕوانـە: دانیـال تشـاندلر، أسس السيميائية، ت: د.طلال وهبة، ص٤٥٧.

گرتنه‌خۆی نێوان نیشانه‌كان ده‌ده‌ن و سه‌رنج له ڕاده‌ی به‌یه‌كه‌وه گونجان، یان جیاوازیی نێوانیان ده‌ده‌ن.[(١)]

به‌یه‌كه‌وه هاتنی (به‌فر) وه‌ك ده‌لاله‌تی (سارد)ی و (گه‌رم) وه‌ك ده‌لاله‌تی دژه (سارد)ی، زه‌ینمان بۆ هه‌مان پێكه‌وه هاتنی (ئاگر) وه‌ك ده‌لاله‌تی (گه‌رم)ی و( سارد) وه‌ك ده‌لاله‌تی دژه (گه‌رم) ییه‌كه‌ی (حه‌زره‌تی ئیبراهیم) ده‌بات، وه‌ك له قورئانی پیرۆزدا هاتووه: (قُلْنَا يَا نَارُ كُونِي بَرْدًا وَسَلَامًا عَلَىٰ إِبْرَاهِيمَ (٦٩) سورة الانبياء.

نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت له داڕشتنی پێكهاته‌ی ناونیشاندا، له ڕووی پله‌به‌ندیی ده‌قاوێزاندا ئاستی ناوه‌ڕاستی هه‌ڵبژاردووه، نه (ڕوون)ه و نه (ناڕوون)، به‌پێی یاساكانی ده‌قاوێزان، شێوه‌ی گفتوگۆی وه‌رگرتووه، ئه‌گه‌ر سه‌رنج له‌م هێڵكارییه بده‌ین:




ئاڕاسته‌ی یه‌كه‌م، له ئاگره‌وه، به‌ره‌و ساردی ده‌چێت، به‌ڵام له په‌یوه‌ندیی دووه‌مدا، به پێچه‌وانه‌وه، ئاڕاسته‌كه‌ی له به‌فره‌وه، به‌ره‌و گه‌رمی ده‌چێت، به‌پێی دابه‌شكردنه‌كه‌ی (جیرار جنێت) بێت، ئه‌م ئاوێزان بوونه، له جۆری دامێنگیربوونی ده‌قه، ناونیشانی به‌فری گه‌رم وه‌ك ده‌قی به‌دواهاتوو،

(١) مداس احمد، المعينات و الموجات في سيمياء التواصل، محاضرات الملتقى الوطني الخامس"السيمياء ة النص الادبي" ١٥-١٧ نوفمير ٢٠٠٨، منشورات جامعة محمد خيضر بسكرة، ص٢٠٥.

لەسەر دەقی پێشوو بونیات نراوە، کۆتایی دەقی پێشوو، بە ئاراستەی سەرەتای دەقی داهاتوو دەچێت و بەردەوام دەبێت، ئەم بەردەوامبوونە، ڕێگەی بەکارهێنانی چوارگۆشەی سیمیۆلۆژییمان بۆ ئاسانتر دەکات، چونکە لێکدانەوەی فەرهەنگی، لەپێشکەشکردنی واتادا، مافی تەواو بە نیشانەکان نادات، تەنها لە چوارچێوەی سیستەمێکی زمانی لێیان ورد دەبێتەوە، بۆیە لێکۆڵەرەوان، شیکردنەوەی سیمیۆلۆژی بە گۆڕەپانی بەرهەمهێنانی دەلالەت و واتا دەزانن ((بۆ بەئەنجام گەیاندنی بیرۆکە و گواستنەوەی بۆ باری کردەنی و کارلێککردن، پێویستمان بە زەمینەیەك هەیە بۆ ڕووبەڕووکردنەوەی لایەنە کۆك و ناکۆکەکان، ئەو گۆڕەپانەش چوارگۆشەی سیمیۆلۆژیایە))[1].

تیۆرەکەی گریماس، بەوە جیا دەکرێتەوە، کە جەخت لەسەر فۆڕمی واتا دەکاتەوە ((لێکدانەوەی دەق هیچ واتایەك نابەخشێت ئەگەر لە سنووری دەرخستنی واتادا نەبێت، بەو پێیەی مەبەست و ئامانجی هەر شیکردنەوەیەکە))[2]، بەو واتایەی هەر شیکردنەوە و لێکدانەوەیەکی دەق، گەڕانە بەدوای واتادا، ئەم گەڕانەش دینامیکییەت بە دەق دەدات، بۆیە وەك ڕەگەزێکی پڕ بایەخی بواری دینامیکییەتی دەق ((بەبێ پشت بەستن بە چوارگۆشەی سیمیۆلۆژی، ناتوانین لە دروستیی وێنەی ڕاستەقینەی دەق تێبگەین))[3]، کە بەهۆیەوە، دەلالەتە مەبەستدارەکان بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، واتە ئەو دەلالەتانەی لەئاستی سێیەمی ڕاڤەکردندا، لە نێو کۆمەڵێك دەلالەتی دیکەی نیشانەکە، پێی گەیشتووین.

لە پێکهاتەی ناونیشانی (بەفری گەرم)دا، بەدەر لە دەلالەتە

(١) د.محمد مفتاح، دينامية النص، ص٩.
(٢) د.حسن مسكين، مناهج الدراسات الادبية الحديثة، ص١١٧.
(٣) د.جميل الحمداوی، بناء المعنى السيميائي فی النصوص و الخطابات، ص١٦٥.

ڕووكه‌شییه‌كه‌ی هه‌ریه‌ك له (به‌فر) و (گه‌رم)، ده‌لاله‌تی دیكه هه‌ن، ده‌بێت به‌دوایاندا بگه‌ڕێین و ده‌ستنیشانیان بكه‌ین، بۆئه‌وه‌ی له‌سه‌ر تـه‌وه‌ری په‌یوه‌ندییه‌كان و له‌سه‌ر هێڵه‌كانی چوارگۆشه‌ی سیمیۆلۆژی، به‌ره‌وڕوو بكرێنه‌وه، به سوود وه‌رگرتن له سیمیۆز، ده‌توانین لێكدانه‌وه بۆ بونیادی نیشانه‌كان بكه‌ین، لێره‌دا مه‌به‌ستمان له بونیاد: بونیادی پێكهاته‌ی ده‌لالیی ناونیشانه، وه‌ك ده‌ق.

یه‌كه‌م هه‌نگاوی بزاوتی سیمیۆز، له نوێنه‌ره‌وه ده‌ستپێده‌كات، ده‌توانین له ڕاڤه‌كردنی ڕاسته‌وخۆدا، بابه‌تی هه‌ریه‌ك له نیشانه‌كانی (به‌فر) و (گه‌رم) سنووردار بكه‌ین، چونكه ((خه‌سڵه‌تێك له خه‌سڵه‌ته‌كان گونجاوه بۆ بونیادی ڕاسته‌وخۆی بابه‌تی نیشانه‌كه))[1]، هه‌ڵبژاردنی ئه‌و خه‌سڵه‌ته‌ش له‌نێو خه‌سڵه‌ته‌كانی دیكه، له‌ڕێی ڕه‌گه‌زی ڕاڤه‌كردنه‌وه ده‌ستنیشان ده‌كرێت.

هه‌وڵده‌ده‌ین له‌م هێڵكارییه‌ی خواره‌وه‌دا، گواستنه‌وه‌ی ده‌لاله‌ته‌كان وبه‌رهه‌مهێنانی نیشانه سه‌ره‌تاییه تازه‌كان، بخه‌ینه‌ڕوو:




گواستنه‌وه‌ی ده‌لاله‌ته سه‌ره‌تاییه‌كان، له هه‌ریه‌ك له نیشانه‌كانی (به‌فر) و (گه‌رم)دا

(١) د. عبدالله بريمى، مطارده العلامات، ص٦١.

ئامـاژەی گـەرم، لـە پێکهاتـەی دەلالیـی ناونیشـانەکەدا، ئـاڵۆزیی دروستکردووە، بۆئەوەی بتوانین، لە چوارگۆشەی سیمیۆلۆژیدا، لێکدانەوەیان بـۆ بکەیـن، لـە نیشـانەی (بـەفر)دا، بۆبـەرامبـەرکردنی لەگـەڵ نیشـانەی (گەرم)، دەلالەتی (سارد) هەڵدەبژێرین.

لەزنجیرەی بەرامبەر یەککردنەوەی هەردوو ئاماژەی (گەرم) و (سارد) دا، دەبـێ لەو پەیوەنـدییانە بگەڕێـین کە لەسـەر بنەمـای جیاوازییـدا بەیەکەوەی بەستوونەتەوە.

بەستنەوەی دەلالەتەکان پێویستییەکی سیمیۆلۆژییە، کە ئەویش لەڕێگای دەرخسـتنی جیـاوازی و تایبەتمەنـدییەکانیانەوە دەبێـت، گریمـاس پێیـوایە ((چوارگۆشەی سیمیۆلۆژی لەسەربنەمای دوانەی دژیەکی بونیاد دەنرێت، پێیوایە واتا لەسەر بنەمای جیاوازی دروستدەبێت، دەستنیشانکردنیشی تەنها بەپێـی پەیوەنـدیی دوانەیـی و لەڕێـی ڕووبەڕووکـردنەوەی لەگەڵ دژەکەیـدا دەبێـت))[1]، بەو واتـایەی (( دەلالەت بـوونی نیـیە و نـاتوانین بچینـە نێـو جیهانی واتا، تەنها لەسەر بنەمای جیاوازیی نیشانەکان و سروشتی پەیوەندیی نێوانیـانەوە نەبێت))[2]، کەواتـە نـاتوانین لە(گـەرم) تێبگـەین، ئەگەر ئاشـنای سنوورەکانی (سارد) نەبین.

بـۆ ڕووبەڕووکـردنەوەی پەیوەنـدییە دوانەییەکـان و ڕێکخسـتنیان لەسـەر چوارگۆشەی سیمیۆلۆژیا، چەند تەوەرێك هەن، کە لە پەیوەندییە دوانەییەکان، نـوێنەرایەتیی هێڵـی هـاوبەش دەکەن و پێیـان دەوترێـت تەوەرە دەلالییەکـان، بەهۆی چەند پەیوەندییەکەوە دابەش دەکرێن:

---

(١) کمال جدي، المصطلحات السيميائية السردية في الخطاب النقدي عند رشيد بن مالك، ص٣٥.
(٢) الدكتور قاسم المقداد، تفكرات سيميائية، ص٣٠١.

یەکەم: **پەیوەندیی دژایەتی**

دوو تەوەر لەخۆ دەگرێت:

أ- <u>تەوەری دژیەکی</u>:

ئاماژەکانیان دژی یەکترن، ئەگەر بمانەوێت جیاوازیی ئەم دوو نیشانەیە لەسەر تەوەرێك دەربخەین، هەردوو سەری تەوەرەکە دەگرن، بەو پێیەی پەیوەندیی نێوانیان پەیوەندییەکی پێچەوانەییە، بەڵام ئەو هێڵە هاوبەشەی بووەتە تەوەری بەیەکبەستنەوەی هەردوو سەرە پێچەوانەکە، پەیوەستە بە پێکهاتەی دەلالەتی نیشانەکان، بۆنموونە (سارد/ گەرم) پەیوەستن بە هەستی بەرکەوتن، (ڕەش/سپی) پەیوەستن بە (ڕەنگ). واتا هەردوو نیشانەی (سارد) و (گەرم) لەسەر تەوەرەی (هەستکردن) بەیەك دەگەن.




وەك چۆن پەیوەندیی (سارد) وەك ئاماژەی یەکەم (ئا١) بەرامبەر بە (گەرم) وەك (ئا٢) پێچەوانەییە، پەیوەندیی (ئا٢) بەرامبەر بە (ئا١) هەمان شتە، واتا نە ئا١ لەگەڵ ئا٢ ڕێکدەکەوێت و نە ئا٢ لەگەڵ ئا١ دەگونجێ، لەگەڵ ئەمەشدا، ناتوانین بیر لە ئا١ بکەینەوە، تەنها بە دەرخستنی جیاوازییەکانی نەبێت لەگەڵ ئا٢ دا و پێچەوانەکەشی بەهەمان شێوە.

ناکرێ لە پەیوەندییە دژەکاندا، بۆ دەرخستنی لایەك، بیر لە دوورخستنەوەی لایەکەی دیکە بکەینەوە، بەڵکو بەلەبەرچاوگرتنی پێکەوەییان، دەتوانین بەرچاوڕوونتر بین، بۆ نموونە ژیان هیچ مانایەکی نییە بەبێ بوونی

مــردن[١]. هەنــدێکجار ئەو تەوەرەی بەیەکــدییان دەبەســتێتەوە، ئەگــەر بــوار بەگۆڕینی دەلالەتی یەکێك لە (ئا١) یان (ئا٢)ەوە بدات، دەتوانین ناوی بنێین تەوەری لێکدراو (axe du complexe)، واتــە ئەگەر ئامــاژەگەلێکی دیــکە لە ئــارادابن و بتــوانن جێگەیــان بگــرنەوە[٢]، وەك ئەوەی ئــێمە لەجێــی (بەفــر)، (سارد)مان دانا.

ب- تەوەری نیمچە دژ:

ئەم تەوەرە، لە ئەنجــامی بەیەکەوە بەرزبــوونەوەی لا دژەکــان دروســت دەبێت و بە تەوەری بێلایەن ناو دەبرێت.[٣]




ئەم تەوەرە، بزاوتی ئاراستەکان بەرەو ئاماژە دژەکان دەباتەوە و کۆمەڵێك دەلالەت دەگوازێتەوە، هەردوو سەری تەوەرەکە دەرفەتی بەشداربوونیان دەبێت.

هــیچ کــام لــەو دوو ئاڕاســتەیەی ســەرەوە، بەتــەنیا و بەشــێوەیەکی ڕاســتەوخۆ، نــاتوانن ئامــاژە لــە جەمســەرێکەوە بــۆ جەمســەری بەرامبــەر بگوازێتەوە، واتە ناتوانین لەئاستی دژیەکیدا، ڕاستەوخۆ ئاماژەی سارد بەرەو

(١) منصوري مصطفى، بنية التشاكل و التقابل في مقدمة معلقة عبيد بن الابرص، الملتقى الوطني الثـاني السـيمياء و الـنص الادبي، ١٥-١٦ نـوفمبر، منشـورات جامعـة محمـد خيضـر بسـكرة، ٢٠٠٢، ص٣٣٧.

(٢) الدكتور قاسم المقداد، تفكرات سيميائية، ص٣٠٦.

(٣) د.محمد مفتاح، دينامية النص، ص١٠.

گەرمی بگوازینەوە، یان بەپێچەوانە، واتە گواستنەوە لە ئا١ بۆ ئا٢، یان بە پێچەوانە، بە دوو کردەی بەدوای یەك ئەنجام دەدرێت:[١]

- کردەی ڕەتکردنەوە، کە گواستنەوە لە ئا١ بەرەو نائا١ دەستەبەردەکات.
- کردەی هەڵبژاردن، کە گواستنەوە لە نائا١ بەرەو ئا٢ دەستەبەردەکات.

سەرەتا پێویستە ئاڕاستەی ڕەتکردنەوە بگرینەبەر، کە لەنێوان هەریەك لە ئا١ (سارد) و نائا١ (ناسارد)، یان لەنێوان ئا٢ (گەرم) و نائا٢ (گەرم)دا هەیە.

هەروەك وترا، بۆ زانینی سنووری هەر نیشانەیەك، پێویستە لەسنووری نیشانەکانی دیکە دەربچین، واتا بۆئەوەی لە سنووری (سارد) بەرەو سنووری (گەرم) بچین، پێویستە سەرەتا، لە دەلالەتەکانی (سارد) دەربچین.

دووەم: **پەیوەندیی ڕەتکردنەوە** Contradiction لە نێوان ئا١ و نا ئا١، یان لە نێوان ئا٢ و نائا٢، ئەنجام دەدرێت:




پەیوەندیی ڕەتکردنەوە

(١) الدکتور قاسم المقداد، المصدر السابق، ص٣١٠.

ئاڕاستەکە، لە نێوان دوو هەڵبژاردە سەرپشکمان دەکات ، هەڵبژاردەی سێیەممان نییە، بۆنموونە لە نێوان (سارد) و (ناسارد) تەنها دەتوانین (سارد) هەڵبژێرین و (ناسارد) ڕەتبکەینەوە، یان (ناسارد) هەڵبژێرین و (سارد) ڕەتبکەینەوە، چونکە (ناسارد) هەموو ئەگەرەکانی دیکەی لەخۆدا کۆکردوونەتەوە و بە جیا دەرناکەون، لەم پەیوەندییەدا ((هەڵبژاردنی یەکێك لە ئاستەکان پێویستە، چونکە ئاستی سێیەم لە ئارادا نییە))[1]

ئێستا بۆئەوەی دەلالەتی (سارد) ڕەتبکەینەوە، چەند ئاماژەیەك لە دەقە شیعرییەکەدا وەردەگرین:

دەرەوە لەژوورەوە ساردترە ⟵ وەرە ژووریَ

گەرمتر لەژوورەوە ⟵ پێکێك بخۆینەوە

دوای هەڵدانی پێك ⟵ بڵق بڵق ئاو لەچاودا کوڵان

بە ڕەتکردنەوەی ئاماژەی سارد و گواستنەوەی بۆ ئاماژەی ناسارد، ناتوانین ئاماژەی (گەرم) بسەلمێنین، چونکە مەرج نییە ئەگەر شتێك ناسارد بوو، دەبیَ گەرم بێت، لەنێوان هەردوو ئاماژەی (سارد) و (گەرم)دا، ئاماژەگەلێکی دیکەی وەك: (فێنك، شیرتێن، تەزی شکاو ...) هەن، کە (ناگەرم)ن، بۆیە چوارگۆشەی سیمیۆلۆژی، ئاڕاستەیەکی دیکەی پەیوەندی لەخۆدەگرێت.

سێیەم: **پەیوەندیی گرتنەخۆ (التضمن)** کردەی هەڵبژاردنی تێدا ئەنجام دەدرێت.

سنووری ئاراستەی نیمچە دژ، دەرفەت بە هەڵوێستی سێیەم دەدات، بۆئەوەی پەیوەندیی ئەگەری پێشوەختە (افتراض مسبق) یان پەیوەندیی

(١) د. قاسم المقداد، تفكرات سيميائية، ص ٣٠٥

ویستی گێڕانەوەیی (اقتضاء السردی) دروست بکات، واتە گواستنەوە لەنا ئا١، بەرەو ئا٢، یان لە نائا٢ بەرەو ئا١، دەلالەتێك لەخۆدەگرێت، کە توانای ڕەتکردنەوەی دژە نیشانەی جەمسەری بەرامبەری هەبێت لەسەر تەوەری دژیەکی.

ئا١ ئا٢

↑ ↑

نا ئا٢ نا ئا١

پەیوەندیی گرتنەخۆ

بۆ گواستنەوەی ئاڕاستەی پەیوەندییەکان، بەرەو ئاڕاستەی لەخۆگرتن، چەند ئاماژەیەك لەدەقەکەدا وەردەگرین، کە ئەگەری سەلماندنی ئاماژەی (گەرم) دێننە پێشەوە:

خوێن ⟵ سوور

سوور ⟵ ڕەنگی گەرم

خوێن ⟵ گەرم

گەرم ⟵ پەنگر

گەرم ⟵ ئاگر

(نەوزاد ڕەفعەت) دەڵێ:

دەمگوت ئەمشەو بەفر گەرمە

گەرمە دەڵێیت چۆلەکەی ماندووی ترساوە
دەڵێیت پەنگرە لەدەستما
ئاخۆ چ خوێنێك ڕژاوە (بەفری گەرم، ل١١)

شاعیر، ئەگەری گەرمیی بەفر، لە ڕژانی خوێنی گەرمدا بەرجەستە دەکات، مەدلوولێکی زەینیی تازە بۆ ئاماژەیەکی تازە دێنێتە بەرهەم، تۆپەڵە بەفرێکی بچووك، تازە خوێنی گەرمی بەسەردا ڕژاوە، لە نێوان ساردیی بەفر و گەرمیی خوێندا، شێوە پەنگریك دروستبووە، گەش، گەرم، سوور، کە بەهەموویان دەلالەتی (سارد)ی، لە بەفر دوور دەخەنەوە و دەلالەتی گەرمی دەسەلمێنن، بەمەش تەوەری لەخۆگرتن، دەبیتە تەوەرێکی ڕەتکەرەوە، چونکە ئاماژەی دەستپێك (سارد) ڕەتدەکاتەوەو نیشانەی دووەم (گەرم) دەسەلمێنێ، لەم بارەشدا، چوارگۆشەی سیمیۆلۆژی سووڕی خۆی تەواو ناکات، واتە ئاڕاستەی دەلالیی ناونیشانەکە، ناگەڕێتەوە خاڵی دەستپێك.

لەم هێڵکارییەدا. بزاوتی ئاڕاستەکانی گواستنەوەی دەلالەت، لە ناونیشانی (بەفری گەرم)، لە چوارگۆشەی سیمیۆلۆژیدا، دەخەینەڕوو:




بزاوتی گواستنەوەی دەلالی لە (سارد) بۆ (گەرم)

کۆتایی هاتنی بزاوتی ئاڕاسته، له چوارگۆشه‌ی سیمیۆلۆژیدا، له‌سه‌ر نیشانه‌ی گه‌رم، ڕه‌وایه‌تی به ناونیشانه‌كه ده‌دات و وه‌ك نیشانه‌یه‌كی تازه، پشتڕاستی ده‌كاته‌وه.

### ٣-١١-٤ سیمیۆلۆژیای ده‌لاله‌ت له ناونیشانی (هه‌ژانی به‌رد)دا [(١)]

پێكهاته‌ی ناونیشان له ڕووی سینتاكسییه‌وه، پێكهاته‌یه‌كی بچووكه، گرێیه‌كی ناوییه‌و له دیارخراوێك (هه‌ژان) و دیارخه‌رێك (به‌رد) پێكهاتووه، له‌ڕووی فه‌رهه‌نگییه‌وه، (هه‌ژان) به واتای (ڕاته‌كان) دێت.

له‌م ناونیشانه‌دا، (هه‌ژان) وه‌ك ڕاته‌كاندن، هێزێكی ده‌روونییه جا (ترس) بێت یان هه‌ستوسۆز و به‌زه‌یی، له ناوه‌وه‌ی شته‌كه‌دا ڕووده‌دات، دانه‌پاڵی هه‌ژان به‌و هێزه ده‌روونییه‌وه بۆلای به‌رد، جێی سه‌رنج و تێڕامانه، تێڕامانه‌كانیش ڕووی سه‌رنجمان بۆ ئاستی ده‌لالیی ناونیشانه‌كه ده‌گوازنه‌وه.

<u>ئاستی ده‌لالی:</u>

له ئاستی یه‌كه‌می ڕاڤه‌كردندا، پێكهاته‌ی ناونیشان وه‌ك دوو نیشانه، ناكۆكییه‌ك له نێوانیاندا هه‌یه، چونكه به‌رد له خودی خۆیدا هه‌ژانێكی به‌رهه‌ستی نییه، چه‌ند سیفه‌تێك له ده‌لاله‌تی (به‌رد) دا هه‌ن، كه ڕێگرن له دانه‌پاڵی سیفه‌تی هه‌ژاندن، ئه‌وه‌ی زۆر زه‌قتر و كاراتره، سیفه‌تی (ڕه‌قی) یه.

له په‌ند و ئیدیۆمی كوردی و لای شاعیرانی گه‌وره‌ی كلاسیك، به‌رد وه‌ك سیفه‌تی ڕه‌قی دراوه‌ته پاڵ به‌شی زیندووی جه‌سته‌ی مرۆڤ، بۆ

---

(١) چواره‌مین دیوانی چاپكراوی (نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت)ی شاعیره له ساڵی ١٩٩٩چاپكراوه، (٢٥) ناونیشانی ناوه‌وه‌ی له‌خۆگرتووه، جاری دووه‌م له ساڵی ٢٠٠٤ له‌گه‌ڵ دیوانه‌كانی پێشووتری، له‌ژێر ناونیشانی (په‌رییه‌كان هه‌ڵده‌فڕێنمه‌وه) چاپ كراوه‌ته‌وه.

نموونە: دڵ ڕەقی، کەللە ڕەقی، بەڵام شاعیران لە بەرجەستەکردنی سیفەتی ڕەقی لە (بەرد) دا، بۆ دانە پاڵ (دڵ)، گونجاندێکی پڕ بەهاتریان داهێناوە، دەکرێ سیفەتی ڕەقی بدرێتە پاڵ ئاسن، یان هەر کانزایەکی دیکەی ڕەق، بەڵام ئەگەر سەرنج لەم دێرە شیعرەی (نالی) بدەین، دەبینین جیاوازیی بەرد و ئاسن لەچی دایە:

دڵم بەردە ئەگەر شاخە، بە چاوی سووکی مەنوارێ
بە خۆڕایی نەسووتاوە، ئەمیشە کێوی طوورێکە

(دیوانی نالی، ل٤٥٨)

ئاسن، بەگەرمی دەتوێتەوە و دوای ساردبوونەوە، سیفەتی ڕەقییەکەی بۆ دەگەڕێتەوە، بەڵام بەرد دەسووتێ و دەبێتە خۆڵەمێش، (نەوزاد ڕەفعەت)یش لە وەسفی دڵە بەردینەکاندا دەڵێ:

دڵی بەردینی (هۆلاکۆ) ی هەموو شوێن و زەمانێکیش
تەنیا نێڵەی ئاگری دۆزەخی مێژوو
دەیکاتە چنگێ خۆڵەمێش،
ئەویش ڕایدەماڵێ یەك فوو. (هەژانی بەرد، ل٣٨)

(بەرد) چەقی هێزی ناونیشانەکەی گرتووە، ئەرکی سیمیۆلۆژیانە بۆ دۆزینەوەی ئاستی کۆتایی ڕاڤەکردنی (هەژانی بەرد) لای (نەوزاد ڕەفعەت)، دەستنیشانکردنی هۆکاری (هەژان)ەکە و چۆنیەتیی ڕەمزاندنی (بەرد)ە .

ناونیشانی بەرگ، جگە لەوەی وەڵامی پرسێکی دیاری کراو نییە، پرسیارگەلێکیش لای خوێنەر دروست دەکات، لە یەکەم سەرنجیشدا، مەتەڵ ئاسا سەرقاڵمان دەکات و حەزی زانین و گەیشتن بە وەڵام، ناچارمان دەکات

بەرەوە ناونیشـان و دەقەكـانی نـاوەوەی دیـوانەكە بچـین، كە ئەمەش ئەركێكـی گەورەی سیمیۆلۆژییانەی ناونیشان و مەبەستی شاعیرە.

چەنـــد ناونیشـــانێكی نـــاوەوە هەن، كە لەگەڵ ئامـــاژەی (بەرد) دا دەگونجێن:

لـە (ڕامـانی سـیزیف)دا، بـەرد وەك قەبارەیـەكی قـورس و وەك سـزا، بـەكۆڵی سـیزیفییەكانەوە بـارێكی گرانـە، نـەوزاد ڕەفعـەت، قـەدەری شۆڕشـی كورد بە قەدەری بەردەكەی سیزیف چواندووە، بەر لـەوەی بە لووتكە بگـات، گل دەبێتەوە، لە بەهاری ١٩٩٩ لە سابڵاخەوە، دەڵێ:

حەفتاو چواریش
هەر لێرەوە
هەر لە پشت شووشەی پەنجەرەی
ئەم قاوەخانەی شەقامە ئاپۆڕەوە، (هەژانی بەرد، ل٥٢)

شاعیر، بەردەكەی تا هەمان شوێن غلۆركردۆتەوە، لـە خاڵی دەسپێكردنەوە، لە (سپیندار) ڕادەمێنێ و كۆمەڵێك پرسیاری لەلا دروست دەبن:

دەبێ سپینداری تەنیا
هاوچەرخی مێژووی بێ نەوام
جارێكی تر
لەبارودۆخێكی تردا
سبەی چۆنت ببینمەوە؟
دەبینم ڕوخسار پڕ لۆچ و گرژتری؟.
بەبێ گۆچان پێ ناگری؟. (هەژانی بەرد، ل٥٢)

تا دەگاتە:

یا دنیایە
چارەنووسی سیزیفانە و تا هەتایە
لەچوار ڕێیێکدا یێك ناگرین
بەکەسەری دەستگوشینی پیرۆزباییەکەوە دەمرین؟.
گەواهی سابڵاخی برین؟!. (هەژانی بەرد، ل٥٣)

شاعیر لە ناونیشانی (هەڵدێر)دا، چاوی لە بەزەیی خوداوەندە، ئەو چارەنووسە بەدە بگۆڕێت:

ئەفسوونی گریانی دایکێ،
زەنگی دێرێ،
پاڕانەوەی بوولێڵانی شەوبێداریێ،
دڵی خواوەند نەرم بکاو بە پەرجوویێ
چارەنووسی بەد بگۆڕێ. (هەژانی بەرد، ل ٢٢)
بۆئەوەی چیتر:
بەرد دەردی دیلی نەچیژێ.
بەرد پاش خوێندنەوەی گەشتنامەی با نەهەژێ.
هەژانی بەرد، ل٢٢)

تا دەگاتە:
دۆزەخ لەوەدایە گوێچکە بێدەنگیی بەردیش دەبیستێ
(هەژانی بەرد، ل ٢٣).

(دۆزەخنامە) ناونیشانێکی ناو دیوانەکەیە، دۆزەخ پانتاییەکی بەپیتی سیمیۆلۆژیای ناونیشانەکەیە، چونکە مرۆڤ و بەرد سووتەمەنیی ئاگری

دۆزەخن.

لە دەقەکەدا هاتووە:

تا سووتان و ژیلەمۆی جەستە نەناسی بەخەیاڵتا نایە قەقنەس؟. تا فیغانی بەردهەژێنی شار نەبیسی تێناگەی لەجەزرەبە و ستەمی قەفەس؟. (هەژانی بەرد، ل٣٣)

لێرەدا شاعیر هۆکاری (هەژانی بەرد) بۆخوێنەر ئاشکرا دەکات، هەژان هاوار و فیغانی بەدۆزەخکردن و بەقەفەسکردنە، دڵە بەردینانەکان دەهەژێنێ، یان دەیانسووتێنێ.

## ٣-١١-٥ ناونیشانی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە)[1] و سیمیۆلۆژیای بەرگ

بەو پێیەی سیمیۆلۆژیا وەك زانستێکی تازە، بایەخ بە لێکۆڵینەوە، لە سیستەمی نیشانە زمانی و نازمانییەکان دەدات، توانیویەتی وەك نیشانەیەکی نازمانی، دەرفەتی لێکۆڵینەوە لەبەردەم وێنەدا بڕەخسێ.[2]

بەرگ لە بواری سیمیۆلۆژیادا، وەك بێرایی دەق و وەك زەمینەیەکی لەبار بۆ نمایشکردنی نیشانە نازمانییەکان، بایەخێکی زۆری لە جێبەجێکردنی ئەرکی دەلالی و ڕاڤەکاریدا، هەیە ((تەنها توێکڵێکی ڕەق نییە بۆ پاراستنی

(١) ناونیشانی پێنجەم دیوانی (نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیرە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، لەساڵی ٢٠٠٤ چاپی یەکەمی بۆ کردووە. جگە لە کۆشیعری (باڵ لەفڕیندا سووتاوە)، هەرچوار دیوانە چاپکراوەکانی پێشتری (دارستانی ئەو بنارە، نیگەرانی، بەفری گەرم، هەژانی بەرد)ی تێدا چاپکراونەتەوە.

(٢) د. محمد خاین، العلامة الأيقونية و التواصل الأشهاري، منشورات الملتقى الدولي الخامس"السيمياء والنص الادبي" ١٥-١٧ نوفمبر ٢٠٠٨، منشورات جامعة محمد خيضر بسكرة، ص٢٠٠.

دەق))[(١)]، بەشێوەیەکی گشتی، بەرگ لە دوو بەش پێکدێت، بەرگی پێشەوە و بەرگی دواوە، جگە لەو بەشەی، لە کتێبە قەبارە ئەستوورەکاندا، دەکەوێتە نێوان هەردوو بەرگەکە و ناونیشانی هەڵواسراوی تێدا دەنووسرێت، ئێمە لێرەدا و لەڕوانگەی پەیوەندیی بە پێکهاتەکانی دیکەی سەربەرگەوە، لێکدانەوە بۆ ناونیشانی سەرەکیی بەرگی پێشەوەی دیوانی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە) دەکەین.

ناونیشان لە تابلۆی بەرگی یەکەم، بەشێوەیەکی هونەری (پەرییەکان هەڵ دە فڕێنمەوە) لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا خراوەتە ڕوو، بەپێی پۆلێنەکەی فێری بێت، ئەم ناونیشانە لە جۆری یەکەمە و وەك یەکەیەکی سەربەخۆ خوێندنەوەی بۆ دەکرێت.

ئەگەر بە وردی چەند جارێك ناونیشانەکە بە دەنگ دووبارە بکەینەوە، هەست بە بوونی پاڵەپەستۆ و بوونی گرێیەك دەکەین لە گۆکردنی هەردوو (ییـ)ەکەی پەرییەکان، ئەگەر هەوڵبدەین جارێکی دیکە تەواوی پێکهاتەی (پەرییەکان) بەسەر بڕگەدا دابەش بکەین (پە - ری - یە- کان)، هەست بە لەنگیی دابەشکارییەکە دەکەین و هەست دەکەین بڕگەیەکمان بە زۆر هێناوەتە ناوەوە، بۆیە ئەگەر بمانەوێ لێکدانەوە لەسەر بونیادی ناونیشانەکە بکەین، پێویستە چەند جارێك ناونیشانەکە بە دەنگ و ڕەزم و ئاوازەوە دووبارەبکەینەوە، بۆ ئەوەی بەڕەوانترین شێوە و بەبێ گرێ بخرێتە ڕوو، بەتایبەتی کە ناونیشانەکە، ناونیشانی دیوانێکی شیعرییە، بۆیە ڕێگەی ئەوەمان دەبێت جارێکی دیکە بە دابەشکردنی بڕگەکاندا بچینەوە.

کرۆکی دروستبوونی بڕگە، هەبوونی پیتی بزوێنە، لە وشەی

(١) فرج عبد الحسيب محمد مالكى، عتبة العنوان في الرواية الفلسطينية، ص٤٨.

پەرییەکاندا، لەنێوان هەردوو (یـ)ەکەدا یەکێکیان ڕۆڵی بزوێن و ئەوی دیکەیان ڕۆڵی نەبزوێن دەگێڕێت، بە لابردنی (یـ) ی بزوێن، دابەشکردنەکە بەم شێوەیەی لێدێت: (پەر ـ یە ـ کان)، پێمانوایە لەهەردوو لایەنی (دال) و (مەدلول) گۆڕانکاری لە نیشانەکەدا دروست ناکات، بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی ڕێك و ڕەوانتر خۆی دەردەخات، ناکرێ ئەوە لەبەرچاو نەگرین کە یەکەم هەنگاوی لێکدانەوەی سیمیۆلۆژیانەی دەق، لە بونیادەوە دەستپێدەکات، پێکهاتەی بونیادی فۆڕمی ناونیشانیش هەتا ڕوونتر و ڕەوانتربێت، زووتر و زیاتر ئەرکەکانی خۆی جێبەجێدەکات.

سەرجەم ناونیشانە سەرەکییەکانی بەرگی دیوانەکانی نەوزاد ڕەفعەت، بە پێوەری دابەشکردنی بڕگەیی، لەسەر ڕەزمی چواری یان هەشت بڕگەیی داڕێژراون، بۆیە پێمانوایە، شاعیر لە هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانەشیدا، لەو پێوەرە لای نەداوە، ئەگەر سەرنج لە ناونیشانی سەرەکیی سەر بەرگی یەکەم بدەین، نەخشەساز، لەسەربنەمای دابەشکردنی نیوەیی، کاری لەسەر تۆپۆگرافیای بەرگی پێشەوە کردووە، سەرەتا تەواوی بەرگی بە شێوەیەکی ستوونی کردۆتە دوو نیوە، نیوەی لای ڕاست، ڕەنگێکی کاڵ و نیوەکەی دیکە ڕەنگێکی تۆخ، بە شێوەیەکی گشتی هەردوو ڕەنگەکە، ڕەنکی (سارد)ن، ئەم جۆرە دابەشکردنانە لەڕووپەڕی پێشەوە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە گیرساندنەوەی تێڕوانینی بینەر.

نەخشساز، لە دابەشکردنێکی دیکەیدا، دیسان بە باری ستوونی، شوێنی تابلۆیەکی لە ناوەڕاستی بەرگەکەدا کردۆتەوە، هەوڵیداوە مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ پێوەرەکانی بینین بکات، لا تاریکەکەی تابلۆکەی، خستۆتە بەشە ڕووناکەکە و بەشە ڕووناکەکەی تابلۆکەی خستۆتە بەشە تاریکەکەی

دابەشکردنە گشتییەکەی بەرگ، مەبەستی زەقتر دەرخستنی چوارچێوەی تابلۆکەیە لەسەر بەرگدا.




بەرگی پێشەوەی دیوانی پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە

لەڕووی سینتاکسییەوە (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە) ڕستەیەکی تەواوە، بەلەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی ڕستەکە، بەها سینتاکسی و بەها دەلالییەکەی لەدەست دەدات، وەك ناونیشانیش ئاڕاستەی ئەرکەکەی دەگۆڕێت و گۆڕان لە جۆرەکەشیدا دروست دەکات، جیاوازیی جۆر و قەبارە و ڕەنگی فۆنتەکان و دابەشکردنیان بە باری ستوونی وایکردووە، کە (پەرییەکان) وەك ناونیشانی سەرەکی و (هەڵ دە فڕێنمەوە) وەك ناونیشانی لاوەکی دەربکەون.




ناونیشانی سەربەرگ

نەخشەساز، لە پەیڕەوکردنی دابەشکردنە نیوەییەکەیدا، وشەی (پەرییەکان) ی بەسەر هەر دوو دیوە ڕووناکەکەی بەرگ و دیوە تاریکەکەی تابلۆی ناوەڕاست دابەشکردووە، هەردوو نیوەکەش، لە نیوەی لای ڕاستی بەرگەکەوە جێیان بۆ کراوەتەوە، لە دابەشکردنی وشەی (پەرییەکان) یشدا لەبەر ئەوەی لە (٩) پیت پێکهاتووە، لە کەرتکردنەکەدا ناچار بووە (٤,٥ &٤,٥) پەیڕەو بکات و پیتی ناوەڕاست کە (یـ)ە، بەر کەرتکردن کەوتووە (خاڵەکانی ژێرەوەی پیتەکەشی لەتکردووە) ئەمەش وایکردووە، دوو بەشی ناونیشانەکە بەسەر دوو پێکهاتەی(٤،٥) دەنگی و بە دوو ڕەنگی جیاواز، دەربکەون.



پارچەکردنی بەشێکی ناونیشان

بەپێی بۆچوونی پێرس سەبارەت بە سیمیۆز (بەو پێیەی ڕێچکەیەکە بۆ گواستنەوەی شتێك وەك نیشانە، وا پێویست دەکات کە لە سێ ئاستەوە ئیستیعاب بکرێت، ئەوەی دەکەوێتە بەرچاو، ئەوەی لەزەیندا ئامادە دەبێ، ئەوەی لەسەر زماندا دەردەکەوێت))[١] بەهۆی دابەشکردنە نیوەییە دووڕەنگییەکەی وشەی پەرییەکان و لەتکردنی پیتی (یـ)ی ناوەڕاست، لە یەکەم ڕووبەڕووبوونەوەی ناونیشان و بینەر، هەست بە بوونی گرێیەك دەکەین، بونیادی وشەکە وەك یەك بونیاد ناکەوێتە بەر دیدی خوێنەر. سەبارەت بە بەشی دووەم، کە بە شێوە و ڕەنگێکی جیاواز و بە هەڵوەشاوەیی، لەگەڵ بەشی یەکەمی ناونیشانەکەدا بە پچڕاوی دەکەوێتە بەرچاو، خوێنەر ئەرکی کۆکردنەوەی بەشە هەڵوەشاوەکانی دەکەوێتەر سەر، لە هەمانکاتدا، لەکۆکردنەوەی بەشەکاندا تووشی گومان دەبێت، ((کەسێك گومانی لەوەدا نییە کە دەرکەوتەکانی بینین، دیاردەی پەیوەندی کردنن))[٢]، ئەم کەرتکردنە پەیوەندییەکی دیکەی جیاواز دەردەخات، کە هیچ بەشێك بە تەنیا ناتوانێ نواندن بۆ بابەتێك بکات، یان نەتواندرێ وەك نیشانەیەکی سەربەخۆ ڕاڤە بکرێت. لە بەیەکەوە بەستنەوەشیاندا، وەك نیشانەیەکی ئایکۆنیی بینراو، ناتوانێ وەك یەك دەرکەوتە خۆی بنوێنێت، چونکە لە ڕەنگدا جیاوازن، لە کاتێکدا ڕەنگ بە پێوەرێکی سەرەکیی دابەشکردن دادەنرێت.

بەشی یەکەمی ناونیشان (پەرییەکان)، لە شێوازی دابەشکردنیدا بەسەر بەشە تاریك و ڕووناکەکەدا، پەیوەندییەکی لەگەڵ ناوی شاعیر دروستکردووە، کە ئەمیش بەر دابەشکردنەکە کەوتووە، نەوزاد بەرامبەر (پەری) و

---

(١) سعيد بنگراد، السيميائيات مفاهيمها و تطبيقاتها، ص١٠١.
(٢) سعيد بنگراد، المصدر السابق، ص ١٠١.

(ڕەفعەت) بەرامبەر بە نیشانەی ناساندن، بەو مانایەی (ڕەفعەت) ئامرازێکە بۆ ناساندن و جیاکردنەوەی شاعیر لە (نەوزاد)ەکانی دیکە، هەروەك لەم هێڵکارییەدا، دەیخەینەڕوو:

نەوزاد ......................... ڕەفعەت

↓ ↓

پەری ........................... یەکان

لە دابەشکردنی بەشی دووەمی ناونیشان (هەڵدەفڕێنمەوە) بە فۆنتێکی باریك و بە ڕەنگێکی جیاواز و بە پارچەکراوی لە ژێرەوەی پەرییەکان بە ئاراستەی ژێرەوە خراوەتە ڕوو:

هەڵ

دە

فڕێنمەوە



خستنەڕووی بەشێکی ناونیشان

ئەم ئاڕاستە سەرەوژێرە، لە هەڵوەشاندنەوەی ئەم بەشەی ناونیشان دا، پاڕادۆکسێك لەزەینی خوێنەردا دروست دەکات، چونکە ئاڕاستەی هەڵفڕاندن، بەرەو ژوورە و ئاڕاستەی هەڵنیشاندنەوە بەرەو ژێرە.

جیاکردنەوەی بڕگە و پارچەکردنی پێکهاتەی سینتاکسی و بەکارهێنانی فۆنت و ڕەنگ و قەبارەی جیاواز، لە دابەشکردنی ناونیشاندا،

ناچارمان دەکات بەدوای سەرەداوی دیکەدا بگەڕێین، شاعیر لە شیعرێکیدا، بەناونیشانی (فریادڕەس) باس لە ژینگەیەك دەکات، کە هەمووبەها جوانەکانی تێدا ئاوەژوو کراونەتەوە، بۆ نموونە:

مێ نەما یەخەی دانەدڕێت
سەرابی نەهات ئاوی کوشت
ڕەشەبای حەوت ساڵەی نەهات
هیچی پاش خۆی بەجێ نەهێشت
ڕەشەبای نەهات سپیاتیی هەنیەی بردین
کرمی نەهات وردە وردە ڕۆحی خواردین

(پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل**٢٤٣**)

تەنانەت:

هەموو پەرییەکان خوراون
ئێرە کەڕوڵاڵ نشینە
گشت هوزار و سترانبێژەکان تۆراون
ئێرە جیهانی تاریکی سەرەوەیە
هەموو مانگەکان گیراون

(پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، ل **٢٤٥**)

ئەگەر شاعیر وەك (فریادڕەس)، لە هەڵفڕاندنەوەی پەرییەکان، مەبەستی ئەو پەرییانە بن، کە لەو ژینگە بێ فەڕەدا خوراون، ئەوە لە شێوازی خستنەڕووی ناونیشان، هێشتا پەرییەکان پچڕاو و هەڵفڕاندنەوەشیان بێ ئاکامە، چونکە ئاڕاستەی کردەی هەڵفڕاندنەوەکە لەجیاتی بەرەو بەرزبوونەوە بێت، بەرەو نیشتنەوەیە.

لەدابەشکردنی وشەی پەرییەکان، بەسەر دوو ڕەنگی ساردا، دەلالەتن

بۆسڕیی جەستەی پەرییەکان، بەڵام لە هەڵبژاردنی ڕەنگی سوور بۆ کاری (هەڵدەفڕێنمەوە)، دەلالەتی وەگەڕخستنەوەی بزاوت و خوێن تێزانەوەی دەمارەکان و بەردەوامیی هەوڵ و خۆبەدەستەوەنەدانە، لەسەر هەمان هێڵی ستوونی، ناوی خودی شاعیر (نەوزاد) هەمان ڕەنگی سووری پێدراوە، ئەمەش دەلالەت لە کەسایەتیی یاخیانەی شاعیردەکات لەبەرامبەر دیاردە ناشیرین و تەنانەت دیاردە باوەکانیش، هەر ئەمەش وای لەشاعیر کردووە، لەنێو ئەو ژینگە تاریکەدا، وەك فریادڕەس، هەوڵی هەڵفڕاندنەوەی پەرییەکان بدات.

لەناوەڕاستی بەرگی دیوانەکەدا، پۆرترێتی ئافرەتێك دانراوە، بەدەرکەوتنی (دەستی ناسکی هونەرمەندێك) بۆمان دەردەکەوێت، کە تابلۆکە هێشتا لەلایەن هونەرمەندێکی ئافرەتەوە، کاری کێشانی بۆ دەکرێت.

لەهیچ شوێنێکی دیوانەکەش ئاماژە بە ناوی هونەرمەمەند نەکراوە، مەرج نییە لە بنەڕەتدا خاوەنی بەرهەمەکە ئافرەت بێت و مەرجیش نییە لە کێشانی پۆرترێتی ئافرەتەکە، مەبەست (پەری) بێت.

(پەری) وەك نیشانە، فرە دەلالەتە، هەر لە کۆنەوە و لەنێو حیکایەتە فۆلکلۆری و ئەفسانەییەکاندا، وەك ڕەمزی جوانی دەرکەوتووە و لە شیعری



وێنەی(٢٨) تابلۆی سەربەرگی پێشەوەی دیوان

کلاسیکی و نوێشدا، وەك ڕەگەزێکی بەهێزی لێکچواندن و خواستن بۆ ئافرەت بەکارهاتووە، لە تابلۆی هونەرمەندە جیهانییەکانیشدا، زۆرجار شێوەی پەری، وەك ئافرەتێکی نازەنین بە دوو باڵی سپیی ڕوونەوە وێنەی کێشراوە، نەخشەساز لە ئاستی ڕووکەشیی دەلالەتدا، بەسەر بابەتی ئافرەت بوونی نیشانەکە، گیرساوەتەوە، ئەگەر یەکێك لە ئەرکەکانی ناویشان دەستنیشانکردنی ئاڕاستەی چوونە نێو دەق بێت، هەروەك فۆکۆ دەڵێت: ((ناونیشان یان دێرەکانی دەستپێکی کتێب یان وشەکانی کۆتایی، ئەوانەی پشت شێوە و بونیادی ناوەوە، کە بە شێوەیەکی سەربەخۆ و ئازاد تەوزیف کراون، کۆمەڵێك ئاڕاستەن بۆ ناوەوەی کتێب و دەق و ڕستە))[(١)]، ئەوا بوونی

(١) میشال فوکو، خفریات المعرفة، ت: سالم بفوت، المرکز الثقافي العربي، المغرب ـ لبنان، ط٣،

ئه‌م تابلۆیه‌، وه‌ك پارسه‌نگی ناونیشان، وا له خوێنه‌ر ده‌كات له نێو دیوانه شیعرییه‌كه‌دا سه‌رقاڵی دۆزینه‌وه‌ی ئافره‌تی جوان بێت و بزانێت شاعیر به چ شێوازێك هه‌ڵیانده‌فڕێنێته‌وه‌.

په‌یوه‌ندیی ده‌لالیی نێوان شیعر و ئافره‌ت، په‌یوه‌ندییه‌كی هه‌ستپێكراوه و زۆر له شاعیران شیعریان به ئافره‌تی شۆخ، یان ئافره‌تیی شۆخیان به شیعر چواندووه‌، عه‌بدوڵا په‌شێو ده‌ڵێ:

تا دێ شیعرم خۆشتر ده‌وێ
چونكه شیعر وه‌ك شۆخێكی دوودڵ وایه
هه‌موو ڕۆژێ
جێ و كاتی ژوان نیشان ده‌كه‌ین
به ده‌گمه‌ن دێ .. یان هه‌ر نایه‌.
(شه‌ونییه خه‌ونتان پێوه‌نه‌بینم، ل٦٨)

ئه‌گه‌ر په‌ری ده‌لاله‌ت له كچی شۆخ بكات و كچی شۆخ ده‌لاله‌ت له شیعر بكات، ئه‌وه ((له‌ڕووی یاسای ڕاستگۆیی لۆژیكییه‌وه كه ئه‌گه‌ر:

(أ = ب) و (ب = ج)

ئه‌وه: (أ = ج) ته‌واوه و پاساوێك نییه بۆ بێ ده‌سه‌ڵاتی ده‌ربڕینێكی ڕاسته‌وخۆ له وه‌سفكردنی دیارده‌یه‌كی ده‌ستنیشانكراو))[1]

واته له‌گواستنه‌وه‌ی ده‌لاله‌تی په‌ری بۆ شیعر، هیچ ڕێگرییه‌كمان له‌به‌رده‌مدا نییه‌، كه‌واته ده‌توانین بڵێین (نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت) شیعره‌كانی خۆی به په‌ری داده‌نێت.

---

٢٠٠٥، ص٢٣.

(١) د. محه‌مه‌د به‌كر، سیمیۆلۆژیك زمانی ده‌قی فۆرماتكراوی شیعر، گ: رامان، ژ(٢١٤) ٢٠١٥/٣/٥، ل٧٥.

شاعیر لە وێرانەیەك، کە پەرییەکانی تێدا سەرکوت و ئەتککراون، هاتووە جارێکی دیکە هەڵیان فڕێنێتەوە. ئەگەر جارێکی دیکەش بگەڕێینەوە سەر بابەتی (فریادڕەس)یی (نەوزاد ڕەفعەت)ی یاخیی خوێن گەرم، بۆ هەڵفڕاندنەوەی پەرییەکان لە ژینگە تاریك و وێرانەکەدا، دەبێ چەکی (نەوزاد ڕەفعەت)ی شاعیر، جگە لەشیعر چیتر بیت؟

**٣-١١-٦ سیمیۆلۆژیای ناونیشانی (شینی شالوور[١] لەڕێی (مەتن)ەوە.**

ناونیشان، ئەرکی ناونانی دیوانە شیعرێکی لە ئەستۆ گرتووە، لە دوو نیشانەی سەرەکی پێکهاتووە (شین) و (شالوور)[٢]، بە هەردووکیان (گرێیەکی ناوی) یان درووستکردووە، نیشانەی بەهێز لە گرێیەکەدا، بریتییە لە (شین)، ناونیشان بۆ جیاکردنەوەی نیشانەکە، لە نێو نیشانەگەلێکی دیکە، بە دانەپاڵی نیشانەی دووەم (شالوور) هاوکاریی خوێنەر دەکات، لە ڕێنوێنی و گەیشتن بە مەبەستی پەیامی شاعیر.

لەڕووی دەلالییەوە، ناونیشان سەرنج ڕاکێشە، لە یەکەم تێڕوانیندا، ڕێچکەی ڕاڤەکاریی نیشانەکە، بەرەو لێکدانەوەی جیاواز، ئاراستە دەکات:

(١) ناونیشانی دیوانێکی (نەوزاد ڕەفعەت) ە، (١٩) ناونیشانی دەقی شیعریی لەخۆگرتووە، دوو نۆرە چاپی هەیە، چاپی یەکەمی لەساڵی ٢٠٠٨ لەلایەن (دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم)ەوە بۆ کراوە، جاری دووەم، لە ساڵی ٢٠١٤ لە هەولێر، لەلایەن مەڵبەندی گشتیی یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپکراوەتەوە.

(٢) شالوور: باڵندەیەکی بچووکە، چریکەیەکی پڕسۆزی هەیە و بە چەندین شێواز و بە نەغمەی جیاجیا دەخوێنێ، لە نێو کەلتووری زۆربەی گەلان بە ڕەمزی دەنگی خۆشی هاتووە، لەبەر دەنگە پڕ سۆزەکەی، باڵندەیەکی خۆشەویستە، بە هونەرمەندی گەورەی عەرەب (عبدالحلیم حافظ) یان وتووە: (عندلیب الاسمر).

- یەکێك لە دەلالەتەکانی (شین)، واتای فەرهەنگیی پیتی (ش)ە، ئەگەر نیشانەی یەکەمی ناونیشان، ئاماژە بێ بۆ پیتی یەکەمی نیشانەی دووەم، ئەوە دەبێ، بەدوای ئەو ئەگەرانەدا بگەڕێین کە پیتی یەکەم، لە پیتەکانی دیکەی نیشانەی (شالوور) و لە دەرەوەی نیشانەکەش جیا دەکەنەوە.
- شین، وەك دەلالەتی ڕەنگ، ئەگەر لە سیمیۆلۆژیای نیشانەی شین وەك ڕەنگ، ڕاڤەی پێکهاتەی ناونیشانەکە بکرێت، ئەوە لە فۆڕمی نیشانەی (شالوور)دا، وەك باڵندە، هەست بە بوونی ڕەنگی شین ناکەین، بەڵام بە ڕەمزکردنی ڕەنگی شین وەك دەلالەتی کۆستکەوتن و تازییەباری و غەم و ... هتد، سەرنجمان بۆ ئەو ئەگەرانە دەگوازێتەوە، کە دەلالەتی کۆست و غەمباری بەرهەم دێنن، بوونی ئەگەری چریکە لە نیشانەی دووەمدا، ئاسۆیەکی گونجاو لەبەردەم ڕاڤەکاریدا دەکاتەوە.
- شین، بە واتای شیوەن گێڕان، گریانی بە کوڵ، دادوفیغان ...

لە بەرگی هەردوو نۆرەچاپەکە، نیشانەی ئایکۆنیی (شالوور)، ئەوە پشتڕاست دەکەنەوە، کە مەبەست لە دەلالەتی نیشانەی شالوور، (باڵندە)کەیە، نەك بۆ مەبەستێکی دیکە خواسترابێ.

ناونیشانی بەرگ، ناونیشانی یەکەم دەقی شیعریی نێو دیوانەکەیە، کە ئەمەش وا لە خوێنەر دەکات، بەر لە هەر هەنگاوێك، لە دەرگای ئەو دەقە بدات.

شاعیر لەگەڵ خستنەڕووی ناونیشانەکە، لە پەراوێز ڕوونکردنەوە دەدات، ((ئەفسانەی شاتیریۆس و فلۆمیل، یان فلۆمیلا، چامەی وێرانە خاك ی تۆماس ستیرنز ئیلیۆت، وەرگێڕانی (د.عەبدولواحید لوئلوئە).))[1]،

(١) بڕوانە: نەوزاد ڕەفعەت، شینی شالوور، چ١، ل٥ - چ٢، ل٦.

په‌راویز وه‌ك بیرایی، له هاوسه‌نگكردنی ده‌قدا، له وه‌رگرتنی په‌یامی ده‌ق، هاوكارییه‌كی زۆری خوینه‌ر ده‌كات، لیره‌دا كردنه‌وه‌ی كۆده‌كانی ناونیشان و ده‌ق، به‌بێ بوونی كلیلی زانیاری و بێ ئاشنابوون به‌و ئه‌فسانه‌یه، به ئامانج ناگات.

(شا تیریۆس) پاشای (تراقیا) ده‌بیت، (فلۆمیلا) خوشكی (پرۆكنێ) ی ژنی (شاتیریۆس)ه، كچێكی زۆرجوان و ناسكه، شاتیریۆس ده‌ستدریژیی ده‌كاته سه‌ر، دوای ئه‌نجامدانی تاوانه‌كه‌ی، بۆ ئه‌وه‌ی نه‌توانێ ڕاستییه‌كان بدركێنێ، شاتیریۆس زمانیشی ده‌بڕێت، خواوه‌نده‌كان، به‌زه‌ییان به فلۆمێلا دا دێته‌وه و ده‌یكه‌نه باڵنده‌ی شالوور، ئیدی فلۆمیلای شالوور له حه‌ژمه‌ت ئه‌و تاوانه گه‌وره‌یه‌ی كه شاتیریۆس له گه‌ڵیدا كردوویه‌تی، شار به‌شار و دێ به‌دێ ده‌گه‌ڕێ و شین ده‌گێڕێ ...[1]

نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت، چیرۆكی ئه‌فسانه‌كه‌ی كردۆته هه‌وێنی ئه‌و شیعره:

(١)

ئه‌ی تراقیا
كه باخه‌وان
دڵ ڕه‌قتربێت له ڕه‌شه‌با
شالوور هانا بۆكێ ببات؟!

(شینی شالوور، ل٣)

شاعیر سنووری جوگرافیی چیرۆكه‌كه‌ی فراوانتر كردووه، (تراقیا)ی كردۆته ڕه‌مزی هه‌ر وڵاتێك، كه سه‌ركرده‌كانیان دڕنده و خیانه‌تكارن، (باخه‌وان) هێمایه بۆ (پاشا)، بۆ گه‌وره‌ی گه‌ل و ده‌سه‌ڵاتدارانی وڵات،

(١) چاوپێكه‌وتن له‌گه‌ڵ نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت ٢٠١٦/٦/١٨.

(شالوور)یش، کە لە ئەفسانەکەدا ڕەمزی ئەو کچە زۆرلێکراوەیە، کە پێناسی کچێتیی لێ دڕاوە، شاعیر مەودایەکی فراوانتری بۆ بەڕەمزکردنی شالوور ڕەخساندووە، دەکرێ شالوور ڕەمزی کوڕێکی (خەسێنراو)یش بێت، ڕەمزی میللەتێکی زمان بڕاو و ئەتککراویش بێت ... هتد.

شاعیر، لە دەقی دووەمی شیعرەکەدا، باس لە دەنگی بێهوودەیی دەکات، ئەو دەنگانەی بە چریکە و بە ناسکی، سەربردەی زوڵم و خیانەتکاری دەگێڕنەوە، ئەو وشانەی تیشك دەخەنە سەر ڕاستییەکان و ناوی زۆرداران ئاشکرا دەکەن، ئەو دەنگانە کورتبڕنین، بەڵام بە شوێنی مەبەست ناگەن:

(٢)

خۆشخوێنی تاکی گوڵستان
دەیچریکاند: تیریو ... تیریو ...
بێهوودەبوو...
شاتیریۆس گوێی ئاخنرابوو
بە زێڕ ز زیو

(شینی شالوور، ل٣)

شاعیر بە زیندووکردنەوەی بەسەر هاتی ئەو ئەفسانەیە، دەیەوێ شالوور ئاسا خۆشخوێنی بکات، دەیەوێ یەك بە گەرووی شیعرەکانی بچریکێنێ، دەیەوێ بە زمانە بڕاوەکەی گەل پچڕ پچڕ ڕاستییەکان بدرکێنێ، بەڵام شاتیریۆسەکانی هەموو سەردەم و زەمانێك سەروەت و سامان کەڕی کردوون و ڕێی بیستنی هاوار و شینی شالوورەکانیان لێ گرتوون.

لە دەقی سێیەمدا، ژنە شالوور بریندارە، ژنە شالوور ڕەمزی

میللەتێکی برینداره، برینێك لەلایەن سەرکردەکانییەوه لە جەستە و رۆح و دەروونیدا نێژراوه، نەوزاد ڕەفعەت دەیەوێ لە شینگێڕانەکەیدا ئەوه بدرکێنێ، کە ئەگەر سەرکرده چەقۆ بێت گەل خوێنی لەبەر دەڕوات، گەلێکی خوێنڕژاو چی لەگەڵ سەرکردەیەکی زۆردار و زاڵ پێدەکرێت، جگە لە تووك و نزاو پاڕانەوه:

**(٣)**

ژنە شالووری بریندار
شینی دەگێڕا و شاربەشار
ماڵ بە ماڵ دەیگێڕایەوه سەربردەی تاڵ
بیری دەخستنەوه کەتنی (خوێنڕێژ)ی زاڵ
باڵی نزای دەکردەوه
دادی خواوەند
خوونکاری بەد
بکاتە بەرد (شینی شالوور، ل٥)

سیمیۆلۆژیا، لە ناونیشانی (شینی شالوور)دا، دەلالەتی گریان و بێدادیی کەسانی بێ دەسەڵات بەرهەمدێنێت، کە لەلایەن دەسەڵاتدارانەوه ئەتك دەکرێن.

با لە شیعری دواتری نێو دیوانەکەدا، گوێ لە شینی نەوزاد ڕەفعەتی تەنیاباڵ بگرین:

وەی دایە ڕۆ!! وەی بابەڕۆ!!
وا زەق زەق لەبەر چاوتایە
سبەی هەموو پەڕەسێلکە پیرۆزەکان

به ویسه ویسی چه‌مه‌ری
قوڕ و لیته‌ی ئه‌م دنیایه پڕ ده‌عبایه
په‌یتا ... په‌یتا ... ده‌گوازنه‌وه بۆ سه‌ری تۆ

( شینی شالوور، ل٦)

باوكه‌ڕۆكردن، شینی كه‌سێكی زۆرلێكراوی ته‌نیا باڵ و بێ كه‌سه به‌رامبه‌ر به زۆرداری، باوك ڕه‌مزی سێبه‌رێكی پارێزه‌ره، منداڵ پێی وایه، له په‌نا باوك، هیچ هێزێك زه‌فه‌ری پێ نابات، باوك چیایه، باوك قه‌ڵایه‌كی سه‌خته، باوك قه‌ڵغانێكه، ڕێ به تێپه‌ڕبوونی هیچ تیر و سه‌ره ڕمێك نادات، شاعیر دان به‌و بێ قه‌ڵغانییه‌یدا ده‌نێت:

من ته‌نیا باڵم ... ته‌نیاباڵ...
بێ فیل و شمشێر و مه‌تاڵ
به‌رامبه‌ریش
له چوار لاوه‌ش
له سه‌د لاوه‌ش
هه‌زار لاوه‌ش
ملیۆن لاوه‌ش
ڕۆسته‌می زاڵ

(شینی شالوور، ل٧)

شاعیر له شیعری (شه‌وی گه‌ڕانه‌وه و گریان) دا ، وه‌ك شالوورێكی بریندار، باس له بوونی خۆی ده‌كات:

هه‌ر له دیدگه‌ی برینه‌وه
له ده‌روونی هه‌ورینه‌وه

کەژاوەکان ... دزراوەکانم بینیوە
مەگەڕێ و مەمدۆزەرەوە
من بریتیم
لە هەنگەوانی گەرووتاڵ
لە ڕاوچییەکی تۆڕبەتاڵ
..... (شینی شالوور، ل٢٣ ـ ٢٤)

لەسەر زاری دایکی پێشینەی خۆیمان بۆ باس دەکات:

دەڵێیت ((ڕۆڵە تۆ لە قسن و
کازیوە و ئاسمان خوازراویت
لە دەرماناوان شۆراویت
ڕۆڵە بەقەد تووکی سەری بە خەرمانەت
قوربانیت بۆ سەربڕاوە
بەقەد بەردی ئەو بەستانە
نووشتە ونزات بۆ نووسراوە
(شینی شالوور، لا/٢٣ ـ ٢٤)

لە دەقی شیعرەکەدا، چەندین دەلالەتی هاواری بێ دەسەڵاتیی زۆرلێکراو لەدەست دەسەڵاتداریی زۆردار بوونیان هەیە، تراقیا هەر باخێك بێت، باخەوانەکەی لە ڕەشەبا دڵڕەقترە، شالوورەکانی ئەتککراو و زمان بڕاون.

لە هەریەك لە هێڵکارییەکانی (٢٠) و (٢١)دا، دەلالەتگەلێکی زیاتر لە پەیوەندیی ناونیشان و مەتنەکان دەخەینەڕوو:




دەلالەتەکانی زۆرداری




دەلالەتەکانی زۆرلێکراو

لەهەریەك لەم دوو هێلکارییەی سەرەوەدا، بە لێکدانی دەلالەتە جیاوازەکانی نیشانە گریمانکراوەکان، خوێنەر دەتوانێت چەندین نیشانەی دیکە بەرهەم بهێنێت.

### ٣-١١-٧ بزاوتی سیمیۆز لە ناونیشانی (ڕێی تاوسان)[١]دا

ڕێی تاوسان، وەك ناونیشانی سەرەکی، لە پارچەی یەکەمی، یەکەم دەقی شیعریی نێو کۆشیعرەکە وەرگیراوە، (ڕێی تاوسان یان خاتوونی ئەرز و ئاسمان)، واتە ناونیشانە ناوەکییەکە لە ڕووی دارشتنەوە، لە ناونیشانی سەرەکی فراوانترە.

ئاستی فەرهەنگی:

(ڕێ) بە مانا فەرهەنگییەکەی بریتییە لە ((شوێنی چوون و هاتن لەسەر زەوی))[٢]، بەئامرازی (ی) خستنەسەری، دراوەتە پاڵ (تاوسان)، ئەو پێکهاتە سینتاکسییە، لە ناونیشانەکانی نەوزاد ڕەفعەتدا زۆر دووبارە دەبێتەوە، هەرچەندە پێکهاتەی ناونیشانەکە لەڕووی سینتاکسییەوە بچووکە، بەڵام هەڵگری دەلالەتگەلێکی زۆر و بەرفراوانە.

ناونیشان ئاماژەی (ڕێ)ی سنووردار کردووە و واتا گشتییەکەی لەسەر لابردووە و تایبەتی کردووە بە تاوسان، بەڵام نازانین ئەو ڕێیە، ئێمە بە تاوسان دەگەیەنێت، وەك چۆن (ڕێی هەولێر، یان ڕێی هات و نەهات، یان

(١) حەوتەم ناونیشانی سەرەکیی کۆشیعرێکی (نەوزاد ڕەفعەت)ە، لە ساڵی ٢٠١١ بڵاوکراوەتەوە، (٣٥) ناونیشانی ناوەوەی لەخۆگرتووە، کە لە نێوان ساڵانی (١٩٩٢ تا ٢٠١١) دا نووسراون.

(٢) هەژار، هەنبانە بۆرینە، چ٦، ل٣٦٤.

ڕێی ئازادی ...تد) یان ڕێیەکی تایبەتە و تاوس هاتوچۆی پێدا دەکەن؟

لە ناونیشانەکەدا، (تاوسان)، خاڵی بەهێزەو چەقی پێکهاتە هێماییەکەی گرتووە.

لە ڕووی فەرهەنگییەوە، وشەی (تاوسان) بە واتای ((هاوین، سێ مانگەی پاش بەهار))[1] هاتووە، لەلایەکی دیکە، وشەی (تاوسان) کۆی ناوی (تاوس)ە، کە ئاماژە بە مەلێکی جوان و پەڕوباڵ ڕەنگین دەکات، لە هەمان کاتدا دەشێ ناوی کەس یان ناوی شوێنێك بێت، هەڵبەتە ئەمە لە ئاستی دەلالیی ناونیشاندا، ڕوونتر دەبێتەوە.

ئاستی دەلالی:

ناونیشان، لە ئاستە دەلالییەکەیدا، ڕاڤە و لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت، ئێمە بەبێ پێکهاتەی سینتاکسی ناتوانین هەنگاو بەرەو پێکهاتەی دەلالی بنێین، ((لیۆهۆك پێشنیازی تێگەیشتن لە پەیوەندییە سینتاکسییەکان و لێکۆڵینەوە لە واتاکانیان دەکات، کە لەلایەك بەدەقەوە و لەلایەکی دیکە بە جیهانی دەرەکی دەیانبەستێتەوە))[2]، بۆیە بۆ تێگەیشتن لە ناونیشانە سەرەکییەکە، هەوڵی خوێندنەوەی دەقە شیعرییەکە دەدەین، بۆ ئەوەی لەو خوێندنەوەیەدا، بیرۆکەی سەرەکیی ناونیشان لەو دەقەدا بدۆزینەوە، دواتر بەبەراورد لەگەڵ ناونیشانەکانی دیکە، بەدوای دەلالەتگەلێکی دیکەیدا دەگەڕێین.

ئەگەر (ڕێی تاوسان) دەلالەتی شوێن بگەیێنێت، ئەوا بە فراوانکردنی بە(یان خاتوونی ئەرزو ئاسمان) جۆری دەلالەتی کەسیی تێکەڵکردووە، کە

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل١٤٤.

(٢) فريد حليمي. سيميائية العنوان في الرواية الجزائرية المعاصرة، ص٦١.

گونجاندنی هەردوو جۆرە ناونیشانەکە لە یەك ناونیشاندا، ئەرکی لێکدانەوە و دۆزینەوەی دەلالەتەکان ڕوونتر دەکاتەوە، بەمەش هاوکاریمان دەکات بۆ شۆڕبوونەوە بە نێو دەق دا و گەڕان بەدوای ئەگەرەکانی بوونی ئەفراندن و داهێنانی زۆرتر و گەورەتر، بەڵام نابێ سنووری لێکدانەوەی هەردوو ناونیشانەکە (ڕێی تاوسان) و (ڕێی تاوسان یان خاتوونی ئەرز و ئاسمان) لە یەك دووریدا بکێشین، چونکە لەوەی یەکەمدا، سنوورەکە، زۆر دوورتر دەڕوات، واتە هەتا ناونیشان ناڕوونتر بێت، سنووری ڕاڤەکردن دوورتر دەڕوات.

ئەگەر لە دەلالەتی شوێنییەوە، ناونیشانی سەرەکیی دەقە شیعرییەکە، لێکبدەینەوە، ئەوا (ڕێ) وەك دەرکەوتەیەکی جوگرافی لە هزردا ڕێچکە دەبەستێت، شاعیر لە دەسپێکی دەقە شیعرییەکەدا، جووڵە وەبەر هەنگاوەکانی خۆی دەنێ:

بەدەم بای مەستی و میهرەوە
دارانە دەلەرێمەوە و پەیوولانە بەلادا دێم
لێم تێکچووە .. لە کامە زەمان و لە کوێم
لێم گۆڕاوە .. میوانم یاخود خانەخوێم
برینی شەوق پڕ خوێیە و
هەر هێندەم ئاگا لە خۆیە
غەزەلخوانێکی هەڵوەدام
لەگەڵ موریداندا جودام

(ڕێی تاوسان، ل٣)

لەم دەستپێکەیدا، شاعیر سەرنجمان بۆ دیمەنی وێڵبوونی خۆی ڕادەکێشێ، بەبێ ئەوەی نەخۆی و نە ئێمەش بزانین کات کەی و شوێن کوێیە، بەڵام

(نه‌وزاد ڕه‌فعه‌ت)، جیاواز له ئاشقان، پێش ئه‌وه‌ی بكه‌وێته باری فیراقه‌وه، هه‌ڵدێ :

به‌ره‌و ← چڵه زێڕه‌كانی ئیره‌می ئه‌و (ڕێی تاوسان، ل٤)

دواتر شاعیر بێ په‌روا، بازانه ده‌ڵێ:

به هه‌ڵه‌موت و خه‌وندا هه‌ڵده‌گه‌ڕێم

من دێوانه و دووانه‌ی یه‌ك تاقه (مێ) م و (ڕێ)م.

باڵه‌كانم .. په‌ڕو باڵی ئیكارۆس نین

هه‌ڵمده‌گرن ← ده‌مفڕێنن ← باڵی شێت بوون ← باڵی ئه‌وین (ڕێی تاوسان: ل٤)

ئێستا شاعیر به ئاشكرا، ڕایده‌گه‌یێنێت كه ئه‌و باڵانه‌ی ئه‌و ده‌فڕێنن، باڵی ئه‌وینن، ئه‌وینێك تا ڕاده‌ی شێتبوون پڕ ئیشتیاق.

ئه‌و ڕێیه‌ی ئه‌وی پێدا هه‌ڵده‌گه‌ڕێت، ڕێیه‌كی یه‌كجار سه‌خت و دژواره، ڕێی تاقه هیوا و ڕێی تاقه (مێ) یه‌كه.

كه‌واته ڕێی تاوسان، ڕێی تاقه (مێ ) یه‌كه، بۆیه ئه‌گه‌ر:

(دال)١ تاوس ← مه‌دلول١(باڵنده) بێت، ئه‌وا مه‌دلولی باڵنده، ده‌بێته (دال)٢ ← مه‌دلوول٢ (مێ).

مێ: {- نێر}

شاعیر به‌م چنینه ده‌لالیه، داهێنانی گه‌وره و سیمیۆلۆژییانه‌ی له ناونیشانی سه‌ره‌كی دا كردووه، له‌ڕووی پێكهاته‌ی سینتاكسی چڕ و له ڕووی پێكهاته‌ی ده‌لالی فراوان، شاعیر (ڕێ)ی لێكدانه‌وه‌مان لێناگرێت، به پێچه‌وانه‌وه، جارێكی دیكه گوڕ وه‌به‌ر هه‌نگاوه‌كانمانه‌وه ده‌نێ بۆ ئه‌وه‌ی به قوڵتردا بچین و مه‌ته‌ڵی ئه‌و (تاوس)ه، ئه‌و (مێ)یه هه‌ڵبێنین.

له گه‌ڕان به‌دوای (مێ)دا، ناونیشانێكی سه‌ربه‌خۆ له نێو ناونیشانه

ڕاستەقینەکانی ناوەوە دەدۆزینەوە: (مێ)، دەقە شیعرەکەی بەسەر چوار ناونیشانی ژمارەیی دابەشکراوە.

شاعیر، عارفانە باس لە عیشق دەکات:

هەتا ڕادەی خۆڵەمێش نەسووتا
چۆن!! دەگاتە پلەی ئۆخژن موریدێك
پەرداخی بەتاڵ هەڵبدا

(ڕێی تاوسان: ل١٠٧)

شاعیر پێشتر ئەوەی پێ ڕاگەیاندین، کە ئەو لەگەڵ موریداندا جودایە، بەو واتایەی ئەو پێکەی شاعیر هەڵیدەدا، پێکێکی بەتاڵ نییە و دەیەوێ تاڕادەی بە خۆڵەمێشبوون بسووتێ بۆ ئەوەی بە پلەی ئۆخژنی و ئارامی بگات، بۆیە شاعیر ئاشقانە (ڕێی) ئەوینی (مێ) یەکی گرتۆتەبەر.

لە ناساندنی ئەو (مێ ) یەدا، شاعیر ڕووبەڕووی بڕیاری هەڵبژاردنێکی زۆر قورسمان دەکاتەوە:

لەرینەوەی داوەپرچی شاپەرییان جوانترە
یا هی ئالا؟!

(ڕێی تاوسان: ل١٠٦)

(پەری) ئاماژەیە بۆ مەدلوولێکی غەیبی، لە شیعردا بۆ (مێ) دەخوازرێ، کەم شاعیر هەیە بەمەبەستی پیشاندانی جوانیی لە ڕادەبەدەر و ڕووی سپی و جوان و پڕنوورو ڕووناکیی یارەکەی، پەنای بۆ نەبردبێ، لێرەدا کاتێك شاعیر باس لە شاپەرییان دەکات، مەدلوولی مێ بەرەو مەدلوولی پەرییان ئاراستە دەکات، لە نێویشیاندا شای پەرییان:

(دال١) تاوس ⟵ (مەدلوول ١) باڵندە (دال ٢) ⟵ مەدلوولی ٢ (مێ) (دال٣) ⟵ (مەدلوول٣) پەری

بۆ ئێمەی کورد، بەرامبەریەککردنی داوەپرچەکانی شاپەری و ئالاّ، وێنەیەکی زۆر لەبار و داهێنەرانەیە، خۆری ناوەڕاستی ئالاّ، کە **٢١** تیشکی لێوە دەرچووە، بەراوردکردنەکە زۆر گونجاوتر دەردەخات، شاعیر لەم وێناکردنە، ئاستی دەلالیی نیشانەی پەری تا پلەی خۆر دەبات.

شاعیر جوڵەی زیاتر بە بزاوتی ڕاڤەکردنی نیشانەکە دەدات، لە ناونیشانی (خۆرەژن) دا، کە بەهۆی نێوانگری (ە) وشەیەکی لێکدراوی دروستکردووە (خۆر + ژن)، شاعیر بە ئاسانی ڕێچکەی بزاوتەکە دەستنیشان دەکات، لەڕێی ئاماژەی (ژن)ەوە، هەوڵی گرێدانەوەی مەدلوولی ٤ (خۆر) بە مەدلوولی(٢) دەدات، کە (مێ) یە، بەلاّم بە هۆی ئاماژەی (ژن)، دەلالەتی (مێ)یەتییەکە ڕوونتر دەکاتەوە و بارە دەلالییەکەی لەسەر سووکتر کردووە، (ژن) هەموو (مێ) یەك ناگرێتەوە، بۆیە دەگەینە ئەو ڕاستییەی، کە قەفی زنجیرەی سیمیۆز لە ئێستادا گەیشتۆتە قەفی مەدلوولی (٥) کە (ژن)ە.

ژن: { - نێر، + مێ، - کچ}

شاعیر بەوەندەش نەوەستاوە، دەلالەتەکان دوورتر و قوڵتر و فراوانتر دەکاتەوە، هەر لە شیعری (خۆرەژن) دا، قەفی بەلقیس دەخاتە سەر زنجیری ڕاڤەکاریی نیشانەکە

ئەو (ژن) ە لە دەقەکەدا خۆرەژنە.

خۆرەژن ⟵ بەلقیس.

شاعیر لە ناونیشانێکی دواتر (بەخشین) دا، تاجی سەروەریی لەسەر دەنێ و دەیکاتە شاژنی هەموو دنیا.

تاجی سەروەریم لەسەر نا

كردم بە شاژنی دنیا (ڕێی تاوسان: ل٥٩)

تاوس ←—— مێ ←—— پەری ←—— خۆر ←—— ژن ←——

بەلقیس ←—— شاژن

شاعیر لە ناونیشانی (شاژن) دا، باس لە ( شاژنی هەولێر) دەكات، وەك هەنگاوێك بۆ گواستنەوەی قەفی زنجیرەی بەرهەمهێنانی نیشانەی زیاتر وئەو شاژنە، وەك مەدلوولی حەوتەم دەبێتە وێستگەیەكی دیكەی ئاستی دووەمی ڕاڤەكردن، واتە:

شاژن(دال)٧ ←———— شاژنی هەولێر(مەدلوول)٧

بەڵام دوا وێستگە نییە:

شاژنی هەولێر لە جیاتی ڕام بمووسێت
لە جیاتی مەمكی پڕ میهرم لە زار بنێت
سەد توورەگە خۆڵی گۆڕی مرازەكان
خۆڵی گۆڕی خۆم و خەونە خۆشەكانم
لە ژوور سەرەوە دادەنێت (ڕێی تاوسان: ل٦٠)

هەست دەكەین شاعیر بە ڕێگایەكی زۆر پڕ ئاستەنگ پڕ زەحمەت و دوور و درێژدا تێدەپەڕێت، باری سەر شانی قورسە، نزیكترین كەس، كە دایكە، لە سۆز و میهر بێبەشی دەكات.

شاعیر شاژنی دایكی بە (عەشتار) ناو دەبات:

نازانم عشتار دایكمە یان زڕ دایك
بۆ غەواران هەنگوینی یەكەم ماچی بووك
بۆمنیش ژار..
ژاراوی تووك (ڕێی تاوسان: ل٦٢)

جارێکی دیکە، مەدلوولی (٧) کە (شاژنی هەولێر)ە، دەبێتە دالی (٨) و بەرەد مەدلوولی (٨) ئاراستەمان دەکات، کە (عەشتار)ە. شاژنی هەولێر(دال)٨ ⟵ عەشتار (مەدلوول (٨).

شاعیر دەلالەت لە شاژنەوە بۆ شاژنی هەولێر و لەشاژنی هەولێرەوە بۆ عەشتار و لە عەشتارەوە بۆ مەدلوولی (٩) (دایك) دەگوازێتەوە.

پەیوەندیی ڕۆڵە و دایك، پەیوەندییەکی دوژمنکارانە نییە، شاعیر لە خەمساردی و دڵڕەقیی دایك نیگەرانە، ئەوەی لە دایك چاوەڕێ دەکرێ، ئەوە نییە کە شاعیر باسی دەکات، شاعیر هێشتا هەر نیگەرانە، لە ناونیشانی (مزگێنی) دا، شاعیر دوای دروستکردنی هەڕەمێك لە (٥٧) بەرد، دەڵێ:

بەقەد شاخێك
تاشە بەردی سزای خۆڕایم لێ بارە
بەڵام لەو دیو کەلی نووتەك و ئەو هەورە!!
سپارتاکۆس ی ئۆخژنێك
هەتاوی مزگێنییەکم لێوەدیارە (ڕێی تاوسان: ل٨٢)

دواتر تیشکەکانی ئەو هەتاوە، لە شیعری (خاتوونی مەمك سەوز) دا، دەردەکەون، کاتێك پەنا بۆ دایك دەباتەوەو دەڵێ:

وتم: ((خاتوونی بێ هاوتا
دایکی بازان ... لەبەر من نا
لەبەر شیری دەغڵی کۆرپە و بێچووەگیا
لەبەر چاوە تینووەکانی مێرگ و مامزەکانی چیا
مەمکی سەوزت

لەزاری سەرابنشینان مەشارەوە
بە قەد حەزی قاز و قورینگی گۆلی وان
بەقەد هەوەسی پونگجاڕ و کۆترە شینکەی ڕۆخ کانیاوان
بە میهرتر ببارەوە
دڵە ڕەشەکان بسڕەوە (ڕێی تاوسان: ل٣٩)

شاعیر بۆ هەمان دۆخی وێڵیی دەگەڕێتەوە و خۆی بە خەڵکی سەرابنشین دەناسێنێ، خەڵکێکی دڵڕەش، خەڵکێك شایانی ئەوە نییە مەمکی میهری لەزار بنرێ، بەخشینی بەهای (سەوزی) بە مەمك، ئومێد بەخشە، بۆیە شاعیر بەدەم (ڕێ) وە وەك نێرگزەجاڕ دەگەشێتەوە، بەڵام خۆشتر لەو مزگێنیە، خۆشتر لە مزگێنیی بەلقیس، شاعیر لە ناویشانی (سێوی مزگێنی) دا، ئەم جارەیان مزگێنیی سێوەلاسوورەکانی ئەوینی (زولەیخای ڕوح) مان دەداتێ :

یوسفی جوان
باخی سێوان
تەنیا بۆتۆ بێ پەرژینە

(ڕێی تاوسان: ل٢٨)

ئەو (ڕێ) یەی شاعیر گرتوویەتییە بەر، (ڕێ)یەکی دوور و درێژو پڕ پێچ و پەنایە، بەڵام وەك ڕێی (بیشری پێخواس)[1] پاك و خاوێنە، هەمان ئەو تاقە (ڕێ) یەیە، کە شاعیر لە سەرەتاوە و لە یەکەم شیعری نێو دیوانەکە (ڕێی تاوسان یان خاتوونی ئەرز و ئاسمان) هەنگاوی تێدا ناوە، کە ڕێی

---

(١) سۆفییەکی عەرەب بوو، دەڵێن: چونکە پێخواس و ڕووتوڕەجاڵ بووە، وڵاخەکان لەکاتی هاتوچۆیاندا شەقامەکانی بەغدایان پاك ڕادەگرت. بڕوانە: نەوزاد ڕەفعەت" دیوانی ڕێی تاوسان" پەراوێزی ل٤٠.

گەڕانەوەیە بۆ هەمان سەدەف و هێلانە، کە منداڵیی و کردنەوەی دەرگاکانی ژیانی سەردەمی هەولێری جارانە:

هەمان لانک
ئای!! خودایە
هەمان شەقشەقە و لایلایە
(ڕێی تاوسان، ل٥).

لە هێڵکاریی (٢٢) دا، پوختەی پەیوەندیی ئاڕاستەی تاوس بەرەو دەلالەتەکانی ناوەوە دەخەینە ڕوو:



## ئەنجام

١-ناونیشانەکانی شیعر، لای (نەوزاد ڕەفعەت)، لە قۆناغێکەوە بۆ قوناغێك و لە کۆشیعرێکەوە بۆ کۆمەڵە شیعرێکی دیکە، لەڕووی داهێنان و ئەفراندا جیاوازییان هەیە، (نەوزاد ڕەفعەت) بە ئاگاییەوە مامەڵەی لە گەڵ ناونیشانی دیوان و دەقەکانی خۆیدا کردووە، هەر لە قۆناغی یەکەمی چاپکردنی دیوانەکانییەوە، پەیوەندییەکی بەهێزی لە نێوان ناونیشانی سەرەکی و ناونیشانەکانی ناوەوە و لەگەڵ دەق و بڕاییەکانی دیکەی دەقدا دروستکردووە، لە قۆناغەکانی دواتریشدا، چ لە ئاستی زمانی و چ لە ئاستی دەلالی، مامەڵەیەکی وردتر و داهێنەرانەتری لەگەڵ ناونیشانەکانیدا کردووە.

٢- پەیوەندیی (نەوزاد ڕەفعەت)، بەزۆربەی ناونیشانەکانییەوە، پەیوەندییەکی ڕووکەشانە نییە، ناونیشانەکان، جێدەستی شاعیریان پێوەدیارە، لە هەندێك لە ناونیشانەکاندا، شێوازی ڕەمزڕێژکردن و بە نیشانەکردنی ناونیشانەکان، تایبەتمەندیی شێوازی شاعیریان بە ئاشکراپێوە دیارە. بۆ نموونە، لە ناونیشانەکانی (گوڵدانی ئاگر)، (دیزەی خەونان)، (ئێواران هەور دەسووتێت)، (دەریاچەی قووکوژ) ...

٣- پێکهاتەی ناونیشانەکان، لە لێکدانەوەی ناونیشانەکاندا، چ لەڕووی سینتاکسی و چ لەڕووی دەلالی، بواری بۆ پیادەکردنی شێوازە جۆراوجۆرەکانی میتۆدی سیمیۆلۆژی ڕەخساندووە، وەك بەکارهێنانی

چوارگۆشەی سیمیۆلۆژی لە ناونیشانی (بەفری گەرم) و کردەی شیکردنەوە و تێکخستنەوە، بۆبەرهەمهێنانەوەی نیشانە لە ناونیشانی (دارستانی ئەو بنارە) و(ڕێی تاوسان)دا و پیادەکردنی بزاوتی سیمیۆز لە نیشانە پێکهێنەرەکانی ناونیشانی (هەژانی بەرد) و (خۆرەژن)دا، هەروەك پەیوەندیی ناونیشان بە بڕاییەکانی دیکەی دەق، خوێندنەوەیەکی سیمیۆلۆژیانەی بۆ بەرگی دیوانی (پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە) و (نیگەرانی)، ڕەخساندووە.

٤- شاعیر لەبەکارهێنانی بابەتی نیشانەدا، زیاتر سوودی لە هەردوو جۆری ئایکۆن و ڕەمز وەرگرتووە، وەك لە بەئایکۆنیی کردنی ناونیشانە دەرەکی و ناوەکییەکان و بەکارهێنانێکی بەرفراوانی ڕەمز، بەتایبەتی ڕەمزی ئەفسانەیی. (نەوزاد ڕەفعەت) لە بەڕەمزکردنەوەی ڕەمزەکاندا، داهێنانێکی سیمیۆلۆژییانەی تایبەت بەخۆی کردووە، وەك لە ناونیشانەکانی (بەفری گەرم) و (بەفری ڕەش) و (پەڕەمووچەی سیمرخ) و ...هتد.

٥- شاعیر، زۆرترین جۆرەکانی ناونیشانی بەکارهێناون و زۆرترین ئەرکی خستۆتە ئەستۆی ناونیشانەکانی، چ لە ناونیشانەکانی ناوەوە، چ لەناونیشانەکانی دەرەوە، بەمەش لە لێکدانەوەی ناونیشانەکاندا، دەرفەتی کاری بۆ میتۆدی سیمیۆلۆژی ڕەخساندووە و کەم ناونیشان هەیە تەکنیکێکی ئیستاتیکیی تێدا پەیڕەو نەکرابێ.

٦- لە پەیوەندیی نێوان ناونیشان و دەقدا، شاعیر هەردوو شێوازی شۆڕبوونەوە و هەڵکشانەوەی پەیڕەو کردووە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، پەیوەندیی هەڵکشانەوە لە ناونیشانەکاندا زیاتر پەیڕەوکراوە.

٧- سیمیۆلۆژیا، بۆ لێکدانەوە و خوێندنەوەی ناونیشانەکانی (نەوزاد ڕەفعەت)، لە میتۆدە ڕەخنەییەکانی دیکە گونجاوترە، چونکە زۆربەی

ناونیشانەکان، بەبێ دەق و بەبێ بیرایییەکانی دیکەی دەق، مانا و مەبەست بەدەستەوە نادەن.

# شیکردنەوەی زاراوەکان

**نیشانە:** العلامة (Sign)

یەکەیەکی واتادارە، جگەلەخۆی، نوێنەرایەتیی شتێکی دیکە دەکات، واتە لەدەرەوەی خۆیدا شتێك دەنوێنێت، وەك: وشە، دەنگ، وێنە، جووڵە، بۆن ....

**دال:** الدال (Signifier)

بەتێڕوانینی سۆسێر وبەپێی سەرچاوەکانی زانستی زمان، دال بریتییە لە زنجیرە دەنگێك، کە لایەنی ماددی لە نیشانەدا پێکدێنن، وێنەیەکی دەنگییە، لەکاتی بیستندا وێنەیەکی زەینی لای گوێگرەکەی دروست دەکات. وەك دەرکردنی دەنگیی (درەخت).

**مەدلوول:** المدلول (Signified)

وێنەیەکی زەینییە، دوای وەرگرتنی وینەی ماددی، لەزەیندا نیشانەکە وێنادەکات. وەك وێناکردنی شێوەی درەخت لەکاتی بیستنی دەنگی وشەی (درەخت).

**دەلالەت:** دلالة (Signification)

ئەم زاراوەیە، لە سیمیۆلۆژیای سۆسێردا، بریتییە لە پەیوەندیی نێوان دال و مەدلوول، بۆ چەند مەبەستێکی دیکە بەکاردێت، وەك: ئەرکی سنووورداری نیشانەکان، واتە نوێنەرایەتی کردنی شتێکی دیکە، بۆ بزاوتی پێکهێنانی واتا، بۆ نیشانەکان، بەو پێیەی بەشێکن لە سیستەمی سیمیۆلۆژیای گشتی.

**ئایکۆن:** الایقونة (Icon)

لەبابەتی نیشانەدا، پشت بە پەیوەندیی وێکچوون دەبەستێت لە نێوان نیشانە و جیهانی دەرەوەی نیشانەدا، هەڵگری هەمان خەسڵەت، یان هەمان شێوەن، وەك وێنەی کەسێك و کەسەکە، یان ڕەنگی سوور و دڵۆپێك خوێن.

**ئیندێکس:** المؤشر (Index)

لەبابەتی نیشانەدا و لە نێوان خودی نیشانە و ئەو شتەی ئاماژەی پێدەکات. پشت بە

پەیوەندیی هۆیی دەبەستێت، بۆ نموونە هەبوونی دووکەڵ، ئاماژەیە بۆ هەبوونی ئاگر.

**ڕەمز:** الرمز (Symbol)

لە بابەتی نیشانەدا، پشت بە پەیوەندییە هەمیشەییە کەلتوورییەکان دەبەستێت، کە ڕێککەوتن و تێگەیشتنێکی پێشوەختەی لەبارەوەکراوە، هەر ڕێککەوتنێکی تازە ئەگەری هاتنە ئارای ڕەمزێکی تازەیە، بۆنموونە، وا ڕێککەوتووین، (کۆتر) ڕەمزی (ئاشتی) بێت، لە کاتێکدا دووکەس دەتوانن لەسەر ئەوە ڕێکبکەون، کە (کۆتر) بکەنە ڕەمزی شتێکی دیکە.

**سیمیۆلۆژیا:** السیمیائیة (Semiology, Semiotics)

بریتییە لە میتۆدی لێکۆڵینەوە لە نیشانەکان، سیستەم و شیکردنەوەی نیشانەکان و کۆد و چالاکییە دەلالییەکانی نیشانە دەگرێتەخۆ. جگە لە ڕەهەندی زمانی، ئەو لێکۆڵینەوانەش دەگرێتەوە، کە خودان ڕەهەندێکی فەلسەفین، کار لەسەر هەڵوەشاندنەوە و تێکخستنەوەی دەق دەکات، بۆ بەرهەمهێنانی نیشانەی تازە.

**کۆد:** شیفرة (Code)

بریتییە لە سیستەمێکی نیشانەیی، یان ئاماژەیی، یان ڕەمزی، کە ڕێککەوتن و تێگەیشتنێکی پێشوەختەی لەبارەوە هەیە، لەڕێی پەیامەوە، مەبەستێك لە سەرچاوەوە بۆ شوێنی مەبەست دەگوازێتەوە.

**هەڵوەشاندنەوە:** تفكيك ( Deconstruction)

میتۆدێکی خوێندنەوەی دەقە، بریتییە لە هەڵوەشانەوەی بونیادی دەق، لە کایەیەکی ڕەوانبێژیدا، لەپێناو دۆزینەوە و دەرخستنی ئەو ڕەگەزانەی، کە کرۆکی ناکۆکییەکان لە پەیوەندییە بەرامبەرییە نەگۆتراو و دەلالەتە باسنەکراوەکاندا پێکدەهێنن، خوێنەر سەرچاوەی سەرەکییە لە پێکهاتەی دەق و دیارکردنی ماناکەیدا.

**تێکخستنەوە:** تركيب (Assembling)

بریتییە لە ئاوێتەبوونی ئەو نیشانانەی کارلێککردنیان لەنێواندا ڕوودەدات و دالی تازە پێکدەهێنن، پەیوەندیی تێکخستنەوەیی بەشێوازی جیاجیا، یەکە پێکهێنەرەکان لە دەقێکدا، بەیەکەوە دەبەستنەوە.

**سیمیۆزس:** سیمیۆز، سيرورة معنى (Semiosis)

بزاوتێکە، بۆ بەرهەمهێنانی نیشانەی تازە، لەڕێی (واتا)وە، بەردەوامی بەگواستنەوەی نیشانەکان دەدات، لای پێرس، لەڕێی ڕاڤەکردنەوە ئاراستە دەکرێت، سنوورێکی کراوە و بوارێکی بەرفراوانە و لەبەرهەمهێنانی نیشانەی زیاتر، بزاوتێکی بێ کۆتایی هەیە.

**ڕاڤەکردن:** تأويل Interpretant

لە شیکردنەوەی نیشانەدا، لەتەك (نوێنەر و بابەت)دا، ڕەگەزی سێیەمی پێکهێنەری نیشانەیە،

لەسێ ئاڕاستەدا (سیمیۆز) دەخاتە بزاوت:

– ئاڕاستەی یەکەم: خاڵی دەسپێکی بزاوتی سیمیۆزە لە یەکەم نیشانەدا، سیمیۆز لە واتای ئەم نیشانەیەوە، بەرەو نیشانەیەکی دیکە هەنگاودەنێ.

– ئاڕاستەی دووەم: دوای ئەوەی سیمیۆز، واتای نیشانەی یەکەم دەبوێرێ، لەڕێی هاوواتا، یان واتای گونجاو، پەلوپۆ بۆ بەرهەمهێنانی نیشانەگەلێکی دیکە دەهاوێژێت، بزاوت لەم ئاراستەیەدا بەردەوام و نەوەستاوە.

– ئاڕاستەی سێیەم: ڕێ لە ئاڕاستەی دووەم دەگرێت و سیمیۆز لە بزاوت دەخات، بۆ ئەوەی لەسەر ئەو نیشانەیە جێگیری بکات. کە واتای مەبەستداری بەرهەمهێناوە.

**چوارگۆشەی سیمیۆلۆژی:** مربع سيميائى (Semiotic Square)

شێوازێکە بۆ وێنەکێشانی پەیوەندیی نێوان بەرامبەریەکیی دەلالەتە بنچینەییەکانی پێکهاتەی دەق، وەك پەیوەندیی (دژیەکی، نیمچەدژ، گرتنەخۆ، خواستن) کە بە هێڵی ئاسۆیی، یان ستوونی، یان لار، ئاڕاستە دەکرێن.

## لیستی سەرچاوەکان


* قورئانی پیرۆز

**یەکەم: بەزمانی کوردی**

**أ- دیوان**

١- دیوانی نالی، مەلا خدری ئەحمەد شاوێسی میکایەلی، لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی، مەلاعەبدولکەریمی مدرس و فاتح عبدالكريم، پێداچوونەوەی محەمەدی مەلاکەریم، بڵاوکردنەوەی کوردستان، چاپی پێنجەم، سنندج، ١٣٨٦.

٢- عەبدوڵڵا پەشێو، شەو نی یە خەونتان پێوە نەبینم، چاپخانەی (الاديب)، بەغدا، ١٩٨٠.

٣- نەوزاد ڕەفعەت، بەفری گەرم، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٢.

٤- نەوزاد ڕەفعەت، پەرییەکان هەڵدەفڕێنمەوە، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٤.

٥- نەوزاد ڕەفعەت، دارستانی ئەو بنارە، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٢.

٦- نەوزاد ڕەفعەت، دارستانی ئەو بنارە، ئەمینداریتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٧٨.

٧- نەوزاد ڕەفعەت، ڕێی تاوسان، یەکێتی نووسەرانی کورد- لقی هەولێر، چاپی یەکەم، هەولێر،

.٢٠١١

٨- نەوزاد ڕەفعەت، شینی شالوور، بڵاوکراوەی ئاینده، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨.

٩- نەوزاد ڕەفعەت، شینی شالوور، یەکێتی نووسەرانی کورد، مەڵبەندی گشتی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٤.

١٠- نەوزاد ڕەفعەت، نیگەرانی ی، ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٨٥.

١١- نەوزاد ڕەفعەت، نیگەرانی، سندووقی داهێنان لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی سێیەم، هەولێر، ٢٠١٣.

١٢- نەوزاد ڕەفعەت، هەژانی بەرد، وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٩.

ب- **کتێب**

١- بابەك ئەحمەدی، پێکهاتە و ڕاڤەی دەق، وەرگێڕانی: مەسعود بابایی، کتێبی چوارەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٧.

٢- بابەك ئەحمەدی، پێکهاتە وڕاڤەی دەق، وەرگێڕانی: مەسعود بابایی، کتێبی دووهەم، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریی و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٥.

٣- بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێرانی: د. محەمەد تاتانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١١.

٤- پەخشان سابیر، ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوردی کرمانجی خوارووی کوردستان، ١٩٧٠-١٩٩١، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر، ٢٠١٢.

٥- دلێر سادق کانەبی، هەندێ لادانی زمانی لای سێ شاعیری نوێخوازی کورد. ئەنوەر مەسیفی، نەوزاد ڕەفعەت، فەرهاد پیربال، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چ١، هەولێر، ٢٠٠٩.

٦- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی، بەرگەکانی یەکەم و دوەم و سێیەم، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی دووەم، هەولێر،٢٠١٠.

٧- عەلی تاهیر حسەین، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆپراکتیزەکردن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٨.

٨- کامەران ئیبراهیم مشەختی، سیمیۆلۆژیای زمانی سۆفیگەری لە شیعرەکانی مەلایێ جزیری دا، سپیرێز بۆچاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، دهوك، ٢٠١١.

٩- کەمال مەعروف، تیۆرە نوێیەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەیی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٢.

١٠- لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، زمان و ئەدەبی كوردی بۆ پۆلی دوازدەهەمی ئامادەیی، كتێبی چاپی دەیەم، هەولێر، ٢٠١٥.

١١- محەمەد مەعروف فەتاح، لێكۆڵینەوە زمانییەكان، كۆكردنەوە و ئامادەكردنەوەی: شێروان حسێن خۆشناو، شێروان میرزا قادر، دەزگای توێژینەوە وبڵاوكردنەوەی موكریانی، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠١٠.

١٢- نەجم ئەڵوەنی، جۆرەكانی دەقاوێزان لە ڕۆمانەكانی (پێنجەمین كتێب)ی جەبار جەمال غەریب دا، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١٢.

١٣- هەڵمەت بایز، دەقاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) ی (بەختیار عەلی)دا، یەكێتیی نووسەرانی كورد، مەڵبەندی گشتی، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠١٣.

١٤- هێمن عومەر خۆشناو، شیعرییەتی دەقی چیرۆكی كوردی، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپی یەكەم، هەولێر، ٢٠١٠.

١٥- هێمن عومەر خۆشناو، هێرمۆنتیكای شیعری سۆفییانەی مەحوی، ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، چاپی یەكەم، هەولێر ٢٠١٦.

١٦- ئەحمەد قەرەنی، ڕەخنەی ئایرۆنی لە شیعری نوێی كوردیدا، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، هەولێر، ٢٠١٢.

ج- گۆڤار

١- دڵشاد عەلی، لوقمان رەئوف عەلی، سیمیۆلۆژیای ناونیشان لە شیعرەكانی گۆران دا، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردستان، ل١٨٨. خولی سێیەم، بەشی٠٩ ژمارە(٥) كانوونی یەكەمی ٢٠١٥.

٢- عەبدولستار پیرداود حەسەن- سەردار ئەحمەد گەردی، پراكتیزەكردنی ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە لە شیعری (پایز)ی گۆراندا، گۆڤاری ئەكادیمیای كوردی، ژمارە ٢٣، ٢٠١٢.

٣- فازیل شەورۆ، تەلیسمەكانی (مەزاری مامزان)، گۆڤارری ڕامان، ژ٢٢٣ ، خولی سێیەم، ساڵی بیستەم، كانوونی یەكەمی ٢٠١٥.

٤- محسن ئۆسمان، ئیستراتیژیا ناڤنیشانی وەك كۆدەكێ سیمیۆلۆژی، گۆڤاری كۆنسێپت، ژمارە ٦، نۆڤێمفەر ٢٠١٢.

٥- محەمەد بەكر،سیمیۆلۆژیك زمانی دەقی فۆرماتكراوی شیعرڕامان، ژمارە (٢١٤)، ٢٠١٥/٣/٥.

د- فەرهانگ و ئینسكلۆپیدیا

١- فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی، نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، سلێمانی، ٢٠١١.

٢- هەنبانە بۆرینە، هەژار، انتشارات سروش، چاپی شەشەم، جمهوري اسلامي ایران١٣٨٨.

٣- ئینسکلۆپیدیای هەولێر،بەرگی (٧)، لێژنەیەك ئامادەی‌کردووە، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی بەدرخان،چاپی یەکەم، لوبنان، ٢٠٠٩.

**هـ- نامەی ئەکادیمی**

١- ڕێژین یونس محەمەد، تێکستا هەڤتەریب د رۆمانا (گوند) یا محمد سلیم سواری دا، نامەی ماستەر، کۆلیژا ئادابێ، زانکۆیا دهۆکێ، ٢٠١١.

٢- لوقمان رەئوف عەلی، دەقی شیعری کوردی لە روانگەی سیمیۆلۆژییەوە، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣.

٣- محەمەد عەبدولکەریم ئیبراهیم، زمانی شیعری و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، نامەی ماستەر، کۆلێژی پەروەردە ۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، ٢٠٠٩.

٤- نزار سلمان طاهر، سیمیۆلۆژیا وێنێ دیتنێ د هۆزانا هەڤچەرخا کوردیدا، نامەی دکتۆرا، فاکۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی – سکولا ئاداێ – زانکۆیا دهۆکێ، ٢٠١٤.

٥- هەژار ئەحمەد عەبدولغەفوور، بنەما رەخنەییەکانی رەخنەی ئەدەبی کوردی لە ١٩٢٠وە تا ١٩٦٢، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠٠٧.

٦- هەژار ئەحمەد عەبدولغەفوور، روانینێکی رەخنەیی لەسەر نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی، نامەی دکتۆرا، فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان- سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٣.

**سەرچاوەی عەرەبی**

**أ- کتێب**

١- امبيرتو ايكو، السيميائية و فلسفة اللغة، ترجمة: د. احمد الصمعي، المنظمة العربية للترجمة، ط/١، بيروت ٢٠٠٥.

٢- أمبيرتو ايكو، القارىء في الحكاية، ترجمة: أنطوان أبو زيد، المركز الثقافي، بيروت، ١٩٩٦.

٣- أمبيرتو ايكو، سيميائيات الانساق البصرية، ترجمة: محمد التهامي العماري، دار الحوار للنشر و التوزيع، ط/٢، سوريا، ٢٠١٣.

٤- بسام قطوس، سيمياء العنوان، وزارة الثقافة، ط١, الاردن، ٢٠١١.

٥- جوزيف كورتيس، سيميائية اللغة، ترجمة: ليلى بن عرعار، مراجعة: عبدالقادر بو زيد، دار نينوى للدراسات و النشر و التوزيع، سورية ٢٠١٢.

٦- جيرار دولودال، السيميائيات أو نظرية العلامات، ترجمة: عبدالرحمن بو علي، دار الحوار للنشر و التوزيع، ط٢، سوريا ٢٠١١.

٧- حسن مسكين، مناهج الدراسات الادبية الحديثة، من التاريخ الى الحجاج، مؤسسة الرحاب الحديثة، للطباعة والنشر، ط١، بيروت٢٠١٠.

٨- دانيال تشاندلر، أسس السيميائية، ت: د. طلال وهبة، المنظمة العربية للترجمة، ط/١، بيروت ٢٠٠٨.

٩- رشيد يحياوى، الشعر العربي الحديث، دار البيضاء، ؟، أفريقيا الشرق، ١٩٩٨.

١٠- سعيد بنگراد، السيميائيات و التأويل، مدخل لسيميائيات بورس، المركز الثقافي العربي، ط/١ المغرب- لبنان ٢٠٠٥.

١١- سيزا قاسم و نصر حامد ابو زيد، مدخل الى السيميوطيقا، و اخرون، دار التنوير للطباعة و النشر، ط١، ٢٠١٤.

١٢- السيمياء و النص الادبي، محاضرات الملتقى الوطني الخامس، منشورات جامعة محمد خيضر بسكرة، ٢٠٠٨.

١٣- السيمياء و النص الادبي، مخاضرات الملتقى الوطني الثاني، منشورات جامعة محمد خيضر بسكرة. ٢٠٠٢.

١٤- عبدالحق بلعباد، عتبات جيرار جنيت من النص الى المناص، منشورات الاختلاف، ط١، الجزائر٢٠٠٨.

١٥- عبدالسلام المسدي، الأدب و خطاب النقد، دار الكتاب الجديد المتحدة، ط١، ٢٠٠٤.

١٦- عبدالله بريمي، مطاردة العلامات، دار كنوزالمعرفة للنشر و التوزيع، ط/١، عمان ٢٠١٦.

١٧- عواد علي، معرفة الاخر"مدخل الى المناهج النقدية الحديثة" المركز الثقافي العربي، ط١، ١٩٩٠.

١٨- ف. بالمر، علم الدلالة، ترجمة: مجيد عبدالحليم الماشطة، منشورات كليةالاداب – جامعة المستنصرية، بغداد ١٩٨٥.

١٩- فضل ثامر، اللغة الثانية، (في اشكالية المنهج و النظرية و التطبيق في الخطاب النقدي الحديث)، بيروت – لبنان، الدار البيضاء، ط/١، ١٩٩٤.

٢٠- قاسم المقداد، تفكرات سيميائية، اليات انتاج الدلالة و المعنى، دار نور الصباح، ط١, سورية ٢٠١٤.

٢١- قاسم مقداد، مقدمة الى علم الدلالة الألسني، هربيرت بركلي، ترجمة: دار نينوى للدراسات والنشر والتوزيع، ؟ سورية، ٢٠١٣.

٢٢- ماهي السيميولوجيا برنار توسان، ترجمه: محمد نظيف، دار أفريفيا الشرق، ط٢، بيروت، ٢٠٠٠.

٢٣- محمد عناني، المصطلحات الادبية الحديثة، الشركة المصرية العالمية للنشر، القاهرة، ١٩٩٦.

٢٤- محمد فكري الجزار، العنوان و سيميوطيقا الاتصال الادبي، الهيئة العامة للكتاب، ١٩٩٨.

٢٥- محمد مفتاح، دينامية النص (تنظير و انجاز)، المركز الثقافى العربى، ٢٠٠١.

٢٦- مدخل الى علم اللغة، د. ابراهيم خليل، دار المسيرة للنشر والتوزيع و الطباعة، ط/١، الاردن، ٢٠١٠.

٢٧- ميشال فوكو، حفريات المعرفة، ترجمة: سالم بفوت، المركز الثقافي العربي، المغرب ـ لبنان، ط٣، ٢٠٠٥.

٢٨- يوسف وغليسي، أشكالية المصطلح فى الخطاب النقدى العربى الجديد، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، ط١، الجزائر، ٢٠٠٨.

**ب- گۆڤاری عەرەبی**

١- جميل حمداوى، السيميوطيقا والعنونة، مجلة عالم الفكر، مجلد(٢٥)، عدد(٣)، تصدر عن مجلس الوطني للثقافة والفنون و الاداب – دولة الكويت، مارس ١٩٩٧.

٢- ضياء راضي الثامري العنوان في الشعر العراقي المعاصر انماطه و وظائفه، مجلة القادسية في الاداب والعلوم التربوية، المجلد(٩) الغدد(٢) ٢٠١٠.

٣- عامر رضا، سيمياء العنوان في شعر هدى الميقاتي، مجلة الواحات للبحوث و الدراسات، جامعة ميلة، المجلد ٧، العدد٢، ٢٠١٤.

٤- كوثر محمد علي جبارة، عتبة العنوان في قصص فرج ياسين القصيرة جدا – دراسة في بنيتها التركيبية، مجلة كلية التربية الاساسية/ جامعة دهوك، العدد(١٢) خزيران ٢٠١٣م.

٥- محمد الهادي المطوي، شعرية عنوان الساق على الساق فيما هو فارياق، مجلة عالم الفكر، تصدر عن المجلس الوطني للثقافة و القنون و الاداب، مجلد(٢٨)، العدد(١) دولة الكويت، سبتمبر ١٩٩٩.

**ج- نامەی ئەکادیمی**

١- روفية بو غنوط، شعرية النصوص الموازية في دواوين عبدالله حمادي، رسالة ماجستير، كلية الاداب واللغات، جامعة منتوري ـ قسنطينة، الجزائر، ٢٠٠٦ـ ٢٠٠٧.

٢- سليم جلال، أسماء السور في القران الكريم، رسالة ماجستير، جامعة الحاج الخضر، كلية الاداب والعلوم الانسانية، ٢٠٠٨- ٢٠٠٩.

٣- فرج عبدالحسيب محمد مالكي، عتبة العنوان في الرواية الفلسطينية، رسالة الماجستير، جامعة النجاح الوطنية في نابلس، فلسطين، ٢٠٠٣.

٤- فريد حليمي، سيميائية العنوان في الرواية الجزائرية المعاصرة، رسالة ماجستير، جامعة منتورى قسنطينة، ٢٠٠٩-٢٠١٠.

٥- كمال جدي، المصطلحات السيميائية السردية في الخطاب النقدي عند رشيد بن مالك، رسالة ماجستير، جامعة قاصدي مرباح، كلية الاداب و اللغات، الجزائر، ٢٠١٢.

**د- ئەنتەرنێت**

١- جميل حمداوي، بناء المعنى السيميائي في النصوص والخطابات، www.alukah.net

**سەرچاوەی فارسی**

**أ- كتێب**

١- انة ماری دینه‌سن، نشانه شناسی، ت: مظفر قهرمان، نشر پرسش ، نوبت چاپ :چهارم، ابادان، ١٣٨٩.

٢- محمد رضا أحمد خاني، نشانه شناسي زبان و هنر، انتشارات گمان، چ١، ١٣٩٣.

**ب- ئینته‌رنێت**

١- علی رضا انوشیروان، تأویل نشانه شناختی ساختارگرای شعر (زمستان) اخوان ثالث، .www.sid.ir

**سه‌رچاوه‌ی ئینگلیزی**

1- Adams,H. 1987. "Titles, Titling , and Entitlement to" The Journal of Aesthetes and Art Criticism 46.

2- Levenston,E.A.1978; The Significance of the Title in Lyric Poetry, Hebrew University Studies in Literature 6.

3- Shawcroos,J.T.1998. But Is It Donne's? The Problem of Titles on His Poems . John Donne Journal 7.